# دیوانی
# سەباح ڕەنجدەر

**بەرگی دووەم**
**٢٠١٨**

- ناوی کتێب: دیوانی سەباح ڕەنجدەر
- شاعیر: سەباح ڕەنجدەر
- بابەت: ڕۆمانە شیعر + شیعر + پەخشانە شیعر
- پیتچن: یاد سەباح ڕەنجدەر
- هەڵەگر: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
- نەخشەسازی ناوەوە: جەوهەر فەتاح
- نەخشەسازی بەرگ: ئاکار جەلیل کاکەوەیس
- چاپ: چاپی یەکەم: ٢٠١٨، چاپخانەی تاران - تاران
- ئەژمار: (١٠٠٠) دانە
- نرخ: (١٠٠٠٠) دینار: دوو بەرگ
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان

ژمارەی سپاردنی (٢٦٥) ساڵی (٢٠١٨)ی پێدراوە

# سەد و یەکشەوە

## میوان

ئەگەر دەست لە دڵم بدەیت
هاوارم لێ بەرز دەبێتەوە
مێوانێکی یەك دوو ڕۆژیم
دەمودوو شیرینم و ژیان بە گرانی تێناپەڕێ
ئەی دایك و باوکی زەمین
پەنجە و لێوم لەسەرمان سوور هەڵگەڕاون
کووپێك شیر و هەنگوین
ئامادەم دەکەن بەڕەوانی فێری زمانی شمشاڵبم
دەستی مەلۆتکەش بە دەموچاوم دابهێنم و پاشان لەسەر دڵمی دانێم
حیکمەتی زمانی ڕەوانی شمشاڵ
لەکام ڕێگاوە دێیت تا درەختی حەفت بەرت لە شوێنپێدا بڕوێنم

# ماسیگرە

ماسیگرە کە بە ئاسمانەوەیە
دەنووك و چاوی ناز دەڕێژن
لێکدانەوەی بۆ ڕەنگی ئاو هەیە
کە باڵی بەلەشیدا دەدات
لێی تێکدەچێت و ماوەیەك دادەمێنێ
کە قاچیش لە زەوی دەبڕێ
بایەك کە وەك کراس لەبەر هەموومانە
لەناو یار و دیار پەنای دەدات
**ناسر شەیدا** ئەم بەیانییە وەك هەموو بەیانییەکانی
لە تاوێرە هەڵکۆڵدراوەکان
بەیاننامە نهێنییەکانی هەڵگرت و هێنایە ناو شار
دووجار چووە ناو ئاو و هاتەوە بەر ئاوێنە
ئاوێنە وێنەی وەرنەگرت
نەیزانی تەنیایە یان یار و دیاری زمانبەدی لە تەنیشتەوەیە
پاڵەوانی ڕۆمانێك بوو لە گەشتێکی ترسناکدا
لە لاپەڕەی یەکەمدا مەرگ لە ژوورەکەی هاتوچووی کرد
وەك کراسی سەر ڕستە خوێنی لە کەمی دا

# سوێسکە

سوێسکە هێلکەکانی دادەنێ
دەیانژمێرێ و بێ دوودڵی لەسەریان دەکەوێ
بۆ ماوەیەك لە بیری هیچدا نابێ
تا جووچکەکانی سینگی دەخورێنن
دووبارە دەیانژمێرێتەوە
لەنێوان هێلکە و جووچکەدا
شتێك هەیە وا لە ناخی دەکات
ژماردن دووبارە بکاتەوە
**حوسێن عەلی** لەپاڵ پەنجەرەی ئومێددا کرۆشکەی بەستووە
هالاوی ئاگری سۆزی ڕوومەتی سوور هەڵگەڕاندووە
بەهەردوو دەست ناوچەوانی دەگوشێت
لەحاڵ و ژمارەی خاڵ دەپرسێت
خاڵی گەرم و خاڵی سارد
نهێنییەکتان لەلا دەدرکێنم ئەی خاڵ و حاڵ و مەحاڵ
چ شڵەژاوییەکی سەیر و ترسناك دەبیسترێت
ئەسپی تێنوو مانگی ناو ئاو بە سەری گورگ دەزانێت
پێم لەسەر بەفر و بەستەڵۆکی شەقامەکان سەرمایەتی
بەڕێوەم و پەنجەرەی ئومێد وات لێکردم
ببمە تیشك و یارمەتی لە نامەرد وەرنەگرم
بێمە ژووری ڕووناك و دڵم بسرەوێت
لەجێپێی خۆمدا داگیرسێم
ئەم ئاگری سۆزەم بۆنی خۆرگیرانی لێدێت خۆری دڵ

## ڕەنگ

وەرزەکان ئەگەر بە توندی ڕاوەدووی یەکترییان نەنابووایە
سروشت ئاوا پشوو تەنگ و دوودڵ نەدەبوو
بەهار
زەمین سەوز هەڵدەگەڕێ
هاوین
زەمین سوور هەڵدەگەڕێ
پایز
زەمین زەرد هەڵدەگەڕێ
زستان
زەمین سپی هەڵدەگەڕێ
تێکەڵبوونی ڕەنگەکان دڵخۆشیی ئاشقە
سروشت لەناو چاوی **ئازاد شەوقیدا** تێر خەو دەبێت
پێڵووی نەرم دادەنێت و ڕازی هەموو شتێك دەزانێ
سروشت دەمی خەڵکانی پێش ئێمەشی شیرین کردووە

# مەشق

گوڵی دەستچن و خۆڕسك
لە باخچە دڵخواز و گۆرانیی خۆیان هەیە
مەشقی پێشبڕکێیانە بۆ ڕوونبوونەوەی سێبەری مۆمی لەدایکبوون
ڕووناکییەکی ناوازە و پاراو لە ماڵ گەش و بڵاو دەبێتەوە
باخچەوان هەمیشە بە دەوری گوڵە دەستچنەکانیەوەیە
بە ڕەوانی قسەیان بۆ دەکات و دەستیان لێدەدا
ئاسمان لە ئاگرێکی خامۆشەوە جێماوە
بۆ ئەوەی مرۆڤ شەمێ و مۆم بشێلی و مەشقی باڵ بکات
ئەوە چ دەزانم و نازانمێکە لە باڵ دەردەچێت
تەنیا **ئەژی گۆران** بەوەی زانیوە
دنیا بۆچی ئەوەندە تازەیە
لە کەیەوەش بە ڕووناکی گەیشتووە
ڕووناکی دێت و ڕووناکی دەڕوات
جا بۆ دوودڵی و گومان نەمکوژێت
ببمە خاڵی پڕ خولیا و پەنا

## قەفەس

قەفەس هیچ دەورێکی نەماوە
فڕین خەوتووە
مرۆڤ ئەی پاشماوەی قوڕ و ئاگرپەروەر
بچۆرە ناو قاشی ئەنگوستیلە و چاو هەڵفڕێنە
موویەکیش هەڵدە سەر تەڵە شقارتەیەك
با زەوی یادی خۆشەویستەکانی بکاتەوە
خۆش بە حاڵت ئەی یادکراو
لەجیاتی گەشەی ڕووەك
ببە دڵخۆشیمان و گیان جاویدان
درەنگانێك کە ئاو شەوی بوو
**مەسعوود محەمەد** چووە سەر کانی و ئاوێك
سێ جار دەستی لە ئاو هەڵێنا و بە ناوچەوانی خۆی داهێنا
مێژووی بینی وەك نیوە گیان لەناو دارە تەرم
چەناگەی لەناو لەپی خێو چەقیوە و پێی زەنگوڵەی درۆی پێوەیە
**محەمەد عارفیش** لە سەر زەوی دانیشتووە
هێڵی تابلۆیەکی لەبارەوە دەکێشێ
ئازار لە دڵیدا پل دەدا
دڵ جێگای بەرەکەتی ئاگرە

# بەردەنوێژ

ڕووبار ئاوها دەژی
ئەم دەست و ئەو دەستی بەخشندەیە
مێوژی ڕەشمیری دەنك دەنك
دەكەینە كۆشی زەوی و بەڕێ دەكەوین
لە بەرزایی بێ پەروایی گەوهەرێك
وەك بەردەنوێژ جێی لە تەختایی زەوی خۆش كردبوو
دیداری یاران و حاجیلە
كەپریان بۆ دڵم كردووە و قووڵ و مەند خەریكی نوێژم
حەكایەتە جێماوەكانی سووتان هەڵدەگرمەوە
پێش نوێژی بەیانییان **مشكۆ** پێشوولە و مێش
لە چاوی گوڵە خەواڵووەكانی قەڵا دەردەكات
كاكڵەگوێز و باوی و مێوژ و حاجیلە دەخاتە ناو لەپییەوە
بەسەر هێلانەی ساردی حاجی لەقلەقەوە دەیپژێنێ
**دڵدار**یش سەری سندووقی خەندەكەی بایی هەڵدایەوە
دوو پەڕ لە باڵی چەپ و ڕاستی تاووس هەڵوەری
ڕێگاكان سەروبنیان تێكئالا
ئاراستەكانیش بۆ قووڵی نقووم بوون
نازێكی زۆر لەسەر زەوی بەجێماوە

## ئاگردان

دەستەیەك یار و دیار

لە سێبەری پەیکەرێکدا ئاگردانێکمان خۆش کردبوو

نەوە و نەوەزای پەیکەر

پۆلێك قومری خومار بوون

هاتبوون بەخێرهاتنمان بکەن

دەنکە هێلێکیش بشکێننە ناو چاپەستمان

ئێمە لە جیقنەیان ترساین

بەردمان بۆ هەڵدان

بەرد نەخشی لەسەر دەمێنێتەوە

لەم بەخێرهاتنەدا ئەرێ یاری بە چی کرد

**زێوەر** سروودبێژە و ئازارمان دەکاتە ئاواز

نان و ڕووناکی لەبەر پەنجەرەکەی دەهاتن و دەچوون

لەناو کۆڕی یاران هەستا و چوو

مێوژی لە پەنجەرەی هێنایە ژوورێ و ماڵئاوایی لە خورما کرد

## بزرنەبوون

مانگی دڵبەر و ئەفسوون هاوێژ

ڕوونیی چاوی ڕژاندووەتە چاوت

نەکەی ئاوابی

هەنگاوەکانم خۆش بەدوای تاسەمدا دێن

ئەوە هاتم

شتی سەیر و سەمەرەم لە سێبەری باش و خۆشەویستی مانگدا بەدی کرد

میوەی وشکبووەوە

گوێی کەروێشك

بێدەنگیی زاڵ

کولێرەیەك

کە بە تین و تاوی سروودی ئەی ڕەقیب برژابوو

پەنجەی ئەزموون و پێشنیازی بەرز کردووەتەوە

دەڵێت سێبەرتان بگۆڕنەوە و گۆرانی لەگەڵ یەکدا بڵێنەوە

کەس ئیرەییتان پێنابات

کاروانچییەکانیش ڕێگایان لێ بزر نابێت و لە شێوەی دڵ دەگەشێنەوە

**سەید کامیلی ئیمامی** بە پەنجەی لە سینگی دا و دڵی ئاگادارکردەوە

هیچ ڕێت لێ ناگرێ و تائەوپەڕی دنیا دەتگەیەنم

شۆڕشی مەستان و شاری دڵ بانگهێشتی باوبۆران ناکەن

تەنییش نانیشێتە سەر چرای بەرەبەیان

## زیندان

لە ژووری زیندان قەیتانی پێڵاو کراوەتەوە و یەك دەرگاش هەیە

ئەوە بهێنە بەرچاوی خۆت

ئاگری چێشت ئامادەکردن

لە سێبەری دیوار و لەسەر سندووقی پۆستەدا چ وێنەیەك دروست دەکات

خەیاڵێك تاوێك چاوەڕێیان دەکات

دەیانەوێ خۆیان لەگەڵ سێبەری خۆیان بگۆڕنەوە

وڵاتێك لە شەڕێکیدا کە نامەی

جەنگاوەرەکانی دەبووە مێژووی ناونان لە ئاگرێك نەوەك بکوژێتەوە

قۆزاخەیەکی نەترووکاوی بردەوە سووری ژیانی **جەلالی میرزا کەریم**

لەو بەیانییە تەواو بوو کە برایەکان

کفنیان بۆ درەختە مەست و بەردارەکانی هەولێر دەبڕی

کفن لەو کاتەدا دوو ڕەنگ بوو

کفن لەو کاتەدا گیرفانی هەبوو

ئیدی هەوا لە ژوورەکەیدا جێگۆڕکێی نەکرد

سروشت لەخۆوە لەشگران و بێزار و ڕوخسار ماندوو

ڕۆژ بەمتمانەی مرۆڤ هەڵدێ و زەوی گەرم دادەهێنێت

لە بەیانی ڕۆژێك قیری کوڵاو کتێبەکانی خوساند

دەستێك شەربەتی حەوت میوەی لەبەردەم هەڵگرتوو

ڕشتییە قەراغ ڕێگاکان
ئەژدیهای حەفت سەر بە نەرمەغاری ئەسپێکی دوو ڕەنگەوە
هاتە سەر سەکۆی ئاخاوتن و وتاری دا
برایانی ناو ئەشکەوتی خەواڵوو
دوو زەمبیلە پشیلەی چاو سوور و کۆتری ماڵی
پێشکێش بە دەستە کراوەکانتان
دەخیلەی منداڵان شکا و کلافەی ڕێگاش سەری بزر بوو

## سوپاس

باران لە دەرگای زەمین دەدا
گیای ڕووخۆش لێی دەکاتەوە
کەروێشکێك دەچێتە نزیکی
سمێڵی لە سەر و پرچی دەسووێ
سوپاس بۆ نان و نمەکی خودا
بە دڵێك بەڕێگاوە دەڕوات
کە دڵ لەدڵدانی لە دوا نییە
لەسەر دوندێك بەرانبەر درەختێ
هەر کاتێك بیەوێ دەبێتە ئاوێنەی ئەفسووندار
یادکردووانی لێوە ڕووبەڕوو دێن
لە لانەکەی کە نشوستی تێدا نەهێناوە پشوو دەدات
ئارامی لەم هەڵمە گەرمەوە وەردەگرێت
لە دەستی کراوەی زەمین بەرز دەبێتەوە
لە پرچی ئەو درەختەی دەبێتە ئاوێنەی ئەفسووندار
دەبێتەوە خوناو
لە ڕەنجی حاڵباشیی مندا
گوڵاڵە سوورە هەست بە تەنیاییکردنی نامێنێت

# سێتار

هەر دەبێت بەو ڕێگایەدا بڕۆم
سڵاو لە دۆست و یارانم بکەم
ڕێگای مردن
دەشبێ بایەخدار و تێکەڵاو بم بە ماڵی ژیان
درەنگیش تێناپەڕم
ئەگەر بە ڕێگای ئاویدا بێم و بچم
چرایەك لەناو پاپۆڕ دادەگیرسێنم
شەوقدانەوەی چرا لەناو ئاو
دڵی بزێو و گەرمی ماسییە لە شادمانیی مەلەدا
لە کەنار بەندەریش تێشوویەك خواردنی هەمەجۆر و سێتارێك
بۆ زەنگیانە کۆکەرەوە بە لکی درەختی ناو دارستان هەڵدەواسم
گیانیشم خرۆشاو بە حیلەی ئەسپی ناو پاوانی وێنجە و سێپەڕە
دۆست و یاران دوا سڵاو بۆنی میوەی گەییوە بە لکەوە
**فوئاد کەریم** خۆی بۆ هەڵدا
بۆنی هەڵبزڕکا و لەناو بەفردا بێگانە بوو
کەس لەوێ نەبوو کە دەسووتا
تابلۆکانی شەوی ئاوابوونیان نەبینی

# خەوتن

جگەرگۆشەکانی ئاسمان

خۆر

مانگ

ئەستێرە

فریشتە

خوداوەند

ئارامیی تەواویان هەیە

لەناو دێڕی شیعردا ناشڵەژێن

لە ماڵی منیشدا بۆنی پێستەی خۆشکراو گڵۆپ بەهێز دەکات

بە هەزار ئاوات و خەونەوە منداڵەکانم

لەناو هۆگری و چێژی گڵۆپ خەوتوون ئەی ئارامیی تەواو

# شڵەژان

کەڵەباب ئەستێرەی تاریك و ڕوونی بزر کرد
شڵەژا و ترسێك
دانەوێڵە کۆکراوەکانی لێکرد بە گوللەی ڕاوچی
منیش گوێم بۆ دوا ئەستێرەی بەیان ڕاگرتووە
شتێك بڵێ
ژیان لەناو ڕابردوویەك کە چڵی تێدا وشك بووە
چاویلکە و گۆپاڵ و کڵاو و دەستەسڕی لەبیر کردووە
هیچ شتێکیش لەم زەمینە بێکەسەدا تەواو نابێ
لێشت نائومێد نیم ئەی ئەستێرەی تاریك و ڕوون
لە شەوێکی ئاسوودەدا
بەسەر پشتی بەلەمێکەوەم و دوو فانۆسم بەدەستەوەیە
داوامە ماسی لە ئاو بێنە دەرەوە
لە تیشکی نارنجیی فانۆس خۆ نقووم کەن
شەو بەسەر بەنداوی پڕ ماسی و ئاسمانی بە ئەستێرەیدا
کۆرپەیەکی ئارامە بە سینگی دایکییەوە
چاوەکانی **هیدایەتی عەبدوڵلا حەیرانیش** گەورەن
ماسییەکانی سەر ئاو دەکاتە هی خۆی
تیشکی نارنجی چاویلکەت فڕێدە و دەرکەوە
ماسی بۆ مەلەوانیی ئاسوودەیی
دەتکەن بە ئاوی خەیاڵ
ئاوی خەیاڵ جۆگەی لە ئاوی خدری زیندە هەڵگرتووە

# دڵ

کێشە لە ڕۆژ دەرکەوتن و ڕۆژ بزربووندا نییە
ئەو کاتەم کێشەیە وادەی دیدار دێت
ئەی مەست و خوماری بن چەپی سینگم دڵ
کە بە پەیمانەوە دەچیتە سەنگەری خورپە
سێوێك دەکەیت بە دوو کەرتەوە
کەرتێك لەوسەری شەقام دادەنێیت
کەرتێکیش دەهێنیتەوە ماڵ
بۆنی خۆشی خێزان ناهێڵێ بۆگەنی بێت
دەموچاوی شەوقداری زەوی
بیر لە دوور یان نزیکیی مرۆڤ دەکاتەوە
لە بەڕێگاوەبوونی بۆ ڕاز و دیداری یاران
**یەڵماز گونای** ئەسپی بەیدەستی بردە سەر حەوز و ئاوی ماڵی ئاگردز
ڕوخساری داگیرساند
دوو بەردی تووڕەیی لێکدا
سێبەری کەوتە سەر ڕێگا
بای ناو سینگی **ئەحمەدی خانی** کەرویێشکەی کرد
لاپەڕەی کتێبی ڕووداوەکانی هەڵدایەوە
هەریەك لاپەڕەی خۆی هاتە ناو دەستی
منداڵی نێرگز فرۆش لەمبەر و ئەوبەری ڕێگا ڕوان

# ناوچەوان

که خۆری بەیانی ناوچەوانی گەرم دادەهێنێ
نوێن و جێیەکەی گوڵاوپڕژێن دەکات
لەسەر تەختەی نوستن ڕێکی دەخاتەوە
دێتە حەوشە تا تکانی خوناو لە گوڵ وەرزش دەکات
لەش و گیانی لەناو خوناوی تکاوی گوڵ
ئازار لێکدەداتەوە
ئەوجا بە سەرسامییەك
کە هەستی دڵنیایی دێتە ناو پیاڵە و فەخفووری
تەماشای گڵۆپی دیوار دەکات
کە هەریەکیان بە بارێکی دەروونی دەگەشێنێتەوە
بەرانبەر گڵۆپەکانیش مۆم ئاگر دەدا
لەنێوان ئەوینی گڵۆپ و مۆمدا
هەموو هیوایەك لە دڵی تۆمار دەکات
ژیانی دەبێتە ئاهەنگ و سەیران
کاهوو بە ماست دەخوات
**مستەفا پەژار** دڵخۆش بوو
لە ژیانیدا زۆر دڵخۆش بوو
بەڵام قەت وەك ئەو ڕۆژەی تێیدا مرد دڵخۆش نەبوو
بینی ئەو هەموو نانە بە دەوری سەریەوەیە
کۆچی دوا کۆچ کوا نان دەترسێنێت
بە زەردەخەنەی ڕەزامەندییەوە بەرانبەر ژیان دانیشت
باڵندەی سەری کەوتوونەتە ئەوپەڕی وریاییەوە

## تەزوو

ئەو گۆرانیبێژەی بە هەموو هێزی خوێن و تەزووی دڵیەوە
دەنگی هەڵدا و کۆسپەکان ڕندران
بڵندایی کرد بە گردێکی ڕۆمانسی لەسەری ئارامی گرت
برادەران دەوریان دا
کۆڕی دڵشاد و زمان ناسك
دەستی بۆ درەختەکەی ژوور سەری برد
گەڵایەکی لە ڕەنگی بەهرەی هەڵدایە ناو برادەرانی
لە کۆشی شکۆمەندیدا
دەنگی پەروەردە کرد و هەڵیدایەوە
ئەی درەختی گەواهیدەر و خودادای ژوور سەرم
من ڕەخسیوی بەهرەی پاراو و شەرابی سوورم
مانگ خۆی پێوە هەڵواسیوم
بەهرەی پاراو و شەرابی سوور
نەرمونیانیی ناو چاوی گوڵە لۆکەن
**ئیبراهیم ئەمین باڵدار** پەنجەکانی لەناو گوڵە لۆکە ڕواند و پیتەکانی ڕێکخست

# تکا

لە پەنای هەورەوە هەتاو دڵۆپە تیشکی دەتکاندە دەمی زەویی نەخۆشەوە
درەختیش وەك دەروێش گەرم ببوون
مەلی دەریایی لە ترسی مستەکۆڵەی شەپۆل
بەلارێدا لایدا
کانییەکی بچووك دەموچاوی خۆی بۆ پشکوواند
پەپوولە شوێن باڵەکانی لە ناوچەوانی جێهێشت
منداڵەکانم بۆ مراز و ئومێدیان
هەستیان ناهێننە ناو لەپ
بڕوایان بە شوێن باڵی پەپوولەیە
ئەی خۆ لەبیرکردوو لە ناخی هەمووان
تکا دەکەم با شەو و ڕۆژ هێندەی یەك بن
دڵی **ئیحسان فوئاد**یش هاوبەشیی دڵی سروشت و شەو و ڕۆژی کرد
باڵ لەگەڵ هەموو بایەکاندا هەڵدەکات
دواتر دەچێتە ناو قۆزاخە و ئاگر پێدەگەیەنێ
ڕایەڵی ئاشنایەتی لەگەڵ ڕۆنی سەر هەسان نەپسا
چاوی نان تێرخەو بوو
هێلانەی چاوەڕوانیش حاجی لەقلەقی ناسیاوە و هێلکەکانی لە پێشوازیدا تررووکان

# خاڵ

چڵ و دوو ساڵە
لە خاڵێك ڕادەمێنم خاڵی ژیان
ئەو ئەوەندە خۆویستە
خۆی بۆ نەکردوومەتەوە
تا لەسەر گردێکی بە بخوور بۆنخۆش
مانگ بە ڕووی گەشییەوە بێتە دیدارم
تریفەش پێم بڵێ برای گیانی
سەر لەسەر بەردێك دانێم
دنیام لێوە دیاربێت و لە شیری زەمین مەست بم
خودایە لە ناخمدا لە خاڵی ژیان سادەترم بکە

## ڕوان

ئەگەر بە یەك ڕیز بوەستین
جوانیی مرۆڤ دەشێوێ
هەموومان لەسەر دووگوردێك
شکۆمەندیی لە خودا ترسانمان بەرناکەوێ
با بەهیوا بین بۆ بەرزبوونەوەی
خۆر لە ناخمان کە ڕەنگکراوە بە ڕەنگی دەنووکی سیمرخ و دەفتەری بیرەوەری
گوڵە چا خۆی پێمان دەڵێ چۆن ڕوا
پێغەمبەر بە ئامانج و دەستی پڕەوە دەگاتە لامان
**عەرەب شەمۆ** قەڵای دمدمی نووسی
قەڵای هەولێر ما
لەوەتی چاوم بەرزی و نزمی ڕادەکێشێتە ناوخۆی
لە قەڵایەك دەگەڕێم سێبەری لە باڵای درێژتر بێت
قەڵا هیچمان پێناڵێ
تەنیا سێبەری لێماندەدا و ئارەقمان وشك ناکاتەوە
هەتاوی تێدا هەڵنەهات
کاتێك هەتاو هەڵدێت کەسێکی ترین
تاجەگوڵینە لە لێواری شەقامەکان ڕژاوە
کێ بۆ کێی هەڵگرێتەوە

## وێنە

پەپوولە دوای ئەوەی
بە پەیژەی چرا سەرکەوت
سادەیی ڕووناکی پاراست و دابەزی
خەیاڵی پڕبوو لە یاد و گەڕانەوەی برادەرانی
بە هۆگرییەکی زۆرەوە هات
بۆنی گەشتیشی لەدەم دەڕژا
چیرۆکی بەر لە خەوتنی بۆ من گێڕایەوە
دواتر لەناو لاپەڕە بۆنخۆشەکانی کتێبە وێنەدارەکەم شادمان بوو
وێنەی پەپوولەیەکی بەدایکە گەورەی زەمین چوواند
کوڵمی پاکیزەی بۆن کرد و لە تەنیشتی یەکپشی خەوت
لەپڕ ڕووی ئاسمان تەنیا سەرێکی تێدا ما
بە پێوانەی گەشەی گیا
تۆوی هەموو وەرزەکانم دۆزییەوە
زەوی جارێکی تر دەبێتەوە کێڵگە
هەمووومان گۆرانی بەروبووم فێر دەبین

## شیعر

چاو هیچ گرینگ نییە

هەرگیز نەیتوانیوە گیان بدۆزێتەوە

من بەهەستی پیت دەڕۆم و ختووکەی وشە دەدەم

برادەری ملوانکەی باب و باپیران لە مل

ڕستە ئەو بەخشندەییەی دامێ

دەنگێکی ڕوون و ئاشنا لە هەناوی شیعرەوە

چلچرای هەموو چاخەکانی کردە ئاوێنەی ئاسمان

هەموومان خۆمان لەناو داگیرساند

منیش بەوەم زانی

لەسەر زەوی شیعردا لەدایك بووم

شیعریش پێش من ڕوخساری پشکووتبوو

# ڕژان

هەندێك میوە لە زەمبیلەی
ژنە شۆخەکەی هاوسێمان ڕژا
دەبێ چەند هێز لە هەناوم تاو بدەم
دەبێ چەند دەمار لە جەستەم هار بکەم
دەبێ چەند خانە لە مێشکم ژیر بکەمەوە
ئەو ڕژاوە لە کۆشی کۆڵان
خڕ بکەمەوە و بیهێنمەوە ماڵ
ئەرێ ئەم میوەیە چ وەرزییە
نوستبووم ژنە شۆخە میوەڕێژەکە
چرای کۆڵانی هەڵگیرساند و کوژاندییەوە
سوارێك لە بوراق دابەزی
تەماشای دەرگا خامۆشەکانی کرد
مانگ بە سۆز خزایە حەوشەکان و دڵسۆزی نواند

## یاداشت

**ئەحمەد کایا** لە جەستەی گەرموگوڕی ماڵی پرسی
ئێمە چاوەڕێی چین و کوای
دەنگی پێی ئەسپ کە دێ
دەنگی پێی ئەسپ کە دەڕوا
ڕێگای ماڵ دوورمان دەبات و لە ئاوە هەڵچووەکان لامان دەدا
ئاشتی دڵی لێ دەپشکووێت
ستایش بۆ ئاشتیی دڵ
شارێك دەتوانێت خۆی تێدا دروست بکات
تیشکێك کە وەك دڵی سیمرخ لێدەدا
لەناو چاوم هەڵبوو
خۆم ئامادە کرد بۆ تەماشاکردنی
درەختەکەی تازە لە حەوشەم ڕواندبوو
بزانم ڕەگەکانی لەگەڵ خۆڵی باخچەکە
کە وەك بەهەشتییەك گەڵا و گوڵی پۆشیوە
پەیوەندییان بووەتە کتێبی ڕۆژ و شەو
یان داوای هیچ بەهرەیەك دەکات
بۆ کەمکردنەوەی نیگەرانیی کات
دەست و پێم لە دەشتی گیان بوون بە کانی و مێرگ

دڵشکان و ئاوابوون توخودا وریاتر بەرەو دەموچاوی تازە شۆراوم هەنگاو هەڵێنن

مانگ لەناو دەستی من و دڵی سیمرخ

هێشتان پەنابەرە و بەدوای هەڵاتندا ماندووە

یاداشتی زەمین بنووسێتەوە

ئەو بایەی جلی سەر ڕستە وشک دەکاتەوە

تەمی بەرچاوی داوەڵ و پەیکەریش لادەدا

ئەی ژیانی جادوولێکراو

گریان لەگەڵ خوداوەندا‌ندا

وەك چوونە ژوانی کیژی کافرۆش وایە

هیچ شتێك لە بیر ناهێڵێت

**سوارەی ئێلخانیزادە** سوێندی بە بازی کێوییان خوارد و سوێندی نەشکا

لە سەنگەری دوودڵیی شار دێمە دەرێ

ئێوە لەکوێن

بێ پەروا کولێرەیەك بەدەستەوە دەگرم و دێم

حەزم لە بۆنی باڵی هومایە

# چاو

شار باخچەی ئاژەڵی دڕندەیە
بێ ئاگایە لە ئازار و برین زیاد دەکات
دێمە سەر سینەی شکۆمەند و پڕ هاوارت
ئەی گومەزی هەوێنی تاج و ڕەنگی دڵ
قومرییەك لەناو چوارینەكانی **باباتاهیر**
تێر دانی ئەفسانەی خوارد
بەناوچەوانی خانووەکەمان نیشتەوە
سەرباڵی نان و ئاوە
لەسەر باڵدا ژیان
ئەڵقەی بەختی خەواڵووی **حاجی قادری کۆیی** دەسووڕێنێ
ئەرێ چاوی گای ناو سێرك دەبێتە
لیستی ناو کتێبی کتێبخانەی گشتی یان نا
چاو ناو دەنێین دەشتی قوربانی
کە هەمیشە لێوڕێژە لە تاسەی سەوزبوون و دەنگی خۆشی **مام زۆراب**

## گۆزە

نزا بۆ باڵندەی درەختنشین
حەزی ئەو گەشتە دوور و درێژە چییە بە ئاسمانەوەی
بۆ نایدرکێنیت
ئاگاداری دڵی نەرمونیانی زەوی نیم
گوێتان مەخەوێنن
قسەی ناو حەکایەتەکان گەرمە و دەیدرکێنم
دادەبەزم و لەناوتان نیشتەجێ دەبم
باڵ و پێ هێزی خودابەخشن
دڵی گیانە چەتوونەکان دادەخورپێنن
وەفادارم و بە مژدەی گۆزە هەنگوین خرۆشاوم
نوێژی دەوێ
ئاگاداربوون لە دڵی نەرمونیانی زەوی
پەڵەیەك ڕووناکی هێندەی ناوچەوانم کەوتە سەر دەموچاوی زەوی
هەولێر جەستەی داپیرە گەورەی زەوییە
چاوی لە قەڵا و منارە داڕێژراون
ئەوە بیرەوەریی بەردێکە
ئامادە کراوە بۆ کێڵی **ئیحسان مستەفا**
کێڵنووس بە نهێنی ئێشك بگرە
قاز و قورینگ تێپەڕین و ئەستێرەی ژوورسەری
**جابیر پیرداود**یان بە دیاری بۆ جێهێشتین

# گریان

ئەسپێك هاوەڵی سێبەری مانگ بوو
سەری بە دەرگامەوە نا
هەناسەکانی ترێی دەروونمی کردە شەراب
کەسی لێ دانەبەزی
هاتبوو شخارتە لە تەنیشت مۆمی سەرمێزم دابنێ
بزانێ چۆن لەناو شیعردا باس دەکرێت
بۆنی دەست و پەنجە و مەرەکەب
تاسەی زیاد نەکرد
بە ڕێگایەکی جێهێڵدراو و وێرانەدا گەڕایەوە
برژانگەکانی ژاکان
فرمێسك و مۆسیقای پرسیارن لە گیرسانەوەی دڵی **بێخود**
پەنا و هانا و دڵنەوایی بوون
گەرماییيان دەڕژاند
شاعیرێك قسە بۆ پشکووتنی بەهار دەکات
ڕەنگەکانی باڵی پەپوولەشی بۆ ناژمێردرێ
**ڕەفیق حیلمی** بەهای ژمارەکانی دایە چۆلەکە
بەسەر سەری شاعیرانی برژێنێت
چەند دانەیەك بەسەر زمانیان کەوت

# ژماردن

دەستم هەڵبڕی و هاوارم کرد
چی لە چەندوچوونی **مەحوی** پەنهانە
ئەو هەوایەی دەستمی گەمارۆ دابوو یان بەرزی دەکردەوە
لە سێبەرم ڕاوەستا و بە هەڵەشەییەوە گوتی
بژی سروودبێژی جەنگ
گوڵاڵەسوورە دڵی نییە
سپێدە کە ئاشقەکانی دەژمێرێ
چاوی کۆتری هەڵهێنا
پەرییەك لەناو گۆزەیەکی دێرین دەرهات
دەستەکانی کردبووە هێما
بۆ ناسینی ماڵی هەمووان
بە لەنجەولار ڕایدەکرد
لە خۆشحاڵیدا سوور هەڵگەڕابوو
وەك شیعر دەژی
لەگەڵ هیچ کەس
تەورات و
ئینجیل و
قورئان ناخوێنێتەوە

## نەخش

کەروێشك کە بەناو شاخ و بێستان و دارستاندا بە توندی ڕادەکات
ترسی لە جانەوەری کێوی و شێتی نییە
دەیەوێ نەخشی پێی بزانێ
نەوەکانی وەفایان بۆ پاراستنی چەندە
گەنجینەی گیانم خودایە
سوپاست دەکەم
وات کردووە لە ئێستادا بژیم
وێنەی گوڵەئاگرێك
بۆ شەوی شیعر نووسین ئامادە بکەم
**مارف بەرزنجی** بەداری گەنجی و گەشانەوەوەیە
لاشەی بۆ دڵی گەرم و نەرمی زەوی شۆڕبووەتەوە
سەری بۆ کڵاوی بەڕوو
هیچ گومان نییە باڵی بەهێز قووڵایی ئاسمانی دۆزییەوە
کێڵگەی شکۆ یادگەی گای پیرۆز دەپارێزێت
شتێکمان پێدەڵێ
لە ڕەنگەکانی سروشت ڕابمێنین
ژیانێك دەبەخشێ
**ئەسیری** هەمووومانی تێدا دەباتە گەشت و بەهەشت
ناوی ئەو کانییانە دەزانێ لە دەوروپشتمان دەردەبن
ئەی خودا تا ئەو پەڕی پاك و بێباکی هەست بە دڵی من بکە
وەختی دیدارم هاتووە

وەرە دیدارم

لەو دەوروبەرەی لە هەنگاوەکانی من قەدەغە کراوە ڕزگارم بکە

ئیدی نواڵە داوای دڵم ناکات

چاوم بڕیوەتە ناوچەوانی نەمران و سوێند بەسەریان دەخۆم و سوێندم دەبەمەسەر

لە گەرمایی سۆزی گۆرانی و لە چاوەڕوانیی ئومێدێکدا بمنێژن

# ناسین

**ڕەفیق چالاك** جلە ڕەنگاوڕەنگەكانی لەسەر ڕستە هەڵخست

بە پەیژەی خۆڕزگاركردن سەركەوتە سەربان و گریانی دوای خۆشی لە دەنگی دەبیسترا

مەدالیای پاڵەوانانیش دەبریسكانەوە

كەرویشكیش ڕووەو گیای تەڕ باویشك دەدا

پەیژە خواروخێچ و ناحەز و دزێو نییە

لە حەوشەی ماڵی كپ و هێمندا دەف بە داوێكی باریك بە ئاسمانەوە هەڵواسراوە

**شێخ نووری شێخ ساڵح** خۆی بۆ هەڵدەدا

گڵۆپێكیش لە پشت پەنجەرە داگیرساوە

درەختی تێكەڵ بە گڵۆپی ماڵم

بۆ ژیانێك بەرزبووەتەوە خەونی تێدابێت

هێلكەی مەل و گیانی بە ئومێد لە ناویدا بە مراز دەگەیشتن

منیش لەبەر ڕووناكیی بەروبوومی

دیوانی شاعیرانم ناسی و فووم لە دەمی منداڵان كرد

بە دارە دارە كەوتن

درەختێك لەبەر باراندا

هەموو پەلك و بەروبووم و چۆلەكەكانی خستەوە بن پێستی

درەختشكێن لكوپۆپی داپاچی

دڵی پڕبوو لە هاتنە پێش و ئازایی

لكوپۆپی چەشنی دوو دەستی مستوەشێنێك

بەرەو دەموچاوی بەرزكردەوە

دەستت بەخۆتدا شۆڕكەرەوە

ئەی گورگی ئێسك لە گەرووداشكاو

# مەلەوانی

ئاوێنە دەموچاو بە دیکتاتۆر دەزانێ
داگیری دەکات
ئەرێ لە رووی ئاوێنەدا دەتوانم
ئەو تەشتە مسەی دایکم بە منداڵی لەناوی دەیشووشتم
پڕ ئاو بکەم
بەلەمێکی باغەش فڕێ بدەمە ناوی
پاشماوەی شیرینی نەستەلەی قووت دا
ئاوێنە تیشک کۆکەرەوەی ناوچەوانی
کە هەمیشە بە فڕینی ماسیگرە
چاوی مەستانە هەڵدەخات
لەسەر تاوێرێك ڕووبەڕووی رۆژی دانا
لە سەرچاوەیەك نزیك بووەوە
کە جۆگەلەی زۆر دابەش دەکردە دامێنی خۆی
ئاو گیانی پەشۆکاوی گیانلەبەر دەلاوێنێتەوە
لە ئاوێنەش دایکترە
گوڵەکانی ئەفسووناوین

# گەردوون

پیاوێك و دوو ژنن
ئاسمان
زەمین
ئاو
ژیان و مردن و نەوەخستنەوە
لە دەستی خوداوە وەردەگرن
خەڵكانێكی زۆریش
لە شەقام دێن و دەڕۆن
گوێیان لە دەنگی یەك دەبێت و لێك نزیك دەبنەوە
كەسیش ناكەوێتە پەنای ئەویدی
باڵی باڵندەش خەوتوون
شەقام دوور و درێژ و بەتاڵن
بەرەو كوێم دەبات تاسەی مەستبوون بە دیداری یاران
بەڵێ لە چاوی منەوە شەو باڵی دەكەوێت و شەقامەكان پڕدەبنەوە
پەیتوون لە ناوەڕاستی شار وەستاوە
چاوەڕوان دەبین
تا ئەسپەكە بەهێز دەبێت
**محەمەد ئەمین زەكی بەگ** پرسی
مێژوو شارێكی بچووك بوو
ئەرێ هیچ گەورەتر بووە

## مەیموون

مەیموونێك بەسەر لکی دار هەرمێیەکەوە
هەرمێی دەگرتە ڕێبواران
میوەفرۆشی کۆڵان
کۆی دەکردەوە و دەیفرۆشت
سمۆرەیەکیش بە توێکڵی گوێز
پەڵەیەکی خوێنی دەشاردەوە
نەمزانی یەك لە بنەماڵەیان کوژراوە یان خۆی تاوانبار و بکوژە
دارقەزوانێکی تەڕیشی دەپاراست
ناوقەدی بۆنداری کردبووە ماڵی
کە بە ترسەوە لەناوی نانوێ
ئەرێ کیسەڵ بە پشتدا وەربگەڕێ
کێ دەخاتە گومان و شەڕ لەگەڵ چیدا دەکات

# کێڵگەی بەهرە

سێو لەتاو سوور هەڵگەڕانی
خۆی فڕێ دەداتە سەر زەوی
هێز و ددانیش داپیرەیان جێ هێشتووە
هەمووومان کڵاومان دەکەوێ
خودا جارێك تریسکەی زێڕ پێشان دەدا
جەستەمان وەك سێو لەتاوان دەکەوێت
کەس ناتوانێ یارمەتیمان بدات
مریشکێکی کێوی دێت
دەیەوێ ماڵیبوون تاقی بکاتەوە
جەستە و سێو
لە کێڵگەی بەهرە نزیك دەکاتەوە
سێو فەریك و جەستەش
دەچێتە ناو لانکێکەوە
کە هێشتان بۆنی درەختی لێدێ
دووبارە لە چاوەڕوانیی هێز بەجێهێشتن
کراسمان لە زەوی دەخشێ
زەویی ژیانەوە تایبەت و خاوێنە

# چاوساغی

خودا بەشێك لە هێز و ئەفسوونی خۆی داوەتە با
چاوساغییەتی و دەینێرێتە هەموو شوێنێك
ڕاسپاردەکان بەجێ دەگەیەنێت
ئەو حیکمەتە لە دەمی باوە دەرچوو
هیچ شتێك لە خودا بزر نییە
ئەو خانووەی پاشا لەناو باخچەی ختووکەداری
لە بلووری ڕوون دروستی کردووە
چاوی پەنجەرەی تۆزاوی بکە
فێنکایی و گزینگ بەناو ئەو پرچانەدا ڕەت بکە
کە دوو دڵدار بەیەك شانە ڕێکی دەخەن
ئەرێ هەنگ بۆ بەسەر خونچەوە نانیشێتەوە
هەڵپەی گوڵیەتی
هەنگ چاوساغی کێیە
سەرخۆشی و دڵخۆشی دیارنییە
ناوە ناوە لە گوڵجاڕ دێتە دەرەوە
بۆنی مێخەکی پەری ڕزگارکەر دەکات
کە بەناو کەوەڕۆژدا هاتووە و کوڵمی پڕ و گەشی داگیرساندووە

# قفڵ

لەناو کرانەوەی باڵی
تاووس و چاوی غەمگینی کتێبی چیم دیی **ئەحمەد خواجە**
شارێکم هاوشێوەی شاری شیعر دامەزراند
نە کەس دێت و نە کەس دەڕوات
بەگەرمبوونی لێوی **قالەمەڕە** زەمین قفڵی شکا و کرایەوە
مرۆڤ هات و چوو
کەوتە چۆڵەوانی و لەسەر باڵی باڵندە سووڕایەوە
پێدەچێت شوێنپێی مەیموون
لاسارترین شوێنەواری ئەو ناوچەیە بێت
ئاسمان هەندێك ئەفسانەی خستە خوارەوە
کێ هەڵیدەگرێتەوە
هوما و سەمەندەر
پێی پەنماوی ڕاوکەری کتێب پۆدرە دەکەن

## چارەنووس

تریفە میوەی مانگە
شەو وەرزی پێگەیینێتی
لە خەون و بێداریمدا دەیڕنم
بۆ ڕنین هانا بۆ هێزی گیان دەبەم
گیان ماڵێکی تەواوە
بەخێراییەکی سەرسامکەر دروست بوو
هەرچییەکی ئادەم و حەوا بزریان کرد
ئەو دۆزییەوە
هەمووماني بردە سەر ئاوێکی بەگوڵ پەرژینکراو
کە دڵخۆشە بە هونەری گەشەی هەنگ و خەستبوونی شیلە
وێنەی خۆمانمان تێدا دیت
لە وێنەی خۆمانەوە
بۆ یەکتر دۆزینەوە و جوانکردنی بەرزاییەکان چووین
هێشتا ماوە چارەنووس جوان بێت
**ڕەهبەر جەلال** ڕقی لە وێنەکان هەستا و دایگرتنە خوارێ
وێنەی **ئایشەشانی** لە جێگادا هەڵواسین
سڵاو لە کەزی و بسکت ئەی پاشای ناسك
گۆرانی بە دڵیی ڕوون لە دەرگای بەهەشت دەدا
لەودیو دەرگا ئاوی خدر وەردەگریت
دەچیتە سەرشانی خوداوەندان و خۆت لێ بزر دەبێت
هەردوو ناو لەپت کانی لێدەردەبن
باڵندەی چل ئاواز دەدۆزنەوە

# بڕنووتی

دوعای خێر ئەگەر ئەوین نەبێ ئەی چییە
هەموو دەنگێك مژدەی ئاهەنگ و گەیشتن بە سیمای یار دەگەیەنێ
لە ئاهەنگدا زۆر شتم خۆشویست
بڕنووتیم خستە بەر لووتی زەوی
بەڵکو بۆن باش بەکاربێنێت
پشکووتنی گوڵم لە کیس نەچێ
کاتژمێری سەر مێزەکەم بە پێویستی دڵم لێدەدا
لە شەوقدانەوەی سیمای یاردا
کات بە هێمنی دەگوزەرێ
دەمباتە ناو دەشتێکی پڕ گیان
سەکۆی لەسەر ڕاوەستانی هەیە
**سەروەت ئەنوەر سەوز** جلە تازەکانی لە بەرگدروو وەرگرتەوە
لەرزێك کەوتە ناو سینگییەوە
بە تابلۆی گوت هەموو شتێك لە جەنگدا ڕەشە
تەنیا خوێن تێیدا سوورە مەهێڵە بڕۆم
بە دیوارەوە هەڵمواسە و زەردەخەنەی سەد ڕەنگم پێدەگات
ڕێگا لە جووڵە ناکەوێت و ماوەیەکی درێژ تێیدا دەمێنینەوە
لەبەر خۆمانەوە گۆرانی مردن تێدەپەڕێت و دەڵێین و دەیکەینە ئاشنای سەرگەردانان

## ئالا

تەمەن چەند شەو و ڕۆژی تێدایە
لە شەودا شەمشەمەکوێرە دەفڕن
لە ڕۆژیش ئەستێرە لە سێرەی ساچمەی ڕاوچی دەخلیسکێن
دەکەونە ناو قەڵەشی هەنار و چاوی گوڵەبەڕۆژەوە
ڕاوچی ئەسپی تێکسمڕاویان هەیە
ئەسپ ئەی نازدار و گەورەی ئاژەڵان
لەناو پاوان یاڵی داوەتە بەر بای مژدەهێن
خەریکە دەگەڕێتەوەماڵەوە
حەزدەکات زینی ببەستم و قەڵغانم بە دەستەوە بێ
فریای ئەوە بکەوم نەك ئاڵای شار بکەوێت
ئاڵا پشتێن و دەسماڵی باپیرە و داپیرەمانن
باپیرە و داپیرەش گۆنای پڕی زەوین

# بەرانبەر

شەوی بەهارە و مانگ چاوەمەست و خومارە
دارەشەکران قاز و قورینگی لەسەر پەنجە ڕاگرتووە
ناوە ناوە جێگایان دەگۆڕن
بەرانبەر نازی هەوری زیوی
هەردوو دەستم خستووەتە ژێر سەرم
پەلکیترووکانی هێلکە
دەکەوێتە سەر دەموچاوی پڕ هەوای گەشتم
گوێم لە ئاواز و خورپەی دڵی بای فێنکی شەوانەیە
خەوی لە چاوم شکاندووە
ئیدی بۆم ناکرێ بخەوم
هەردوو دەستم
لەژێر سەرم و تەمی بەیانی دەرهێنا
هەنگاوی بەهێز بەناو دارستاندا هەڵدەهێنم
دارستان منداڵیمە
قەت ناتوانم پەرژینی بشکێنم و تەختە ڕەشی بسڕمەوە

## خۆكوشتن

بڕیارم داوە خۆم بۆ دیداری مردن ئامادە و پۆشتە و پەرداخ بکەم
هەرچی هەستم بەرانبەر ڕوخساری گەورەی هەیە
لە ڕستەیەکدا وەك دەمەوئێوارە سووری هەڵگەڕێنم
خۆشەویستییەکی کەتە و بە ترسی
پاشان ژیانمی پێدەبەخشم
باڵندەیەك بە ژوور سەرمدا ڕەت بوو
شوێنی وچانی لە بەهەشتی ونبوودا دۆزیبووەوە
مووروو ڕژا
زەوی خاڵدار کرد
جوانی جارێکی تر سەرنجی ڕاکێشامەوە
ژیان قەرداری جوانییە
**ئەحمەد موختار جاف** لەسەر چیای
کێ ڕۆیشت
کێ هات
کێ گوتی
کێ گوێی گرت

تەماشای ئاوابوونی خۆری کرد
خۆرهەڵاتنی خۆشویست و بەخۆشحاڵییەوە بینی
گوڵێکی لاسك درێژی بە دەستەوەیە
لە دەم ئاوێك دانیشتووە
لە ئاوی دەدا و بەرزی دەکاتەوە
دڵۆپە ئاوەکەی لە گوڵەکەوە دەتکایەوە دەکەوتەوە ناو ئاوەکەوە
بە تەوس و لۆمەوە بە گوڵلەی گوت
پێت وایە تۆ کێیت و لە شەوی بەرات بەخشراویتەوە
شەوی بەرات مرۆڤ دەباتە ناو قەڵا و قوللەی ڕاهێنان
**عوسمان عەلی** تێیدا فێری لەبیرنەکردن بوو
لەبیرنەکردن لە یەکەم بینیندا نییە
لە دوا سەیرکردندایە

# جانتا

ئاسمان ئەستێرە و مانگی کۆکردەوە
زنجیری جانتای داخست
بەیانییە و باڵندە بەسەر چڵەکانەوە بەئاگا هاتوون
دەچنە دانەوێڵە هەڵگرتنەوە
زیاتر لە شەقامێك
گوێبیستی داد و فریادمان دەبێت
دەیەوێت ژیاننامەمان بنووسێتەوە
لە کۆتایی ئەویاندا
شەڕ وەك تەرمێك بۆگەنی کردووە
کۆمەڵێك پیاوی شکستخواردوو
خەریکن تەرمەکەی دەکەن بە پیاوی مریەم
لە سەرەتای ئەوی تریاندا
قوربانییەکان چرا و نان
بەدیواری حەوشەی ماڵەکانمانەوە هەڵدەواسن
ئاسمان زنجیری جانتای خۆی داوەتە دەست شەو بێدارێك بیکاتەوە
ئەستێرە و مانگ و چرا و نان
بەسە بۆ ئەوەی زەوی لە سووڕانەوەیدا
وچانێك لە ماڵی هەمیشە بێباك و ئەمەکداری ئێمە بدات
قەڵەمی **شێخ محەمەدی خاڵ** نووکی لەناو شووشە مەرەکەب دەرهێنا
لە گوندی کەلەپوور و پەنددا ڕێگاکانی بەدڵ لێکدایەوە
کەلەپوور و پەند دایك نین بەڵام ئافرەتن
نەخشی شایی و شیوەنیان چنیوە

# چاندن

سەرمای زستان بەهێز و بێزارکەرە
ئەسپەکەم هەزار چاوی گەرمی بەخشییە قۆزاخەی دەروونم
بەسەر پشتی گەرمییەوە
بە بەرچاوی سوور و لێڵی گورگەکان
بەناو دارستانێکی نیمچە تاریکدا ڕەت بووم
دەنگێکی ناسک و ئاشنا
بەخورپە و ئاگادارکردنەوە ئەو ناوەی سووك لەراندەوە
ئەو شێوەکارەی لە ڕەنگدا بەهاری پاشەکەوت کرد
لە چیایەکەی بەرانبەرت
لە تەمەنی خوێنگەرمیدا دەستی لە ملی ژیان بەربووە
پێویستە لە ناشتنی ئامادە بێت و گەنمەشامی بچێنێت
**محەمەد شێخۆ** لە دەفێك دەدا
بەدەوری ماڵی هەر هەموومان دەسووڕێتەوە
ئەژنۆی بەهێز دەبێت و ئۆقرە دەگرێت
گلێنەی بوو بە گۆزەی شەرابی خودایی و گەشایەوە
چاو دوای فرمێسك جوان دەبێ

## مۆزەخانە

شەڕی ئێستری چەمووش و کاروانچیی جێماو تەواو بوو
هی ستایش ماوە
کێو هێرشی هێنا
ڕووباری گەمارۆ دا
ئاو وەك ماسییەکی بەهێز خۆی لە دەستی کەتە و ناقۆڵای کێو ڕاپسکاند
داری ئاڵا لەناو سینگدا دەچەقێندرێت
پێویستە جەنگی گەمارۆشکاندن بەرپا بکەین
ئاو ئازاترین جەنگاوەرە
شمشێری بەرز کردووەتەوە
لە بریسکەیدا مۆزەخانەکان دەپارێزرێن و دەوڵەمەند دەبن
لە مۆزەخانەدا باڵێکی تایبەت بۆ
ئەو دەستانەی پرچ شانە دەکەن پێویستە
ژنە جوانە چاو گۆرانییەکە
شەپۆلی دەنگ و ئاواز بەناو گیانی ئێمە تێدەپەڕێ و کەنار ناگرێ
گۆرانی خەمە کۆنەکانی دنیای دۆزیوەتەوە و ئاشنامانە
ئەرێ ترسی ئەو بەردە چییە کە دەمانەوێ بیکەینە پەیکەری **مریەم خان**
**نەسرین شێروانیش** حەوزی باخی گشتی پڕئاو کرد
ماسی و مراوی گوێ لە یەك ڕادەگرن بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بژی
گوێبدە گۆرانی و ئاشنای خەمە کۆنەکانی نووح بە

# خۆشحاڵی

شەمشەکوێرە لەناو ئەشکەوتدا
خۆشحاڵە و باش باڵی دەجووڵێنێ
لە بۆنەدا گوڵ بەدیاری بۆ یەکتری دەبەن
مانگ باڵندەیەکی چاو ڕۆشنە
بۆنوبەرامەی زەوی وەردەگرێت
هەڵۆ لاسایی کردەوە
شکستی هێنا
ڕێوڕەسمی ژیان وا دەستی پێکردووە
بەڵام هی مردن وا نییە
ئەرێ ئەو شوێنەی لەسەری دەژین
ناو بنێین سۆزی ناسکی **عەلی مەردان**
یان هەراسانی و ئەژنۆ لەباوەشگرتنی **ئەخۆڵ**
خوداوەند جارێك دێتە دیدارمان
دیداری دووبارە نابێتەوە

## قەلەڕەش

قەلەڕەشی چاو لە تەمەن نەترووکێن
بەو باڵە شووم و پیرانەوە بۆ کوێ مل دەنێیت
من وەك باخەوانێکی حەوشەی ماڵی خودا
ئاگادار کراومەتەوە
درەخت وەرزی گەڵاپیتێن و دۆنایدۆنیانە
تەپوتۆزی چڕنووکت بەسەریانەوە مەڕێژە
با میوە زڕ نەبن
باڵندەیەکی خۆشخوان و کەشناس
بەسەر بەردێکی گەرمبوو بەخۆرەتاو نیشتەوە
چەتری بەسەر درەخت دابەش کرد
زەمین ئەو کاتە جوانە
**شێخ سەلام** چەتر بەڕووی قەلەڕەش هەڵدەدا

# نەگەیشتن

ماوەی هەزار ساڵ زیاترە
بەدوای ئەسپ و کیسەڵەوەم
هێشتاش نەگەیشتوومەتە سەر مێز و مۆمێك
کە چاوی ئاڵوواڵای ڕاستەقینەی خەون بێت
ئاسوودەیی سروشت و ئەدەبی گەشت بخوێنمەوە
جیهان بە نامۆم دەزانێ و دڵۆپێکی نەتکاوم
دەتکێمە گوێی کەشتی کە بە تینی ئەڤین هێزدارە
لە داهاتووشدا دەبێتەوە درەخت
لە ئاوی ژیان وەستاوە
دڵم تەنگ بووە و هەزار ساڵ زیاتریشە
لە شوێنپێی ئەسپ و کیسەڵ
درەختی بۆنخۆش دەڕوێنم
هێشتاش ئاماژەکانم
نەبوونەتە قسەیەکی داگیرساوی دەمەو ئێوارەی ناو شار

# شوێن

کاتێ **خودادا عەلی** بەرزی و نزمیی ئاوی ئەڵوەندی بینی
زمانی شکا
هەر ئەوەندەی بۆ کرا
چاویلکەکەی خۆی بۆ ئاوازدانەرێك هەڵدا
پێی بڵێ تۆوی خووساو لە کێڵگەدا سڵاوی بۆت هەیە
جوانی بە فیڕۆ ناچێ و ساتی درەوشانەوەیە
هیچ شوێنێك نییە بۆی بژیم
گۆڕیش دەمی گورگێکە کەڵبەکانی کەوتبن
بشمرم چاوانم بەکراوەیی دەمێننەوە
ئەی دیداری خودا
شتێك لە نێوانمان ڕووی دا
پاشان کتێب و پەیامێك دۆزرایەوە

## قەقنەس

بە درێژایی ئەو ڕێگایە سەرمام بوو
دڵم لەناو هەمبانەیەکی خۆشکراودا
پەڕوباڵی سەوز بووە و نائومێدی دەکوژێ
ئای لەو ڕێگا بێ ناخەدا کەس ڕێبەریمان ناکات
ئەو ڕێگایەم باش ناسیوە
ئاسمانیشی بەخۆناز و لووتبەرزە کۆلارەی حەسرەتمی تەڕ کرد
وەختە گیانم لە گەرمیی ترووکانی هێلکەیەك
داروپەردووی جەستەم چۆڵ کات
ئاگر بڕێژێتە ڕێگا
پاڵەوانی ئەفسانەییش لە کەناری دانیشن
پەپوولە لە ناوچەوانیان پەیدابێ
ناوچەوانی گەرم کانگای پەپوولەیە
**شوکر مستەفا** هاوارێکی کپی خستە ئاگردانمان و پشکۆی لە ناوچەوانی خەوت
مەڵاشووی ئەفسانەی هەڵدایەوە
ئەفسانە بوو بە چاومان و پێیدەڕوانین
ڕەگی ڕووناکی زۆر لە زەوی ڕواون

# بەرزبوونەوە

ئێوارە ئەفسوونی خۆی ڕژاند
باوەشێك پشكۆی فڕێدایە ناو دڵم
دڵ جوانی تێدا دەسووڕێتەوە
دارستانی دەم شار جۆلانەی زۆری لێ هەڵخراوە
دار بی و چنار بە دەوری خانووی هاوینە بەرز وەستاون
درەختی ڕێك چێندراو ئەویندارى خوداوەندانە
دێن پیرۆزبایی بەرزبوونەوەی لێدەكەن
درەخت ڕووناكی لە دەموچاو پەیدا بێت
لە كێو بەهێزترە
**عەزیز سەلیم** خۆڵی گوڵدانەكەی گۆڕی
ئاودانی خستە دوای گۆڕینی خۆڵ
لەسەرخۆ و بە نەرمی
سێو پاك دەكاتەوە و لە كاتژمێری دیواری دەڕوانی
ئەوە بیرت بۆچی دەچێ
ئەوها سێو لە دەستت دەسووڕێت
هێزی دڵ دەرفەتی داوی
بە بێ گۆچان و كوورە كوور
بەباواجی خانەخوێت بڵێی دێمەوە
بە بۆنی گوڵەحاجیلەی دەشتی بیرەوەری كەوم
هەڵۆی تاسەدار كە بەسەر چیا دەنیشێتەوە باڵی گەرمە

# کۆتر

جیهان بۆ دەنووکی کۆترێك بچووك بووەوە

لەسەر قوڵفی گۆزەی **زەردەشت**

جومگەکانی حەساندەوە

دوای سەرسامییەکی کورت

تەماشای باڵی خۆی کرد و ڕایگەیاند

ڕۆشنکردنی لۆکس بۆ من لێگەڕێن

زەوی نهێنی باش حاڵیبوونی خۆیم لەگەڵ ڕەگ و ئاودا بۆ باس دەکات

**مفتی پێنجوێنیش** لە ئاسۆی پرسی

چاوم لەناو هێڵەکانت دێت و دەچێت کێ دەبینێ کەس

قەپەنگی دووکانەکەی هەڵدایەوە

دارکی تووتنی لادا و شیعرەکانی هەڵەچن کرد

کۆسپ لە ڕێگا دەڕنم و لەسەر سەکۆی شار دەوەستم

تا کۆچی سوور دەگەڕێتەوە

پێویستە بوومەلەرزە دادگایی بکرێت

## داوا

تکایە ئەو داوایەم لێ وەربگرن

نازانم چاوم بە بینینی چی گەرم بکەم و لەپێناو چیدا بمرم

**وەلی دێوانە** بۆ ئەوەی چاوی بە بینینی کۆچی خێڵەسات گەرم دابێت

پێویستی بە درەختێکی چوار وەرزە بەردار هەیە

کاروانچی لەسەر گەڵاکانی نان بخۆن

# پەڕەمووچ

کە **بەدیع باباجان** لە دایك بوو
بۆ ئەوەی خەوبینینی بەهێز بێت
پەڕەمووچ بەسەر لانکیدا ڕژا
شاعیرانی کلاسیك
لە خەونێکیدا کە ئاوی شەوی پێشکێش بە مێوانەکان دەکرد
خۆیان پێناساند
سەیرانی زۆر و پیاسەی لەگەڵدا کردن
لە ڕووباری زەڵم ڕاوەماسی و مەلەکردن بووە خولیایان
قولاب و داویان بەو تریفەیە سپارد
کە لەناو ئاودا دەمێنێتەوە
کۆمەڵێك یادگارییان لە گوێچکەماسی شاردەوە
من ئەو گوێچکە ماسییانەم بینیوەتەوە
یادگارییەکانیان وەك گردێکی ئەفسووناوی لە ژیاندا دەهێڵمەوە

## واقوڕمان

ئاگر لە دەست و پەنجەی شیرینەوە مەشخەڵی بەرزبووەوە
**وەفایی** لەسەر پەیژە ڕوخساری ڕەنگی تێدا مرد
قەڵەمی دەست و پێی شکا
سەرکەوتن و دابەزینی لەبیر چووەوە
خەون بەوەوە دەبینێ
لەسەر پەیژە نەمێنێتەوە
بۆ ئەوەی ئەوە لەبیر خۆی بباتەوە
کە ئاگر کۆچی پێکردووە
شیعرێکی کردە ئازار

## پەراسوو

**مەولەوی** لە گەڕانەوەی ڕێوڕەسمی ئیجازەدانی فەقێیەکی
لە سێبەری قۆزاخەیەکی ئاوریشم
ئەسپە گوێڕایەڵەکەی ئامۆژگاری کرد و خەوت
خودا یەك دوو پەراسووی دەرهێنا و چاندی
ژن و گوێزی هەورامان
بە بای پەڵە وا ناسك و پڕ بوونە

## سادەبوونەوە

مەوداکان لە شادمانی دیداری کێ
دەستیان پێکردووە و بۆ کێ جوانی و بیرەوەرین
**گۆران** هەندێك نۆکی برژاو و قەلەخەرمان و باوی
خستە گیرفانیەوە و لە پڕمەی گریانی دا
لکی ئاڵۆزی دارمازوو سادەبوونەوە
با سادەیی ببێتە چاوساغی کاروان و شادمانی دیدار

## ئاشنایی

بەیانییەکی زیوینە و ئاوی نەمری بەم و بەو دەدا
هەڵمی نانی گەرمیش
بەختەوەریی خێزان و ڕۆژە
لەناو گوڵەکاندا چەند ڕستەیەکی شیعرم بەخەبەر هێنا
لەگەڵیان دانیشتم
دیوانەکەمیان لە باوەش گرت
تیشکی ئەوەی پێویستە بکرێت دەرەوشایەوە
هەموو بانگکردنێك بۆ ئاشنابوون بە گوڵ هی خۆشەویستییە
خۆشەویستی گوڵی لەبیرنەچوونەوە دەڕوێنێ
**حەسەن قزڵجی** چرای ناخمانی هەڵکرد و سواری ئەسپی جەنگ بوو
سروشتی خراپ نوستووی لە خەو هەستاند
ئەسپ هەستایەوە سەر پاشوو
تۆپی زەوی لە شێوەی شەمامەیەکی گەییو
لەناو دەستەکانی بەرز کردەوە
لەم پێشاندانەدا پرتەقاڵ
وەك میوەیەکی هەتاوی ترش و مزر بوو
غلۆربووەوە ناو ماڵی هەموومان و حیکمەتی تازەمان لێی بیست
گڵۆپی دواماڵی گەڕەکی بەراورد کرد لە ڕووناکی خودا
ئێستا ئەم دوو ڕووناکییە چی دەکەن

# ئاوریشم

ئێمە هەموو گۆڕانی زەمین و ئاسمانمان ناسی
کوڵمی پڕ و ئاڵت کە بەرەو تۆ و دەرگایەکم دەبات
بەسەر زەمین و ئاسمان کراوەتەوە
لە دەمی باش دواوم نزیك بکەرەوە
گەزەم لە میوە دا
لە شوێنی ددانم ئاوریشم بۆ جلوبەرگی ئادەم و حەوا پەیدابوو
تاج دانێ و چاوم گەرم بکە
چاوەڕوانی بۆ دوای مردن خامۆشییە
گەرمایی هەست و ختووکەی بەهرە و فڕین
دەمی خۆم بە تۆ دەسپێرم
گەرووم شیعرێکی خەمناکی تێدایە
ئەم شیعرە بهێنە ناو دیوان
مانگ دێتە ژوانی زەوی

# دەست

مانگ دەستی خستە ناو دەستم
پەیمانی ڕوانینمان مۆر کرد
قاوەی ئاسوودەیی دوای بڕیارمان خواردەوە
تا پێڵووم خوناوی لێ کەوت
بێ پاشماوە ون بوو
دەبێ تا دەرکەوتنێکی دیکە ئۆقرە بگرم
ڕۆبۆت و منداڵ لەناو گوڵاندا
شۆڕشێك بەرپا دەکەن
دەستەکان وەك دەستی خدری زیندە
پاك دەکەنەوە و پاشان چلچرا و ترپەی دڵ
دەکەنە پەیام و بوونی پێکۆدەکەنەوە

# مەشخەڵ

دەموچاوی ژنی دووگیان

ئاگای لە گەشەی گەڵا و گوڵ هەیە

بەهار گەنجینەی گەورە و مەشخەڵی دەستی دایە زەمینە

مراوی کێوی کە گیرۆدەی ئاوە

حەزی خۆ نقوومکردن و مەلەوانی نییە

خۆی دەشوات و بەسەر چارۆگەی پاپۆڕ دەنیشێتەوە و خۆی دەداتە بەر خۆر

هاوەڵی ڕاوچییەکان دەکات

چاوەڕێی کەسێکە

ناونیشانی هەموو کەسێك دەزانێ

**عابدین دینۆ** گلێنەی چاوی برسییەکی کرد بە تابلۆی پاکیزەیی زمان

دای بە **ئەحمەد عارفی** مەشقی ئەشق و بەردە پیرۆزەکردوو

فەرمووی سادەیی تێدا بخوێنەوە

ڕەنگ و پەڕەمووچ و ژیان تەنیا لەوێدا هەن

ترپەی لێدانی دڵ چەند سادەیە

# کۆشک

پیاوێك بە ناوی **نالی** چووە کۆشکی میرنشینی بابان
کەس لەوێ نەبوو
کەس لەوێ نەمابوو
لەپێناوی خەون بینینێك مایەوە
سەری لەناو پەنجەرەیەك دانا و خەوت
بەیانی وەك هەموو بەیانییە ڕوو لە خێرەکان
زوو لە خەو هەستا
لەسەر گردی بەرانبەر کۆشك
درەختی حەفت بەری ڕواند
بە **سالمی** گوت بە **حەبیبە** بڵێ بمبوورێ زۆربەی ژیانم
لە ڕواندنی ئەو درەختە بەخت کرد و ئاوی حەفت جۆگەم هێنایەوە سەری
بە چی دەچێ و دەبێتە چی
کە یاداشتی بزربووی دوازدە سوارەی مەریوان
لە توێکڵی میوەکانی نەنووسرێتەوە
دەنا درۆیە وشکی کەن درەخت نییە

# پەلە

بەیانی چاوم لەناو چاکەکاری دەسووڕێتەوە
فریای سروەی نەرم دەکەوێت
بە ئارەزووی گەرمەوە باسی ژیان لەگەڵ ئەو هەڵمە دەهێنمە گۆڕێ
لە گوڵەکانی باخچەی ماڵم بۆن دەفڕێنێت
کەس هێندەی هەڵم هەڵپە و پەلەی نییە بۆ بەرزبوونەوە
خودا ئاسمانی پڕ کردووە لە سەرسامی
گەنجینەی ئەوینی خۆشی دەدات بەهەموو کەسێك
ناوی ڕاستەقینە **مەجید خەمناك** بوو
بەخت و بێبەختی بەدەنگێك بانگیان کرد
پێکەوە وەڵامی دانەوە
دیوانەکانی ببوونە هاوشێوەی کۆتر
بۆ هەموو جێیەك بەسەر شانییەوە بوون
شەڕی بێهوودەییان دەکرد
لە بەرزایی قەڵا دانیشت
ئەلبوومی وێنە ڕەش و سپییەکانی هەڵدایەوە
بەدڵێکی پڕەوە بەناو سێبەری برادەرە
کۆچکردووەکانی شۆڕبووەوە ناوشار
ئەمڕۆ ژیان بەهای زۆرکەمە و سبەینێش هیچ ناهێنێت

# بەخشین

ژیانی خۆم کردە چەند وشەیەك
زایەڵە
نوێژ
پەنجەرە
بەهاری هێمن
خۆری بەخت گەشیم شیعر
کێڵگەی خۆزگەخوازی دۆزییەوە
هێزی بەخشییە ڕووەکەکان
لەسەر کورسی خۆی دانیشت
بەرپێی هەموو تاج بوون
پاشاکان لەبەرپێی نزیك بوونەوە
تاج بووە گلۆڵە تێلدڕ
لە گەروویان گیر بوو

# پەڕاندنەوە

شێر دارستانی ئەوبەری
بە پڕ ئاسکی گۆشتن و کەروێشکی خرپن زانی
هەوڵی پەڕینەوەی دا
فیل وەك یارمەتی
لووتی خۆی بۆ درێژ کرد
لەسەری دانیشت و دەستەکانی بەگوێیەوە گرت
لە ڕووباری بێ بوار پەڕاندییەوە
ئەسپی باڵدار حیلەیەکی کرد
گڕی ئەم پەڕاندنەوەیە چەند بەدفەڕە

# مێرووله

مێرووله بە نینۆکی پێم بەرزبووەوە

لە ناوچەوانم پشووی دا

دەمامکی کردەوە و تەماشای چیای کرد

مامز فەرمووی لێکرد

گوتی دەتوانی شارت بهێنیتە ناو شاخەکانم

کەو ڕایسپارد

گوتی ئەگەر بتەوێ لەگەڵ هێلکەکانم

لە گەرمی و ساردی دەتپارێزم

پڵینگ بڕوای بە کارامەیی و هێزی مێرووله هێنا

گوتی ئایین و ویژدانم دەهێنمە سەر ئایین و ویژدانت

مێرووله دڵی بەوە خۆشە

خۆی بە چی بچوێنێت

خاوەن شکۆ خۆیەتی

## زەلیل

کۆمەڵێك درەخت

دەستیان خستووەتە سەرشانی دیوار

میوەیان بەهاتوچۆکەران بەخشی

پەرژین بووە زەلیلی دەستیان

لە پێشبڕکێ لەگەڵ بەرانبەر نەرمی نواند

زووش بە نیشانەکانی پاڵەوان گەیشت

ئیدی شێوەیەکە لەناو باران

پیاوێك لە هەموو شوێنێك

پێك لە دەستی دایکە زەمین وەردەگرێت

مەست بە جوانییەکانی خوداکرد

# دەف

ئەمشەو کەم خەو بووم
چاوم لە ئاسماندا لەناو یار و دیارەکانی دەسووڕایەوە
بازنەی بە دەوری ئەستێرەی بەرەبەیاندا دەکێشا
دڵئارام و ئاسوودە دەنگی هەڵبڕی
ئەی خودا دەنگێك لە دەف هەستێنە
چەترێك بەسەر خەو خۆشەکان بکەرەوە
دەف و چەتر لە شێوەی نانن
نێوان دەف و چەتر کێڵگەی قامیشی شەکرە

## سۆما

بنیشەوە لافاو ئەی دیکتاتۆری سەرلێتێکدەر
بەلەرزە و مووچڕکی دڵ هەست پێدەکەم
چایخانە هاوینییەکانی شار و گوڵدانی پێش دووکانی زیوفرۆشەکان هەڵدەگریت
لە دڵ لێکدانێکدا درەوشاوەترین ئەستێرەم لە ڕێگادا لا دەدایت
ئیدی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ناتوانم
لە لێواری شەقام دانیشم و بە ئومێدەوە چاوم بەکیژە چاوبازەکانی شار ڕوون بکەمەوە
نێرگز چاوی پڕ سۆما و ڕوونە
تیشکی گڵۆپیش لە ڕۆژدا مردووە
بەچکە کۆتر لە بای بەهاردا باڵی خۆشدەبێت
پێش ئەوەی بنیشێتەوە زەوی دەستی پڕ دانەوێڵەی بۆ ڕاگرتووە
دەستی پڕ دانیشی ئامادەیە
دەرگای هەڵکردنی چرای فێڵ
دەرگای شکانی شکۆ
دەرگای وشککردنی گۆلاو
دەرگای سووتانی پەپوولە کرانەوە
**عومەر خامۆش** میراتبەری هەمووانە
دووعاش بەسەرباڵی بەچکە کۆترەکانی دەخوێنێ

# قەتماغە نەگرتن

سەرچاوە دڵ و چاوی لە دوای ئەو پارچەیەیە
لێی جیا دەبێتەوە و بەجێی دەهێڵێت
بۆیە وەك ژنێکی بە بەزەیی چاوی دوور هەڵخستووە
بێ پشوو دەگری و بەردەوام برینی تێدەکەوێت
خانومانە بە هەزاران جۆگەلەی باڵندە لە لێوار
تەماشای بەژنی باریکی خۆی کرد
پێویستە بیر لە دەوروبەر بکەمەوە
بریقەی ڕوخساری بۆ دەوروبەر گرینگ و بەهاناهاتنە
کەس نا
خۆرهەڵاتن و خۆرئاوابوون چاوەڕوانت دەکات
مرۆڤ یاداشتی سروشتە
سروشتیش لە هیوا و ئەوینی مرۆڤ لە دایك دەبێتەوە
ئێستای باش پێشکێش بە مرۆڤ دەکات
توورەگەی پشتی ژنە ڕەوەند و لینگە دەستاڕ گرانن
**ئەسکەندەر عوسمان** گران بەسەر گردی قالینج ئاغا کەوت
ئاسانیش شۆڕ بووەوە

# ڕۆڵ

ئەو هەموو ئەفسوونانە چین ڕژاونەتە سەر تەختەی شانۆ
داوای ڕۆڵیانە بە کامی دڵ بیگێڕن
هاوارێکی هەڕەشە ئامێز
لە چاڵێکی تاریکەوە سەری هەڵدا
ڕەنگی ئەم زەوییەم بۆ ناگۆڕدرێت
ڕەنگی ژیان لە دوو باڵی تەنکدا نهێنییە
نهێنی باڵندەیەك بووایە
ئێوارەیەك هەر بەسەر سەرمدا جووکەیەکی دەکرد و ڕەت دەبوو
**جەمیل سائیب** ئەسپی لەسەر ئاوی شیرینی شار پشوو پێدا
تەرمی شەهیدانی شەشی ئەیلوولی لەنگەر لەنگەر هەڵگرت
قوربانی لە دوامین ڕوانیندا سەر تا پێی دەبێتە شکۆ و توانا
دەستی پڕ خوێن و وەفای منداڵان دەگرێ
دەیانهێنێتە بەر دەرکی سەرا
لە ڕووباری لێڵ و وێڵ دەپرسن
تۆ کێیت و دڵی کێت سەر شەپۆل خستووە

# پاککردنەوە

درووود بۆ باڵندەی گۆشتخۆر
دەنووکی پڕشنگدارە
ناهێڵێت زەوی بۆگەن بکات
مرۆڤ ئەو پڕشنگەی لە خۆ ئاڵاند
کۆمەڵێك وێنەی بەسەر زەوییەوە پەرش و بڵاو کردەوە
مەشخەڵی ئاگرێکی کردە دیاریی ئاسمان
بەدیارییەوە سڵاو لە ڕێبواران وەردەگرێتەوە
دڵخۆشن بە ئاووهەوا
عەوداڵیشن ئەوە بزانێت چ شتێك وا لە تەمەن دەکات
ئاوا بێباك بڕوات
کۆشکیش زۆر بەرز بێتەوە بزر دەبێت
**شوکری فەزلی** بیری لە ڕووانی پوولەکەی ماسی کردەوە و خاڵی ڕووا
دەشیویست ببێتە گوڵەستێرەی ڕژاوی حەوشەوبانی ئەو منداڵانەی داوا دەکەن لەدایکبن
فیشەکیشی دەخستە بەر تفەنگ
دەگەڕایەوە منداڵدانیش
بە ئاگری دڵی خۆشی دەسووتا

## حەسانەوە

سوپاس و درووود بۆ ئازارەکانی ژیان
مرۆڤ دوای مردن
پێویستی بە چوونە بەهەشتە
جۆگەلە بباتە بن درەختی ئومێد و نەمری
میوە لە شکۆمەندی دوای زەردەخەنە زیاتر نییە
خودایە ئاگرێکم بۆ دەستنیشان بکە
چاوی هەموو بینینەکان بنووسێت
دڵم دەتوێنمەوە و گوێڕایەڵی دەبم
مردووەکان بە چ شێوەیێك دەگەڕێنەوە سەر زەوی
**کاکەی فەلاح** بە پشوویەکی ئارامەوە لە سەنگەردا هاتەدەرێ
نەختێك ڕاما و گۆڕەپانی بەردەمی کردە بەردەنوێژ
بە قووڵایی وێنە ڕەش و سپییەکانی خۆیدا هات و چوو
قەڵەمەکەی بە ئەسپایی لەسەر شووشەی لامپا دانا
بەرەو گۆڕ هەنگاوی خۆش کرد
گۆڕ سەنگەری شۆڕشگێڕانە
نووسینەکانی ڕوومەتی کێلیش بزەی واتادارن

# قولاب

خانووی بچووکی ڕاوکەرەکانی ماسی لە ڕۆخ دەریان
ئاوازی هەڵخەڵەتاندنی لەناو دەخوێندرێ
نزیك ببنەوە و سەر ئاو کەون
میوەی سەر لکمان بۆ ڕنیون
قولاب هاوێشتن دەست شل دەکات
ڕاوکەرەکان بە کەشتی شەڕ دەچنە ناو دەریا
سێبەری مردن دەخەنە سەر دەموچاوی مانگ لە مەنگی ئاودا
ئاوهایە سنجاقی مراز
لە دووگوردی پەرییان بدەیت
کاتێك لە دروود خوێندن بوونەتەوە
ڕاوکەریش لە برژانی ماسی ئاگریماڵیان دەکوژێتەوە و دووعایان گیرا نابێت
**حەسیب قەرەداخی** نایلۆنی یەکبەچاوی پەنجەرە بڕی
بە بزمار دایکوتا و چووە ژوورەوە
کەمێکیش لە ڕەشایی پەنجەرە و دڵی بەد ڕاما
با لە ژووری خەڵوەتدا بە تەنیا بمێنمەوە
گۆرانی خاوی مەیخۆران بڵێم
چ لەمێژوودا دەنووسرێت
بەختیاری نەرم نەرم لە نووسیندا دەپشکوێت

## خنکان

ئەم شەوە بە چی دەچێت
کە ملپێچ و قەمسەڵەکەم لەسەر مێزی خواردنەوە
لەگەڵ شووشە بەتاڵەکان لەبیر کرد
با و باران لێی دام و نەخۆش کەوتم
با و باران ئەفسوونێکن درەوشاوە
جەستە بە خوێنی گەرموگوڕ داپۆشراوە
هەویری شیرینەمەنی لە هەموو شت دڵنەرمترە
پیاوی خۆشبەخت ملپێچ و قەمسەڵەکەت بهێنەوە
مرۆڤ و سروشت یەکترییان خنکاند
خودا یەکەم شێوە کە بەخشی سروشت بوو
دوا شێوەش دەموچاوی مرۆڤ
ئادەم ئەی بەدبەختی نەمر

## تۆڕ

پاڵم بە کەوانی بێشکەی منداڵەکەمەوە دا
لە تەلەڤزیۆنەکەش دوو کەس لە قوللە و کەلوو هاتنە خوارێ
مامەڵەی تۆڕی ماسییان کرد
ئەگەر لە تەلەڤزیۆنەکە بهاتبوونایە دەرێ
لەگەڵ یەك دادەنیشتین
یاقووت و مرواری و ئەستێرە دەکەونە خوارێ
بەرزاییەکانی سەر زەوی ئومێدن
وەك درەختی بەردار چاویان هەیە
هیچیان لە چاو ون نابێت
جەنگ لە سروودەکانماندایە
کوردستان لەناو سروودی جەنگدا
شەهیدەکانی ڕوو سوورن
**پیرەمێرد** بەوە هێز کەوتەوە ئەژنۆ و چاوی
زانی واتای سروود و سروودبێژی چییە
بە توندی غاری دا تا بە دیداریان گەیشت
ئای دیداری نەمری خەزنەی بەهرە و سرووشی

## گۆرانی

ئەسپ تا ئەژنۆی لە ئاوێیە
بە کلکی جانەوەر دەکوژێت
پردیشی هێناوەتە پێش چاوی
کاروانچی بە دوایەوە
لەبن لێوان بە دەنگی شاد و ڕوون گۆرانی بۆ دەڵێ
ئەو دەمەی ئومێدێك لە گۆرانیدا بە کوڵە
کاروانچی دەتوانێت بڵێ
گۆرانی لە ناکاودا سارد نابێتەوە و گەرمی دەخاتە ڕەگی دڵ و جەرگ
ختووکەی ڕێگاش دەدات
ئای ئەسپ گیاندارێکی چەند بەختەوەری
دڵمان دەبینی
قەڵای هەولێری بە ماسوولکەی **بورهان جاهید** تاجدارە
دەڵێن تارمایی یەکەم و دوایی بینیوە
لە پەراسووی ئادەم دۆزەخ دروست بوو
ئازار زیاد بوو
ناوچەوانی بەر چوارپەلی ورچێك کەوت
دڵی هاوڕێ نەمرەکانی بە دەستەوە گرت و بەناو گۆلاوی بادەدا غاریدا
دەستی پەشیمانی خستە ناو دەستی ڕێگاکان
لەگەڵ خۆیدا بیبات بۆ ئەوسەری دنیا

## مۆتەکە

بەناو شاری زەنگەزۆرە ڕەت بووم
ڕێوڕەسمی پێشوازیی خاوەن شکۆ ڕووبەڕووم بووەوە
گەشتێکم بەناوی فریاکەوتنەوە دەست پێکرد
هەوای ناوچەکە ناخۆش بوو
سییەکانم نەخۆش کەوتن
لەناو شاری زەنگەزۆرە نوستم
ڕێوڕەسمی پێشوازیی خاوەن شکۆ هاتە پێش چاوم
خەونێکم بە ئومێدی فریاکەوتنەوە بینی
**سەید عەلی ئەسغەر** و تیپی مۆسیقای نەگەیشتن

## پۆپیتە

کەڵەبابێك هەموو نیشانەکانی شانازی بە پۆپیتەیەوە درەوشایەوە
بانگەوازی بۆ مریشکەکان کرد
تێکڕای هێلکەکانتان بهێنن
دەنووکی لێبدەم
پاشان گرژییەکان ئاسایی دەبێتەوە
جوانیش بەدوای پێڵاوێکی ئاسنیندا گەڕا
دەستی کەوت
ڕووی لە کێوی قاف کرد و پێی لەسەر بەرد دانا
تەڵەکان هەموو تەقینەوە
کەروێشك بووە خاڵی درەوشاوە بە کوڵمی چیاوە

# شەرم

ئەستێرەیەك لە شەرمی کزبوونی فرمێسکی ڕشت

شوێنێکی نزیك هەواری خاڵی تەڕ کرد

شەرمی ئەستێرە لەناو کتێبدا دەشکێت

**هێمن** لە شەویێك کە خۆزگەی تێدا دەخوازرا

کەوتە ڕێ و لاچین و هەوار و بێری لەبەرچاوی گەش بوونەوە و کانیی مرادی هەڵقوڵا

کۆمەڵێك قەتێ و سوێسکەی لە ماڵەکەی خۆیدا پەروەردە کرد

ئێمە هەموومان لە وڵاتەکەماندا خۆشمانویست

گوڵە گەنممان لە شوێن پێی چاند

باران بە دوایدا باری

ئەوەتا بێرەدا دەڕوات

بە دڵماندا

خۆرێك لەسەر شانمان بەجێدەهێڵێت

## گوڵی فریو

ڕەنگی خودا

ڕەنگی ئاو

ڕەنگی شیعر

پێکهێنەری هەرسێکیان ڕەنگی مەستییە

ڕەنگی منی مەست

پەلکەزێڕینە قەردارمە و قەردەکەی بۆ نەگەڕاندوومەتەوە

لە مێوانداری و بۆنەدا دەیبینم

تەماشام دەکات و هیچ ناڵێت

جارێک تەنیا جارێک ڕەنگی خودا و ئاو و شیعری بینیبێت و بیری چووبێتەوە

بیرنەچوونەوە بەهەموو ڕەنگەکان خۆی دەنوێنێت و شێوەی هیچ ڕوخسارێکیش ناکات

**لەتیف حامید بەرزنجی** دەیویست لەگەڵ هەموو جەنگەکان بجەنگێ و تیرێک بهێڵێتەوە و شتێک بڵێ

هەرچی شتێک بێت

ئەسپی جەنگ لە خوێنیدا چوار ناڵەیەتی

چ ڕووی دا

ڕۆژەکانی کێ هەڵپڕووکان و پردی چ ئاوێك نەگەییبە ئەوبەر
حیکمەتێك لە نێوان گەروو و زمانیدا بووە چرای سەر پرد
بە ئارەزووەوەش لە کەرکووك چووە دەرەوە
دێوەزمە لەبەرۆکی خۆی بکاتەوە و بۆنی ناخی بەهەشت بکات
بۆنی ناخ تکاو و پاراوی ڕەنگی خودا و ڕەنگی ئاو و ڕەنگی شیعرە
هەوڵبدە دوانەکەوی
کە گەڕایتەوە و شێوەی کۆمەڵێك ڕوخسارت کرد
بیرت نەچێ
سەرنجی قووڵ لە گوڵە فریوی ئادەم و حەوا بدە
ئێمە گوێ لەو شتە دەگرین
کە دەیڵێیت
دڵیشمان دەکەینەوە
هەڵیدەدەینە توێی لاپەڕەکانی کتێبێك
لاپەڕەیەك بەسە بۆئەوەی ڕەنگی خۆم لەناو ڕەنگی خودا و ئاو و شیعر ببینم
کتێب بە دیوی خۆری ئێوارەی چیادا هەڵماندەخات

# دڵتەنگی

هەر ڕێگایەك وێڵبوونێکی بەدواوەیە
وێڵییشە دەتگەیەنێتە قووڵایی گیان
دوای لەدایکبوونی **حەمدی**
خوێن لە ناخی چڵ ڕژا
زەوی بە شەونم تەڕ بوو
ڕۆژ نیوەی تەمەنی بەدیار زەوییەوە ڕادەوەستێت و دادەمێنێت
شتێك بدۆزێتەوە
نەیدۆزییەوە
لە ئاوابووندا دڵتەنگییەکانی بەدی دەکات
هەر کێ دڵم بڕەنجێنێت
خانمی شیعر و هەولێر و نەوای کوێستانان خاڵخاڵ دەملاوێننەوە
**کاوێس ئاغا**ش مۆڵەتم لە مەرگ بۆ وەردەگرێت
گوێ لە داستان ڕابگرم
شکۆی خودا لە دەوروپشتم ئالآیەکە هەڵدراو
سێبەری بەسەر برینی قوربانییەکاندا دەکشێت
چاوی بێداری و نەسرەوتن دنیای پێشاندام

# شوێنپێ

برووسك ڕووی بۆ ڕاگرتم
گوتی ڕستەیەکی بەکارم تێدا بنووسە
ئەسپ شوێنپێی خۆی فەرامۆش ناکات
شوێنپێ چاوی ئەزەلی زەوییە
**قادر کابان** لەناویدا وێنەی زۆری لەسەر دیواردا بینی
باڵندە و کەڵەکێوی کێشابوویان
باڵندە و کەڵەکێوی لە ڕێوبانی پەرییانەوە تێدەپەڕن و دەگەنە شوێنێك
گۆرانی تێیدا دێت و دەچێت
گۆشت و خوێن یەکتری دەناسنەوە
ترپەی دڵی یەکترناسینەوە لە خۆمدا هەست پێدەکەم
ئەو ڕووناکییە چییە ڕوومەتمان گەش و پاراو دەکات
گۆرانیبێژ وەستاوە
تاسە و نەوا و مرادی دەجووڵێن
تەمەنی نەمری ئاشکرا دەکەن

# شەهید

لە تەختایی ناوچەوانی شەهیدێك نووسیم
وڵات هێندەی ناوچەوانت بچووك بووەتەوە
پیاسەی تێدا بكرێت
چارەنووست دەبێتە پێخوست
هەموو ئەو شتانەت نەبینی كە پێویست بوو بیانبینی
گوڵ كە جوان بووە و لە بۆنەكاندا دەیكەینە چەپك
دەست پڕ دەكات لە گەرمی و بەختیاری
بە دڵۆپە خوێنی تۆ چاونەترساو ڕسكاوە
هەڕەشەشكێن خوێنی نەخۆش نییە
وەك یەكەم دڵۆپەی پەڵە لە بیری نەچووە بۆچی
بە پیتە و دەكەوێتە ناو كێڵگەی كێڵدراو
شەهید هەموو شتێك هەیە و لە خەم نەخواردنی خۆتم بێبەش مەكە
دیوانەكەی منیش لە سندووقی ڕازەكانت هەڵگرە
چەند جوانە بژییت و ببینی بەرزبوونەوەی خۆی لە تۆدا دەدرەوشێتەوە

# شاخ

خۆڵێکی نەرم و جوان بوو
 لە حەزی مانەوەیدا خۆی کردە شاخ
پیر بووە و خەو بەسەر هەردوو چاوانیدا زاڵ بووە
لە تافی لاویدا چالاك و سەرڕێژ بوون لە نیاز
درەخت لەناو سینگیدا دەڕوات
شەونمی پاراو لایلایەی بۆ پێگەیینی میوەی دەکرد
با تیژ سەیری ڕوخساری خۆڵ بکەم
گوێچکە شەیتانۆکە هەموو شتێکم تێدەگەیەنێت

# نەمری

باخچە بەسۆزەکەم بزەیەکی بۆ کردم و پرسی
ئەرێ وزەی گەرمی گەشەکردنم
لە ئاسمانەوە بۆ دێ یان لە زەوی
چاوێکم بۆ بینینی ژیان تەرخان کرد
چاوێکیش بۆ خەونبینین
چوومە ناو خەیاڵی نەمری
بەختەوەری هاوڕێیەتی کردم
خۆڵ و شتەکانی دیکەش گرینگن
**عەلائەدین سەجادی** تەماشایەکی سەرکەوتووانەی
دەوروبەری کرد و چەپکە گوڵە گەنمی بەست

# گفتوگۆ

باوکم بە دوو ئەسپەکەی
دەنکە گەنمی لە چاوی کێڵگە دەچاند و بە ڕووی دەخەنینەوە
سەرنج دەداتە گلێنە و پێڵوویان
بانگیان دەکات هۆ منداڵەکانم
لەبن پەراسووی چەپی منیش
دڵێکی هەمیشە بە خورپە پێش هەتاو هەڵدێ
چاندن گفتوگۆی خودایە لەگەڵ زەوی
شکۆ و شەرمی چاندن
یاری بە هێڵەکانی چارەنووس دەکات
ئاگاداری کردووینەتەوە
بەڕێوەیە بۆ مێوانیمان
**مەلا کەریم** چووە سەر ناڵەشکێنێ و داوای کرد
نان ببرژێ چەند خاڵی سوور لەسەر سینگی دەردەکەوێت

# حەسرەتدار

ئەی بێ نیشتیمانتر لە حاجی لەقلەقەکەی
کە لە ئێمە بەگومان نەبوو
دڵم بچووك بووەتەوە هێندەی کونی دەرزی دایکم
کاتێك قۆپچە وەریوەکانی کراسە ئوتوونەکراوەکەم توند دەکاتەوە
پیرۆزیی تایبەت ڕەنگی خەمڵیوی ناو ئاخاوتنی بێدەنگی حەسرەتدار
بە بەردەرگا و شەقامی باخچەی گشتی دەپرژێنێت
خوێنی شیعر لە گورچیلەی پاراوە و حەکایەتی شارە
لە بۆنە دڵخۆشییەکاندا کۆترێك هەڵدەفڕێنێت
لە کانی ڕوونی ناوچەوانی **عوسمان شەیدا**
باڵی لە ئاو دەحەسێنێتەوە و شەڕی چارەنووس دەکات
چەتر و پەڕەشووت و کۆلارە هەڵدەدەم
لەو کۆترەش سووکتر هەڵدەفڕم
ئەستێرە لەسەر باڵی خاوەنی خورپەیە
ڕازی دوورناسی و دڵخەبەردان بە کەروێشکە کێوی دەدا
فڕین بە تەنیا هەر بۆ باڵندە نییە
بیر لە زەنگ و مۆسیقای ناشتنیش دەکەمەوە
واخەریکە شتێك لە ناخی **عەلی عارف ئاغا** ڕوودەدات و خۆشی ئاگای لێ نییە

# ویست

له شاخێکدا که دالّدەی چەند شەرکەرێکیدابوو

توونێلی هەڵکۆڵی

له ناوەڕاستی توونێلدا ماڵێکی شێوه شوێنەواری بۆ خۆی دامەزراند

دەشیەویێت ئاگای له ئەستێرەکشان بێت

ژیان لەمە باشتری تێدا نییە

غاردەی بۆ سەر کانی و بۆنی گژوگیا یان هێلکه پاککردن بۆ منداڵ

بیریش له هەستیاریی چاوی گورگ بکەیتەوە

**محەمەد مەولوود مەم** له سەوڵی کەشتیدا گێژەنی خاو کردەوە

کانییەکی زولاڵ ڕسکاو پشکووت

بەناوی بەخت و چارەنووس

ڕۆژێ حەفت جار

بۆی دەڕوانین و مەشقی ڕیزبەستنی پاڵەوانی ناو باڵندانی ئاسمان دەکەین

پاڵەوانی ناو باڵندان بەدوای کەڵە گیایەکی بۆنخۆشدا

چاویان کێواوکێو دەکەنەوە و بەسەر بەشی خۆیان دەنیشنەوە

**محەڕەم محەمەد ئەمینیش** بەشی پاڵەوانی ناو باڵندانی لەسروشت دەستنیشان کردووە

سروشت پێکەنی و چاڵێك کەوتە سەر گۆنای

لەو چاڵەدا کانی زولاڵ ڕسکا و پشکووت

داخ لەدڵیش مردن و داخ لەدڵیان مایەوە

پاڵەوانی ناو باڵندان داوی هەڵکردنی ئالاّیان دایە دەستی **کامەران موکری**

ڕووناکی مەشقکردن له سەر و پرچی بڵند بووەوە

سێبەری ئالا دریژ بووەوە

شەهید گفتی خۆی ڕاگرت و بەقاچاغ هاتنه ناوی

پەردەی گوێیان به ئاوازی کۆن و نوێ تەنك بووەوە

# نووسین

له فڕینی پۆله باڵندەدا باڵ وەشاندنێکی شازادەیی هەیە
**جەمیل ڕەنجبەر** له باڵی کراوەی ئاگرێکی پشت پڕ دەمار هاته ناو ژیان و فواره هەڵچوو
له شەربەی ماڵەکەیدا گەرمایی ڕژا
له دەست و پەنجەی کیژ و کوڕانی هەولێری دا
ئەو دەست و پەنجانەی پەراسووی هۆلاکۆیان
له خوێن و گۆشتەوە دەرکێشا و به خەممانەوەن
ئەوە دەسته ئاسۆکان دەکاتەوە و ژێی عوود ڕێکدەخات
گیا شان و مل دەداته یێك
پڕۆژەی نووسینی داستانێك
بووە خولیام و یەکەم هاواریم ڕژاند
پاڵەوانەکانی یەك دوای یەك
لەسەر ڕووپەڕ قەڵەمی دەست و پێیان شکا
عارەبانەی زبڵڕێژ به کۆڵاندا تێپەڕی
بەدوایەوە غارم دا
به پەڕەکان باری ئەسپەکەم گران کرد
گەڕامەوە ژوورەوە
چاوم به هەموو شتێکدا گێڕا
ئێمه وا دەژین بەرەو درەوشانەوە دەڕۆین یان ڕێگا خۆڵەمێشییه
لەسەر کورسییەکی پلاستیك دانیشتم و دەستم به ناوچەوانمەوە گرت
پێیەکانم خسته سەتڵەئاوێکی شڵەتێنەوە
بیریشم له قڕژاڵ دەکردەوە
مێژووی لەکوێ بخوێنمەوە
ئەرێ مێژووی دەربار بۆ کوێمان دەبەیت
ئەو بەیانییه مێژوو پێش تەزوو و مووچڕکه و خورپه و چرپه له خەو هەستا
به کۆڵانی حەڵواچییان هەڵات و له کۆڵانی بۆنبراندا بەتەواوەتی ون بوو
ئەسپێك سوارەکەی له تەنیشت ئاگردانێکی گەرم دانا و گەڕایەوە دەشتی والا
کچێنی زەوی ڕواوە
**ڕەمزی نافیع** له قەدی قەلا له پشتەوە ناپێکرێت
هێڵە ئاگرینەکان له نزیکیەوەن و به خەمیەوەتی

# حەکایەت

بەرانبەر دوو کۆتر ڕاوەستام
کە بە دیار باڵەفڕێی بێچووەکانیانەوە سەرسامن
لەم ڕاوەستانەمدا ئەم لاو ئەولای ژیانم ماچ کرد
حەکایەتی تا هەتایە دروست بوو
کڵاوی بەڕووماڵی خدری زیندەیە
**دڵشاد مەریوانی** زەنگۆڵەیەکی بە دەرگای حەوشەی وەکرد
لەسەر پشتی ئاسنێکی سارد نووسی
هەبوو
نەبوو
هەیە و نییە
تابووت ژوورێکی تاریکە
چاوم نووقاند و لە دڵی خۆمدا بۆ شوێنێکی دوورم ڕوانی
شوێنێك بای پەڵە پرچی هەوری لەسەر دەموچاوی هەڵدایەوە
کێڵگەی گەنم گەورەبوو

# مانەوە

ئاوێنەیەك لە ژووری دانیشتن مابووەوە
باپیرم دەموچاو و مرادخانی لەبەری ڕێکخستبوو
باوكیشم
منیش
هەروەها کوڕەکەشم
لە مردنی هەریەك لە باپیر و باوکم
قردێلەی ڕەشی لە ناوچەوانی بەست
کەچی ئێستاش لە پێشوازیدا
دەمودووی گەرمە و چاوی هەر پڕشنگدارە
حەفت شاعیری کلاسیکی پێیان لە پێڵاوی ژیان دەرهاتووە
خامۆشانە ئاشقن و غەمبار و وەڕس تەماشای شارێك دەکەن
خەڵکەکەی دڵیان لەسەر دەستیاندایە
**مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس** ئاگای لە لێدانی دڵی هەموویانە
هێزی دڵدانەوەی دانێ و گوتی
کاتێ پێ دەنێنە دنیای پڕ ڕەنگ و ڕوو
برای گیانیتان زۆرن و هەمووشتان دەستتان ڕاگرتووە
دەماری ناوچەوانی یەکتری بۆنخۆش دەکەن

# زانین

ئەو مانگەی کە بەسەر ئێمەدا هەڵهات
سێبەری گەورە و نزم و ئاشتیپەروەرە
ئەو ڕێگایەی پێیدا نەڕۆیشتم
برادەرانم لێوەی سروود و ڕازی زەوییان
کردبووە ژووری خۆشحاڵیی سرووش و دیدار
بۆ ڕێکەوتێکی ترم دواخست
ئەی مانگ **فایق بێکەس** بە وجاغزادە بزانە
لە باوەشی دایکانەتدا زانی
کۆتر و هەڵۆ هەریەکەیان چەند بەرز دەبنەوە
کەمێکن لەو شتانەی خوداوەند و گیانی پاك
لەبارەی زەوی بە وجاغزادەی خۆیانیان وتووە

## خوان

ئێوارە بەناو کۆڵاندا گەڕامەوە
با بۆنوبەرامەی خواردنی تازە لێندراوی ماڵەکانی بەرز دەکردەوە
کەشێکی تەواو جۆشابوو
مرۆڤ حەزی دەکرد
شەقام درێژتر بێتەوە
دەست بە تەمبوور و پڕ هەست گەیشتمەوە ماڵ
خوانێکی سادە و چەند دڵێکی بە خورپە و لێوڕێژی سۆز
منیش تێکەڵەیەك بووم لە بۆنوبەرامەی خواردنی گەڕەك
**دانیال قەساب** سرووش و ڕەنگی تابلۆی منارەی
لە هەڵمی چێشتی گەرم وەرگرتووە
هەڵم نانیشێتە قووڵایی چاڵەکانەوە
یۆتۆپیای قەڵا و قوللەیە

## ئەستێرە

شەوە و پەنجەرە داخراون
ئەستێرە هەموو چاو و چاودێرن
مانگیش تاقانەی دایکیەتی
بەڵام تەنیا چاو دەدەنە
ئەو ئادەمییانەی گەنجینەی بەهرە و جوانی دەوڵەمەند دەکەن
لەناو باخچە دانیشتم
فەرامۆشی فرمێسکی خوداوەند و دەنگی دەف
ئەو منداڵەی لەناو دڵمیان دەلاواندەوە
زیندەوەرێك لەژێر زەوی هاتە دەرێ
هەوایەکی پاراوی هەڵمژی و بەچاو نزایەکی نواند
سوپاس بۆ بۆنی خۆشی پەڕەسێلکە
نەیهێشت ئەستێرە تەماشای ئەو ئادەمییانە بکات
درۆیان بە دەمیەوە کردووە

## ئاشق

گوڵەبەڕۆژە ملکەچترین ئاشقە
بەشەو ئەشقی بەتاڵ دەبێت
کەواتە نیو دڵی هەیە
نیو دڵ لە ژێر گومان و چاودێریدایە
وێنەی سەروەری
لەناو بیرکردنەوەی بەرز نابێتەوە سێبەر بڕێژێت
خودا مەلی هۆگر بکات
مەل گەلێك شت دەزانن
دەنگیان بە ئاستەم دەبیسترێت
داوای بەختەوەری بۆ سەر زەمین دەکەن
گۆڕ وەك هەموو ماڵەکانی تر بکوژی پەپوولەی هەیە
چرا بەیانی لە پێڵووی گرانی کەڵەباب تێدەپەڕێ
**نواڵە** تا ڕەنگی مورەبای میوەم بیر نەچووەتەوە
بەرانبەر وێنەکەت دەوەستم
سڵاو لە بزەیەك دەکەم کە سۆزی دەشارێتەوە
باڵندەی شیردەر تامەزرۆیی بۆ دیتنی خۆر نییە

## نەترسان

لەسەر یەك لە تەختەكانی باخچەی گشتی هەولێر
كەشكۆڵی پێغەمبەرانم بەجێهێشت
بۆ ئەوەی ورە و هێز و توانا بدەمە پیاوێكی دڵشكاو
لە زەوی ڕەق نەترسێت
چەمێك بۆ بەخێوكردنی ماسی و مەلە ڕژایە بەر ماڵیان و پرسی
دوژمنان ڕۆیشتن
ئەدی برادەرانی من لە كوێن
ئەم پرسیارە كەمێكی تری ماوە

## سوێند

**محەمەد ساڵح دیلان** خەریکە مەلۆتکەیەك دەباتە گردی سەیوان
لە دار ئەرخەوانێکی نزیك دەکاتەوە
**مامەکڕنوو** وەك میوەیەکی ئاو لێگیراو
هاتە پێش چاوی و بۆ مێوانداریيەك دەچوو
ناوچەوانی هەژا و تەزوويەك ڕايگرت
لێی پرسی
ئەرێ کەسوکار و برادەرانت هيچ لێتيان پرسيوەتەوە
لەژێر خۆری ساکاردا کە سێبەرەکان تێکەڵ نابن
هاتوچوون و دۆنايدۆن بەردەوامە
دیلانيش لە نزیککردنەوەی پارچە شووشەکانی شەبەنگ دروست دەکەن
مامەکڕنوو هێلکەی سەمەندەر بوو
گاڵتەوگەپی هەڵێنا
ژیا و سوێنديشی بەدرۆ نەخوارد
بێ پەروا بە هەمووماني گوت سوێندتان ببەنەسەر

# کاتژمێر

بەو نیازە پەنجەرەکەم کردەوە
با بێتە ماڵەکەمەوە کەمانچە بژەنێت
درەخت گۆرانیبێژ و خاووخێزانیش کۆرس
کەلوپەلیش گوێگر
ئەستەمە لە ماڵێکدا دەنگ ئاواز نەڕسکێنێت
کاتژمێری هەڵواسراو
کات نەکاتە ئادەمیزادێکی درۆزن و فریودەر
مۆمم لە هەموو پەنجەرەی ژوورەکانی ماڵم داگیرساندووە و گۆرانی دەڵێم
سڵاو لە ئاڵای وڵاتەکەم سێبەرەکانی تێکەڵ نەکرد
**بەختیار زێوەر** گوڵی سەربەستی لە دەستی نزیك خستەوە
بە کۆڵانەکاندا بڵاوی کردەوە
درەنگ گەیشتە ماڵی خۆی
بۆنی تێدا نەما

# سڵاو

ئەم بەیانییە سەیری قەڵا و بازاڕم کرد
**فوئاد ئەحمەد** دۆندرمەی سەر بە گوێز و فستق و باوی بە دەستەوە بوو
بە چاوێك گیاکەڵەی بینی کە دەوری یەنگی دنیا و قۆزاخەیداوە
چۆکم شلە
گرد و تەپۆڵکەکانی دەوروپشتم خەریکە دادەکەون
بەچاوەکەی تر ناوچەوانی هەموومانی بەخەبەر هێنا
بە چینی گۆرانییەکانی گەیشت
خودا هێزێکی لە دەنگ ڕواند
ژیان بۆندارە بە جوانی و بینین
ئەم بەیانییە لە ماڵەکەی خۆمدا بینیم
هاوسەرەکەم مەمەشیری دا بە منداڵەکەمان
پاشان مەمە شووشەکەی شووشت
گوڵی لێواری پەنجەرەی پێ ئاو دا
سڵاو لە وێنەکەی **ڕەسووڵ گەردی**
کە بە دیواری ماڵ و دووکانەکانتانەوە گیانێکی ماتە
تەماشای کووپەی شەرابی دۆنایدۆن دەکات
کۆترێك دەنووکی لێبدات

## چلچرا

**پیربال مەحموود** ڕەشنووسی شیعرێکی
خستە ناو شووشەیەکی بەتاڵ و دەمی بە تەپەدۆرێك داخست
هەڵیدایە ناو ڕووبارێکی پڕ مەلەوانی نامراد
بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەلامان دانیشت
زوو زوو کورسییەکەی دەگۆڕی
نیازت چییە
ئەزموونی دوای مردنم کردووەتە شیعرێکی بریندار
دەمەوێ بێمەوە ناوتانەوە
لەسەر سەکۆی پەیکەری **گیوی موکریانی** بیخوێنمەوە و خورپەیەك بخەمە دڵتانەوە
چلچراش بەناوچەوانی خانووەکانتانەوە ببەستم
بە شاخی کەڵەکێویش بڵێم
داوای لێبووردن دەکەم
بۆ جوانییان کوشتووی

# پوولفرۆش

جەنگاوەرانی هێزی بووژانەوە

هێمنیی گیان و بەرگرییان لە قۆزاخەی ئاوریشم وەرگرتبوو

لە دەفتەری بیرەوەرییان نووسیوە

ئەو پوولفرۆشەی نامەمان بۆ کەسوکاری دوور دەنێرێت

میوەی نایلۆنی نەخستووەتە زەمبیلەوە

بەردی نەگرتووەتە باڵندەی تەختە

کەروێشکی لە سووری مانگانەی ڕاو نەکردووە

خەم و نیگەرانی جەنگیشی گرتووەتە دڵ

لە پاش جەنگدا کلیلی سندووقی پۆستە

دەم دەبەخشێتە ئەو پیاوانەی لەسەر سەکۆ دانیشتوون

دانیشتم و زۆر چاوەڕێم کرد

گوتم ئەوە چارەنووسە

تەنیا جارێك ماسیگرم لە ڕووناکی سبەینەیەکدا بینی

لە ئاسماندا هاتە خوارەوە

تۆڕی پڕی لە ئاوەکاندا کۆ کردەوە

بە تەنیشتمدا ڕەت بوو

لەو سبەینەیەوە نەمتوانیوە بە هیوا و ئەوینەوە وەڵامی بەیانی باش بدەمەوە

**مارگرێت جۆرج** و جەنگاوەرانی هێزی بووژانەوە

نەوەی دایکە ڕووەکن چیرۆکی خوێن و گۆشتیان بە دەوری ئاگردا نووسیوەتەوە

**هەولێر ٢٠٠٧**

# ساڵی سفر

# ١

خودایە یارمەتیی چرکەیەك لە کاتت
هیچ گوناهێکم نەکردووە
داوای لێخۆشبوونی چی بکەم
خۆشحاڵ دەبم لە کاتی لێپرسینەوەدا
بەتوانا و ڕێگا دۆزەرەوەی ڕووناکیی دڵ بمناسیت
خەڵاتی تەمەن درێژیشم ڕەت کردووەتەوە
لە نزیك ماڵەکەی تۆ لەناو ڕەز و خانووە خامۆشەکاندا
ڕووبارێك لە قەراغیدا نەبوو
هەڵگرتنەوەی مرواری و مەرجان کە ژیان دەکاتە ژیانێکی تر فریوم بدات
ئای ژیان و مردنی سەنگ و لاسەنگ
گوناهـ نەکردن چرایەکە
لەسەر کەوڵی بەرخی قوربانی نوێژی داگیرسانی کردووە
دڵم پێتەوەیە ئەی چرا کە ڕەنگی شیلەی ڕووەکت وەرگرتووە

## ٢

کێ بوو لەگەڵ مەسیح هاتە سەر زەوی
مریەم نەیکرد بە برای شیریی کوڕەکەی
مەسیح هەندێك درەختی چاند و ڕۆیی
زەوی جوان فێرە ناز بوو
ئەوەی نەکرا بە برای شیریش ڕۆیی
شەپۆل لە ڕووبار پەیدا بوو
گەرا ترووکا
ماسی بیری لە بۆگەن نەبوونی سەری کردەوە
لەو نێوانەدا تاقانەیەك مردووە
لە گەڕان بەناو کەلوپەلەکانی دەستنووسێکیان دۆزییەوە
نامەیەکی کراوەی بۆ شاعیرێك نووسیبوو
دڵم بە بوونێك کە نایەتە بەرچاوم ماتە

## ٣

چ مرۆڤی چاك و چ بەد مەلە بکەن
ماسی دەترسێت
چی بپرسین
جوانی بۆ بێتە سەما
پاشا بۆ دڵکرانەوە چووە دەشت و ناو قۆپەنە گیا
لە گرانیی ترپەی پێیەکانی
کەروێشك لانەی جێهێشت و هەڵەتە بوو
بێچووەکانیشی بە دوایەوە بوون
خۆر بە دڵتوندی هێزی خۆی کۆ کردەوە و ڕۆیشت

٤

دەریای بێ ئامان
تەرمی خنکاوەکانی نەداینەوە
ترس و گومانی لە ڕۆخی ڕاخستووە
چی نەماوە
بە خەیاڵی چنگێك خۆڵەمێشەوە
دەست بۆ ماڵ و گۆڕستان دەبەین
خەتای ئێمەی تێدا نییە
دەریا
ترسناك و
ستەمكار و
سەماكارە

٥

تریفە لە خوێنی مرۆڤدا دەخنكێت
كە داشبەزێتە ناو گۆم
بەناو گۆرانییەكی دڵخۆشدا دێت
لاسكە گیایەك لە دووتوێی كتێبی
هەواڵە سەیر و سەمەرەكانی جیهان دادەنێت

٦

خودا لە خۆیدا هەموو شتێكی دروست كرد
لە كۆتاییدا جگە لە خۆی هیچ شتێكی تر نامێنێت
ئارەزووی ژیانەوە سەرقاڵی دەكاتەوە
هەموو شتێك دروست دەبێتەوە
هەردوو چاوی زەوی پڕ دەبێتەوە لە فرمێسك

## ٧

گالیسکەیەك بە ڕۆخی ڕووباردا گەڕا
پاشماوەی مەلەوانەکانی کۆ کردەوە
ناخ هەڵۆیەکی ئازاردراو بوو
بەرەو ئاسمان بەرز بووەوە
کەس نازانێ لە نیشتنەوەیدا چی بەسەر دێت
بەرزبوونەوە خودی گشتمانە و بۆ سەر درەختەکان دابەزیوین
هەمیشەش لە دیواری بەرانبەرمان دەڕوانین

## ٨

پەنجەرە و دەرگا دەستیان بۆ دەستمان هێنا
هەر یەکەمان بۆ خۆمان هەنگاومان نا
ڕوومان لەم ژوور و زیندانە وەرگێڕا
گزینگ ڕووخۆشە
چرای کوێران دڵە
کوێر تەمەن درێژن و ڕاز کلیلی ماڵیانە
ڕووناکییان لە ڕێوە بۆ دێت
حاڵ لێهاتووی نۆتە و ئاواز و دابەشکردنی تۆم
ئەی ڕێگای هەمووومان
سیمای ئەسپ لە بەیاندا جوان و ئەفسوونی دانبەخۆداگرتنە
باران نەرم و سەنگین دەبارێ و میهرەبانی لێ دەخوازرێ
دڵی منیش دەڕژێ و ئاوازی بەدوادا دێت

## ٩

کەسناپرسێت یان نازانێت
کۆترە باریکە لە کوێوە دێت و بۆ کوێ دەچێت
ئەشقی خودایی لەگەڵ خۆیدا هێناوە
لادەداتە ناو کێوی سەر بە تەم
جاریش بووە بەخت یاوەری نەبووە
لە ژێر باڵی واشەشدا سۆزی بۆ مانەوە کردووە
ئەشقت لە هاتندا بەچاو سڵاو دەکات
دنیا بە بۆنی خۆیەوە دەباتە بەهەشت
لە ڕۆیشتنیشدا بە دەست ماڵئاوایی دەکات
بە بیر هەمووومان دێتەوە
لە کوێوە دێت و بۆ کوێ دەچێت
بۆنێکی یەکجار خۆش لە کوێوە بۆ کوێ
لە نەزانینمان دەپرسێت

## ١٠

بە هەڵەیەکی ئەنقەست
تەمەنی خۆم لە شیعرێکدا بەراورد کرد بە تەمەنی کۆرپەیەکی حەوت شەوە
شیعرە هەر دێت و دەچێت
چاو لە هەموو شتێك دەگێڕێت و گلەییەکانی بەجێدێڵێ
کات ونە و ڕێگاش چ زوو بەسترا
جانتای گەشت ئامادە مەکە
ناگەی بە گۆڕستان
بەخۆت نقوومی لە دڵی شۆڕشە کورت و جریوە جریوی تاجەگوڵینەکان

## ١١

ئەسپ کە لەناو تەمی بەیانییاندا دەڕوات

شاژنی ڕۆژە

مانگیش شاژنی شەوە

پەپوولەیەك بەناو قوڕێکی شێلدراودا دێت

پرسیاری هەناسە خامۆشان و جەنگان لەگەڵ چرادا دەکات

پێی وایە هاوڕازبوون ئاسانە

ئەی هاوڕاز کەمێك خێراتر ڕاکە

بۆ ئەوە دەنووم بێیتە خەونم

## ١٢

کاتێك گوڵەگەنم شیری دەمەیی

ڕەنگی سەوزی لە بیر ناچێت

سەردەمی وەفا دەستی پێکردووەتەوە

با دڵنەرم و پەیامدەرە

بۆنوبەرامەی بۆ مێرووولەی باڵدار هێناوە

بە لێواری مەنجەڵی بێری بنیشێتەوە

لەسەر پێستی گا وێنەی گۆڕێکم کێشا

ئاگرم لەناو دانا

ئەی خودای ئارامکەرەوە

مرۆڤـ لە تەك ئاگردا چاوی بەسەر چاوی کۆتردا زاڵن

## ١٣

ڕۆژی پێش جەژن
داوای گوڵێکم لە کیژەکەم کرد
بۆ سەر گۆڕی دایکم
گەڵا سەوزاییی تێدا بێ هێز بێت
با چەند بە ئاسانی جێگۆڕکێی پێدەکات و هەڵیدەدا
نازانم بۆ مردوو هێندە تەماشای جریوە و جووکەی گوڵ دەکات

## ١٤

مانگ وێنەگری گەڕۆکە
لە ئاسمانماندوو دەبێت و لایەکی زەوی دەگەڕێت
لە کانییەکدا وێنەکان دەشواتەوە
مانگ جوانییەکی کوشندەیە
بۆنی قاچی قرژاڵ لە کانی دێت
کە بەناو قەوزەیەکی لینجدا هاتووە

## ١٥

هاوسەرەکەم ماسی ترش و خوێ دەکرد
منداڵەکەمان گوتی بابە ئەها ماسی شەهید بووە
چاوی ماسی دیوانی شاعیرێکی پڕ ڕاز و داخ بوو
تاسام و ناخم داچۆڕا
هەنارێکی ترشم گوشییە چاوم

بۆ درۆ و فێڵ لەخۆکردن سوور هەڵگەڕا
شەقامی شار چۆڵ و وشك
دەتوانم لەناو چاوی ماسیدا خەڵوەتدار بم
نزا و سۆز بکەم و گۆرەوی و دەستکێشی خوریش بۆ منداڵەکانم بچنم

## ١٦

مردوو لە گۆڕەکانیان هاتوونەتە دەرێ
لە نزیك کێلیان دانیشتوون
ڕۆژی لەدایکبوون و مردنیان یاد دەکەنەوە
دنیا چەرمی چۆلەکە بوو
پێڕانەگەیشتن سەریان شانە بکەن

## ١٧

بەڕەزامەندییەوە دان بەژیانی دوای مردندا دەنێم
خدری زیندە ئەو خەون و خۆشییەی بە با چووە
هاوتەمەنی کێیە
بیرەوەرییەکانی لەگەڵ کێدان
بەخت یاوەری نەبووە
ترووسکاییەکی لاواز بوو
نەیتوانی بێتە ناو تینی ڕۆژ و سروشت گەرم بکاتەوە
مردن شکۆی ڕووناکییە
بەسەر زەوییەوە ڕژاوە

## ١٨

گوڵێك لەناو گوڵان گەیشت بە مانای بۆن
لە پەڕۆیەکی ڕەشدا بە خەتی سپی
بە داخ و حەسرەتێکی ئاگرینەوە
پیاوێك شاگەشکە بە دەفتەر و ئەفسوونی مەرەکەب
زەنگیانەی ناوی بە ڕستەی مەرگەوە کرا
لە گۆڕستانی شیعردا ناشتمان
ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی پرسەکەیەتی لە مزگەوتی دیوانەکەی
ئاو لە ڕەگدا سەرسامە و هەڵدەکشێ
لە پۆپدا دەبێتە هەڵم
زەوی بەڕاستی خەمبار دیارە و جوواناو دەڕێژێ

## ١٩

ئەستێرەیەك هەڵات و بووە نەخشی کەوچکی چام
زانیم بەڕێوەیت و دێیت
شووشەی چرام پاك دەکەیتەوە
گەزەیەك لە سەری پەنجەم دەدەیت
دەشبینم زەوی هەڵدەکۆڵن
تەرم یان گەنجینە دەشارنەوە
ئەو دڵەڕاوکێیەم لە بەڕێوەبوونتدایە
قەلەباچکەیەکی کلك درێژ
خۆی لەبەر خۆری ئاشنا هەڵخستووە
بەدەنووك لەشی خۆی دەخورێنێت

پێیەکانیشی بە پەلکی گوڵەبەڕۆژە خاوێن کردەوە
باشترین هاوڕێی خۆی دۆزییەوە

## ٢٠

شەوی سەری ساڵە
مۆم بەسینگی قەڵای هەولێرەوە دەسووتێت
بەگوتنی گۆرانیی فۆلکلۆرییەوە
تا شل بووم شەقامەکانی شارم تەی کرد و بە ڕووباری گەورە گەیشتم
دەڵێی یەکەم جارە ئاشق دەبم یان ژیان دەناسم
بەشی خەونبینینێك شەو مابوو
سەرما ڕاوی نام بۆ ماڵ
جلوبەرگی سووری بابەنوئێلم لەناو سندووقێکی گوللەنەبڕ دانا
ئێمە هەموو ژیان دەناسین و ئاهەنگگێڕین
یەکەم جاریشە ئاشق دەبین و ڕەنگی ڕووبار دەڕژێتە چاوانمان

## ٢١

وەرزشوانی لەسەر پەت ڕۆییو
بەجوانی ڕێوڕەسمی یاریی بەڕێوە برد
ئێمە هەمووماں سەرسام بووین
بە مۆمەکانی لەسەر دەستی دایگیرساندبوون
بۆ سواربوونی ئەسپی دارین هاتە خوارەوە
دایکیشی ڕایسپارد دەرزییە ونبووەکانی بۆ بدۆزێتەوە

ڕووبارێکی تیژ بردبوونی
لەناو قاقلەجنۆکە ئەفسوونی بێ ئومێدی هەیە
دەرزیی نەدۆزراوەش

## ٢٢

بەیان ڕەنگی تەنیا بە گۆرانی دەگوترێت
تەم گوێ لە ترپەی دڵمان ڕادەگرێ
گەرمایی دێت ئەم چاودێرە دەتوێنێتەوە
زستان بە چ ناوێکەوە داڵدەی تەم دەدا
نەمانزانی ئەی دڵ
ڕەنگی بەیان بۆ تەنیا بە گۆرانی دەگوترێت
پەریی باڵدار هێشتان هۆگری ئاگر نەبووە

## ٢٣

مۆم لە داگیرسانیدا بە ئازارە
لەگەڵ تاریکی بە ئارامە و هێرشی بۆ نابات
ڕووناکی دەیکوژێت
لەسەر لێوی پەنجەرەیەك
ڕۆژێك تووشی بەڵایەك دێت
ڕووناکی شاری بێزراو دڵ لەتۆ هەڵدەگرم و بەرەو گوند دەبمەوە
گوند دڵ لەتۆش هەڵدەگرم و بەرەو منداڵدان دەبمەوە
منداڵدان پەروەردەم مەکە فڕێمدە
لەناو ڕووناکیدا چاوم بە دایك و باوكم كەوت دەگریان

## ٢٤

ئەگەر بۆ نهێنیی بەختەوەری گەڕای
سەیری بەفرێك بکە
چەند ڕۆژێك لەسەر گەڵایەکی پان مابێتەوە
ڕێبوارێك بەلاتدا تێپەڕێ
زیاتر لە سیمای خۆی لە سێبەری ورد بەرەوە
گیان لە سێبەردایە نەك لە جەستە
شیعر لە سێبەر و جەستە تێدەپەڕێت
دەچێتە ناو بڵێسەی گیان و ئەفسوونی سێ شەو و سێ ڕۆژ باران بارین
لە کتوپڕدا سەکۆی پڕ دەبێت لە خەڵك و خودا و دیدار
چراشی دەکەوێتە جریوە

## ٢٥

خۆر بە ئارەزووی خۆی هێرش دێنێ
بەفر دەتوێنێتەوە
پیر بە ڕێگاوە بێزار و ماندوو دەکات
دەستیش دەداتە بن باڵی لکە گەنمی کەوتوو
خۆری نیوەڕۆ ڕەنگی مرۆڤە و بێ زمان جووڵاندن دەسووتێ
قەت بیرم لەوە نەکردووەتەوە
دەست بۆ ڕەنگی مرۆڤ درێژ بکەم
داوا و ئارەزوومە دەست بە پەیکەرە ئێسك دابهێنم و بۆنی بکەم
کە پەیکەرە ئێسك گۆشت و دەمار داپۆشن
زەوی لەناو گۆشت و دەماریدا جۆرە سرەوتنێك بەدی دەکات
ئاگرێك دەستی بەرز دەکاتەوە
شادی سەرمایەی ئەم ئاگر و دەستەیە
ئێمە وەك نهێنیی سروشت لەدەوریدا ئاشکرا دەبین و نمەك دەناسین
هەست بە ئارەزووی منداڵانەی زەوی دەکەین

## ٢٦

ئەم لە بەردەم مێزێك دانیشتبوو
ئەویش لە بەردەم مێزێکی تردا
ئەم چاویلکەی ئەوی لە چاو کردبوو
ئەویش چاویلکەی ئەم
دەموچاوی ئەوانیان وەك تەم بینی
پێشتر جوان لە زەوییان نەڕوانیبوو
بەناو کێڵگەشدا تێپەڕیون

## ٢٧

لە جیهانێکی دوور و نادیاردا لە ئەماندام
مانگ لەناو پەنجەی تارژەندا ماڵی خۆی گواستەوە
لەبەرئەوەی پێم گوت
ئەو ڕۆژە پشووی ئەستێران بوو
دڵی بە پەڕ و باڵم
خۆی دا لە پەنجەرە و داو و قەفەس
ڕووگەنمای دۆزییەوە
دەستی گرت بە هەناو و هەوێن و هەنییەی چرای دیوار کۆ

## ٢٨

خۆر ئاگایی و هۆشیاری بڵاو کردووەتەوە
ئەوەی لە تەواوی ڕۆژ تەماشام بکات دەبێت بە مانگ
مۆزەخانەیەکی داخراو حیکمەتی ڕەنگ و مانگی تێدایە
مانگ دەتوانێت بەسەر لك و چڵەکانی درەختی بنەماڵەی بابەنوئێل بنیشێتەوە
ئاهەنگگێڕان تەماشای هەموو جوانییەکان دەکەن و دەپرسن
خۆر لە ڕۆژێکدا چەند جار ئاڵوگۆڕ بە ڕەنگی دەکات

## ٢٩

له ڕۆخی ڕێگادا دانیشتووم

باش تەماشا دەکەم

چاوم دەکەمە پەرژینی هەموو شت

نە جوانەکان هەمان جوانین لە باڵی سیمرخەوە ڕژابن

نە دڵی منیش هەمان دڵی بانگکراوە بۆ زیکر و ئەفسوون

شوێن لەگەڵ دڵدا دەگۆڕێت

لەم نێوانەدا ئەوەی چنارە بووەتەوە دەوەن

مێشکم چەخماخەیەکی دا

لە ڕۆخی ڕێگا بێ ئومێد بووم

هاتمەوە ژوورەوە

لە هیچ شتێکم نەپرسی

تاریکی کۆڵانی داپۆشی و چوومە ناو ژاوەژاوێك کە بیری لە تەمەنی خۆی نەکردووەتەوە

## ٣٠

شەڕی دڵ و زمان هێندە گەرمە

وەختە یەکتر لەناو ببەن

ئەی باڵی ئومێد لە بەرزبوونەوەدا پەردەی ڕوخسارت لادە

یەك ئەویدی لەناو ببا

ماڵەکەی ئێمە بزر دەبێت و خواردنی دایکم سارد دەبێتەوە

ڕێوڕەسمی مۆمیا بردنە ناو مۆزەخانەش دەستی پێکردووە

لەناو تاشە بەردە هەڵکۆڵدراوەکەی بێستوونی دادەنێن

کرمی ئاوریشم هەموو کەلوپەلەکانی لەسەر پشتی هەڵگرتووە

لە مانگی یەکشەوەوە تا پڕبوونی مانگ عەوداڵ و سەرسام دەپرسێت
ئەرێ پەپوولە بۆ نابێتە برادەری گیانیی چرای دزان

## ٣١

لە ڕۆخی ئاوێکی بە ئارام دانیشتم
شەو کۆترە تەنیاکان و ئەستێرە نیوە ڕژاوەکانی لەسەر سینییەك کۆ کردەوە
ئەوەی دەڕۆیشت
بەدڵخۆشی دەگەیشت و تاجەگوڵینە وەفاداری دەبوو
ئەو مانگەی من چاوەڕێی بووم
بێتە ناو ئاوەکە و مەنگی بپارێزێت
بریقەی نەدایەوە و هەڵوەری
منیش بەو ڕێگایەدا دەگەڕێمەوە
وشە دەست بەهێزی ئەژنۆم دادەهێنێت و دەگەم
لە پێکهاتەی ئاگردا شارەزا دەبم
جامخانەی مۆزەخانەیەك دەکەمەوە
وڵاتێکی کۆن دەبینم و خۆزگەی پێدەخوازم

## ٣٢

ئاسمان وەك کەڵەبابی چاوساغی دێ نوستووە

لاباڵێکی پشووی ئەبەدی بەناو سروشتدا دەڕێژێ

ئەوەی تری کتێبی هێزی گیانی خوداوەندان

ئەو ئاشقانەی لە پیریدا بوونەتە داربەڕوو

نازی گوڵ ڕادەگرن

لە بۆنەکانیان پێیەوە دەنازن

منیش بۆ مەرگێکی بەختەوەر

دەچمە ناو مەشخەڵی ئاگردزەکانی حەوت کێو کە کەسی لێ نییە بەڵام کەسێکی دیێتێ

درەختی بەر پەنجەرەم بەردارە

هەتاوم

سێبەریشم

هەتاو بێ سێبەر هیچ ڕێزێکی نییە

کەڵەبابی چاوساغی دێ هەتاو و سێبەرە

لە هەموو جەنگەکاندا تا کۆتایی دەمێنێتەوە

هەردووکیان دێنە دیدارم و لە خۆیاندا دەمشارنەوە

## ٣٣

حاجی لەقلەق
شاری بە ئاڵا ڕازێندراوەی خۆش دەوێ
سێبەری منارە گیانی هەمووومانی پڕ ئومێد کردووە
مەیەرە خوارەوە
لە بەرزاییەوە دەنووکت هێزی ڕەوانبێژیی منداڵانی هەولێرە
سەگی نهێنگر بەرانبەرت وەستاوە و چوار پەلی کردووەتەوە
هەموو شتێك لە دۆخی خۆی دەرچووە
ئاکام بە پەیژەی ئاسن سەردەکەوم
گوڵاوی گیان و ئومێد کەسێکی لە سەمەندەر ئاگراویتری لێ دەردەکەوێت
چاوە خەواڵووەکانی دەکەونە دزەڕاو

## ٣٤

درەنگی شەوە
ورتە ورتی گەرمی ناو کەشکۆڵم بۆ نابێتە گۆرانی میللی
کتێب فەرمانی دا بچم
بە چاوە خەواڵووەکانی ئەو مێوانەی ڕەنگ لەسەر زماندا جێدێڵن بڵێم لە چی ماندوون
فریشتەیەك لە ئاسمان بە پەلە هاتە خوارەوە
دەموچاوی تەواو تێکچووبوو
بەسەرهاتی هاوڕێیەکانی زۆر لابوو
بێ هۆش کەوت
دەستم لەسەر دڵی دانا
دڵی لە ژێر دەستمدا بە سستی لێی دەدا

چاوی سوور هەڵگەڕا و ئاوی کرد
ئای زەمین
دڵت بەهەڵچوونی لافاو سپاردووە

## ٣٥

زەمین دڵخۆش و هێمنە
لە نیشتیمانی مندا دارگوێز پەرژینی کتێبخانەی مزگەوت و تاتە نوێژە
سمۆرە بە ئاسانی بەدار هەڵدەگەڕێ
گاز لە دڵی فەریکە گوێز دەگرێت
گۆپکە و چرۆ بریندارن
سمۆرە دارگوێزێکی کلۆر کرد
چۆلەکەیەك بیر لە ماڵی خۆی دەکاتەوە
ورتەیەکی بەگوێدایین
ئەرێ لە زەمیندا چاو زۆرن بۆ چاودێریکردن

## ٣٦

قەتاری قورینگانە لە کوێستان دێنە خوارێ
دەنووك دەخەنە گەوجێتیی خۆیانەوە
وەرزین
هێلانەیان لەمبەر و ئەوبەرکردندا سارد دەبێتەوە
ئاوی چاوتان ساز بکەن بۆ مەشق
کۆچی سوور هەموو شتێکی لە دەست دێت
ئاوی ژیانت لێ دەتکێت ئەی چاو

## ٣٧

تەماشای تابلۆی سینگی دیوارەکەی کرد
دەریایەکی شین
ناز بەسەر شینایی ئاسمانەوە دەکات
ڕاوچی حەزی ڕاو جۆشاندی
هەندێك كەلوپەل و خواردنی قوتووی خستە ناو جانتاوە
بەدڵتوندی ژوورەکەی جێهێشت
چووە سەر دەریا
لە خۆشەویستیی ماسی و خوداوەندی ڕاووشکاری پرسی
دەمەوێت چەند ڕۆژێك لێرەدا ئاگر بکەمەوە

## ٣٨

بازێك هێلانەی لەناو کلاوی بەڕوو دانا
باز و بەڕوو شکۆ و مێژوویان بۆ یەکتری نووسی
شکۆ سێبووری مێژووە و سواری گەڕاوەتەوە
مێژووش چاوی لە شکۆیە بڵقەکان بتەقێنێ
جەردە و کرمیش سزا بدا
گوێی لە ئاوازێکیش بێت هەرگیز پێشتر گوێی لێ نەبووبێ

## ٣٩

کتێب گۆمێکی مەنگ نییە
بەردێکی هەڵدەیە ناوی باری دەروونی بشڵەژێ
مل بەدیۆیش کەچ دەکات
خودایە
ئەی خودا و سۆزە بە کوڵەکەم شیعر
بە جلوبەرگی پیت و وشە و ڕستەوە نوێژ دەکەم
نیشان و بەهەشت ناولەپی تۆن
دەستێك بەسەرمدا بهێنە
لە نزیکەوە گوێت لە هەڵبەز و دابەزی سووتانی مۆخم دەبێت
زەرف بۆ شەکرۆکەی ترش و شیرین لێکدەدا

## ٤٠

لە حەوشەیەکی دوور و درێژی ڕەنگ مردوودا
قەلەڕەشێکی دەنگ گڕ
عەردی هەڵدەدڕی
چاوەڕێ بوو شتێك هەبێت تێیدا بینێژێت
خودا ئەسپێکی دانایە سەر زەوی
قەلەڕەش شڵەژا
زانی ئەسپ دڵی چۆن لێدەدا

## ٤١

هەموو شەوێك بۆ كوشتنی پڵینگ دەچمە چیا

چەند ئاشقێكی ساویلكەم

بە شیعر شەڕ دەكەم

شیعر هیچی لێ شاراوە نییە دامێنێت

شۆڕ دەبێتەوە ناو ئومێد و لەسەر ڕووتەختی پارێزراو دەماننووسێتەوە

دەڕۆینەوە ماڵەكانمان و لە تەنیشت درەختەكانی حەوشە دەوەستین

## ٤٢

ئەمڕۆ لە باخچەی گڵكەنددا گوڵەكان ڕێپێوانیان سازكرد

دەنگی بڵندیان ئەوە بوو

نامانەوێ باخچە ساختە و پیلانگێڕەكان

نەمام و تۆومان لێ بدزن یان بخوازن

ئێمەی زەویناس گوێمان بەدەنگی خەمگینی ئەو ڕیشۆڵە و چۆلەكە بەجەرگانە ڕاهاتوون

لەناو چڵ و گەڵاكانماندا بیر دەكەنەوە

ڕێبوارانیش زڕخەو ناكەن

## ٤٣

مردن بووەتە ئەڤینم و بۆی دەسووتێم

لەناو ئەو جانتایە بمشارنەوە

كە دایكم لە پۆلی یەكەمی سەرەتایی

لە پاشماوەی پارچە قوماشی ماڵەوە بۆی دووریم

تەرم لەناو جانتادا
هەنگاوی دڵنیایی لە خۆیدا هەڵدەهێنێ و دڵنەوایی دەکات
بمرم لە ئێوە بزر دەبم
خودا لەناو پەڵەیەکی ڕووناکدا
دەمبینێت و دامدەگیرسێنێت
کات درێژەی کێشا

## ٤٤

مێژووی یەکەم مردن نازانم
ئاگام لەوەیە ڕەنگی یەکەم مرۆڤ لە خۆری سبەینان دەچوو
پاشان خۆر ڕەنگی بردەوە سەر ڕەنگی هەموو شتەکان
خودا هەموو شتەکانی کرد بە ئەڤینی مرۆڤ
لەمەوبەدوا بەو ڕێگایەدا هاتوچۆ دەکەم کە چاوی هەمووومانی لایە

## ٤٥

ترسێك کەوتە دڵمەوە
کتێبەکەی دەستم دانا
زۆر بیرم لەو ڕستەیە کردەوە کە ترسی خستەوە
هاتمە باخچە بچووکەکەی گەڕەك
هەمووومان چاوەڕوانین پاشا کڵاوەکەی لە ناوەندمان دانێت
هێلکەی خۆمانی لەناو هەڵگرین

## ٤٦

شەمەندەفەرێك لەسەر هێڵی ئاسنین خلیسكا
كەوتە ناو گیا
بوو بە ئەسپ
كاروان دوانەكەوت
باڵندەیەك فڕی و نیشتەوە زەوی
زەوی دڵۆپێك ئاوی لە چاوی هات

## ٤٧

سەیربوو
سەرسامبوون هەمیشە سەیرە
كە باوكم مرد
دایكم لە چلەیدا حەلوا و تاخمی ددانی لەگەڵ خۆیدا بردە گۆڕستان
حەلوای بەخشییەوە شاگەشكە بووم
تاخمی سەرەوەی لە ژێر كێلی پشت سەری دانا
تاخمی ژێرەوەشی لە ژێر كێلی بەرپێی شاردەوە
ئەگەر خۆم پێویستم پێیبێت
بچم دەریبهێنم لاتان سەیر نەبێت
نهێنی بە یەكەم سەرسامبوون ناو دەنێم
هەموو شتێكیش دەچێتەوە ناو یەكەم سەرسامبوون
دڵتوندیی دارستانی دوای گەڵاڕێزانیش

## ٤٨

دڵە خورپەی چرام بۆ نواڵە ناردووە
کاتێ پەپوولە لێی نزیکبووەوە
درەختە بڵندەکانی شاری پێشکێش بەڕیشۆڵەکان کرد
منارەکانیش بۆ کۆترە لانەوازەکان
پەپوولە و ڕیشۆڵە و کۆتر بە خاك ناسپێردرێن
چراش دوێنێ ئاشق بوو
نواڵە قەڵەمکێش بۆ بەرگی دیوانم بکە
باڵێك شۆڕبووبێتەوە کە ڕۆح لە شکانی دەگا

## ٤٩

سەرپەرشتیاری دارستان
بە تاساوی بەهەموو لایەکی ڕوانی
تێبینیی کرد باڵندەی کێش جیاجیا
بێ ترس بەسەر لك و ناوقەد دەنیشنەوە
ئاکام بیری لە هێڵی بێ سەروبەری ناو لەپی کردەوە
ئایا بەخت یاری دەبێت یان نا
چۆنیش لەبارەی ئاسنی داخبووی
سەنگەر و مەیدانی بێئامانی جەنگ دەدوێت

## ٥٠

پاڕانەوەی پێش نوێژ و پاش نوێژم ئەوەیە
زەوییەکی بەتاڵ مابێت درەختی لێ بچێنم
سێبەری سووك بێت
جێی ستایشە درەخت بڕوێ
باڵندەش بێ ماندووبوون تێبپەڕن
خۆر هەواڵمان دەپرسێ و بەسەرماندا ئاوا دەبێت
چاومان بەسەر پەنجەرەوەیە
خۆر نەخۆش کەوت و لەشی ئاوسا
بە پەنجەرەوە نەهات
لەناو چورچولۆچی ناوچەوانی ورچ مایەوە

## ٥١

ئادەم دوێنێ لەدایکبوو
نووحیش ئەمڕۆ
شیعر ناوکی هەردووکیانی بڕی و لەسەر بەرگی دیوانێك داینان
شیر نەبوو میوەی پێشاندان
هەتاو میراتگری نییە
بەهەردوو چاو لە سەرەوە تا خوارەوە لە بەژنی ورد بوومەوە
شار کەوتووەتە تەمەن و کلۆر بووە
هەر چڵی ئەی خانمی ڕووناکی و مۆزەخانەی دڵ
وەك هەناری تازە ئاڵبوو
بە یەکەم ڕێژنەی باران پاراو دەبێت

پرچت شكۆی گوڵی سپی كردووه
ستایشی ئەو هەموو تیشكە چۆن دەكەیت
نەیانهێشت گۆمی دڵت وەك حەوزێكی درزتێبوو ئاو كەم بكات
ڕۆحم لەوێدایە و لەگەڵیان جیهان خاوێن دەكاتەوە
ئیتر پرخەی ورچ پەنجەی ئاماژەم نانەوێنێتەوە
هەر هەموومان دێین و دەچین و لەخۆڕاش ناژاكێن

## ٥٢

باڵندەیەكی لە مەیدانی شەڕدا سەرودڵ كەوتوو
هێلكەكانی كە نزیك بوونەتەوە لە ترووكان
گواستییەوە ژێر چەتری ئاش
بەنێرەكەی گوت
بفڕە بۆ لای دانەوێڵەی چاوسووركەر و هاربوون
بزركردنی ئێمەش لە پیسكردنی لۆكەیەك ئاسانترە
بۆنی دەستی چەور ناناسرێتەوە

## ٥٣

ئادەم بەر لە مردن پێی ڕاسپاردم
ئەو پارچە خۆڵەی لەسەری دەمرم بیتراشە و بیخەرەوە ژێر خۆڵەوە
زۆر بە تەنیایی هاتمە ناوجەرگەی ڕێگا
دەستی ڕاست و چەپی بە وێنە تەندرابوو
ئەی خوێنی وێنەكان دوای نیشاندانی شادییەكی خودایی سڵاو لە برادەرانم بكەن
بورهان جاهید

عومەر خامۆش

مەجید خەمناك

مستەفا پەژار

پیرباڵ مەحموود

فوئاد کەریم

دڵشاد مەریوانی

محەمەد حوسێن هەڵەبجەیی

عوسمان شەیدا

ئەنوەر مەسیفی

هیدایەتی عەبدوڵڵا حەیران

عەبدولخالق سەرسام

سەڵاح محەمەد

خودا هەردوو دەستی وەك کێك و کولیچەی تازە لە فڕنی دەرهاتوو ڕاگرتووە

هەڵمی نزاکانمان لەسەری دەمێنێتەوە

حەسرەت هەڵمەکێشە

فریای نزا وەرگرتنمان دەکەوێت

زەینم کراوەیە بۆ باش قسەکردن لەبارەی

ڕێگا بە بەفر داپۆشراوەکان

کە ڕەنگیان لەناو ڕەنگەکاندا تێکشکاو نامێنێتەوە

## ٥٤

دەنکە جۆیەکم لە قەوزەی لێواری کووپەدا چاند
پەلەی لە تەمەن کرد
زوو چەکەرەی دا
بەچکە چۆلەکە تا پەڕی نەیەت و باڵی هێز پەیدا نەکات نافڕێت
سۆراخی دەنکە جۆ دوای فڕینە

## ٥٥

پێی پیاوێکی بکوژ و پێی منداڵێك
کە بەدەستی باوکییەوەیەتی بۆ سەرتاشخانەی دەبا
یان لە ژێر چەتری وێستگەی پاسدا دەوەستن و بۆ ماڵەوە دەچنەوە
هەموو پێیەکان بەشێوەیەك بەسەرتدا دەڕۆن
یەك سۆزت بۆیان هەیە و خۆشت سزا نادەی
زەمین ئەی کێڵگەی خەونی سیمرخ
هەقیقەتی چیت
هەقیقەت لە هەتاو بە دەرەوەترە
لە مردووش نێژراوترە

## ٥٦

لە دەشت و لە چیا و دۆڵ
باڵندە بەشێوەیەك دەفڕێت
جوان دێتە بەرچاو و دیتەنی
بەڵام کە گیا تازە سەر دەردێنێت
باش سەرنجی دەدا
دەنووکی تەڕە
قانە گیا دەم و لێوی سەوزێکی تایبەتە

## ٥٧

کۆتری سەرگوومەزی مزگەوت
کە هەمیشە خۆشدەدوێن و خۆشمدەوێن
دێمە دیتەنیتان
چاوم لەگەڵ باڵتان ئارامی وەردەگرێت
ئەمڕۆ ئاوی پاش شۆرینی مردووتان خواردەوە
بیرم لە ئاوی پاش شۆرینی برازا جوانەمەرگەکانم کردەوە
چاوم تەڕ و تەزیوە
هەرچی ئاوی پاش شۆرینی مردووانە
لە ناوی دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی
ماسی تێیدا هەناسەی توند نابێت
دەتوانم بەڕێگاشدا بڕۆم
پارچە گوڵجاڕ لەسەر زەوی ببینم
لەگەڵ چۆلەکە لەبەر هەتاو دادەنیشین
دنیا دەکەین بە تاسە و جریوە و جووکە و غەزەل

## ٥٨

لە دەرگای گەورەی قەڵا
وێنەی چەند ئاژەڵە کێوی نەخشابوو
پیرێك خەریك بوو لە بیرکردنەوەی مەرگدا ون دەبوو
گوێی لە دوا کۆپلەی گۆرانیی دەروونی گرت
هەموو شتەکان پێشتر بیندراون
ئەی جەنگاوەری ڕووناکی

شتەکان بناسەوە و سڵاویان لێبکە
پاشان بڕۆ بۆ ئاهەنگ
ئاژەڵە کێوییەکانی سەر دەرگای قەڵاش
ناچنە بەرەی بکوژ یان قوربانی
دەچنە ناو پاوانی خودا و سرووش بەسەر سرووشدا دەڕژێ

## ٥٩

بەفر بەناز و خاکەڕایی چەتری بەسەر گۆڕی جوانەمەرگان بەستووە
لە خەرمانی گەنم دەچێت
ئەسپی پەیتوونەکانیش کلکیان لە ژێر بەفردا ڕادەوەشێنن
ڕێ دەدەن کیژان پرچیان بە باڵیان بچووێنن
ڕوو لە زیندووبوونەوە و خۆ بەراوردکردن چەند ئاسانن

## ٦٠

ماسی لەناو ڕووباری تیژدا ناتوانێت بنووێت
کە گیانداریش خەونی نەبوو
بەرد ئیرەیی پێ نابات
بەرد تەمەنت لە برژانی قلە نۆکێك کورتترە
سەرزەنشتی گیانی ئادەمیزاد بکە
بۆ ئەوە دەچێتە بەرباران
پێستی ئەستوور ببێت

## ٦١

بەبەغا لەسەر بەردی سەرشانی سیزیف نیشتووەتەوە
نیاز دەخوێنێ و فاڵ دەگرێتەوە
هەر کاتێکیش خەوی بێت دەنوێ
باڵی باڵندەیەک ئازاری هەیە

## ٦٢

گوڵەشەوبۆ لە ژێر تاریکیی شەودا
قژی خۆی بڵاو دەکاتەوە
گوڵەبەڕۆژەش لە گەرمایی ڕۆژ
چاوی گەورەی دەکاتەوە
شەوبۆ و گوڵەبەڕۆژە
ڕەگیان لە نەوت نزیک بووەوە
قەد هاواری لێ بڵند بووەوە
ئەمشەو خەونم دی کەسوکارە نزیکەکانم مردوون
ئەرێ گوڵ لە کوێندەرێی کاتدا پڕ بەدڵ وچان دەگری
دەمەوێ وچانێك بم
وچانێك
ڕەنگی یەکەم ئارەزوو پێکبهێنم

## ٦٣

هەرچی ڕوخساری ئاشقەکانی هەولێر هەبوو
هونەرمەندێك لە دیواری قەڵا کردی بە تابلۆ و ڕەنگەکانی گونجاندن
باران ڕەنگەکانی نەسڕییەوە

خۆر لە ئاسمانیاندا بڵند بووەوە
تیر بۆنی بن باڵی چەوری مراویی کرد
ڕۆنی کونجیشمان بەسەر گەنمەشامی تەقێندراودا پژاند

## ٦٤

دەستی خستووەتە ناو دەمی سەگی هار
لە شەقامیشدا چاو بۆ هێمنیی خەڵك دەگێڕێت
خەیاڵ بردمیەوە سەر ڕووداوێکی ناخۆش
هێزی ڕسکان و ناخ نوێژم درێژ دەکەمەوە و داوا دەکەم
لە خەواڵووبوون و خەونیشدا بەسەر ئاگری هەڵەشەدا پاز نەدەم
ئەی خودا مردوو لە باوەشتدا وریای کەلوپەلەکانیەتی
ئەمڕۆ شار ئاسمانێکی شینی هەیە
ڕۆژ جوانە و دێتە ناو ڕوخسارمانەوە
ئەی هێزی ڕسکان و ناخ نوێژم درێژ دەکەمەوە
خەیاڵیش دەمباتە ئاهەنگێکی ساکار
فوو بکەم بە دەبدەبە گەورەکەی ژیان و نەتەقێ

## ٦٥

ژنێك کتێبی مێژوویی زۆر خوێندبووەوە
لە هەوای فێنکی ئێوارەدا
بەسەر مەکینەی دوورمانەوە
ڕادیۆی ناوخۆی لە نزیك خۆی دانابوو

کراس و بێجامەی بۆ مێردەکەی دەدووری
بێژەریش پرسە و ڕووداوی کوژراوێکی ڕادەگەیاند
لەم ولاتە کەس بۆی نییە کەسێکی تر بکوژێت
ژنەش دروومانی ڕاگرت و سەری هەڵێنا
بۆچ نا
کێڵگەی لۆکە و گەنمەشامی شیریان پێشکێش بە جۆخۆرکە کردووە

## ٦٦

باڵندەی بەیان هیچ شتێك لەبارەی تاریك و ڕوون نازانێت
دەستەوەستان چاوەڕوانی ڕژانی خۆرە
باڵندەی باران هیچ شتێك لەبارەی تێنوویێتیی زەوی نازانێت
دەستەوەستان چاوەڕوانی دابارینە
جادووبازی حەکایەتخوان لەسەر چیای زێڕ و زیو وەستاوە
باڵندەیەکی فریودەری بۆ بەڕێوەبردنی زەمین ناردە خوارەوە
باڵندەی فریودەر بەردی یاقووت خۆراکیەتی
لەسەر کلکی هێستری چەمووش نیشتووەتەوە
فەرمانڕەوایەتی دەکات
ئەی فەرمانڕەوا
چ نوێبەخشێکی بەزەبری
ئاوی کتری هاتووەتە کوڵ و دەشتوانی لە باڵندەی سەر ئاو بگەی

## ٦٧

خەو لە چاومدا شکاوە
مانگیش بەنیازی بەجێهێشتن
بەڵام بەدڵڕەقی نا
بە نەرم و سەنگینی دەستی لەناو دەستم کێشایەوە
لای من جوانترین خەم ئەوەیە
لە مۆمێکی تواوە بخۆی و بەخەڵاتی دیداری بگەیت
خەم پشتگوێ خستنیش بەختیارییە خودا دەتداتێ
قوربانیی زۆریشی ناوێ
مەلی خۆشبێژ نیشتەوە سەر کتێبخانەم
لە گشت ئاگادارە و هیچ دەنگیشی نەکرد
ئاشنابە ئەی گیان و دڵ بە بەختیاریی خودایی

## ٦٨

بەهرە و سرووشی شاعیرێك ڕژا
باخچەی لە کێو دروست دەکرد و دەیهێنایە ناو ماڵان
باڵندەی خۆشبێژی لە ئاسمانەوە بۆ دەستنیشان دەکرد
دیمەنی پڕ لە ڕازی بەهرە و سرووش خەوی لێخستم
هەموو شەوەکە باران باریبوو
کێو هەستدارە
کاتێك بەردێکی لە سینگ هەڵدەگرن بۆ پەرژین
چاوی ڕوون و گوێی سووك دەبێت
لە هەمان تاسە و شاگەشکەیشیدا بەردێکی لە سینگ دابپچڕن

بۆ سەرشکان و داخستنی دەمی کانی
کوێر و کەڕ و ئازاری زۆر دەبن
زەمین بەشێوەیەکی نارێك ڕێکناخرێت
فیشەکم لە باڵی ئەو باڵندە خۆشبێژە لادا
کە دەیویست دەستم بگرێ و بمباتە ئاسمان
ئەستێرەیەك باوێشکی دا و تیشکێکی گەیشتە زەوی
جەژنی کۆچی ڕیشۆڵان بوو

## ٦٩

یاڵی ئەسپی دارین بۆنی با خۆش ناکات
ئەسپ ئارەقە بکا بۆنی ڕێگاوبان خۆش دەبێت
لە ماڵیشدا هێل و دارچین و قاوەی کوتراو و بڕمووتی
خۆر کە ئاوا دەبێت
گیانی ناسپێرێت
گیانەوگیانی جەستەی شەهیدێك دەبێ
گیانی بەهێزی جوانی دەباتە مەیدانی پێشبڕکێ و نیشان
ڕووبار بە ماسی دەڵێت
کاتێك دەستی مرۆڤت پێکەوت مەیەرەوە ناوم
ڕاوچی شکۆی شێواندووی
با دەچێتە ناو پەیژەی زایەڵەیەك
لە یاڵ و ئارەقەی ئەسپێکەوە

## ٧٠

کۆترە باریکە پێویستی بە تۆماری مێژوو نییە
بزانێت لە جەنگە گەورەکاندا کێ دۆڕاوە و کێش براوە
ئاو تێکەڵ سەرچاوە دەبێتەوە و بیرکردنەوەیەك دەیباتەوە ئەوسەری ژیان
تەماشای چاوی هەر یەکێکیش دەکات
بیەوێت بیخواتەوە یان لە گۆزە هەڵیگرێت
بە پێدزە و ئاشکراش دێتە ناو خولیاکانمانەوە
ڕەنگە لە بیرکردنەوەی باڵندەیەکدا مێژوو ببێتە ویژدانی شوێنێك
کە دانیشتووانی هەمووی دەنگخۆشن
یان جاڵجاڵۆکەیەك تەونی بەدەوری لکە گیایەکەوە چنیبێت
نازاندرێت نە ڕێگای خۆری لێ دەگرێ
نە لە تەپوتۆز دەیپارێزێت
مێژوو ئەی کەف
بۆ هەموو شتێك بەکار دێت
لە نائاگاییتدا کەڵەباب دەنگی دەڕسکێت و بۆ ئاگادارکردنەوە دەزرینگێتەوە

## ٧١

من لە ماڵەکەی خۆمدا ئاگری فەرامۆشیم داگیرساندووە
سەرقاڵی نهێنیی ڕووناکیم
ئاگر بۆ دڵێکی نەسرەوتوو سێبوورییە
مەڕ کە شیر دەداتە بەرخەکەی
بۆنی دەمی خۆش دەبێت
بەرخ بە شکۆوە یاری دەکات
دایکیشی دڵڕێژ دەبێت لە زەردەخەنە و تاسەی بەخۆوە نازین
چاوچنۆك کێش و سەروا نابەخشێت و ئاگری فەرامۆشی پێ ناکرێتەوە

## ٧٢

تراویلکەیەکی تەنك
وەك خوری بەرخ لە ناوچەوانی شار درەوشایەوە
کێش و سەروای شیعرەکانی تەرازوو کردینەوە
براکوژی یەکەم
براکوژی دووەم
براکوژی سێیەم
براکوژی چوارەم
براکوژی پێنجەم
براکوژی شەشەم
براکوژی حەوتەم
براکوژی هەشتەم
براکوژی نۆیەم
براکوژی دەیەم
براکوژی یازدەم
براکوژی دوازدەم
براکوژی سێزدەم
کوڕ و کوڕەزام زۆر ماون
بۆ زیادکردن و شکۆدان بە ژمارە
چاویلکەمان لەسەر کۆلکە دارێك دادەنێین
مردووەکانمان پشت و پەنا بوو
لەناو گۆڕێکی کراوەدا ماونەتەوە

## ٧٣

درەخت بەتەپوتۆز ناخنکێت
منداڵێك چەترێکی سووری بەسەر خۆیەوە هەڵدابوو
وای ڕاگەیاند سروشت وریا بووەوە
جاڵجاڵۆکە لە جۆشی ژیان داوی تەونی خۆی توند دەکات
تکایە خێراتر تەونت بچنە
سروشت وریا بووەتەوە و بەئاوازی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانمان دادێتەوە

## ٧٤

لە ڕووبارێکی کورتدا
لەو قەراغی کەروێشکێك دەست و پێی خستبووە تەنکایی
لەم قەراغیشیدا ئەژدیهایەك
ناوەند چ خەسڵەتێکە نازانین
زەوی هێمنیی خۆی دەپارێزێت
خۆشبەختیی گیانلەبەری دەوێ
چاو و گیان و ناخ و دڵ ماندوو ناکات
شنەیەکی نەرم و ئارام هەڵیکردووە
دانە مرواری تاسە و گەرمایی خۆی دەباتەوە ناو چاو و گیان و ناخ و دڵ
مرۆڤ تاڤگەیەکی ڕژاوە
ڕووەو ڕووبارێکی درێژ

## ٧٥

ئەگەر تەشیی ژیان باتنەدا
دڵخۆشیی میوە هەست پێناکەین
لە کاتی پێگەیشتنیدا خرۆشی ئەو دەستانەش کە لە هەوادا دەیگرێتەوە
پێستی دەست و پێستی میوە گرانی لادەدەن و هات دێنن
ئاسمان حەکایەتی ڕژانی ئەستێرە نازانێت
زەوی ئیرەیی نابات و گیان لە ویرانەیی دەپارێزێت

## ٧٦

مۆنالیزا و کیژی کافرۆش
ڕازی نەبوون بە سینگی دیوارەکان بمێننەوە
لەگەڵ ئێمە هاتنە کۆڵان و بەراوردی بڵندایی شۆستە و شەقامیان کرد
گوتیان بە دڵ داوا دەکەین لەگەڵتان
لەسەر کومباری ماڵتان دانیشین و دەستچنی کیژەکانتان تەواو بکەین
پاشان یاری منداڵانتان کۆ دەکەینەوە و چاوەڕوان دەبین ناو لە منداڵی خۆشمان بنێین
بۆ ئەوەیە بەدوای ڕسکانی دوو باڵدا
دێم و دەچم و دەوەستم بزانم هەوای ئاسمان پاراوە یان زەوی
ئەرێ بۆ باڵندەی بەجەرگ و مەند لە ئاسماندا دەمرێت
لە زەوی لە پەنای پنجە گیایەکی هەناسە گەرمدا
جەستەی دەبێتە سەرچاوەی چلچرای ئەو شەقامەی لە ئێمە قەدەغە نەکراوە
هوماش گومانی لە زەوییە
ئای سەرسامی نەزانین

## ٧٧

جەستەیەکی سارد و خامۆشە بەدی
بەدیار تەرازووی سەرشانی فریشتەوە
ئای باڵندەی لە سینگی زەویی شێدار هەڵفڕیو
مرۆڤ لەناو کێڵگەی لۆکەدا
داری دەستی داپڵۆسێنەر بشکێنێت و دڵی نەلەرزێت
لە وەڕینی سەگیش تەنیا خۆی بێتە بەردەرگا و سەیری بەردەمی بکات
چارەنووس دەمارەکانی دەموچاوی گرژ ناکات

## ٧٨

دەریا ئەم هەموو هاوار و خرۆشانەی بۆ ئەوەیە
لە ترووسکەی چاوێکدا دابەزێتە ناو گیان و جەستە و بڵێت
ڕێگای شیعر و درەوشانەوەی چارەنووس یەکە
ڕێگای دڵپیسی هەزار
ئەی شیعر کوڕە تاقانەکەت ئاگری جگەر هەڵیگرتووە
نامەیەکی دوور و درێژی بۆ نووسیویت
تێیدا سڵاوێکی پێشکێش بە ململانێی خڕۆکە سپی و سوورەکانی زەوی کردووە
نە دڵم لە شیعر شکاوە
نە شیعریش دڵی لێم کەوتووەتە خرتەوپرتە
ئەوە ئاواز و سیمای درەوشانەوەی چارەنووسە
لێم ون نابێت
ئەی شیعر و هاتی دڵ
بۆیە پەنجەرەم بەسەر بێباکی کردووەتەوە

ئاوێنەیەکی بێگەردم لێوە داناوە
قازیی دەغەڵ ناوێرێت بچێتە ناو ئاوی ڕوونەوە
یان لەسەر بەردی قەراغ ڕووبارێك بوەستێت
تەماشای تریفە بکات و لەرزوتا نەیگرێ
ئومێد هەزار باڵی هەیە

## ٧٩

بۆ وا بێسرەوتم
پەلەمە لەگەڵ خۆر لە ئاوێکدا مەلە بکەم
پاشان نازی چاوی گۆپکە ببەمەوە سەر گەرمایی چاوی شوێنپێیەك
کە هێشتان فرمێسکێکی گەرمە بە ڕێگاوە
هەموو شتێکیشی لە یاددا دەمێنێت
زەردایی مانگ لەناو شینایی ئاسمان خەملیوە
ئەو هەموو جوانییە لە دڵدا دەجووڵێنێت
کە من وەك باڵندەیەکی شەرمن ناتوانم بۆ لایان بفڕم
ڕوخسارت بدرەوشێتەوە لەگەڵ سرووشی دیدار دەدوێم
کوێرمکە تا بتبینم
خۆم لەبەر خۆرەتاوی ڕووت هەڵخەم
نازانم بۆ گوڵی دیدار نە هەڵمی لێ هەڵدەستێت
نە خوناویشی لەسەر دەکەوێت
تەماشای دڵی خۆم دەکەم
کاروانێکی ئاشنا بەلامدا تێدەپەڕێت و لە پیسبوون یان پیسنەبوونی ئاگر دەپرسن

## ٨٠

جادووبازێك كتێبی ئومێدی ئاسمان
تەورات و ئینجیل و قورئان
هەریەكەی چەند بەشێكی لێ خوێندبوونەوە
لەو شوێنەی جێی هێشتبوون
وەك نیشان و دڵنیابوون پەڕێكی تاووسی لەناو دانابوون
ئەمە زانینێكی نوێیە
بۆ تاهەتایە لە ناویاندا ڕەنجەڕۆ و سەرگەردان دەبین
بەدووكەڵ دەستی خۆمان ڕەنگكرد
ڕێنووسی ناوی پێغەمبەرمان لێ تێكچوو
نازناوەكانی خوداش

## ٨١

ئەمڕۆ سێبەری برادەرەكەم لە زەوی هەڵات
سمۆرەیەك بەدوایدا چوو
مژدەی بۆ نەهێنایەنەوە
نازانم بێزار بوو یان لە ترسی لەناوچوون ڕێوڕەسمی ئەو كۆچەی هەڵبژارد
كات بەزەبرە و توانای قسەكردنیشی نییە
دەستكاریی ڕەنگی سێبەری پێناكرێت
زەنگی دەرگاشم لەسەر ئاوازی بەناو ئاودا ڕۆیشتنە
چاو گرانایی سووك بوو
لەسەر سێبەر لایدەدەم
بەهیوایەكی لە ڕادەبەدەریش
گوێ لە زەنگی ئاوازی دەرگاكەم دەگرم
ئەڤینی بێباكیم زیاتر دەكات

## ٨٢

قسەیەکی نازکێشراو چل شەو و چل ڕۆژە لە دڵم ماوەتەوە
پەیامێك دەخاتەوە
گۆرانییەکی خورپەهێن و پڕ مووچڕکەش لە گوێم نزیکدەبێتەوە
دڵ و گوێ شەرم دەنووسرێت و دەسووتێندرێت و چاو دەبووژێنێتەوە
قسەم دوابخەم
گۆرانییەکەم تەواو دێتە گوێ
گۆرانییەکەم دوابخەم
قسەی دڵم پەیامی دەگەیەنێت
قسە و گۆرانی کەشتیی جەنگ
لەمەیدانی مان و نەمان کشایەوە
بۆ ڕاوەماسی چووەتە ناو دەریا
مەتارە ئاوێکی سازگاریشی لەگەڵ خۆیدا بردووە

## ٨٣

لە ئایندەیەکی زۆر دوور نا
شەیتان گیانەوگیانی نووسەرێکی گوێڕایەڵ دەبێت
هەموومان دەهێنێتە سەر کاغەز
لەم نزیك و دەوروبەرەدا
ڕێگایەك دەست پێناکات
لە هیچ شوێنێکیش کۆتایی نایە
کاروان نائومێدە
مرۆڤێك هەردوو پێی بە مین پەڕیوە

عەزیاش ڕێگا دەگرێت

برسی بێت لادەدا

درەختەکانی نزیك سەرچاوە وشك بوون

## ٨٤

بەسەر گردێك سەرکەوتین

دووڕیانێك دەرکەوت

دوو پیاوی لێ نزیکدەبوونەوە

ماسیگر پێش هاویشتنی تۆڕ و قولاب

ناتوانێ بیر بکاتەوە

لە شوێنێکی هەڵە چاوەڕێم کردی

ئەی وەفا و درووود من و تۆ نان و خوێی یەکتریمان خواردووە

ئاگر سزا نییە و گوێڕایەڵتم

وەك تەمی نەرمی بەیانییان نیشتوومەتە باڵات و بەرز دەبمەوە

ئاسۆ پاك دەکەمەوە و چاوتان لێی کۆ دەبێتەوە

دڵ بە نووسینی ناوچەوانت لە کزە و خورپەدایە

گوڵاو دەڕژێتە سەر یاقووتی ئەنگوستیلەم

وەفا و درووود دێتە ژوورەکەم و تابلۆ هەڵدەواسن

هێز و حیکمەتی خودا لە ناوچەوانی تابلۆ دەدرەوشێتەوە

## ٨٥

دێر

کەنیسە

مزگەوت

سێ دەرگای خەواڵوون

بەهرەمەند تابلۆکان لە کوێ هەڵواسم

ژەهر هەیە و مانگیش تریفەی دێ

ساڵانێکی زۆرە هەرسێ دەرگا هاتوچۆیان تێدا گەرمە

لە دەرگایەکیانەوە ناوی خۆم بیست

هەڵۆی خەواڵوو بڕۆرەوە ناو ژوورەکەی خۆت

دڵ تیشك و چرایەتی

ئاگردان و پیانۆشی تێدایە

ئاسانە لە مێرگێکی بۆنداردا

مرۆڤ بیت و لێیەوە هەڵکشێیت بەرەو ئاسمان

لە زینداندا دوو باڵ لە دەستی مرۆڤ دەڕوێن

## ٨٦

ئەرێ خۆر لە هەڵاتن و ئاوابوونیدا چۆن بیردەکاتەوە

شۆڕشگێڕێکی بەجەرگە

لە هاتن و چوونی خۆی پەنا نادات

بەپێوە شەڕ دەکات

جێپێشی لەسەر هیچ شتێك نامێنێتەوە

بە بەختە نازانێت بیر بکاتەوە

تەنیا دەزانێت هەڵبێت و ئاوابێت

گایەکانی ناو سێرك بە سوورِی ئارام دەبنەوە
خۆر بەدڵ نەلەرزینەوە ڕایگەیاند
بنەچەی دەچێتەوە سەر گای لە شەڕ

## ٨٧

سێبەر و هەتاو دوو دیکتاتۆرن
یەك ئەویتر لەناو دەبا
تاهەتایە لەم شەڕەن و ناوبژیوانیان نییە
دوودڵی ڕوخساریانی گەرم و سارد کردووە
قەت تێرخەو نابن

## ٨٨

ئەمڕۆ شیعرەکانم بە بن باڵی کۆترە باریکەوە وەنووسان
بەشیعر بگەم
بەهەموو چرکە بێ پەرواکانی ژیانم دەگەم
چونکە سبەینێ مردنە
چەند ڕۆژێك لەمەوبەر خدری زیندە بەپێش ماڵەکەی مندا تێپەڕی
لێرەوە مەڕۆ
بێرەدا برۆ
چاوساغت بۆ چییە
ژیان بەدیلی گرتووی
بۆنی خۆشی خۆی لەناو قۆزاخە دەهێڵێتەوە

## ٨٩

هەنگ حەوانەوەی نییە
گوڵ لە کوێ چاوەڕوانی دەکەیت
ئەی جادووگەر کە برینەکان ناشاریەوە
بەخت لە ناوچەوانی قۆزاخە و چلچرا دەخوێندرێتەوە
خەڵکێکی بێشوماریان خستە ڕێگاوە
بۆ خەولێخستن و خەوخۆشکردنی گورگ
لە شوێنپێی مرۆڤ قاز و مراوی لە ڕووبارەوە فڕین
بۆ نزیکبوونەوە لە گۆم

## ٩٠

سێ تێلم لە سینییەك بەست
بە بنمیچی بەلەکۆنەم وەکرد
کوکوختی ئەو پووشانەیان هێنا
بەسەوزی هاتی دڵی من بوون
بەدەستەکانم وێنەی هێلانە و کوکوختیم کێشا
ئێستا سینی و هێلانە و کوکوختی نەرمونیانن بەدەستمەوە یان نامۆ و لەرزۆك
دەست دەتوانێت پاشماوەی ڕووداوەکان کۆ بکاتەوە
لە ڕووداوەکانیشی جوانتر بکات
دەستکێشی سینی زانی لە گرانایی ڕزگاری بوو
ژیانی هی دەنگ و دەنگدانەوەیەکە
ئێمەش گوێمان لێیەتی
چی فریومان دەدات
بە ئاراستەی ڕۆژهەڵاتن دەڕۆین

بە ئاراستەی ڕۆژئاوابوونیش دێینەوە
کێشانی وێنەی شتەکان ئاسانە
کۆشام و خۆم کۆ کردەوە
نەمتوانی وێنەی پەپوولەیەکی تووڕە بکێشم

## ٩١

باخچەوانی باخچەی بچووکی گەڕەك
قەوزەی لێواری جۆگەیەکی بەر سێبەری لێکردەوە
وەك پەین بەناو باخچەی بەرهەتاوێکی سووری پەرت کرد
پەڵەی خوێنی ماسی و بۆق و قرژاڵ دەرکەوتن
بەکراس و پانتۆڵی پیاسەکەرانەوە لکان
سیسارك ئامۆژگاریی بۆ بەچکە چۆلەکە هەیە
گەمارۆی گەلەگورگ ڕێگای بەرخ دەبەنەوە سەر قیرِی کولاَو
سەرنج و سۆزی خەڵکیش

## ٩٢

ماوەیەکی پڕ گیان و دڵ
لە دەشتودەر و کێڵگەدا هاوگیانی گا و ئەسپ بوو
بە دەستی پڕ دەمار و خوێنی
سمۆرەی ترساوی خستووەتەوە سەر لکی بڵند و بە بەرهەمی دارگوێز
دوای ماندوویی و پڕ تاسەبوون
دەرگای ماڵی بۆ نەکرایەوە

خوێنبەری دەستی خۆی بڕی
خۆی کوشت و نەچووە جیهانی مردووانەوە
بووەوە منداڵێکی فڕفڕۆکەفرۆش
پاشان شخارتە و مۆم و خوێدانی سەر خوان

## ٩٣

وردە بەرد و زیخی سەر زەوی و ژێر ئاو خولیا و خەمن
ئەو ماسی زگی لەسەر دەخشێنێ
ئەمیش پێی ڕەشی مرۆڤ
وردە بەرد و زیخ
جگە لە ماسی و مرۆڤ چی ترتان خۆشدەوێ
لەناو دەنووکی باڵندەیەکداین
دواتر لەناو چین و ساپیتەی خانوو
بیر و دڵ نابن بەیەك
باڵندەی گۆشتخۆر لە بەرزاییيەوە
دانەوێڵەخۆر لە ژێر باڵی خۆی دەبینێت
ڕەشەبا ڕووبەڕووی باڵ دەبێتەوە

# ٩٤

ئەنگوستیلەی سلێمان چیت لێ بخوازم
زۆرمان لەو باوەڕەیداین
سروشت لە کراسێکی سەوزی پاراودا لەگەڵ هەمووومان سەما دەکات
لە دڵەوە دادەخورپێین و سوور سوور هەڵدەگەڕێین
لەبەر حەوشەی ماڵەکانمان سەرمان بەسەر شانی خۆرەوەیە و دادەگیرسێین
دەشتوانین کلیلی دێرین لە کونی دەرگاکاندا بسووڕێنین
دڵۆپەکانی باران بۆنی سابوون دەهێنن
لە کراس و پانتۆڵی تازە شووراومان دێت

# ٩٥

باڵندە درەختی بۆنخۆش دەخوات
خۆشبێژ دەبێت و بەبای باڵی ئەویندارى شەیدا دەکات
دەمدەمییە
جاریش وایە دەنووك لە ڕەژوو و شتی تر دەدات و هێلکەی خۆی دەخواتەوە
شەڕانگێزی دەخاتە گەڕەکەوە
منداڵان دەستیان لە ئەستۆی یاری دەترازێ
کۆڵان وەك ناولەپی شاعیرێك کە گژوگیا لە زمانیدا مردبێ خۆڵەمێشی دەبێت
گوڵەگەنمێکی لەخۆبردوو خۆی لە ناوچەوانمان دەسوێت
بۆ بۆنخۆشبوونی دەنگی باڵندەش لە هەموو شوێنێك دەڕوانێت
دەنکە توویەك لە درەخت دەبێتەوە و دەکەوێتە ناو ئاوی زوڵاڵەوە
ئاو بیر دەکاتەوە لەشکری شکاوە
جگە لەو دەنکە تووە هیچ شتێکی تری لە دەوروبەریدا نییە

## ٩٦

دوای پیاسە و ماندووبوون تەمومژ بەرچاوی بەردا
گەڕایەوە ماڵەوە
مێروولە لە پێیەکانی دەرچوون
بە چەقۆ سەموونێکی شەقکرد
لەفەیەکی کەرە و هەنجیری لەناو فەخفووری دانا
چەقۆ لەسەر مێزەکەدا بریسکایەوە
چەقۆکەی بە پەتێك بەملی خۆیەوەکرد
لەو بیرکردنەوەیەدا سەرگەردان بوو
خۆکوشتن بە چەقۆ یان بە پەت ئازاری کەمترە
ئەوەشی دەزانی چەقۆ و پەتی ماڵەکەی خۆی
لە چەقۆ و پەتی هەموو شوێنەکانی تر بێ ڕق و کینەترن
پێی لەسەر ڕێگای پڕ تیشك دانا و ڕۆیشت
ڕوخسارێك ڕووناکی دایبپۆشێ دڵ و چاوی هەقیقەتە
تەمومژ بەرچاو و دڵ بەردەدا

## ٩٧

کیژ سێوێکی گەییوە
زوو نەیخۆیت کلیلی قفڵی کۆشکی بلوورینت دەخاتە دەریاوە
باڵندە لە تاو ئازاردا هەڵدەفڕێت و دەچێتە ناو شینایی نادیارییەوە
هێلانە لە ئازادیی نیشتنەوەدا دروست کرا و گەرم و خۆش بوو
بەسەر دیواری ڕووناکییەوە هاتم
دەستم بردە ناو سوورایی ئاگر
سووتانم بەفیڕۆ نەچوو
باڵندەیەك لە زەویی بۆندارادا هەڵفڕی و نیشتەوەش

توانیم نهێنیی درەوشانەوەی ئەنگوستیلە و چاوی گوڵەبەڕۆژە لێکبدەمەوە
درووود بۆ تەم کە دڵتوند بوو کەس نازانی بۆ کوێ دەڕوات
زەنگی دەرگا دەنگی لێوەهات
مافوورەکانی نوێژ کۆدەکەمەوە خەریکە باران دەبارێ
ئەرێ بۆ نوێژی ڕۆژەکان لەسەر دووگورد دەکرێ و نوێژە بارانەش لەسەر خۆڵ

## ٩٨

تەنیا و دڵخۆش لە خانوویەکدا سیمای خەڵکانێك
چەندان ساڵ پێش ڕوانی درەخت ژیاون
پێمگەیشتوون
یان لە ماڵی گیان لەناو ئاواز و گۆرانیی کوردیدا ڕێبوار و کاروان بووم
منداڵەکانم لە باخچەیماڵەوە گوڵیان ئامادە دەکرد
دەچوونە سەردانی نەخۆشێك
مانگ خەو چاوی گران کردبوو
سەری خستە سەرشانم و سکاڵای کرد
بۆ کاتێکی کەم نۆبەتداری زەویی لێوەربگرم
مانگ کە سەرت ئەوەندە گران و پڕ بینینە
ئەی بۆ لە دەموچاودا هەر لاوی و چورچولۆچت تێ نەکەوتووە
کەواتە فریودەر و نەوەی دووریانی
ئەشق لە کەسدا نادۆزیتەوە
واتکرد لە تەماشاکردنت دوودڵبین
ئەی ئاواز و گۆرانی کە مردم درەختێکی تێر ئاو و خۆری سێبەر سووك
لە خاکی گۆڕم پەروەردە بکەن
تا مانگ سەری گرانی لەسەر شانم لابدات و لە پەنایدا بحەسێتەوە

## ٩٩

زەوی کراسی قورئانی لەبەردایە
هەمووماں بڕوامان پێیهێناوە
بەردی سەرشانی سیزیفم وەرگرت
بە دارلاستیك هاوێشتمە باڵندەیەکی چەقاوەسوو
کە دەیویست لە داری کرمی دان بخوات
بەرد وێنەیەکی کۆکراوەی توانایە
شانی سیزیف خوێنی لێدەچۆڕێ
دەمارێکی چالاك ناهێڵێ بۆگەن بکات
توانا لە خوێندا دەسووتێت

## ١٠٠

کەسێکی پڕ تاسە دەستی بەقوڵفی گۆزەوەیە
چاوانیشی دەبریسکێنەوە
باڵی نەرمی کۆترەباریکە بۆنی هەڵووژەی گەییو بەرز و نزم دەکاتەوە
گوڵەشەوبۆش هەناسەکانی دەپێچێتەوە
دەیسپێرێتە کەمەری پەرژینێکی عاسێ
شەمشەمەکوێرەش بەدڵێك کە لە خڕپلەیەکی بەتاڵی ئاڵاندووە دەڵێت
ئەی گوڵەشەوبۆی دەستەخوشکم
بینینی هەتاو بەدبەختی دێنێ

# ١٠١

تووڕەبوونێکی توند بە ڕوخساری زەوییەوە دەرکەوتووە
چاوەڕوانی ویست و ڕێکەوت و بەخت ناکات
شوێنێکە بۆ گریان و خەستبوونەوەی تاریکی
مار لە گریانیدا دێتە سەر کلك و دەکەوێتە سەما
کراسیشی بە گڵۆپی ماڵەکانمان هەڵواسیوە
تووڕەبوون ڕوخساری زەویی بەردا
کێڵگە و بەرهەم بە بڕشت دەبن
ژنێك زانا لە بڕین و چنین و دروومان و نەخش هەڵکۆڵین لەسەر دەفر
کراسەکەی هێنا خوارەوە
لەسەر خشتێکی قوڕی دانا
خشتێکی تری لەسەر دانا
ئایا بۆ چینی دیوار بەکەڵك دێت
هیوا لە چینی دیوارەوە دێتە ماڵ
دیواربەندێك بەدەوری ڕەز و ئاوێنە و مێژوومان بەردی سێبوورییە
زەوی زەردەخەنەیەك دەکات
ڕەز و ئاوێنە و مێژوو وەریدەگرنەوە

## ١٠٢

لکوپۆپی درەخت پەناگەی چۆلەکەن
بێچووی چاوی بەشینایی ئاسمان هەڵدەهێنێ
دەگمەنترین چاو چاوی چۆلەکەیە
هەموو شتێکی ئاسمان ڕووخۆش و دەم بەمژدەن
بەڵام مانگ لە ناوەندی ئاسماندا لەنگەر ناگرێت
هەردەم لەلادا دەدرەوشێتەوە
کەو لەناو باڵندادا قاچ و دەنووکی سوورە
زەوی دڵی لە خوێن شکاوە
لە ئاویش دەپرسێت
ڕاوچی تۆڕی شوێنی مەند و گێژەنیان جیاوازە و میهرەبانانە نامرن

## ١٠٣

دەنکێ هەنار تکایە چاوی ئەسپ
مانگ لە ژوور سەری هەڵات
سواری سەر پشتی بەختیارە
خوناوی پرچی هەتاو گەمارۆی نادات
تەمەنی مانەوەی خۆی دەزانێت و بیری لێدەکاتەوە
خوناو نمە ئاوێکی هەڵەشەیە بەردەوام لە مانگی ژوور سەری دڵگرانە
حەز دەکەم پڕ بەدڵ ماچێك لە تریفەی ناو ئەو کانییە بکەم
کە لە بوون بەچاوی ژن ناترسێت
زەوی خوێنی هەموو دنیا دەخوات
خوداش نهێنیی پاراستووە
یەك شت لە ژێر ئاسماندا تازەیە
سادەیی ژیان و بریقەی چاوی باڵندەی سەر هێلکە

# ١٠٤

باران بێئەوەی بەناو ڕیشاڵی زەویدا بڕوات
مۆری لێوی بەسەر سینگ و ناوچەوانی جێهێشت و ڕۆیشت
پەنجەم چاوە بەدوای جۆگەلەکانی بن زەوی
لە چاوترووکانێکدا ڕێی دادەخرێ
لە چاوترووکانێکی دیکەدا هەزاران ڕێ دەستیان لە پێشدا ڕادێخن
جامێکی لێیە بۆ ئاوخواردنەوە
خاکی نێوان پەنجەکانم سەکۆی حەسانەوەن
گۆمی یادەوەری و خەیاڵمان پڕ دەبێت
قاز و مراوی نیازی هاتنیان هەیە
باران ئەی دۆستی باب و باپیرانم
هێدی بەسەرماندا تێپەڕە تاسەی نادیارمان دەڕژێتە سەرەتای جۆگەلەوە
ئەم دیمەنە ببینە
کەلووە ئێجگار بڵندەکان
ئیرەیی بە کەڵەکەداری حەوشەیەك دەبەن
کەڵەبابێکی لەسەر خەوتووە
دڵخۆشە لە بڕیاردان
یەکەم تیشکی بەیانی سڵاو لە قاز و مراویی ناو گۆم دەکات
لە شادی نزیك دەبنەوە
ڕووناکیی ئەم نزیکبوونەوەیەی ئاشکرا کرد

## ١٠٥

باران ئاوریشم تەڕ دەکات و خۆریش وشکی دەکاتەوە
بۆنی ئاوریشمی تازە وشکبووەوە
هەرچی هێڵی سوور هەیە دەیکات بە زەنگوڵەی ملی کەروێشك
لەرینەوەی باخەوباخ دووبارە دەبێتەوە
سەیر لەوەیە
لە مردن زۆر دەترسێم و ڕکیشم لێی نابێتەوە
ئاسمان بەس لە بەرزاییەوە شین نییە
مەرجیش نییە سبەی ژیان پڕ حیکمەت بکات
ئەمڕۆ بەسە
گیانی خۆی بۆم بەخت کرد
ئیدی سۆراغکردنم لە چی

## ١٠٦

من و شیعر گوڵێکین لە دەستی بادا
ئەدی ئەی یاری نهێنی
ئەو دەستە کێیە لە با وەرمان دەگرێت
ئەمسەر و ئەوسەری مەرگت بۆ دەکەم
ئەی ژیان و حیکمەتی بەرزبوونەوە تا لای شیعر کە دڵی لە هەرمێ ناچێت
ئەوسەر و ئەمسەری ژیانت بۆ دەکەم
ئەی مەرگ و حیکمەتی بەرزبوونەوە تا لای شیعر کە دڵی لە هەرمێ ناچێت
شیعر ئەی لای چەپی سینگی زەوی و ئاسمان
دوێنێ لە بۆنی شیعردا لەدایك بووم
دەمڕاستی بڕواپێکراوی زەویم

دێم و دەچم
دەبینم قەلەڕەش لەسەر قاوغی کیسەڵ وەستاوە
بە بەربڵاوی دەڕوانێت
دڵ و دەنووکی لە هەموو شوێنێك داناوە
چاوی بەد پیرۆزەی ناوچەوان دەشکێنێت
بۆنی هێلکەی کوڵاو و قەزوانی تەڕ دەدا لانکەکەم
سمۆرەیەك لەناو کێڵگەی پەتاتە و تووتنی بۆنداردا
دێت و دەست لە دەستنووسەکانم دەخشێنێ
بۆنیان لە ڕوومەتی دایکە حەوا و کیژەکانی دەدا و دوا کتێبم چاپدەکات
بەختەوەرییەکە بە نیگایەکی گەرم ژیاوە و کەس لێی ناپرسێتەوە
شیعر بۆنی چی دەدا
ئەدی بۆنی چی نادا
لە ڕووناکی تێدەپەڕم و دەچمە ناو بۆن لەو گەشە و خوێن وەردەگرم

## ١٠٧

ئەی هاوڕێی لە تاریکی دەستم بۆ دەستت درێژ کرد
دڕکەکانی ناو دەستتم هەڵکێشا
لە دێرزەمانەوە دڕك لەناو دەستدا نووکی تیژ دەبێت
بۆ ئەوەی تاریکی کلۆر بێت
پێویستە ئاگرێك جۆشدەین
لە کانە خەڵووزەکانەوە هێز و شکۆی بڕسکێ
بەناو جیوەی ئاوێنەدا بێت و بمانکات بە ڕووناکی
لە بێزاریی سێبەرە گوڵەبەڕۆژە ڕووی کردووەتە خۆر
ئەرێ خۆر دڵ نەرم دەکات یان سێبەر

دڵنەرمی بۆنی چی دەدا
خەیاڵ بەدواکەوتوو مەزانە
ناوی هەموو بۆنەکانت بۆ دەکاتە بەرزاییەك خۆتی لەسەردا ببینی

## ١٠٨

مادام دەزانی مردن هەیە
ئەدی بۆچی بەزیندوویی ئەوەندە هەڵەیە دەکەی
زەوی زۆر دەوڵەمەندە و بەخت پشتی تێنەکردووە
کە کانییەکی نەرم و کراوە چاو لە ئێمە دەگێڕێ
ئاشتیی دڵیش لەگەڵی لەدایك دەبێت و دەبێتە دایك
بوون بە دایك نامەیەکە خوداوەند پیتەکانی لێکداوە
نازانی بۆ کوێی بنێرێت
زەوی و کانی
خاوەنن و کۆیلە نین
گەیشتوون بە کرۆکی ئەشق
لە ئەشقدا سەما بەردەوام و گەرمە
وەك گەرمیی گیان دەمێنێتەوە
ڕستەیەکە لە شیعرێکی درێژ خۆی بە ئێمە دەناسێنێ
شیعر دڵی هەموو شتێکە و کەشتیی ئێمەی لەناو وەستاوە

## ١٠٩

بەتاڵیی کات هەناوی کەڵەبابی ڕێ ڕێ کردووە
تا جاڕسکردن دەنگی بەرز دەکاتەوە یان داو بۆ شەڕ دەنێتەوە
تەنیا بە هۆڕنی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن
دڵی وەك لۆچی ئۆکۆردیۆن دەکرێتەوە
کە لاشەی قوربانی دەگەیەنێت
قاز و قورینگ و مراویش بەسەر ئاودا دەگەڕێن
دانی خۆیان لە بازنی سەر ڕووی دەخۆن

## ١١٠

کە ئارەقە لە پێستی ئەسپ دەڕژێ
یەکەم دڵۆپی پەڵەیە بۆ سینگی خەواڵووی کێڵگە
بە ئەسپایی هەنگاونان بەرەو سەرەتابوونەوە
ڕێگایەکە بای لێ هەڵدەکات
بای دار ئاوس و بای وادە و بای چارۆکەی پاپۆڕ
مرۆڤ تاسەکانت تێکمەشکێنە
ئارەقەی دڵی تۆش دەڕژێ
لە خاڵێکدا کۆ دەبێتەوە
وێنەی تاسەکان بەویژدانێکی ئاسوودەوە لە چارۆگەی پاپۆڕ دەبەستێ
ڕووبار هاوارێکی لێهەڵدەستێ
ئێمە تێیدەگەین
لە نەوای دەنگی سەری گرانمان سووکدەبێت
بەدوای هێلکەی کیسەڵ دەگەڕێین

کە لەو دەوروبەرانەدا شاردوویانەتەوە
گەڕان هێز بە بۆنی خۆش دەدات
کاتێك هێلکەکان دەترووکێن دایکیان تایەکی سوور دەیگرێت
شەقی زەوی لە هەزار لاوە دەم دەداتەوە
تکەیەك ئارەقەی ئەسپی دەڕژێتە سەر
برین قەتماغە دەگرێت
بێچووە کیسەڵ لە زەوی دەردێن و لاڕێ نابن
دەم و دەستپاکن و نهێنی دەم و دەستپاکی لەبیر ناکەن
دەتوانین بەدوای سۆراغی هەموو شتێکیان بنێرین

## ١١١

ژیان کورتترە لەوەی من بیرم لێی کردبووەوە
بۆیە بەردەوام لە هەڵاتندام
تا سنوور دەمگەیەنێتە ماڵی پەرییان
گۆڕ نا
ژێر ڕەشماڵێکی چەپدەست
خوێن دیلێکی تاهەتایە
تا مردن لە لەشی مرۆڤێك دەمێنێتەوە
پەری چرایەکی لەسەر شانی مرۆڤ هەڵکردووە تا خوێنی بسووتێ
جەستە خاکێکە ترپەی دڵی ئەستێرە نەرم و گەرمی کردووە
سۆز لە بەروبوومی خۆیدا پەروەردە دەکات
ناوچەوانی سۆز لۆچی تێدا نییە
هەموو شتێکیش لە ناوچەوان دەمێنێتەوە
لەناو هێزی مانەوەدا

بیر لە کورتیی ژیان دەکەمەوە
سۆز پێی لەسەر ڕق دانانێ
بەدڵی خۆی دەڕوا و هەڵناترووشکێ
هەقیقەت شوێنپێی دەکاتە کەناری لەنگەری کەشتیی نووح
سیمرخ بە چارۆگەی کەشتی دەنیشتەوە
گیانی سروشت لە پەڕی سیمرخ ڕژا
سیمرخیش سێوێکی پڕ بەدەستی لە ئاو دەرهێنا بۆ کرمی نەبوون
ژیان ماڵئاوا لەگەڵم میهرەبان نەبووی

## ١١٢

میوە لە باخچەی پڕ مەترسی پێناگات
دیوارێکی سەهۆڵینی ناقۆڵا بە دەموچاوی شەممەی خوێناویی دادەدەم
لە شەممەدا باوکم فاتەڕەشەی ئەستوور بوو
لە شەممەدا دایك فەرشەی شکا
لە شەممەدا دوو برازام بەردی بن پێیان خزی
لە شەممەدا خوشکەزایەکم لەگەڵ ئاودا شەڕی ڕاگەیاند و شکا
لە شەممەدا یەکەم پایسکیلم دزرا
لە شەممەدا دەرزییان دا گوجیلەکەم و لە نزیك شوێنی تۆپانێم ناشتم
لە شەممەدا بەردی خەتخەتانێی کیژانی دەربەندی گۆمم فڕاند و هاوێشتمە تیترواسك
شەممە جۆرێکە لە تەنیاکردن و دوورییەکە بۆمن ماوەتەوە
دڵ لە پەنات دەوەستم و فریشتەکان لەسەر شانم دەهێنمە خوارەوە و دەپرسم
ئەو هەڵبەز و دابەزە چییە
فیل ئاژەڵێکی خاو و خلیچك و حۆلە
ڕووەکی دڕکاوی دەخوات
لە شەممەدا ڕۆشتن بە ڕێگایەکی کۆچەر و نیشتەجێبوون لە جەستەیەکی تواوە

# ١١٣

دەرگا و پەنجەرەی ماڵم کردەوە
پەپوولەی هەزار و یەك باڵ نەچوونە دەرەوە
بەدەست نەفڕینیانەوە گیرم خواردووە
دەستنووسەکانم وژەیان دەهات
لە ژێر پێیانەوە دەفڕین
ناوچەوانی خوداوەندیان جوان بینی
ئاگری خۆشدەکرد
بۆ خواردن ئامادەکردن و ڕەنگگرتنەوە بۆ دروستکردنی بەڕ و بەرماڵ
ئێمەش ڕاز و گلەییی چاوی یەکدی دەبینین
داوای خۆشمان لە ئاگر دەکەین
لە ڕووداوی فڕین و نەفڕینەوە هیچم لە بیر نەماوە
تەنیا وێنەیەك نەبێت بە منداڵی لە پەڕۆی سەر ماست کێشابووم
باڵی پەپوولەیەك بوو
کۆمەڵێك کار و بەرخ لە سێبەریدا
بیر لەوە دەکەنەوە مێژووی جەنگ لەسەر پەڕۆی ماست بخوێننەوە
جەنگ کاتی نییە لەگەڵ جەنگاوەران بدوێ و بۆشاییی پڕ ناکاتەوە
نزایەك بۆ ئازارەکانی ڕوخساری زەوی
خۆر دەمامکی زەوییە
قەت لە ڕوخساری داناماڵم

## ١١٤

له زستانێکی تەڕوتووشدا
لافاوێکی هار کتێبخانەی کۆنی شاری برد
کوڕە بچووکەکەی من سەرپەرشتیی دەکرد
کە شەو دادێت ئاو خانم و جوامێر دەردەکەوێت
کوڕەکەم سواری کەشتییەك دەبێت
خاڵ لەسەر پیتی کتێبە ژێرئاوکەوتووەکان دادەنێ
هیچ نیشانەیەك بە ناوچەوانی کتێبخانەکەوە نەبوو
ئەم ڕووداوە خەون نییە و لە باخچەی لێکدانەوەدا دەچێتە قۆزاخەی خەونەوە
بەڵام کلیلە ئاڵتوونییەکەیمان دۆزییەوە
ئومێد و ئاسوودەیی خستە کلاوێکی ئەفسانەیی و سەر دەسوڕمێنێ
باڵندە لە نیشتنەوە ئازاری کۆدەکاتەوە
لە فڕینیدا دەیشارێتەوە
ئەی ئەفسوونی کلیل دۆزینەوە
ترسێك لەسەر لێوی بەباری زەوی نیشتووە

## ١١٥

تکایە ئەم گوڵە لەناو گوڵداندا بگوازەرەوە
کاتێك بەیانی پێڵووی خەواڵووی ڕادەوەشێنێ و چاوی دەکاتەوە
بە ناچاری دەبێت بە خەوتووی ژوورەکە بڵێت ڕۆژباش
پێی بکەرەوە و بەختی بدەرێ
بچێتەوە ماڵێ گەرموگوڕی و خۆشی ڕۆچێتە دڵیەوە
تەزووی ساردی جەستەی بەردەدا و پەیوەندیی لەگەڵ مردن دەپچڕێنێت

باخچە بێ هیوای ناکات
دەم و ئەوینێك دەیدوێنێ ئەوپەڕی ژیانە
دوو چاو لە گوڵداندا ماونەتەوە
لە یادگاری بە ئومێدن و تەماشای باڵندەی هەڵفڕیو دەکەن
بەختیاری بۆتۆ باڵندەی ڕزگاربوو لە زللە و ڕوومەتی زەوی

## ١١٦

باڵندە
ئاژەڵ
خشۆك
دوور لە شار چاوەکانیان زۆر خەمگینن
ئەڤیندار و ڕێبواری هەموو ڕێگا
هەوراز و لێژ و تەختاییەکان کە دێنەوە ناوشار
ڕێگا سەرگەردان نییە
هەمیشە بێدارە و چاوەکانی داناخات بۆ بەیەکگەیشتن و یەکترناسین
بۆنی بای پاراوی ناو کێڵگەی گوڵەبەڕۆژە ڕادەسپێرێت بێت
خاوەنداری ئەو دڵانە بکات کە خێرا لێدەدەن
ڕێگا لە قووڵاییی ئاسمانیشەوە دێت
پیت لە زاریەوە دەڕژێت و خۆ لێکدەدەن
چاوە زۆر خەمگینەکان بەخێربێن
بە پەنجەتان کونێك لە گوێی زەمین بکەن
ترپەی لێدانی دڵ ببیستێ
لە کاتی بیستنیدا ناوت دەهێنم ئەی زەمین
مانگ لە ناخی مندا
بۆ دیتەنیت هەڵدێ و دەگاتە جێ

## ١١٧

ئەرێ ڕوخساری زەوی بۆ چورچولۆچی تێناکەوێت
ڕوخساری مرۆڤیش لە دڵ لەدڵدانێکدا
جوانی بەردەبێتەوە ناو هەویرێکی ترشاو
ناشتوانێت بەسەریدا بنووشتێتەوە
مەکینەی قەراغ شەقام بزماری پێڵاوی دەردەکێشێت
ئەوکات ڕۆیشتن ڕەنگ و نزای نامێنێ
لەسەر کورسییەکی چەرمینی قاوەیی دادەنیشێت
لە تاسەکانی حاڵییە
بۆنی نەشونمای کێڵگەی بۆ دێت
سەرڕێژە لە بەهرەی بوون و گەیشتن بە سرووش و ژیان

# ١١٨

بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ

بۆ

بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ

ئەستێرە ئەگەر بە ڕۆژ بە ئاسمانەوە بووایە

خۆر گەرمی دەکردەوە

## ١١٩

بۆ

بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ بۆ

بۆ بۆ

بۆ

خۆر ئەگەر بە شەو بە ئاسمانەوە بووایە

مانگ دڵنەوایی دەکرد

## ١٢٠

بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ
بۆ
زەوی لە هیچ شتێك بێبەش نییە
بەهارێکی خوێنگەرم هێز و مێژوو و چارەنووسیەتی
خەمیش لە دڵدا ناهێڵێتەوە
بۆ بەخێرهاتنی کلکبڕی شەیتان
دەمودوو شیرینە و لە باوەشیدا ئەنگوستیلەی مراز دەدۆزرێتەوە
هەموو خەڵك لەسەر یەك ڕێگا یەکتری دەبینن

## ١٢١

بۆ
بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
یەکەم جارە دێمە ئەو شارەوە

پەرژین و ڕەز و باخی تۆمار دەکەم
سەری بەر بۆنی سارد کەوتووم لەسەر دەرگای گەورەی دادەنێم
ئاواتەخوازم کتوپڕ خەوێك بێت و هەڵنەستمەوە
فریشتە خانمی بەهەشتە
باڵندە بە هەزار باڵ بەرەو ئەو شوێنە دێن
دەنگێکی خودایی لە گەروویانەوە دەردێت
هەنگوین لە گۆزەدا دەڕژێ
چەند کپ و خامۆشە ئەو شارەی یەکەم جارە دەچمە ناوی

## ١٢٢

خونچەیەك لە حەسرەت مۆسیقادا دەمی نەکردەوە و بێ ئومێد بوو
دەنگی جۆگەلە هات
بەدوای دەنگی جۆگەلەیەکی ڕێگا بزرکردوو شۆڕ بووەوە ناو زەوی
من لە پێڵووی نەرمی ئەو کڵوە بەفرەدا دەمێنمەوە
کە بەسەر لکی درەختێکەوە ماوەتەوە
چاودێریی ئەوە دەکەم
کێ لەسەر زەمین کۆچدەکات و کێ دەمێنێتەوە و کێش گریێ دوودڵی دەکاتەوە
باڵندەی ناو قەفەس وریا بوونەوە
دوو پیاوی کەتەی بولبولی چل ئاواز لەسەر شان
لە گوێی گادا گەشت دەکەن
یاداشتیشیان نابێتە دڵخۆشی بینینی باران
ناشتوانن لێرە بڕۆن و بچنە ناو خەون و شکۆ و ستایشەوە

## ١٢٣

دڵی زەوی بە بێدەنگی لێدەدات و خەیاڵ بەرجەستە دەکات
بەبێ باران چی بەسەر ئێمەدا دێت
باران ئەو ژنە دڵنەرمەیە
دەست و پەنجەی ئاگری سۆبە خۆش دەکات و حیکمەتی خودایی دەخاتە گۆزەوە
لە نزیك ئەو کانی و ئاوەوە
دارکونکەرەیەك تەقە تەق لە درەختێکەوە دەهێنێ
زەوییەوانیش لە نێوان تەقە و تەقەیەکدا
بیر لە سوانی بنی پێی ئەسپ و کیسەڵ دەکاتەوە
مار خۆزگە دەخوازێت هەزار و یەك پێی هەبووایە
خۆشڕۆتر دەبوو
دڵی زەوی منداڵێکی تێروپڕە
دەیەوێ یاریمان لەگەڵدا بکات
بێ دڵ لەدڵدان دێتە دەرێ
شوێنی یاری هەورەتریشخەی بەرناکەوێت

## ١٢٤

ئارد زەنگی لێدا
ماری دووکەڵبە
خەریکی قەڵەشکردنی بەردەئاشە
هەموو ڕازەکانی ژیان لە ڕوومەتی سوور و سپیی بەردەئاش ئاشکرا دەبن
نانی خوداوەندان دەبرژێ
بوونەوەرە نەمرەکان بەو ڕێگایەدا تێدەپەڕن

## ١٢٥

مانگ درەنگ گەیشتە سەر زەوی
خوێدان و شەکر لەسەر خوانن
دەوری خوانیش بە وێنەی کۆمەڵێك داری بە بەر چندراوە
ماڵی لە بەڵا دوور لەناو یەکتردا دەژین
دەستی گەورە و دەستی بچووك پاتری کاتژمێری دەگۆڕن
ئێستا ئاوا دەست پێدەکات چیتر خۆر وزەی ڕووەك نییە

## ١٢٦

لاچۆ و لادە لا با لە دەرگای پاراودا بچمە ژووری
بیرکردنەوە لە پەرییە یەك تەمەنەکانی بەهەشت
خەو و خۆراکی لێستاندووم
جیهان و ڕووداوێك
ڕووبارێك بە بەر باخچەی گشتیی شار تێدەپەڕێ و دەناڵێنێ
دڵی ڕووەکەکانی قەراغ ئاو بەهێزە
مەلەوان خانەکانی لەشی ڕووەك دەگوازێتەوە ناو لەشی ماسی
ژیان بێ ویست و نەویست نییە
ڕۆشناییەکی پڕاوپڕە ماڵی پەپوولەی ڕووناکیدەر
دوو مەمکی نوستووی دایە مریەم ئارامییەکی بە هیوان
کراسی بوڕکان لەبەر زەوی دادەماڵن

## ١٢٧

گیا ڕسکاوی نهێنی باڵا و ئاگری نادیاره
سڵاو له دڵەوه وەردەگرێتەوه
ڕێگا دەدا بەسەریدا بڕۆین
ڕەنگه ئەمه ئەفسوونێك بێت له دڵی زەوییەوه ڕژابێ
زەوی وەك ڕێز و شكۆ دەقیقەیەك بۆ مانگی له چوارده ڕاست ڕادەوەستێت
حەكایەتخوان لەسەر گردێكی به كانی و ئاو دانیشتووه
بۆ نهێنی باڵا و ئاگری نادیاری گیا و زەوی و مانگ سەری ڕێز و شكۆمەندی ڕادەوەشێنێ
ئەو هەبوو نەبووەی لەناو چاڵدا له بیرمانكرد
حەكایەتی گوناحكار و باڵنده كوشتن نییه

## ١٢٨

خودا زەویی ئافراند
دەنگی دا به سروشت و گیانلەبەر
دوای ئافراندنی
دڵی خێراتر لێیدا
قووڵ له مرۆڤ ورد بووەوه
له نێوان ئافراندن و دەنگدا
زوو دەیمرێنێ و بەسەر بریندا دەیپەڕێنێتەوه
پاشان له سزا و ناز و بەخششی خۆیدا دەیژێنێ
مەدالیا و كامێرا و ڕۆژژمێر لەگەڵ ئاوی كانی بەراوردمبكەن
پێش ئەوەی بگاته دەریا

چرایماڵئاواییم هەڵکردووە
دە بەڕێم بکە
حەوشە و بانی ماڵم لەسەر پێستی خوداوەند بەرزبوونەتەوە
سێبەر و هەتاو بە ئەسپایی پێ لە دەروازەی دادەنێن

## ١٢٩

بەدڵێکی پڕ و ئاسوودەوە بەناو تاریکاییی کێو تێپەڕی
کێو بەرگریکەر و هێرشبەرە
جیهانیش لێوی وشکە
گوێی سووك و مەست بە لەرینەوەی ئاواز لە خەو هەستێ
بە ئارەزوویەکی زۆرەوە دەست بۆ کەمانچە دەبات
لە هۆڵی تاجداری گۆرانی و مۆسیقادا
سەرم بە سینگی درەختێکەوە کردووە
تا خۆم حەز دەکەم لە خەو هەڵممەستێنە
ئەی کازیوەی ناو باخچە فراوانەکان
منداڵێك لە درەختەکەوە نزیکدەبێتەوە
پەپوولەی بەسەر شانەوەیە
لە ڕەنگاوڕەنگیی پەپوولە بێزارە و ترسێك ماندووی کردووە
نازانێت پەپوولە بەسەرشانی دەمێنێتەوە
یان بەهۆی شانییەوە دەچنە ناو لکوپۆپی درەختەکەوە
ئەوکات دەبێت یارییەکە دەستپێبکاتەوە
خەمیش لە کۆتاییی گەردوون بخوات

## ١٣٠

ئەی وریایی دڵم مانگ
تا دەگەم بە دیداری باڵندەی ئاو لە باڵ چۆڕاو هاوڕێم بە
باڵندەی ئاو لە باڵ چۆڕاو خۆشبەختی سروشتە و بوومەلەرزە ڕادەگرێت
دەست لەسەر دڵ و ناوچەوانم دادەنێم
مەشخەڵی ناوچەوانی بەهرەبەخشم پێدەگات
ئەی وریاییی دڵ مەرگ ماری لە شەڕە و هارە
نواڵە جوانوویەکی چەمووشبوو
پێش بیست و چوار ساڵ سرتەیەکی کرد
سبەینێ دەچینە ڕاو و سروە دەبەینە ناو سندووقی پاشەکەوتی تەلەفۆنی سەر شەقام
ڕاو لە خوێنمدا بادەی هەنگوینییە
چەندان چڵی بە میوە و باڵندە و سێبەرم دەداتێ
نوێژی ڕۆژەکانی لەبەردا بکەم
هەزار خۆرەتاو نهێنیی نوێژە و لە نوێژدا ناوچەوانم لە زەوی دەدەم
نوێژ سادە و قووڵ شێوەی ڕووناکیی دەستێکی لە شەوی هەولێردا هەیە
ئەستێرە بە پرچییەوەیە
مانگ لە سینگی نواڵەدا پڕبوو

## ١٣١

منداڵێکی بەسینگییەوە گرتبوو
پێیەکانی لەناو باخچە هەڵدەگرت و دادەنا
کە سێبەری دەکەوتە سەر گوڵ
گوڵ وەك ڕەگی ڕابکێشریێتە ناو شارە مێروولە
لەرەی لێو و هەیدادی بوو
کێ لەناو هێڵ و هێما و هەوای پڕ هەتاو و سێبەری سواراندا
بە دەنگی خودایی دەنگی بۆردوومان ڕادەگریێت
ئەگەر لە مەرگی دەستفرۆشێکدا هەزار و یەك ئاوازی پێنەبێت بۆ لاوانەوە و دڵڕاگرتن
پیاوی بێزراو بە منداڵی گەزەی لە مەمکی دایکی داوە

## ١٣٢

زەوی دوای دروستبوونی لە کەسی نەپرسی ڕابەر و بەڕێوەبەرم کێیە
گیانی زەوی بە زەینێکی پاراوەوە هەڵدەبژێرێت
کێ بێتە ناو چاوی و گلێنەی خۆی نیشان بدات
لەناو بلووری چرای دانێت

## ١٣٣

قەت لە بەرزاییەوە تەماشای خوارەوەم نەکردووە
لە خوارەوە وەك ڕەنجی دڵ لە بەرزاییم ڕوانیوە
هەردوو دەستم بۆ دروستبوون و ڕاگرتنی دوو قۆزاخە بەرز کردووەتەوە
قۆزاخە دز و جامبازی قوڕگ نووساو و چڵێسی تێدا نییە
ئەی قۆزاخە خوێنی لەشی مردوو خورپەی تەماشاکردن و ڕازی ژیان نازانێت

## ١٣٤

کێڵگەی گوڵەبەڕۆژە لە ڕوخساری ئاگراویتدا تریفە ستایشی سەرچاوەی دەکات
نازی جیوە جیوی بەچکە پەڕەسێلکە بۆ تۆ ئەی سەرچاوە
ڕۆژ گوڵەبەڕۆژە میهرەبانە و بزەی ناشکێ
شەویش مانگ وەرگری ئازارەکانە و پێ بە پێ دادەبەزێتە لامان
بەدرەوشاوەیی هات
بۆ ڕانەکردن لە ڕوخسارەکان لەدایك بووە مانگ
لە شوێنێکدا دەسووڕێتەوە
خەڵکەکەی سێوی یەکتری بخۆن و بۆ سەردانی یەکتر دەست بە ئەستێرەوە بگرن و بێن
پاشان کڵاوی لاری بەڕوو ڕاستبکەنەوە

## ١٣٥

مرۆڤ تیشکی پەرت و بڵاو و ڕوخساریداوە لە زەوی
توێکڵی هەنار بەدەوری خۆیدا فڕێدەدات
سەرزەمین بەدەستی نامەردانەوە چ زوو بێ ڕەنگ بوو
درەختی بەروبووم و سێبەر چ زوو بەدەستی نامەردانەوە ڕەگی لەقا
شوێنێکی زۆری خۆشکراو بەتاڵە
سوارچاکی ئاوێنەی شینی ئاو بەدەستەوەگرتوو دروودی تێدا بجووڵێنێتەوە
بەهرە و هێز
ڕەنگ و ڕەگ
وێنەکێشان و خۆشنووسی
دەستی پیسیی کۆکەرەوە و چاوی بژاردن

بدەنەوە باخی ڕووی مرۆڤ
بەدڵی پڕ بدرەوشێتەوە
دڵی پڕ وەك شاری لە ڕووبار نزیك وایە
کاتیش دوا بکەویٚ لە نامۆیی ناپرسێت
ڕکابەرایەتیشی لەگەڵ کەسدا نییە
هاوارێکە لە سینگی بەرخێکەوە هاتووەتە دەریٚ
هاوناوەکانی هیچیان بەم هاوارەیان نەدەزانی
نامەردانی سەرزەمین لە کوێوە بۆ کویٚ ناچن
ڕیٚ بەرەو کویٚ چوو

## ١٣٦

کات دڵی شین و مۆر بووە
ڕابردوو بنوو
داهاتوو تۆش
تا ئێستا بەتیژی ڕەت دەبێت
بەرانبەرتان لەسەر باڵی پەیکەرێك دەوەستم
تیرێك دەوەشێنم
هەرسێکیان دەستیان ڕاگرتووە
بۆ نزا نا
بۆ ئەوەی ئێمە شتەکانی خۆمانی لەسەر هەڵگرین
بەدڵ شتەکانی خۆمان هەڵگرین
مانگ وەك پشتوپەنا لەگەڵماندا دەوەستێت و گەش دەسووتێت
هەموو فرتوفێڵەکانی کات ئاشکرا دەبن
بازیش نەوی دەبێتەوە
دێت لەسەر پەیکەری خۆی دەنیشێتەوە
لە شکۆی مردنی خۆی بەهرەمەند دەبێت

## ١٣٧

هەوڵدەدەم بەروبووم و سێبەری ئەو درەختەم بیر بکەوێتەوە
کە لە باپیرانمەوە بەجێماوە
بە بەهرەی خەونێکەوە بەیانییان لە خەو هەڵدەستم
دەست لەسەر دڵم دادەنێم
بەخوێنی ئاگری مەترسیدار دەکوژێنمەوە
قۆرییە تۆقکراو و سینیی پیاڵان لە ئاگری سۆبە نزیك دەکەمەوە
پەنجەرە دەمەبۆڵەیەتی
بۆنی ژوورەوە و بۆنی باخچەی بۆ تێکەڵ ناکرێت
کاکڵە گوێزی سەر خوان و گوێزی بە لکەوەی ناو حەوشە و بان
لە بەراورددا بۆیان دەرکەوت ژیان لە مەترسیدایە
لە داربوونەوە باجی نەویستن و بێهوودەییی ژیان نییە

## ١٣٨

جابولقا لەسەر قۆچی گای چاو سوورەوە ڕێگای بۆ نەهاتووە
لە شەرمێکی گەرمدا لەناو فنجانی جادووبازێك دامەزرا
باڵی باز هێدی هێدی بەرزی کردەوە
تا زەمین بووە چاو و هەمووماني دیت و ناسی
گەرمی بە پێ و دەست و باڵ بەخشی
لەسەر پشتی گا هاتمە خوارەوە
دڵم بە باڵی بازێکەوە بەست
برادەران ئەی پەڕ و باڵم
دار چوالەی شەرم لە دڵ دەزانێت باران لە کاتی نمە و ڕێژنەیدا چۆنی بیرکردووەتەوە

## ١٣٩

سامانی سروشت چێشتی خودایە
بۆ ئادەمیزاد و ئاژەڵ و پەلەوەر و زیندەوەری لێناوە
ئەمڕۆ لە حەکایەتی شارێکدا لە وێنەی گۆڕێك وردبوومەوە
لە چ دەرگایەکەوە بێمە ناوت
کە شوێن هەمووی دەرگای تۆیە
دەرگا لەگەڵمدا نەرمی نانوێنێت
لە سەربانی ماڵی باپیرانم نوستووم
ئەستێرە و مانگ کوڕ و کیژی منن
بە ئەسپسواری دەچنە سەردانی شارە مێروولەی ناو مۆزەخانە و شوێنەواری دێرین
پەیامی چیتان پێیە
چاوی هەڵۆی تووڕە زوو کوێر دەبێت
ئەوانەی چوون
دەنگیان هاتەوە و ڕەنگیان لەگەڵ باران چووەوە ناو هەموو شوێنێك
بای بەگوڕ و گەرمی هاوین تامی چێشت دەگۆڕێت

## ١٤٠

لە دەرەوەی پەنجەرەوە گۆڕەپانێکی پڕ بەروبووم دەبینم
بیر لە ڕەنج و ژیان و چاوی ڕاو دەکاتەوە
ڕووناکی لە ژوورەکەمدا گەڕا
چاوی بەچکە پشیلە پشکووت
بەڵام هێلکەی مریشکەکانی ماڵی نەخوارد
دەستم لەسەر دڵمە

چاو خێرا خێرا دەترووکێ
وا خەریکە ڕووداوێکی گرینگ دەبێتە مێژوو
پەنجەرە خەڵکەکەی بەناو خۆیدا تێدەپەڕێنێت بچنە ناو مێژوو
بەهەشت یەك دوو مەتر لە پەنجەرەوە دوورە
دەنگی باران نزم دێتە گوێ
دەنگی بەرز نیاز خراپە
ئەو ناوە دەباتە کەناری چارەڕەشییەوە
بکەوم کەس شوێنم ناگرێتەوە
لە سێبەری درەختی باویدا
ئارەزووی خواردن و خواردنەوە ناکەم
سێبەری درەختی ئاسوودەیی و دووعای یەکتردۆزینەوە چاو و دڵتان ڕوون
نانم گەرمە و ئاوم سارد
خاچی مەسیح و پاچی فەرهاد
جوانترین کەلوپەلی گۆڕەپانی ئاگربازین
ئەی ئاگرباز لە دەرەوەی پەنجەرەوە گۆڕەپانێکی پڕ بەروبووم
بەدڵنیاییەکی زۆرەوە بانگماندەکات
دەنگتان گەرمە و ڕووخۆشی بخوورن
وەرنە ئاهەنگ و ژوان و ڕووەك چاندن دوا مەکەون
لەبارەی مۆمی جەژنی سەری ساڵەوە دەدوێین
ئاگری دیدار دەسووتێت
گەرم گەرمە وەك لمی داخی نۆك برژاندنی شەوانی زستانی خێزانێکی بەختەوەر

## ١٤١

ئێوارەیەکی نە ساردە نە گەرم
گلێنەی چاوم لە سپێنەیدا ئاوازی هەڵاتنی مانگ
لە سەرەتای ئێوارەوە بۆ دوا بەشی شەو دەپەڕێنێتەوە
دەنگ لە دوور و نزیکەوە دێت
دەربڕینەکانی دەموچاو شێوازی دڵن
تەماشایانکەیت وەك گوڵی خومار چاویان دەکەنەوە و ساکارانە دەدوێن
حیکمەتی ساکاریی چییە ئەی دڵ
دنیا تەنیا بەخۆر ڕووناك نابێتەوە
دڵ وزەیەکی سەیری تێدایە بۆ ڕوونبوونەوەی
دەنگی زەنگوڵەی ئەسپی پێشوازی و کرانەوەی چاوی بەچکە کەروێشك
خوێنی ڕووناکی ڕاوکەری شەیتان لە دەموچاوی هەموو بوونەوەرەکانی خودا پلدەدا
خوداش سێبەری لە زەویدا نییە
لەناو دڵ و چاوی بوونەوەرەکاندا درێژ دەبێتەوە
دەبێتە چەتری ڕوون و سندووقی بەخت

## ١٤٢

باڵندەیەك هۆگر بە سینیی دانەوێڵە بژارکردنمان بووە
دانەوێڵە بژارکراوەکان دەخوات
باڵ لێکدەدا
قاچی بەرز و نزم لە زەوی دادەنێ
دەنووکی ڕووەو ئاسمان دەکاتەوە
ناز بەملاو ئەولادا هەڵدەدا
ناشزانم چۆن بیر دەکاتەوە

چوومە بن باڵەکانی و بەگەرمایی خوێنی نوستم
بیرکردنەوە لە چۆنیەتیی بیرکردنەوەت
خەوی لە چاو سارد کردوومەتەوە
سینیی دانەوێڵە بژارکردنم هێنایەوە ناو خێزان
بڕوا بەوە دەهێنم چرا لە ئەستێرە گەورەترە
ئەڵماس بڕوای هێنا دوای مردن هیچ درەوشانەوەیەك نییە
سینیی دانەوێڵە بژارکردن
لێواری ئاوێنەیە و یادەوەریی ماندووە
بەردەوامیش گلێنەی دەفڕێت
ئاخاوتن لەگەڵ خاڵخاڵۆکە فەرامۆشی چاوفڕینە

## ١٤٣

لە ماوەیەکی کەمدا ناتواندرێت ژیان و مەرگ ببینی
دیۆجامەش تابلۆیە
لە تەنیشت ڕووبارێکی بێ پێچی وەك شیری تازە هەوێنکراو خەوتوو
بنەماڵەیەك لە سەیران و وەرگرتنی چێژی تەواودان
ماسی لە ئاودا خۆی نقووم کرد
لە لەخۆباییبوونێکی بێ ئەندازەدا
کلکی هەڵدەبڕی و هێڵی دەکێشا و گازیدەگرت
لە دووریی یەك دوو مەترێکیش لەسەر ڕەژوو گۆشتیان دەفرۆشرا
کفەکف و قرچەقرچی برژان ئاهی حەز لە ژیانبوونە دەدرکێندرێن
بە چاویلکەیەکی هەتاوییەوە لە کەنار وەستاوە
هەر بەو شێوە نەرمونیانە دەبێت قسەکانمان لەگەڵ ژیان و مردندا بکەین
باڵندەیەکی بە تەمەن بە باڵی بای ڕژاندە ئەم ناوەوە
ئاهەکان بەگۆرانی دەڵێ

## ١٤٤

دوور و تەنیام بەهێیەکم کردووە بە دوو کەرتەوە
کەرتێکی ماڵ
کەرتێکی شار
هەتا ئێستاش لە کەرتی ماڵ دەخۆم و تەواو نەبووە
چاوم ڕۆشنتر بکەوە دەچمە ناو پەڕەکانی تاووسەوە
کەرتی شار نایەتە ناو دەستەوە
قەل لە نزیکییەوەیە و دەیەوێت دەنووکی لەناو تەڕ بکات
پاشان لەسەر قوڵفی گۆزەی شەراب
پشوو بدات و خەیاڵی بەدەوروبەردا بسووڕێنێت
پیلان بۆ شێواندنی پەلکەزێڕینە دابنێت و گیا بشکێنێتەوە
سێبەری قەل خۆری نایەتە ناو
پەری لە سێبەردا نین
ناوی نهێنیی سەرپەرشتیاری ماڵ پەرییە
ناوی نهێنیی پەریش گوڵی خۆییە
بەهێیەکم بە دەستەوەیە چاوم دادەخەم و دەیهاوێمە ناو ڕووبارێکی بێگەردەوە
کێ بەمن دەچێت
بیگرێتەوە بۆ تاهەتایە لە کەرتی ماڵ دەخوات
ئەی شاعیری ناو پەڕەکانی تاووس
ماڵ هەر دوو لاڕوومەتی دەموچاوێکی خوداییە
گوێ لە لرفەی گای سەربڕاو گران دەکەن

## ١٤٥

نازی چاو هێشووە ترێیەکی پڕ و مەستە
ڕژایە ناو ئەو کووپەیەی لەسەر سێپای منداڵی و گەنجی و پیری وەستاوە
کزەی جەرگ و بەیاد ژیان
بینینی لە نێوان زەوی و ئاسمان ڕاگرتووە
بینین هەڵدەچێت و دادەکەوێت
چۆکی دەدایە سەر زەوی و دەستی خانەدانی ماچکرد
هاواری کرد تکایە دایك و باوکم مەکوژن
ئەو هاوارەیە درێژ بووەتەوە
ئێمەش بەناویدا تێدەپەڕین
لەرزینێك لە گەروودا ماوە
خەنجەری مشتوو خوێناوێش چاوی گەورەیە

## ١٤٦

ئەو وشە داستانییانە چین لە باڵتەوە دەڕژێن
ئەی باڵندەی خێرا فڕیوی ناو ئەفسانە پاشاییەکان
ئەڵماس نابریسکێتەوە
چ گلێنەیەکە لەناو چاویدا ڕسکاوە
جاڵجاڵۆکە تەونی بەدەوریدا چنی
پاشان بە سەرنجێکی قووڵەوە تەماشای کرد و ڕۆیشت
باڵندە یادەوەرییەکی بەهێزی لە چنینی موورووی شاڵی پاشاژنی پاژنە بە خەنە هەیە
موورووی شاڵی پاشاژنیش دەزانێت
باڵندە لەبەرچی تاسەیەکە لە ئازار و چ گلێنەیەك لە چاویدا ڕسکاوە

# ١٤٧

مەسیح لە سووڕانەوەی بە دەوری زەویدا خوڵقا
لە بەهرەی ناوچەوانی شاعیرێکی خودایی
سووڕی ژیانی تەواو کرد و خاکی حەڵاڵزادە وەریگرت
هاتە ناو خوێنی زیوان و فێرە لێبووردەیی بوو
یەکەم ژەم خواردنی لە خوانی مندا خوارد
لێوی بەزمان سڕییەوە و ڕوخساری بە یادگاری درەوشایەوە
خوێدانێکی وەك پەند و حیکمەت و باوەڕ کردە دیاریم
دەستی لەسەر دڵم دانا
دڵێکی خۆڕسك و شیرپاکە تاسە لە زەوی دەچنێتەوە
لە شەقامەکان دوور بکەرەوە
بەسەر شۆستەدا بڕۆ و سڵاو بکە و دڵ بگێڕە
تەمەنی جوامێریت لە سووڕانەوە بەدەوری زەویدا درێژ دەبێتەوە
لە پێناو ئاسوودەیی گژوگیا بڕواداربە
وێنەی دارشکێنێکی سروشتخواز لە ئەلبوومت چاو هەڵدەهێنێ و هەمووومان دەبینێ
هەتاوی نیوەڕۆی بەهار هەقیقەت نییە
گۆرانی ناڵێ و نانووسێت
لە ئاخاوتن لەگەڵ تەمدا زاووزێ دەکات و دەفتەری ژیانی لەسەر دووگوردی نوێژدا لە بیرچووە
لە ئاوڕدانەوەیەکیدا چاوی ڕژا
ئێستا لە هەموو کاتێك خێراتر لە پردەکان دەپەڕێتەوە

## ١٤٨

گەنجینەی نادیار مێژووی بۆ چاخی جوانی دەگەڕێتەوە
چاخی جوانی واتە کە گورگ زانی کون بۆ خۆی لێبدات
مەمکی بۆ بێچووەکانی داگیرسێنێت
مەمك بەڕاستی مەشخەڵە
چوارچێوەی وێنەی پیاوی ئەدەب و جەنگ مەرجانە
چاوی لەسەر هەموو شت هەڵگرت
گیانی داماوی لەناو چوارچێوەی مەرجان
سەرقاڵی ئەوەیە چ ڕێگایەك مشتوماڵ بکات
گەنجینەی نادیاری لێهەڵگرێتەوە
ڕێگاش دوژمنداری دەکات
گەنجینەی نادیار لەناو خۆتدا جێمبهێڵە
دەتوانم بژیم و زەوی بۆ بۆنخۆشبوون ئاوڕشێن بکەم

## ١٤٩

لە بەرزاییی گوندەکانەوە دارستانی گەورە و بە ئاخاوتن
فریشتەی خومار مووتوربە دەبەستێ و جۆگەیان پاکدەکاتەوە
چاو پڕ دەبێت لە بۆنی خۆشی و دەڕژێتە سەر کتێبی پەیامبەرە ماندووەکانەوە
گوێ هەڵخستنێکی دوور و درێژ و هەست ڕاگرتن
دڵی پڕ لە ڕووناکیم تواندمیەوە
دڵ پیرۆزبایی لە هەموو تەماشاکردنێك دەکەم
دەتوانم ئەو شتانە ببینم خودا بژاری کردوون
مانگ هەڵات و تریفە ئاخی هەڵکێشا

ڕوخسارەکان تین و شەوقیان لەچاومدا و کوێربووم
بەتەنیا لەگەڵ دلۆڤانیی دڵ مامەوە
تەنیا لەگەڵ دڵ مانەوە
هەیوانی ماڵت پڕ دەکات لە بۆنی شکۆ و دڵنیاییی متفەڕك

## ١٥٠

سەرەتا زەمین چاوێکی گەورەی هەبوو
خۆشبەختە کەسی نەبینێ و کەسیش نابینێت تا لەناو هەناوی خۆیەوە نەبن
ئەرێ زەمین لە پای چیدا دەمانکوژێت
ئەو وەستایەی زۆربەی خانووی گەڕەکەکانی شاری دروستکردووە
ڕاوەستاوە و چاوی بەچاوی گا دەگێڕێت و بیردەکاتەوە
لە شڵەژانێکدا حیکمەتێکی درکاند
جانەوەران بێدەنگبن
تارماییەك خەریکە دەبێتە مرۆڤ
ئارەقەی دڵ و گیانی دڵشکاوان دەسڕێت
نیشانە ونبووەکان دەدۆزێتەوە و دەڵێن گریان قەت بە پێکەنین نابێت
وەستا گرەوی لە چاوی گا بردەوە
گەڕەکێکی تری لە چاوی شەودا
لەشێوەی دڵ بەڕووناکی ئافراند
قەدەغەیە تارمایی پێی بنێتە ناوی
حەکایەتی دروستبوون دەگۆڕێت

## ١٥١

تێکۆشام بۆ ئەوەی بیزانم چی لەمندا دەبێتــە وشە و هەقیقەتی یەکەمە
بێ سوود بوو
ناچار پرسیم
ئەرێ ئەی ڕەقیب کورد ماوە یان نەماوە و خۆشحاڵ دەبینەوە بەدیدەنی
ئەوەی لە بزەی مۆنالیزا بزرمان کرد
لە دڵ و گیانی گەرمی گۆرانیی لۆرکێ و لۆرکێدا نایدۆزینەوە
مشاری کارەبا
نەیتوانی مێشوولەی گەڕی شەق بکات
وای لە نائومێدی خاڵێکی بچووك و کارایە دەچێتە سەر هەموو پیتێك

## ١٥٢

زیاتر لە هێزی خۆم
بەڕێگایەوە بووم و پشوومدا و بەڕێکەوتمەوە
ڕێگا یەکەم سەرچاوەی لە نێوان لێوەکانیەوە پاراستووە
لە بیرە خۆیمان ناباتەوە
هەمیشە دەمانهێنێتەوە بەرچاو
دەستبڕ و دەعبا هیچیان لە سەرچاوەی یەکەم پێناخوێندرێتەوە
لەبەر خۆرێکی تری خوێندنەوەدا
دەفتەری زێڕینم لەسەر مێزیان دانا
پەنجەمۆری سەرچاوەم لە ناوچەوانمدا
پێویستم بە هەوای کەروێشکەی گەنم و جۆ هەیە
بەبێ هەوا
ژیان بەهرەیەکی کاریگەری تێدا نامێنێتەوە
دەبێ ناوچەوانی ماچ بکەم
گوڵەگەنم و جۆی لاواندووەتەوە

# ١٥٣

گوڵ خەریکی ژیانی تایبەتی خۆیەتی
با خۆڵ نەکاتە چاوی
باڵندە خەریکی ژیانی تایبەتی خۆیەتی
دەوری هێلانەی بە بەردی بەنرخ و ئەفسانە چنیوە
کاتژمێر خەریکی ژیانی تایبەتی خۆیەتی
دەستی لەسەر دڵیەتی بۆ ئەوەی درۆزن دەرنەچێ
قاوەچی خەریکی ژیانی تایبەتی خۆیەتی
لێوی فنجانی بەرەو ناسکی و نەرمی ببا
کەروێشك خەریکی ژیانی تایبەتی خۆیەتی
نازی گیای تەڕ و نازی ددان هاتنی بێچووەکانی بەراورد دەکات
کۆمەڵێك ژن و پیاو بەشەقامدا غار دەدەن
سەکۆی باخچەش جانتای دەستی لەسەر جێماوە
بێدەنگی ئەم دەوروبەرەی سووتاند
ئێرە دەڵێی تابلۆی هەڵواسراوە
ئاگر جوان لە ناوی دیارە و کوڵمی سوور کردووە
دەگەڕێمەوە
بزانم گوڵ خەریکی ژیانی تایبەتی خۆیەتی
با خۆڵی کردووەتە چاوی یان نا

## ١٥٤

دووپشکێك لە بورج و قەڵای شارێکی خۆشباوەڕدا خۆی ماتداوە
هەوڵی ژیان خۆشکردنی خۆیدەدا
دووپشکم وەك گۆرەوییەکی دڕاو لە پێ داماڵی و فڕێمدا
هەتاو لە ڕۆژی پشوودا ڕەگ و ڕیشەی درەخت دەلاوێنێتەوە
لەگەڵی بەڕێ دەکەوین و دەگەین بە ڕەگ و ڕیشە
ناو لەو بورج و قەڵایە دەنێین کێڵگەی خۆخ
کە ڕوخساری نواڵە لە ناوی بۆنی خۆڕسکیماڵە
ماڵێك کە باڵندەیەکی تازە لە کۆچی سوور گەڕاوەتەوە
لە سندووقێکی کۆندا کلیلی بۆ هەڵبژاردووە
بەدەنووکی گرتوویەتی
چاوەڕوانە لێی وەربگرم

## ١٥٥

مرۆڤ ڕووەکێکی چاو گەرمە
خۆر بە تەواوی لێی نەدا
لە ناوەوەڕا خاو دەبێتەوە و بەلادا دێت
ناوێرێت لەسەر قەرەوێڵەدا بنوێ
چونکە هەموو مردووەکانی نەخۆشخانە لە سەر قەرەوێڵەدا مردوون
دەماری هەست و جوانییان پڕە لە ڕووەکی چاو گەرم
وەشاندنی باڵی باڵندە هێزی هەستیاری دەخاتە پێشبڕکێوە
لە سەرکەوتنی پێشبڕکێدا
دڵ دەچێتە ناو ئەو خۆرەی بەتەواوی لە مرۆڤ دەدات

## ١٥٦

گوێیەکانت چارەنووسی منن
ئەگەر بە کێش و سەرواوە لە ئاست ڕازمدا کراوە بن
وەك کەس مەیەرە بەرچاو
وەك کەسیش بزر مەبە
گوێ لە خۆیدا پەرداخێکی پڕ و ماڵێکی پاراو و خانەدانە
زەوی ناخۆش و ترسێنەرە
باران دەگەڕێتەوە شوێنی هەوەڵی
هێز دەدات بە جۆگەلەیەکی خوڕ
کەروێشکیش گوێیەکانی دا دەست مرۆڤێکی بەرنەفرەتکەوتوو
وا خەریکە قۆرتێکی بچووکی خوێن دروست دەبێت

## ١٥٧

کاتێك وێنەی پیاوێکی ناکەس لە دیوار دەهێندرێتە خوارەوە
دیوار بێ هەناسە نامێنێتەوە
شەقام تاولەرز بەریدەدا
منداڵان پێڵاویان بە پەڕۆیەکی نەرم دەسڕن
مراوییە مل و گەردەن ڕەنگاوڕەنگەکان
بیرکردنەوەی ماسییان لە ئاو دەرهێنا
لەسەر تاجی پاشایان دانا
چووە خوێنی شەهیدێك
بوو بە خەون و سروودی گەرم
مراوی و ماسی لە پرچی منداڵەکانمان نقووم دەبوون
ئارەقە لە ناوچەوانی پاشا چۆڕا
دەست و پێی لەرزی
وێنەی خۆی پێ لە دیوار نەدرایەوە و لەدوا بەرەبەیانیدا تەماشای ئەستێرەی پێنەکرا

## ١٥٨

پیاوێکی پیر هەموو ڕۆژێ لە نێرگزی دەپرسی
ئەرێ تەمەن چۆن دەڕوات
پشتی بە دارگێوژێکی تازە چرۆداو گەرمکردووەتەوە
هێشتان سێبەری عەردی ڕەش نەکردووە
سەرنجی بەرسینگی کۆترێك دەدات
کە خۆر لێیدەدا
پەڕی ڕەنگاوڕەنگی سینگی کۆتر شکۆی مردووە لەبیرنەکراوەکانمانە
دیواربەندی قەڵای هەولێری پیڕەنگدەکەم
منی لە خۆیدا کوشتووە
نهێنییەك لە چرۆی ئەو دارگێوژە هەیە
کە پیاوە پیرەکە پشتی پێگەرمدەکاتەوە
پشتی پیاوی حەکیم وەك دارگێوژێکی بەهێز چرۆ زیاد دەکات
باڵندە بۆ تاسەی خوێندن گوێی دڵی بەدڵمانەوە دەنێت
چەپکێ پووش دەهاوێمە سەر کەپر
بۆ سێبەر و شکۆی وەڵامی نێرگز

## ١٥٩

له‌ ده‌سته‌ نه‌رمونیانه‌كانی دایكه‌ زه‌وی نانێكی گه‌رمم وه‌رگرت
هیوایه‌كی چاوه‌ڕوانكراو جه‌سته‌ی به‌هێز كردم
ئاسانه‌ بۆم به‌ردێكی گه‌وره‌ له‌ كێو بهێنمه‌ خواره‌وه‌
ڕێگا بكرێته‌وه‌ و په‌یكه‌ر و تابلۆی لێدابندرێت
ڕه‌نگ له‌ په‌لكه‌زێڕینه‌ ڕاناكات
هه‌ڵبژێردراوێك خۆی ئاماده‌كردووه‌
بۆ ئاشتكردنه‌وه‌ی دوو پۆله‌ باڵنده‌
شه‌و له‌ناو كراسی مار خه‌وت
ئاسان بوو بۆی گیان گۆڕینه‌وه‌ له‌گه‌ڵ ڕاوچی
ڕاوچیش ترس له‌ سیمای باڵنده‌ زیاد ده‌كات
ماندووم پێم زه‌وی ناگرێ

## ١٦٠

هه‌وره‌تریشقه‌ و بروسكه‌ له‌گه‌ڵ یه‌ك چه‌ند نه‌رمونیانن
موورووی ڕه‌نگاوڕه‌نگ ڕوو ده‌كه‌نه‌ ناو قۆرتی مووروو مووریانێی كیژان
پاشان به‌ ڕسته‌ی وه‌ده‌كه‌ن
ده‌یكه‌ن به‌ خه‌ناوكه‌ بۆ پیرێژنه‌كه‌ی مامانی شار
له‌ ناخی ناخه‌وه‌ سه‌رنجی خه‌ناوكه‌ی ملی مامانی شار ده‌ده‌م
كه‌ تاسه‌ی نه‌زۆكی داده‌مركێته‌وه‌
بێ چاوترووكان دڵی ده‌ڕژێته‌ ناوچه‌وانی منداڵێك
خانه‌ سسته‌كانی جه‌سته‌ی زیندوو ده‌بنه‌وه‌
باران نه‌رم و سه‌نگین داده‌بارێ
قۆرتی مووروو مووریانێی كیژان لێوڕێژ ده‌بن
ئاوازێك له‌سه‌ره‌خۆ دێت ده‌ست بۆ ڕووبار و باخێك درێژ ده‌كات

## ١٦١

له هەموو شوێنێك كوشتن و خۆكوشتن و هەناو سووتاندن هەیە
گوێم له نوێژتە
نزا و دروودەكانت بۆ منن ڕێگا سەهۆڵبەندان نییە
دەنگی مێوانداری زەنگوڵەی ملی مامزە لەناو پاوانی پاراودا
دەنگی ماڵئاواییش غژەغژی ڕادیۆیە
له كاتی بەرنامەی گەشتی ژیانی داهێنەران
جغارەی ناو تەپڵە دووكەڵێكی باریكی لێ بەرزدەبێتەوە
باڵندە لەناو تەمی سەر دەریا دەنگی خۆشدەبێت
دەیباتەوە سەر دەنگی زەنگوڵەی ملی مامز لەناو پاوانی پاراودا

## ١٦٢

حەوت جار بەشداریی پێشبڕكێی وەرزشی تیرهاوێژیم كرد
حەوت هێلكەم ترووكا
حەوت جۆگەلە له یەكتر نزیكبوونەوە بۆ مەلەوانیی بێچووە مراوی
حەوت گوڵەگەنمم پڕ شیر بوو
حەوت باڵ له كووپەی گەنجینەم ڕوا
حەوت پەندم له تابلۆی شاردا هەڵواسرا
حەوت پشكۆم بووە فەرامۆشی چاوی ئاگردان
بەهار خوێنی زەویی هێناوەتە كوڵ و جۆش
سروشت له حەوتەیەكدا دووبارە لەدایك بووەوە
ناڵەیەكی پچڕپچڕی له سینەوە هەستا
حەوت ڕەنگی پەلكەزێڕینە له پێش چاوی مندا ون بوو
ئاوێكی سازگار لەچاوی پەلكەزێڕینەوە دەڕژێ
تەنیا جوانەمەرگان لەكاتی سەرەمەرگدا دەیخۆنەوە
گرێیەكیش له ڕەنگ دەدەن

## ١٦٣

هیچ شتێکم بەمێشکدا تێناپەڕێ

تەنیا سەرگەرمی ئەوەم زەوی چەند ڕووڕاست و بە هەستە و درەختی باران لە باوەش دەگرێ

بەئاوی ژێرزەوی جلوبەرگم دەشۆم

بە لکە دارێکەوە هەڵیدەواسم

هەستی لکەدار و هەستی جلوبەرگم برای شیرین

بە تاسەوە سەیری با دەکەن

با لە هەموو شوێنێکەوە هاتووە ڕێگای دوورمان نیشاندەدات

بۆ چوونە سەرکار و دیدەنی زیندوومان دەکاتەوە

ئاڵای خەونێك بەرانبەرمان دەلەرێتەوە و شادمانە

دەیەوێ سێبەری لێماندا و دەست بەباڵمانەوە بگرێت

تەنیا نامێنینەوە

بڵێی نیگایەکی ناکام هەبێت لە نێوان بای ناودارەکان و تەنیایی ئێمەوە

## ١٦٤

پەنجەکانی دەستمیان بەداوێك بەیەکەوە گرێدا

لە پشتی دەستمیان نووسی

کلیلی گەنجینەی دنیات بەدەستەوەیە

بەدەمی بەخێرهاتنەوە فەرموویان

ئاسوودەبە بەخت و ئومێد هاتوونەتە پێش دەرگات

زەویوزارێکی زۆریش کێڵگەن بۆ لۆکەی سەر برین

## ١٦٥

ئاگاداری گیانی گۆڕستانانم
چۆن بەخێرهاتنی مێوانی مردووەکان دەکات
لە نزیك ئەو درەختەی لە ژێر گرانایی بەفر بەلادا هاتووە دانیشتم
کڕنۆشم برد و چوومە دۆخی نوێژ و دوعا و خۆشەویستی سروشتی
لە ساتێکی نادیاردا شالوور پێناسەی گوڵی دامێ
دڵم وەك دەبدەبەی ڕەنگاوڕەنگ هەڵدایە ئاسمان
دڵ و دەبدەبە و ئەستێرە بۆنی ناوە دێرینەکان بە بەر کەپوومان دادێنن
بەردی جوان و خانەدان دەکرێن بە پەیکەر
با ئاشنایە بەتەواوی دڵەڕاوکێی مرۆڤ
لە ژێر خۆڵیشدا نانوێ و بۆنی کەتانی تازە شۆراومان بەسەر بڵاودەکاتەوە

## ١٦٦

کات چۆنی دەست پێکردووە ئاواش کۆتایی دێت
پاشا بۆ خەو و خەونێك لە ڕۆخ دەریا تاجی دانا
لە جۆلانەیەکدا خەوت
کاتژمێرێکی زێڕی لە دەستدا بوو
دەست و پێوەندەکانی بەدزییەوە تەماشای کاتژمێرەکەیان دەکرد
ڕووناکییەکی نزم لە جۆلانەکەی دا
پاشا بێ هێز و نەخۆش سەری خستەوە ژێر تاج
لە ژێر چاوەوە تەماشای کاتژمێری دەستی کرد و هەناسەی توند بوو
سەری هەڵێنایەوە
مێژوو لەناو هاڵاودا ون بوو

ئیدی تەماشای ئەلبوومی سروشت و گێژەنی ژیان دەکەم
هەواڵی دڵی گەرم و نەرمی زەویش لە هەقایەتی جنۆکان وەرناگرم
نازانم شکست بوو یان سەرکەوتن
وایکرد مێژوو لە وشە نا لە شتەکان وەربگرم
شتەکان ئەو شوێنەن کات تێیدا دەستی پێکردووە و هەنگاوی تێدا هەڵهێناوە

**٢٠٠٩ هەولێر**

# سروودی زەوی

## لە کتێبخانەی تایبەتی بابا تاهیردا

گامێش بۆ گیای ناو زەلکاو ملی درێژ دەکات

کەڵەبابیش لە کاتی بانگدان

تووتی بێ چاوو ڕوو دەم دەکاتەوە

لە نزیك ڕەگ و گۆپکە و خونچە دەوەستێ و پێی لە زەوی دەخشێنێت

نەخشی ناوچەوانی بەردی بۆ دروست نابێ

کرانەوەی دەمی خۆی
بە کرانەوەی دەمی
ڕەگ و گۆپکە و خونچە بەراورد دەکات
پوولی پۆستەی لە بن باڵی دەدەن
گوێڕایەڵە و دان لەسەر دەستی نانی نانی دەخوات
بۆ کام لا هەڵیدەن
سەر لە ڕێیە و ڕووگەنمای دادەخات
خەڵات و بەراتی درۆفرۆش
یان پیسی و پۆخڵی و بۆنی ورچی تەپ و حۆل
دەمە بۆڵەی جادووبازان لە قاوغی کیسەڵێکدا دەمێننەوە
ئەرێ خۆر بە پۆستاڵ یان بە پێڵاوی ئاوریشم بۆ لامان دێت
مێژوویەکی لە هاتن و چوون هەیە و لە نوێژدا دەلەرزێت
بانگی بەیانی دەستی خێرە و چرچولۆچی ناوچەوانی دەمرێنێ
نادیارییمان دەبینێت
ئێمە هەموومان بێدەنگی خودامان نووسییەوە
ئێمە هەموومان بێدەنگی خودامان نووسی
ئێمە هەموومان بێدەنگی خودا دەنووسینەوە
ئێمە هەموومان بێدەنگی خودا دەنووسین
لە ئاوێنەی نووسیندا دەستێك دەبینین
جێگۆڕکێ بە دەنگ و بێدەنگی دەکات
لەم جێگۆڕکێکردنەدا
هەموو ئاوازێك دەچێتە ناو دەنووکی درەوشاوەی مەلی خۆشخەبەر
مژدە و بینینێك
بۆ هەڵهێنانی چاوی ئەفسانەی گیای چوار وەرز
بەختەوەری و دروودی سەر زەمین

ڕووداو و دیمەنی دڵتەزێن و تاسێنەر نین
فەرمووم لە باڵندەی ئاوی کرد
بۆ وشکاییی کە ڕەگی بەهات و بیرەوەری تەڕ و پاراوە
فەرمووی باڵندەی وشکاییشم کرد
بۆ قەراغ گۆلاوی سەر بە شەختە
شاڵێك بۆ شاژنی ژیان بچنن
دیار بوو کتێبێکیان خوێندبووەوە بەرژەوەندیی دارێك نووسیبووی
باڵندە دەستی ڕەش و سپی درێژی مرۆڤ دەناسێت
ڕووخۆشیی سروشتیش
دڵنیایە لەو زەوییەی کە هێلکەی لەسەر دادەنێت
زەوی گەف لە زەویپەروەر ناکات
هەموو شتێك لەبارەی ئێمەوە دەزانێت
تەنیا لە دەمەدەمی مەرگدا
خۆبینین بە ڕوخسارمانەوە دەردەکەوێ
دەزانێت پاش چەند ڕۆژ کرم لە جەستەمان پەیدا دەبێ
سەرەتاش کامە بەشی دەخوات
لەناو دڵ و دەروونی زەمیندا
ژیان بە دڵخۆشی درەختی تازە ئاودراو دەمانلاوێنێتەوە و دەجریوێنێ
ئەو پیاوەی لەسەر سینگ خۆی داوە بە زەویدا
بۆنی هەڵووژەی ترش و مزر
چاوی تێرخەوی دەبریسکێنێتەوە و دڵی بەهێز دەکات
دڵم پڕ بوو لە گریان
گریانی خۆم لە گۆرانییەکی میللیدا دۆزییەوە
شەپۆلیدەدا
ئای خەڵوەتی دڵ

تەماشای هەر کوێیەکت دەکرد

سەرنجی ئەوێم دەدا و سەرنجم دەڕسکا

دڵ ڕێنماییم دەکات و ئەوەی ئەو پێمدەڵێت

ئەو لە نەخشی ناوچەوانی بەرد دەنووسم

چەتەی پێڵاو گەورە لە خەودان

ڕێگاوبان هێشتان دڵیان باش لێدەدات و تۆزاوی نەبوونە

دەرگای کێڵگەی پەرژینکراو بە پەنجەی فریشتە و خوداوەند مۆرکراوە

پووشی قەراغی ڕێگا خەواڵوون

ئەسپ بە ماتی بە تەکیاندا دەڕوات

بیر دەکاتەوە ڕایەڵ و سێبەری نەخشی مافووری دێرینی شارە

نادیار نەبووە و نادیار نییە

تەمەنی جوانوویی لەناو دڕکی دەم تیژ و نزیك گورگ گوزەراندووە

سەر ڕادەوەشێنێ و چاو هەڵدەبڕێ

دەموچاوی کاروانچی وەك لافیتەی هەواڵێکی ناخۆش دەبینێت

پووشیش خەواڵوویی بەریدەدا

گەرمایی دەمی ئەسپ هێزی دەداتێ

هەموو ناخی بە پیتی زەوی دێتە کوڵ

بەس نەبوو

حاجی لەقلەق دوا شەهیدی هەولێر بوو

بەس نەبوو

قومری دوا شاعیری ترپە و هەست و تاسە بوو

بەس نەبوو

ئاو و خۆڵ و با خۆکوژی کەوتە نێوانیان

ئاگر دوا ناوبژیوانیان بوو

بەس نەبوو

هێزی ئاگر کوژێنەوە دزی پەتاتەی بەراز بوون
بەس نەبوو
شەوی پێش هەڵبزرکاندنی کولێرەکەم
زانیارییەکم لەبارەی تالانی چاڵە گەنمەکان خوێندبووەوە
پرچی لەبەر باران خوساوم ڕێکخستەوە
ئەسپی ڕاویشم بە ملوانکەی کیژی کافرۆش بەستایەوە
فڕوفێڵ لە نێوان کڕیار و فرۆشیار
ئاڵۆزیی بازاڕی پاش جەنگ
هیچ شتێك لە بەرهەتاو ناتوێتەوە
بەفریش دۆخی دەگۆڕێ
دڵەخورپێیەکی مات و ترسناك سەرتاپێی لەرزاندووە
هەتاوی پێش ئاوابوونیش ئەو هەستەی بۆی هەبوو
تووتی کە حەزی لە خواردنی پەپوولەی وشکبووەوەیە
چاوی لە هەنگاوەکانە ئاخۆ ڕێگا ون دەکەین یان نا
تێی ناڕوانین و فەرامۆشی دەکەین
خۆی دەخواتەوە و دەروونی قوڵپ دەدات
پەڕ لە کلکی دەردەکێشێ و هێلکەی دەشکێنێت
ڕێگای خۆڵ باراناوی تێدا کۆدەبێتەوە
شەقامیش ترووسکەی چاو هەڵخەڵەتێنەر
ژیان ڕووی خۆشکرد و بزەیەکی نواند
هەندێك دەڵێن سەرەتای ڕێگا فەڕ و جوانییە
هەندێکیش دەڵێن کۆتایی
ڕێبواری سەرەتا و کۆتایی بووم
کۆتاییش وەك سەرەتا
هەمان هەستی بۆم هەبوو

سەرنجی درەختە بەرزبووەکانی ئەم دەست و ئەو دەستیشمداون
ئەی گیانەوەر و ڕووەك
سەوڵ و هێزی دەست
هێڵ و وێنە
باڵکۆن و سەکۆ
فەڕ و جوانی ڕێگا هی کێیە کێ
یاداشتی خۆی نەنووسیوەتەوە
تیشکی ڕۆژیش بەدەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە و نازانێت کۆتاییەکەی کەیە
یان کوێندەرە
زەردەخەنە پاشماوەی تیشکی نیانە و ئەوەندەی چاو و دەم بگرێ سۆزپڕێنە
وەختێکی زۆری ویست تا درەختی بەختم لە قۆپەنە خۆڵی چارەنووس ڕواند
دڵ ناتوانێت فێڵ لە گیان بکات و شتی لێ بشارێتەوە
دڵ و گیان لەگەڵ یەکدا تەرازوون بە دەستی فریشتەوە
باڵندە پێ و باڵی بە چیکڵدانەیەوە گرت
ئێمە لە برسییەتییەکەی نەگەیشتین
لەناو دڵبەردی و نامەردی درۆفرۆش خنکاون
هەڵفڕن بۆ سەر درەختی بەختم
بەچکەکان دابەش ببنە ئاسمان
لە ئەستێرە و مانگ و خۆر نزیکببنەوە
شێوازی گفتوگۆ ئاسانە
داکانە و بابانەش درەختی بەخت دەپارێزن و چاودێریی کرانەوەی قۆزاخەی لۆکەن
ئەستێرە لەناو گەڵا و بۆنی خوداییدا
بە پڕشنگی بڵندمان دەکاتەوە
بۆ نزیك
میوەی سەرلك و

هەوری ئاواز نەرم و
خۆری پشووخۆش
دەنگی ئاسمان هەموو بەختەوەرییەکانی بۆ زەوی دەگەڕێنێتەوە
خوداوەند ئاماژەیەکی بۆ کردم
درەختی بەختت حیکمەتی پێغەمبەران
بۆ سمۆرە و باڵندە دەخوازێت
ئاوات خواستن نیگای لەناو شکۆ ڕووندەبێتەوە
چرای بەهێزی چاو
دەمودووی نەرمی دیوان
هۆگربوونی باڵندەی کۆچەری
کرانەوەی گوێچکەماسی
بەشە هەتاوی نەشونمای بۆ دەهێنن
بەدوای ئەو بەشە هەتاوە چووم
وەك ئەوەی بەدوای تەرم و تابووتی دوا کەسمەوەبم
مانگ لەناو دەستمدا خۆی خزاندە تەنکایی ئاو
لە دڵم دەچوو
دڵم لەناو سینگم بێت
یان لەسەر زەوی وەك یەك وایە و یەك کێشیشی هەیە
دەکەوێتە ئەو شوێنەی زەوی کە خۆر تێیدا هێز دەداتە
ڕەز و باڵ و گوان
برادەرانم بابا تاهیر و هوما
لە ئاسمان مەیەنە خوارەوە
چاوی کوشتن و بڕین هێشتان نەنوستووە
دڵتان نەیەتە سەرلێوانتان
زەوی دەموچاوی گەش و گەرمە و ئەسپ بەو ناوەدا تێدەپەڕن

خۆریش بە ئاڵۆزی لە دایك نابێ و لە سواران نادا
باباتاهیر مووروویەك لە نێوانماندا بزر بوو
مووروویەکیش لە مشتووی خەنجەری هوما کەوت

**کانوونی دووەمی ٢٠١٠ هەولێر**

## هەڵاتن لە گۆرانی

لە ڕێی گۆرانی گەڕامەوە ماڵی ئاسوودەیی و پیڕوو و حەوتەوانە داگیرسان
شانەی هەنگوین و قۆزاخەی ئاوریشم بانگهێشتیان کردم
چۆنم نیاز بوو ئاوها دواندمیان
پەنجەم لە پێڵووی پێغەمبەر خشاند و چاوم لەسەر جوانی هەڵنەگرت
لە جۆشی بێباکی ژیان پەیمانی دڵنیاییبیە
نێرگز لە پەرداخە ئاوی ناو ماڵیش گەشە دەکات
خوناو چەند بێ بەزەیی و پڕ ئیرەیییە
تا نیوەڕۆ نامێنێتەوە

بەیەکەوە نوێژێك بکەین و درووود بۆ هەستیاریی زەوی بخوێنین

مرۆڤ سرووش و چاوی یادی زەوییە

لە ناوەندی خوان دادەندرێ

دەمەوێ گوێت لێڕابگرم ئەی ئیرەیی

بزانم بۆ بەرانبەر پەنجەرەیەکی دووڕوو داماویت

دەستیشت بە خۆتدا شۆڕکردووەتەوە

لێکدانەوەت بۆ

هەڵەی مەرگ و

کووژەکەی شین و

نەمریی و

زیندووبوونەوە چییە

کەڵەکێوی لەگەڵ سووڕانەوەی هەر ساڵێك

قەفێك لە شاخی بەرز دەبێتەوە و مووی دەوەرێ

سمیشی زەوی زیاتر داگیردەکات

بە دوودڵی سمی ناجووڵێنێ

بەڵام کاروانچی و ڕێگا بڕوایان پێی نییە

حیکمەتی چوونە تەمەن لە چیدا ڕووندەبێتەوە

لکە دارێك بەو دیوارەدا بکوتە

کە هەتاو گەرمی کردووەتەوە

کڵاوی سەر و

ملپێچی مل و

قایشی پشت و

پێستی ناختی پێهەڵواسە

زمانت دەبێتەوە

زەویش لە یادەوەرییدا ئەم یادگارییەت تۆمار دەکات
یادەوەریی زەوی نهێنی ئاگرە
لە یەکەمین پرشەیدا سروشت خۆی ڕازاندەوە و ژیان دەستیپێکرد
تریفەی مانگ بەسەر گەڵای درەختەوە جوانترە
لەوەی لەناو گۆلاو بەرچینچکەی مردن بیگریْ
سییەکانی درەخت بای سەرمانگی لێدەکەوێت
ئەریْ ئەستێرە بۆ لە دەوری مانگدا
تاجی درەوشانەوە لەسەری خۆی دادەگرێت و لە لا پەنای دەدا
نایەویْ ڕوخساری ببیندریْ
ئانیشکت لەسەر ئەژنۆت دانیْ و قەفی زنجیری کاتژمێرت بژمێرە
تەماشای بەرزبوونەوەی دوعای سپی بکە
داوێك لە برژانگی فڕیوت بخە مەترسییەوە
خەیاڵ ببەوە ناو هەستیاریی زەوی
لایلایەی دایك
لاوکی باوك
داستان و چیرۆکی باپیرە و داپیرە ئالآی دەستی ئێمەن
دەتوانیت لە سێبەری ئالآدا زیاد لە زەردەپەڕ بڕوانی
لەگەڵ گۆرانیش یاریی خلیسکێنە بکەیت
ماسیی حەوز
دۆلفینی ڕووبار
نەهەنگی دەریا
ئەختەبووتی ئۆقیانووس
ئیرەییان بۆ یەك تاوی سەندووە
چاوی قرژاڵیش لە ڕوونیدا جاڕسکەرە

وەك مریشكێكی كڕ
تەواوی هێلكەكانی پیسكردبێت
خانمی ماڵ بە بێزارییەوە دانەوێڵەی بۆ ڕووكات
ترسێك هەناوی هەڵدەكۆڵێ
بای سەر ئاو هەڵیكرد
بە هەموو خانەی لەشم هەست بەهەڵكردنی دەكەم
سووڕی ئیرەییی كورتە و گیانی وەنەوز دەدات
ڕەنجی سەركێشیش
چاو و
باڵ و
یادگاری و
تاسە
لە خانەی لەشی زەوی دەچێنێ
تەورات لە زمانی مووساوە
ئینجیل لە زمانی عیساوە
قورئان لە زمانی محەمەدەوە
زمان ئێسكی تێدا نییە
شیعریش بە تەنیا و لەگەڵ مندا ڕەگی ویژدان هەڵمژیوی
پیت و
وشە و
ڕستە
بوارم بدەن
لە گڕوگاڵی
گۆپكە و

شکۆفەی باخچەی ڕەنج و

ئەفسانە و

دڵ

فێری نازپەروەری ببم و ئەستێرەی گەڕۆك بناسم

جۆگەلەی ئاخاوتن بە پێشماندا تێدەپەڕێ

زمانمان ناسك و دڵمان وریا دەکاتەوە

سروشتی دان بەخۆداگرتوو

بێدڵیم مەکە و هەستێك لە ناوەوەم گەشە پێبدە

لە خەیاڵێکی سوورهەڵگەڕاو

کە پردی ئومێد دەخوڵقێنێت

دوورتر لەوەی

لە بەرزی و نزمیی چاو بەدەرکەوێ

خانە خانە لەشی سروشت خۆی دەگۆڕێ

ئەوە هێزی زیندووبوونەوەی سروشتە

منی کردووە بە نەوەی گۆرانیبێژ

دەنگ و ئاواز لە لێکدانی شەپۆل دەبیستم

بیستن لێم دەبێتە مێژوو

نوێژی سەر مردووم بیر دەهێنێتەوە

بای سارد لە دەموچاویدام

دڵم گیرا

دەست و پلم ڕاوەشاند

تاسە و مووچڕك بەریدام

چاوم بەسەر ئەمسەر و ئەوسەری هێڵێکدا نیشتەوە

ڕستەیەکی ئەزەلی

بێ پەروا و پڕ ئاوات دایگیرساند
دڵی کەفوکوڵداری پیت و وشە دەداتەوە
بە ئاواتەوەیە
پەپوولەسلێمانە دەنووك لە ئاوی بن کووپە بنێ
بۆ تاهەتایە بە دەنگ و ئاوازەوە چینە بکات
وا ڕاهاتووە بڕوانێتە
دەنووکی تەڕ و دڵی گەرمی چرایەك
هەتاو لە هێلانەی قەتێ دەترووکێ
ئەو ژن و پیاوەی لەسەر پردڕا
تەماشای ڕووباری ژێریان دەکەن
مەستن لە ڕووناکیی گڵۆپی ناو ئاو
ماسییش لەناو ڕووناکیدا
کلکیان هەڵدەدەن و سەرنج لەو ژن و پیاوە دەگرن
لەسەر پردەکەدا لەناو دەموچاوی یەکتر مەستن
تاسە و مووچڕك بەری نەداون
نەرمونیانیی چاویان هێز لە شکۆی چاوی ماسی وەردەگرێت
ماسیگرەیەك باڵی بەرز کردەوە
دڵنیایی تەنیا لە دەموچاوی مەستدا تەواو ئارامە
قسەی ماسیگرە هی دڵی خۆیەتی و هی کەسی داخ لە دڵ و ئاژاوەگێڕ نییە
پەڵە خوێنێکی وشك بەناوچەوانمەوە نووساوە
تێکەڵ بە ماسوولکەم دەبێت
لە لێومەوە دەبێتە خاڵێکی مۆر
وریایی دڵ ناهێڵێت خەونی ورچی تەپ و حۆل ببینم
لە خەونمدا بینیم

لێو و

شمشاڵ و

نیگا و

هێڵی ئەشق مردوون

لە پڕمەی گریانمدا و چاو سوور و دەم وشك لە خەو ڕاپەڕیم

کوڕ و کیژەکانم توانییان

دەست لە فرمێسکم بدەن

ئاخر خۆ بڕیار نەبوو هەموو شتێك کتوپڕ ڕووبدات

ئەو جێوبانەی لەناوی ڕاپەڕیم

هێشتان گەرمە و ئاهی نائومێدی لە خۆیدا دەکاتە خەونێکی چاو هەڵاتوو

بە نیازی بینین پێ لەناو گۆلی خوێندا ناجووڵێ

پاش خەون بینینێك ناکۆکییەکانی نێوان ژیان و مردن کۆتاییدێ

هەڵێ

بە تەواوی هێزی پێ لە گۆرانی هەڵێ

ئەو ڕۆژەی تۆ هەڵدێی

کووچە و کۆڵان و شار چی بەسەردێت

ئەدی ئاسمان چی بە زەمین ڕادەگەیەنێ

سەیرکە ئەو گۆرانیبێژە دەڵێی مۆسیقارێکی کوشتووە

سەرەتا تەنیا ئاوازی گۆرانیی ئاسوودەیی

وشەی خودا بوون و ئێمەیان دەلاواندەوە

ئەرێ ڕەشەبای داخ لەدڵ

ئاوازی گۆرانیی ئاسوودەیی دەگوازێتەوە

کوێرەڕێگایەك بە قەراغی دۆڵێکی هەزار بەهەزاردا درێژ دەبێتەوە

دەگات بە باخێکی هەڵووژە و کونی گورگێك

مێژوو ئەی بووکە مەیموونی گەردوون
مێرووله دەنکەگەنمی بەدەمەوە بێت
ڕووناکییەکی پڕ ڕەنگ دەکەوێتە سەر ڕووی زەوی
هەستیاریی زەوی کۆشکی گیانبازی مێروولەیە
لە دەروونمەوە ئاگرێکی بەجۆش و ئاشنا گەرممدەکاتەوە
باڵی هەڵۆیەك خۆی لە دەستی ڕاستم خشاند
بەختیار بووم
کڵاو و
بالیف و
لێواری کەشتیی گەشت و
ساباتم
دەبنە هێز لە پەڕی هەڵۆ
لەناو دڵبەرزیی ئەو پەڕەدا
کورتی و درێژیی سێبەرم ناسی
دەست بخەمە سەر سێبەر
هەست بە پلدانی دەماری ناوچەوانی زەوی دەکەم
مۆرانەیەك لەناو خۆڵی تەڕ لوولی خواردووە
خەریکە دەچێتە دڵی درەختێکی دوو بەرەوە
هێزی خوداوەند گەمارۆیدا
دەمی لە کلکی خۆی نا و خواردی
زمانیشی بەناو دەمیدا سووڕاند
قەت ڕۆژێکی وا دڵخۆش لە هەولێردا ڕووی نەداوە
ئاوێنە کە شاژنێك تێیدا تەماشای داوە پرچی سپیبووی دەکات ماتدەبێت
ماتیی ئاوێنە دڵی کەفوکوڵداری پیت و وشە دەداتەوە

دەموچاو لە ئاوێنەدا بێ سەروشوێن دەبێ

وێنەگریش کە وێنەت دەگرێ

دڵت دەبینێت

وێنەی نواڵەم لە قۆغەی چا و بەرگی ڕادیۆم هەڵکەند

ئەفسوونم لە ملوانکەی سەر سینگی

دەلیلی شاریش لە نقێمی شینی ئەنگوستیلەی

برینی خەواندم و مۆری لە ناوچەوانمدا

تیشکی یەزدانیی لێتدەدات و ڕێگا ڕاست دێتە بەرپێت

دەست و خەتی ئاشقانەی نواڵە جوان بوو

لەناو باولە دارەکەدا خەبەری بووەوە و ناڵەیەکی لێوەهات

دوای هەناسە هەڵکێشانێکی درێژ

هەموو ناڵەکانی خۆی ڕاگەیاند

پشیلەی ماڵی لاسای کردەوە

دەست و خەت دوازدە مانگی پڕە

لەسەر مێز خۆی ڕاخستووە و بێدارە

کەس سەرنجی نەداوە و نەیخوێندووەتەوە و نەیخەواندووە

دڵم لە تەك دەست و خەتدا

لەناو پەرداخێك ئاو بەهرەدارێکە لە کاری خۆیدا شەیدایە

پشیلەی ماڵی ئاوەکەی بەسەر ئەو ڕۆژنامەیەدا ڕژاند

کەلووەکانمانی تێدا ڕاگەیاندرابوو

میوەیەکی گەییو لە درەختێکی دوو بەر کەوتەخوارەوە

پەنجەی پڕ خوێن و بەهێز هەڵیدەگرێتەوە

نواڵە لە کاتی داگیرسانی دەنکە شخارتەدا

دەستەکانی شل و خاون

به وریاییەکی پڕ شکۆوە لە ئاگر و دەستی ڕوانی
ئاخۆ ماستی بۆ هەوێن دەکرێت
یان دووکەڵی لەسەر چاوی مۆم پێلادەدرێت
چرا هیچ نیازێکی نییە لە داگیرسانی
تووڕەبوونی ڕووناکییەك
ئەو بایەی گۆماوێك دەشڵەقێنێ
ئەو بەردەی گۆماوێك دەشڵەقێنێ
ئەو مەلەوانەی گۆماوێك دەشڵەقێنێ
ئەو بۆقەی گۆماوێك دەشڵەقێنێ
گەرمایی و فێنکیی زەوی دەکرێن
لە سندووقێکی دروستکراو لە ئێسکی پشتی کیسەڵ هەڵیدەگرن
هەر هێندە لە ژیان شارەزا بوویم
گۆماو ناولەپی باب و باپیرمانە و کشاوە
بەهار دەستێکی خێر لەخۆ دیوە
چاڵ و چۆڵی و دەموچاوی سووتاوی سروشت لەچەك دەكات
دەمامك لەناو دەچێ و پاسەوانی ناکرێ
هۆی مانەوە و لەناوچوونی دەمامك چییە
سرکە و
زەیت و
زەیتوون و
ئاوی لیمۆ
تێکەڵاو دەکات
نان و ئاویشمان لە پێشدا هەڵدەگرێت
ئەو دەستانەی نان و ئاومان لە پێش هەڵدەگرن

بڕێ جار ڕەش و زبرن و تایان هەیە
جاری واشە ڕەنگاوڕەنگ و ئاوریشمی
دەست ئاشی بەخوێن دەگەڕێ
سەرم گران بووە
بەرچاوم تاریك
جوانی لە بارێکی شڵەژاودا خۆی پیشاندام
دەموچاوی سروشت بە ئاسانی ئەشکەنجە دەدرێ
مردوو گۆڕیان تەنگە
دەشیانەوێ گوێیان لە نەوایەك بێت
دڵەکوتێی پەپوولەی بەرچرا و بۆنی بخووری ڕۆژی جەژنیان
بۆ بکاتە ئاوازی ئازارەکانیان
سروشت پزیشکێکی خۆڕسکە
خەمۆکیمان چارە دەکات
پەنجەم سڕە و پەرداخم لە دەست بەردەبێتەوە
بەسەر خاولیی منداڵێکدا دەڕژێ
تای بەرز بووەتەوە
خاولیی تەڕبووی لەسەر ناوچەوانی دادەنێین
فێنکاییی دەستی خودا فریای دەکەوێ
بەخت وەك ڕۆژ وایە
ئاوا دەبێت و هەڵدێتەوە
هەرچی لە دڵدا بێ هەڵیدەڕێژێ
زەوی قوڕگی گیراوە و کانی بە لەتر دەردەبن
جوانیی چاوێکی تێدا ڕسکاندووم
بەس ئەو بژار دەکات

خۆی و دەستەخوشکەکانی نوێژیان بڕیوم

دڵیان شکاندووم

شەمێی باڵیان تواندوومەتەوە

کتێبی غەزەلیان گەچڵاندووم

ئەی جەربەزەییی کانی

ئازادیی زەوی ناشاردرێتەوە

ئەم خۆر و سبەینەیە تەواو بە جووڵەن

باڵندە لەسەر دیواری ماڵان دەنگ و ئاوازیان بڵاودەبێتەوە

هەرچی شیر و تیری ناخیش هەیە کەوتوون

سوورایی خۆرنشین ئارامی بە تاسەم دەبەخشێت

تاسەم لەگەڵ خۆرهەڵاتندا

دیداری گوڵەبەڕۆژەی کێڵگەی بەخت بەرهەمدەهێنێت

بە ئارەزوویەکەوە کە بەیادی سەرگەرم و مەستم

لە خەو هەڵدەستم و بلووزی تۆڕ لەبەردەکەم

تا گوێ لە کوڵانی هێلکە و چای ناو کوورەی دیوار بگرم

دوو چاوی گەرم کە شکۆی دایە حەوای تێدا پارێزراوە

نان و ئاوم لە پێش دادەنێت

باڵندە لەسەر خوانی منەوە دەفڕن و دوعای سپین بەرز دەبنەوە

تاسەی ساتی نەمری دەکەن

پەری ڕوومەت تاڵ

ماری بە فیشکەفیشك

سوێندی ناچاری

دەروونی خەواڵوو

کڕنۆش بۆ دەنگی دڵ دەبەم و بە دڵ دەستت ماچدەکەم

ئەی دەنگی دڵ

چاوێك دڵخۆشیی لێبڕژێ

ڕەشکەوپێشکەی تێدا دەرناکەوێت

دوودڵییەکی درێژ

لە ژێی کەوانی تیردا باج دەستێنێ

دەنگی

کلکتەقێنە و

ئاوڕوونکەرە و

کەڵەبابی مل ڕووت و

بەرخی دوونگ شۆڕ

دێنە گوێم و دەگەنە دڵم

نابینام و دەستم بووەتە چاو و لە هەستیاریی زەوی دەدرەوشێتەوە

نامەی بۆمبڕێژکراو چ هەواڵێك ڕادەگەیەنێت

ئاوازی توانەوەی چاڵە بەفر

ئاوازی داخستنی ئاگری کوورەی دیواری ماڵ

ئاوازی سوپاس

ئاوازی تاڤگە

دەست و خەتی ئاشقانەی نواڵە جوان بوو

لەناو باولە دارەکەدا خەبەری بووەوە و ناڵەیەکی لێوەهات

منی لەو سەرزەمینە دۆست و دوژمن زۆر

ئاسوودە و

ئارام و

بەسۆز و

تاسە بە تین

له نامەی پیریی دڵدا بێوچان داگیرساوم
قەت ڕۆژێکی وا دڵخۆش لە هەولێر ڕوویندەداوە
کات درەنگ نییە بۆ ئەوەی نواڵە بێرەدا تێبپەڕێ
دوای مردن بە خەبەر دێم
لە ڕێگا ڕۆیشتندا بەهار بەسەر ناچێت

**ئەیلوولی ٢٠١٠ هەولێر**

# دیداری خوداوەندە ناکامەکان

زەوی مەیی خانەدانی خواردووەتەوە
قسەی دڵم دەزانێت و هەمیشە تاجی بیرکردنەوە و پشوودانیم
پیاڵەیەك مەیم لە زەویی خانەدان وەرگرت
لە ڕۆژێکی نزیکدا دێت
دەستی سێبووری و پڕ ختووکەی لەسەر دڵم دادەنێ
بە ترپەی دەڵێت پشوو بدە ماندووی
ماندووبوون هێڵ و خاڵە بۆ ئاوازی پیت و ڕەنگی دوا وێنە
گۆشت و دەمار و خوێنی خوداوەندە ناکامەکان
ڕووی پاگژی زەوی بۆ دەنگی نەرمی خۆشەویستی ئامادە دەکەن
باران وەك ئەوەی
بلیمەتیی دەروونی ئاگرم پێبڵێ

یان بەختەوەریی خۆی ئاشکرا بکات
دەنگی نزم کردووەتەوە و بە نەرمی لە گۆڕمدەدا
ئیدی دەبێ من گۆڕ جێبهێڵم و بێمە دەرێ
ئایا بەرانبەری دەتوانم چی بکەم و چیم پێدەکرێت
چاوەکانی زەوی گرانبوون
تاسام
واقم وڕما
باڵندە بەسەر
پێڵوو و
خولیا و
یاد و
چڵی ڕاهێنەر بۆ خۆشخوانی بڵاوبوونەتەوە
مرۆڤیش بەسەر کارتۆنی یاریی پەیژەومار و هەمبانەی فوودراو
مار هەناوی زەویی کونکردووە
خۆریش لە ئاسۆدا برژانگی چاوی دەڕسکێت
ڕوونبوونەوەی بیلبیلە یاڵی ئەسپ دەخەملێنێ
زەردەخەنەیەك لە دەموچاوی زەوی پەیدابوو
لە پڕ نەما
مامزی تۆقیو ئاوڕ لە کانی و ئاو دەداتەوە
کانی و ئاو دەبنە ئاوێنەی شەو و ڕۆژی مامز
مامز ڕووەو کانی و ئاو دەجمێن
زەوی جارێك چاوی کردەوە و دایخستەوە
لەچاوی خۆشی دوور نەکەوتەوە
کەوی پەڕ و تووك خۆڵەمێشی بەشارێدا ناڕوات
ئەو چاوانەی مرۆڤ هەیەتی

لە زەویدا مشتوماڵ دەبن و ئومێد و دەستی تەنگانەن
چاو ئەو شتە دەدۆزێتەوە کە بۆی داگیرساوە
دەچێتەوە ناو هەموو ڕووناکییەك
ڕووناکی بەختەوەریی خۆی ئاشکرا دەکات
ئیدی دەزانێ شەڕی گەرمی گومان تەواو بووە و بێ مەرج دڵنیایە
لە بینینی بێگەردیی ئاسمان و ڕۆشنایی ناو شیری گوڵەگەنم و جۆ
ئەی ئەفسوونی دڵ چاوت هاوتای مۆسیقای سەرەتای گۆرانییە
ئەی ئەفسوونی دڵ چاوت هاوتای هێلانەی ئاوەدانی باڵندەیە
ئەی ئەفسوونی دڵ چاوت هاوتای ئاوێنەی دەستگێڕی بەردەمی بووکە
ئەی ئەفسوونی دڵ چاوت هاوتای بەردەنووسی وێنەداری باپیرانە
کراسی سروشتیش گەردی نەگرتووە
ئەگەر دڵم بشکێنی گەردەلوول کراسی سروشت لە ڕستەی ماڵان دەڕفێنێت
خۆر سبەینان تامی نان دەکات و بە ئەمەك و خورپەدارە
جوان لە لانەی کەروێشك دەدا
کەروێشك ئاکاری خۆر دەناسێ و دەزانی ئەمەکی چییە
ئاگاداری دەکاتەوە لە ترپەی پێی ڕاوچی و بوومەلەرزە
گوێڕایەڵی ئەو خۆرەیە کە هەڵدێ
بەڵام نازانێ هیی زەوییە یان ئاسمان
ئەفسوونی دڵ خۆر لە دڵەوەش هەڵدێ
هێزی خۆری دڵ گیاندار جاڕس ناکات
کەروێشك بە قوونەقوون
لەم ژوور بۆ ئەو ژوور چاوشارکێی لەگەڵدا دەکردین
خەنەیی
چاو سوور
ترپەی پێی مۆسیقای سروود

خرمەی ددانی پەیوەندیی زەوی
کە دەچووە بەر خۆر
تووکی ڕەنگی دەگۆڕا
کەروێشکی کێوی لە پێناو لانەی خۆی سروشت دەپارێزێ
هیی ماڵیش بە دڵشکاوی ڕادەکات
لەناو چاوەی مێزدا گوێی لە ئاسن دەسوێ
بەیانیش لە زەنگی کاتژمێری داندراوە دەترسێت
پارچە لبادێکی دامە دامە ڕادەخات لەسەری دادەنیشێ
چاوی بە دەوری خۆیدا دەگێڕێ و دڵخۆشی بەچکەکانی وەردەگرێت
ئەو سەوزەیەی خانمی ماڵ پاکی کردووەتەوە دەیخوات
کەروێشك جەرگسووتانی زۆر دیوە
خانمی ماڵ ڕۆبێکی قاوەیی پۆشیوە
پرچی بە تۆقەیەکی حەلۆایی هەڵداوەتەوە
ئەنگوستیلەی ئەڵماسیش لە پەنجەی شەوق لە کانی و ئاو دەدا
گوان پڕبوون دوای سەوزە خواردن و پشوودانە
لە پەنجەرەیەکی گەنمڕەنگدا
رووناکییەك بە نیگایەکی گەرم خۆی پێشاندا
دەڵێت کەروێشك دۆستێك لەم ژوورەدا
تەپاوتل دەدا و خەریکە دەزووی ئاوریشمینی گیانبازی لە دەست بەردەبێ
هیچ شتێك نەماوە ئازارم نەدا
پاکترین خاك ئەو پارچەیەیە
کۆتر کلکی لێدەخشێنێت
خوشك و برا شکۆمەندەکانم کۆتر
بە دەنووك گۆڕێکم لە ناوی بۆ خۆشکەن
هێندەی زەردێنەی هێلکەیەك

ئاهەکانمی لەناو دەترووکێت
کە هێلکە دەترووکێ
زەوی بۆ ماوەیەکی زۆر لە سۆراخی هەوێنی هیوادا
دەستی لەناو نیازی بێگەرد گەرم دەبێتەوە
بە ئاسوودەییشەوە بەرزی دەکاتەوە بۆ لای دڵ و چاوی
نائومێدییەکی قووڵ ناخی زەوی بەردەدا
سەیری دڵ و چاوی زەویمکرد
ڕەنگی تێکچوو
وەك لەوە بترسێت
لەبەردەم جامخانەیەکدا بوەستم
نهێنییەکی ئاشکرا و بۆنی موورتکی تەڕ لەگەڵ بۆنی دەسکێشی کیژێك بەراورد بکەم
دەماری گرژ بوو
بە نمە بارانێك خاو بووەوە
درەنگ تەماشای ئاسمانم کرد
نهێنیی ئاسمان ئەفسوونی دڵە
ئەفسوونی دڵ یارمەتیدام بۆ
پێشبڕکێ و
کێبڕکێ و
بەرزبوونەوە و
پشوودان
پارچە گۆشتی دڵم کەوتووەتە سەر زەوی
مێرووله دەورەیان داوە
ئاهی گەرمی دڵم سمێڵی مێروولەی هەڵکڕووزاند
سەرنجێکی ڕاڕا
دەمی سۆندەی ئاوی خستە سەر شارە مێروولە

لە تەنیشتیدا ئاگرێکی کردەوە
لە یەك دوو هەنگاو بەولاوەتر
دووپشکێك لەناو کۆمەڵێك ئێسکدا مردار بووەتەوە
خەڵکانێك بە ترسەوە دێنە بەر هەتاوی بەهار
پەیام لە زەمینی دوورەوە دێت
پێشنوێژم پێدەبەخشێ
پەیامبەخش دڵم لەسەر دەستەکانی ڕادەخات و لە چاوی نزیکدەکاتەوە
دڵم سەرڕێژە لە جوانی
جوانی دڵی خودایە
خودا گەرماییی دڵی زەوییە
زەوی جیهانێکی تەواوە لە نێوان ئاسك و کیسەڵ
سەد جۆگەی لە چاوی هەڵگرتووە
بۆ دڵخۆشیی ڕەگ و چڵ و ناوکی میوە
ڕەگ و چڵ و ناوکی میوە
گلێنەی چاویان خۆشدەوێ و خۆیان لە بای توند لادەدەن
دەستم لەسەر دڵم لادەبەم
قۆچ و بڕبڕە پڕوپاگەندە بۆ چی دەکەن
یان چییان لێوە بزردەبێت
گای ئێسك پتەو و پڕ خوێن و گۆشت و چاومانگ
وەك پاڵەوان لە دایکبووە
ڕۆژێك زەوی لەسەر قۆچەکانی فڕێدەدا
مرۆڤیش لەسەر بڕبڕەی پشتی دەهێڵێتەوە
گایەك هەموو گایەکانە و سزادراوی پەڕۆی سوورە
بە ددانی پانی پەلکە شفتی دەخوات
نیوەڕۆیانیش خۆر قۆچ و بڕبڕەی پشتی ڕووناك ناکاتەوە

قوربانییەکانی ددانی گا و ددانی مشار
مەی خانەدانیی زەوییان خواردووەتەوە و بەختەوەریی خۆیان ئاشکرا دەکەن
تۆفانێك بەسەر زەوی دەڕژێت
بێشەرمێکی درۆزن بووەتە پیاوێك لە خوێن و گۆشتی زەوی
بەسەر کەشتییەوە هێما و ئاماژە دەدا
ڕەگ سەرقاڵە بە سەرکێشیی چڵەوە
زەوی هەست بە لەرزینی خۆی دەکات
خۆی بە کەوانەی ئاسمان گرتووە
ئەریێ لە بەهەشتدا کەس لە دووبارە مردن دەترسێت
ئایا بەهەشت باڵندەی تێدایە
سەرگەردان بیفرێنن و ئارام بنیشێتەوە
یان بۆ سەر زەمین هەموو شتێکی لەسەر دەژی
بەهەشتیش تەنیا مرۆڤ
کێش زار بۆ بەختی هەڵدەدات
چ دەدۆڕێنێت
خانەکانی زار پیرۆزەی چاوەزارن
پیرۆزە مووچڕکی سارد بە خانەکانی لەشی دادێت و ناوچەوانێکی بێ بەهرەیە
ناوچەوانی بەختمان بچووکە
جێگای نووسینی هەموو ویستەکانی تێدا نابێتەوە
بە شەقامێکی نیمچە تاریکدا دەڕۆمە ناو ژیان
چی بکەمە نموونەی ژیانم
بەرد مردوون یان خەوتوون
یان لە قووڵاییەکی ناقۆڵا و کوشندەدان
خەونیان نەبووەتە خەندەی ئومێد و نایەنە دەنگ
بەدەنگهاتنی بەرد دەنگی مارشی شەڕە

ئاو خۆی بەکەناردا دەدا
بێدەنگی دەهێنێتە دەنگ
لەوەتەی بەرد هاتووەتە دەنگ و خۆشەویستی ڕوونکردووەتەوە
خەبەری نێوان بەرگی کتێب و قەوان خۆشبووە
بە پەنجەمۆری یەکەمین نهێنی سەرسامبووم
غەزەل مووتوربەیەکی بێوێنەیە
لە هەموو درەختە بەردارەکان
لکوپۆپی درەختی بەرداری ماڵ
بەسەر دیواری حەوشەوە هاتوونەتە دەرێ
دوورییەکی ئاڵۆز
ئاوی خەواڵووی ناو گۆزە بخۆرەوە
شووشە تورشیات و ڕادیۆ لە تاق و پەنجەرە بەرانبەر یەکدی دادەندرێن
سروودخوێنی زەوی بە کاغەزی پەیام کفن کراوە
بەرەو گیانی خۆی هەنگاو هەڵدەگرێت
بەردەوامیش ئاوڕ لە قەڵا دەداتەوە
دەگاتە دیداری خوداوەندە ناکامەکان
زەویم بینی سوورهەڵگەڕابوو
گوێی لە سروودخوێنی خۆی گرتبوو
لە پشت و خوێنگری دەپرسی
خۆر لە ترێ دەدا
کووپە بیر لە ڕسکانی شەراب دەکاتەوە
پیاوێك بە نازی ژن و منداڵەکانی دەورە دراوە لە خەو دەڕوات
پەرداخێکی گوڵگوڵی بە دەستەوەیە
لە کووپە نزیکدەبێتەوە
دوای سپیکردنی ڕێواسێکی مزر و قومێك

لە کووپەی دڵخۆش و لێو تەڕ بە ستایش و ماچ دوور دەکەوێتەوە

ئاگرێك لە گیانی پەیدا دەبێت و دەبێتە سۆز و بەزەییی خودا

بەیانییە و منداڵەکانم تازە لە خەو هەستاون

سۆبە هەوای متبەخی خۆش کردووە و شەکردان پڕە

گۆرانییەك بۆ ئاکاری ئەم ژوورە

گۆرانییەك بۆ تیشکی ناو دەنووکی باڵندەی ڕاهێندراو بۆ خۆشخوانی

گۆرانییەك بۆ حیکمەتی یەکەم سڵاو

گۆرانییەك بۆ لاولاوی ڕەنگ مردووی سەر دیواری ماڵێکی بڕدراو

لە گۆرانییەکی نائومێددا زار بۆ دووبەختی هەڵدەدەم

پرد جەستەیەکی سارد و سڕە بەسەر ئاوەوە درێژ کراوە

مرۆڤ سروشت نابەزێنێت

ئێمە ئەو کات مەزن و بەختەوەر دەبین

کۆمەڵێك باڵندەی کاغەزی فڕێدەینە ئاسمان

بەسەر میوەی نایلۆن بنیشنەوە

مەترسیی سروشت

ئاگر کەوتنەوە

بوڕکان

هەڵبزڕکانی مانگ

سوێربوونی ئاوی ژێر زەوی

هەڵۆ دەنووك لە پێستی پڵینگ دەدات

ئاوازی گۆرانییەکی پەندئامێز بەرزدەبێتەوە

کۆمەڵێك تەوار کۆرسن

تاووسیش ڕەنگی کوژراوە و عەوداڵی تێکەڵکردنی ڕەنگی دیکەیە

بای سارد خەریکە دەیکوژێت و لە ڕەنج و بەدبەختی دەمێنێتەوە

بێشەرمێکی درۆزن

ناولەپی لە یەکتری خشاند
قاوەی گرتەوە و لە بنی فنجانەکەدا وێنەی
ڕەگی درەختێکی بینی دەچووە ناو بلووری چرایەك
کیسەڵ لە شەرمی خۆیدا چووەوە ناو خۆی و قەپێلکی توندتر کرد
پیتی زی نێوان
کازێوە و زەردەپەڕ
ئاخاوتن و نەوای خۆم
دیدار و ناوهێنانی خۆم
ئاهەنگ و هاتنەگۆی خۆم
سڵاو و دروودی خۆم
ڕووەو زێد و کتێبخانە و گۆڕەپانی شار ئاشکرا دەکەم
دڵخۆشە ئەو ئاگرەی لە بن مەنجەڵی خواردنی ماڵان هەڵتکرد
زەوی دەستی لەسەر دڵە
نیوەڕۆ وەرە ئەی ئەفسوونی دڵ
بەروبوومی زەوی لەناو تەرازووی پێڵوودا
چاوساغی و هاوڕێیەتیت دەکات
خودا سروشت شەرمەزار ناکات
کەپووم لە نزیك میوەی مووتوربەکراو کورژ کردەوە و بیرم
لە زیرەکی و تا هەتایەی زەوی کردەوە
کەروێشکێك لەناو قۆپەنە گیادا بەچکەکانی فێرە چاوبزی دەکات
کێشکەیەکیش بەسەر هەڵۆیەکی مۆمیاکراودا نیشتەوە
نیشانە و حیکمەتی زەویی تازە خۆشکراو بۆ نەمام و بەر و چاوگەشبوون
پەیام لە زەمینی دوورەوە دێت
پێشنوێژیم پێدەبەخشێ
پەیامبەخش دڵم لەسەر دەستەکانی ڕادەخات و لە چاوی نزیکدەکاتەوە

قەت دڵی وا پڕ کازیوە و زەردەپەڕی نەدیوە
لەوەتەی دڵم بیندراوە
خەبەری هەوا خۆشبووە
ماسی خۆی لە ڕەگی درەخت دەدا
مەلیش لە چڵەپۆپە
ماسی و مەل خۆیان تاروتەریك ناگرن
ماریك لەناو شووشەیەکی داخراودا
بیر لەوە دەکاتەوە چۆن خۆی لە لکی درەختێك بئاڵێنێت
لە پاریزی نیشتنەوەی بەچکە کێشکەیەکی کەم ئەزموون‌دا
پەیامبەخش دڵم لەسەر دەستەکانی ڕادەخات و لە چاوی نزیکدەکاتەوە
پیاڵەیەك مەیم لە زەوی خانەدانەوە دەداتێ
ترپەی دڵی هەمیشە خوداییم و دەنگدانەوەی دڵشکاوان
بە ئەسپایی بە درەختەوە دەنووسێت
لە سێبەری گەرمی درەختەکەدا بزەیەك بۆ کامێرا بکە
حەکایەتی مردن کەمێك لە ژیان درێژترە
گوێچکە ماسی ڕۆخ ڕووبار هەڵگرەوە
فڕێی دەرەوە ناو ئاو
بیر لەوە دەکەیتەوە چل شەو و چل ڕۆژە لەبەر خۆردا دانیشتووی
نان و
ئاو و
کتێب و
نامۆیی نەبوون
لەناو دەستەکانت ئەم دیو و ئەودیو دەکەیت
دەستت بخەوێ
ڕیشۆڵەکانی شار شوێنیان نامێنێ تێیدا قاچیان لە بن باڵیان گەرمکەنەوە

پەنجەت درەختی بنەماڵەی باڵندەیە و بەخشندەیی دەنوێنێت
قۆزاخەیەك دەكرێتەوە
كۆمەڵێك گەنمەشامی برژاوی لە دەوردا ڕژاوە
زەوی جارێك چاوی كردەوە و دایخست
لە چاوی خۆشی دوور نەكەوتەوە

**كانوونی یەكەمی ٢٠١٠ هەولێر**

## کەوانەیەک بۆ ناوی لەبیرکراوەکان

خودا ئێمەی بردە خەونی خۆیەوە
سرووش و بەهرەی خۆی پێداین
بۆ مووسا تەورات
بۆ عیسا ئینجیل
بۆ محەمەد قورئان
بۆ منیش زێوان
شیری پەیام ڕژا و بووین بە خاوەنی ژیان
فریشتەیەکی بێ ڕوخسار دەستی کردینەوە

خۆر بە ئاسۆوە بە کوڕی خۆی زانین و ڕازایەوە
ئێمە هەموو هەستەکانی ئەوین
ئەی هەقیقەت من باجی تۆم
تاج ئیرەییم پێدەبا
شیعر دەستی لەسەر شانم دانا
گوتی لە دوورەوە هاتووم و نەزرم لە خۆم گرتووە
نیشانەی زیندووکردنەوە بناسم
بەیانییەکی دڵخۆشە بۆنی باڵی باڵندە پیت و فەڕ دەڕژێننە پێدەشت و بنار
بە دڵ تکات لێدەکەم
ئەی هێزی دیدار و ئەفسوونی ڕووناکی خودا
دڵ و گیان پڕن لە بەختەوەری
ئەمڕۆ لە سپێدەوە دڵ و گیانم سەرڕێژن
لە هێزی دیدار و ئەفسوونی ڕووناکیی خودا
پاژنەی چاوڕوونی ڕوخسار سارد و نیگا مردووان
چووزەرەی مووتوربەکراو ناشکێنێتەوە
هەرچیش ڕوودات
پێویستم بە هیچ دەست بەپشتگرتن و ڕوونکردنەوەیەك نابێت
خودایەك دڵ و گیانی پاراو کردووم
ڕوخسارم ئەفسوونی ڕووناکی خودایە و دڵم هاتووەتە سەر لێوانم
دڵ لەسەر لێو نەخشی ناوچەوانی بەرد و پشتی دەستی خدری زیندەیە
ئەوانەی لە باخ و بێستانی ئەمەکدا دەرکەوتوون
ئاشنا و کەسوکار و هێزی ناوشانی منن
ئەویان بانگی ئەویتریان دەکات
خوان خۆشحاڵە و پێ لە جەرگ و دڵی یەکتر نانێن
چاوەڕوانی هەواڵێکن

چ هەواڵێك
چاوی ماتی سروشت بە خۆشی بەهار دەبریسکێتەوە
حەزدەکەم ماچی بکەم
حەزی ئەو ماچە لە دڵی هەموو ڕووەکێك لێدەدا
گەورەم نەشونما ئەگەر بە درۆ ماچ بکەم
خودا و خود سزام دەدەن
چاوی ماتی سروشت دیارییەکی نایابی ئەو دەستەیە کە تابلۆی پارێزراو دەنووسێت
دڵ لە بن پەراسوو دەردەهێنێت و دەیهێنێتە سەر پەراسوو
بێ پەرواش بریسکەی چاوی هەڵدەدا
ئەی سروشت هێشتان قسەکانی تۆم لە گوێ گرتووە
دوور لە
ئەڵقەی داو و
کلۆی ڕەشکەوپێشکەکار بە چاو و
باوێشکی پەستی و
دووربینی ژەنەڕاڵ
بە دڵنیایی و بێ شەرمی کوشندە و دڵ لەدڵدان
گەشە بە بەروبوومت بدە
چاوڕوونیی ڕوخسار سارد و نیگا مردووان لە خەوی دێودایە
دێوی مەمك شۆڕ و شیر جادوو
گەشەکردن ڕۆژانە دووبارە دەبێتەوە
زەوی بەتاسەی سەوزبوون سووتاوە و چاو ڕووندەکاتەوە
ڕێوڕەسمی نزیکبوونەوە لە سووتان نهێنییەکەی لێرەیە
تریفە و ئاو تێکەڵی یەك نابن
مانگ دەستی نزایە هەڵفڕیوە
لە تریفەی خۆی زیاتر کەسی نییە

له کانییه‌کیش ده‌پێچێته‌وه که هیچی له باره‌وه نازانێ
کانیش له ئاست جۆگه‌ی دامێنی خۆی
که‌ڕ و
لاڵ و
کوێره
بوڕکان ده‌نگی هه‌ناسه هه‌ڵکێشانی زه‌وییه
زه‌ویش له‌ناو گڕی تاوله‌رزدا ده‌سووتێت و وڕێنه‌یه‌کی ڕاسته‌قینه به مانگه‌وه ده‌کات
مانگ ده‌ستی ده‌فڕژه‌نه و هه‌ڵفڕیوه
ده‌فڕژه‌ن ڕۆشنایی سه‌ر په‌نجه‌کانت ده‌رکه‌وتوون
چاوه‌ڕوانی هه‌واڵێکن
چ هه‌واڵێك
تریفه‌ش هه‌ناسه‌ی گه‌رمی له‌سه‌ر ئاوی مه‌نددا جێده‌هێڵێت
به دیار زه‌وییه‌کی خه‌واڵوو و بێ برِ ئازار دڵ و گیانی لوولداوم و ڕایده‌وه‌شێنێت
پاشان چای داخ ده‌خۆمه‌وه
له قه‌ڵه‌مڕه‌نگ و گیتاری حه‌کایه‌تخوان و ته‌رمهه‌ڵگر ورد ده‌بمه‌وه
ته‌رمهه‌ڵگر به‌م نزیکانه‌دا تێده‌په‌ڕی
نزیك ماڵی من
که‌پر و
کووخ و
خانوو و
باڵه‌خانه
نووسینی سه‌ر دیوار ده‌بینن
بێده‌نگیش کۆتایی هه‌یه
جه‌ژنی کۆچی باڵنده‌نه و تاسه‌ی سه‌یری ناوچاوی یه‌کترکردن
گرانایی بایان له‌سه‌ر باڵی لاده‌دا

باڵندەی کۆچکردوو

چۆن بوو خۆت بە بای پەڵە نەسپارد و بۆ ئێرە گەڕایتەوە

هێلکەت لە تەنیاییدا هەڵنەهێنا

کە کۆچتکرد

هەموو شتێکمت لە باڵی خۆت بەستا

لە هاتنەوەشتدا هەموویانت لە کێڵگەی شەکر دانان

چاوەڕوانی هەواڵێکن

چ هەواڵێك

ترپەی دڵم گوێ لە مێشکم ناگرێت و شوێنپێی ناناسرێتەوە

کۆمەڵێك مردوو مۆمیان لەسەر دەستیان ڕاگرتووە و دەموچاویان تەواو سوورهەڵگەڕاوە

قووڵایی دڵیان سەردەخەن و تاوێك چاوەڕێ دەکەن

ئەو ڕازە دەدرکێنن

پەپوولە بڕوا بە ڕووناکی چرای دزانیش دەکات

پەپوولە بەرەو ماڵی خۆت بڕۆ دەگەی

شیلەی ماڵی خۆت گەرمە

چاوڕوونیی ڕوخسار سارد و نیگا مردووان

درەختی بنەماڵەی پەپوولەی وێنە کێشاوە

ڕۆژانی پشوو لەناو خۆیدا گەشەی پێدەدا

دەتوانم باوەڕ بەو هەموو شتانە بهێنم کە بینیومن

چونکە هەموویان خەون بوون

لە بەیانییەکی دڵخۆشدا کە بۆنی باڵی باڵندە

پیت و فەڕی دەرژاندە گەڕەك و شار

هەستدەکەم لە شاری خۆمدا وەك لەبیرکراو و زیندانییەك نامە بۆ دەرەوە دەنووسم

ئەی هەقیقەت من باجی تۆم

تاج ئیرەییم پێدەبا

شیعر دەستی لەسەر شانم دانا
گوتی لە دوورەوە هاتووم و نەزرم لە خۆمگرتووە
نیشانەی زیندووکردنەوە بناسم
ئەی نیشانەی زیندووکردنەوە لەناو پاراوی ئەو خوێنەدای
کە لێدانی دڵ خێرای دەکات
بە باڵی
پەڕ و
شەمێ و
شیعر
لە گەرمی خۆر نزیکبوومەتەوە
بۆ فڕین و توانەوە هاتمە جیهان و چوومە ناو هەقیقەتی دڵ
پێغەمبەرێك ڕووەو ماڵی خۆی دەڕوا
دڵی بە خێراییيەکی سەیر لێدەدا
کەروێشکێك ڕووەو ماڵی خۆی دەڕوا
دڵی بە خێراییيەکی سەیر لێدەدا
نەهەنگێك ڕووەو ماڵی خۆی دەڕوا
دڵی بە خێراییيەکی سەیر لێدەدا
لەبیرکراوێك ڕووەو ماڵی خۆی دەڕوا
دڵی بە خێراییيەکی سەیر لێدەدا
ئەوەی بەرەو ماڵی خۆی ڕۆیشت گەیشت
نانی ماڵی خۆت چەند گەرمە
هەست لەناو خۆیدا شەمێی تواندەوە
پاشان دایە من و سروشت
هەستی سروشت ڕێگا بە خۆی دەدا نازناوی بەخشندەیی ئاسمان هەڵگرێت
بە نەرمی ناوچەوانت ماچدەکەم ئەی بەخشندەیی

له سەرەتادا تەنیا جوانی هەبوو

نۆرەی کێیە جوانی بکوژێ

له سەرەتادا تەنیا وشه هەبوو

نۆرەی کێیە وشه بکوژێ

له سەرەتادا تەنیا بەختەوەری هەبوو

نۆرەی کێیە بەختەوەری بکوژێ

له سەرەتادا تەنیا نەمری هەبوو

نۆرەی کێیە نەمری بکوژێ

جوانی و

وشه و

بەختەوەری و

نەمری

دەستی بکوژ چرچولۆچ و پەڵەی تێکەوتووە

ناتوانێت خەون ببینێت کە پەپوولەیە

پەپووله بڕوا بە ڕووناکی چرای دزانیش دەکات

دڵی خودا له ئەفسوونی ڕووناکی دروستبووە

دڵی منیش له پیت و فەڕی ڕووناکی

نازی دارباویی گوڵکردوو لەگەڵ چاوڕوونیی گەشتیاراندا

هاتووەته ناو شاری پڕ تاسەی جوانییەکان

زانیم سکاڵایان بەدەمەوەیە و بیر له هێزی مانەوەیان دەکەنەوە

پاژنەی چاوڕوونی ڕوخسار سارد و نیگا مردووان

هێشتاش بەسەر زەوییەوەیە

نەخشەی گۆی زەوی هێلکەیەکە

قازێك له نزیك گۆمێکی لێڵدا کردی

مامۆستایەکی سیاسیش له سەکۆ و بان بۆ ئێمەی دەسووڕێنێت

زێرابی تەقیوی شار کەف بەولا و ئەملادا هەڵدەدا
ئەی ئەشقی دڵگەرمی دێرین
بەخێربێی بۆ گۆڕستانی بەخشندەیی
کە شاری پڕ تاسەی جوانییەکانە
شەپۆل پەلاماری ڕاوچی دەدات
ئاسنگەرێك ئاگری سوور لە چەکوشەکەی دەڕژێ
تریفەش دەڕژایە سەر سندانەکەی
بزانە کوورەی ئاسنگەر دەروونی چەند خەواڵووە
تریفەش چەند لە ئاسکێکی دووگیان دەچێت
بە نەرمی پێ هەڵدەگرێ
ناڵی ئەسپ لەق بووە و سروشت تووڕە و دڵخراپە
ئەی هێزی دیدار و ئەفسوونی ڕووناکی خودا
فەرمان بە دڵم بدە خراپە دەرکات
لەناو شەرمی ڕووناکیدا بمرم
پێغەمبەران
مووسا
عیسا
محەمەد
لە شەرمی ڕووناکیدا مردن
خودا لە تەوراتدا
خودا لە ئینجیلدا
خودا لە قورئاندا
خودا لە زێواندا
هەمیشە یەکەم بارانی ساڵ دڵخۆشم دەکات و دوا بارانیش دەمترسێنێت
نازانم بۆ ناتوانم تەواو لەباران نزیك ببمەوە

یاداشتنامەیەکی توندوتیژم داوەتە یەکەم بارانی ساڵ

نەرم بباریێ

نان نەرم ئاو پرژێن دەکرێت

شانەی هەنگوین بەنەرمی پڕ دەبێت

یاڵی ئەسپیش بەنەرمی خۆی دەکاتەوە

گژوگیای خۆڕسکی زەویم لە مۆم مووتوربە کردووە

مۆمێك تازە لێوی لە کوڵمی تاریکی کردبووەوە

هەوری ڕاهاتوو بە ژیانی دووبارە

متمانەی بە دڵۆپە نەما و لێی ڕاخوڕی

ڕوخساری ساردت لێرە بزرکە

ئێرە چواردەوری بە لافاوە و نابێتە تابلۆی پارێزراو

هەوریش بێپەروا

ئەفسوونێك بەسەر دڵۆپەدا تێدەپەڕێنێت

ئاوازێکی داخورپێنەر لە دەنگی بارین دروست دەبێت و دەڕژێ

ئاسمان لە دەمودووی هەور

پێش ئەوەی ببێتە

باران یان بەفر

تەرزە یان شەختە

ئێمەی دروستکرد

کتێبێك لە ئومێدی خۆیدا دڵی داینەوە

شوێنیشمان لەسەر زەوی نییە

ئەگەر هەشمانبێت یارییەکی ئاگربازییە

تیشکی سووتێنەر شەمێی تواندەوە

پاییزیش سووکایەتی بە شکۆی درەخت دەکات

وەك عەلیشیشی فیکە بۆ کێشراو

دەممان بەرز کردووەتەوە

بڕوام وایە قووڵایی خۆم و ماڵی هەمیشەیی

دەبێ بە شەوچەرە و چلچرای خودایی ئاکار گەرم و پەرژیندار بێت

شاری مردووان ئاوی دڵۆپێندراوی تاسەیە

تاسەی سەیری ناوچاوی خودا و مردن

لە ماڵی هەمیشەییدا

کێل دەرگایە یان پەنجەرە

مردن نیوەگیانم و لە دەرگا یان پەنجەرە مێوانداریم دەکەیت

دەنگم لە گەرووی کەڵەبابدا

دوودڵە لەوەی گوند بەخەبەر بهێنێت

بەپەیژەیەکی نوستوو هەڵدەکشێمە ناو تاریکی و ڕووناکی

پەیژە تەنیایی و ترس و واقوڕمانە

تاریکی لێوی لە کوڵمی ڕووناکی دەکاتەوە

کێ خۆی بە تاریکی و ڕووناکی دەچوێنێ

دژیشی دەوەستێتەوە

زەمین ناوچەوانێکە لە تاریکی و ڕووناکی

هاواری لە گەرووی کەڵەبابدایە

هاواری خنکێندرا

گەرووی کەڵەباب داگیرسا

ئەو لەبیرکراوەی هەموو شتێکی لەبارەی خۆیەوە لەبیرە

قووڵایی خۆی لە سپێدەیەکی پڕ تەزووی سۆز و یاد ڕادەخات

سەرم لە تاریکی و ڕووناکی سووڕماوە

کامیان لەبەر کامیان هەڵدێن

هیچ کامیشیان لەسەر سەبر و وەفای ئەویتریان ناوەستن

چاوەڕوانی هەواڵێکن

چ هەواڵێك

دووپشكێك ئاگر شالاَوی بۆ هێنا

خۆی تار و مار كرد و گوتی ئاگر هەمووی ئەفسانەیە

ئەفسانەی وەك ئاهێكی خەست هەڵكێشا و فریای كەوت

لەم ئاهەدا هەرچی دەیزانی هاتنەوە یادی و دڵگەرمیانكرد

سبەینەیەكی ژیانییە

كۆچەری ڕێوبانان ناوچەوانیان لە دەروازەی گەورەی شار دەسوون

چاوەڕوانی هەواڵێكن

چ هەواڵێك

كیسەڵ كە سەری دەباتەوە ناو قاوغی

لە قووڵایی خۆی دەڕوانێت

ڕێگای چاوەڕوانی خز و دڕ و بەناویەكدا چووە

بەهاریش تەڕە و ئاو گەیشتووەتە خڕخاڵی نازداران

گوڵدان

لەسەر لێوی پەنجەرە

لامپا

لەسەر لێوی پەنجەرە

دیوان

لەسەر لێوی پەنجەرە

شەمێ

لەسەر لێوی پەنجەرە

قاوەجۆشیش لەسەر ئاگر بڵق دەدات

ڕێوڕەسمی نزیكبوونەوە لە سووتان نهێنییەكەی لێرەیە

ڕۆژی پشووە

گوڵدان و

لامپا و

دیوان و

شەمێ و

منداڵەکانم

چواردەوری سۆبەیان داوە

ژوورێکی چ ئارامە بە هێزی دیدار و ئەفسوونی ڕووناکی خودا

هەموو شتێکی لە دڵدا دەبینین

پێویستیشمان بە هەموو شتێك هەیە بیزانین

باڵندە بە چەند پەڕ دەفڕێ

کە ڕووناکی دەمی لە کوڵمی تاریکی دەکاتەوە

ئەفسوونێکی تایبەتی لە دڵ و گیانی پشوو دەدا

میوە تەڕ و بۆندار دەبن

ڕووناکی هێز و ڕەنگی لە هەموو ڕەنگەکان وەرگرتووە

کلك و باڵی ماسی لەرزەیەك لە ئاودا جێدەهێڵن

ستایشی ڕووناکیش دەکەن

کە لەناو هەموو ڕەنگەکاندا دەیاندرەوشێنێتەوە

مردوویێکیش درەختێك دەبڕێتەوە

لە ژیانیدا لە سێبەری نوستووە و خەونی بە تەمەنی درێژی لاولاوەوە بینیوە

درەخت نموونەی دەست و دەروون پاکی بە ڕەگیەوە شۆڕکردووەتەوە

ئەرێ درەخت بۆ ڕەگی بە دەرەوە نییە

زمانیش لەناو دەمدا شاردراوەتەوە

ژوورەوەش دەمە و مرۆڤـ لەناویدا زمانن

لە دڵی نەرمی خودادا هەتاوی گەرم

لە گوڵی مافووری ژوورەوە دەدات

منداڵێکیش لەناو هەتاوی سەر مافوورەکەدا

وێنەی گوڵێکی دەم گەرم دەکێشێ
کە هەوای خۆشی بۆ سییەکانی
گوڵدان و
لامپا و
دیوان و
شەمێ و
دایك و
باوکی هێناوە
دایك و باوك خۆ ڕێکپۆش دەکەن
خەنەی کلك و بژیی ئەسپ دەشۆن
ئەو هەموو خەڵکەی کەوتوونەتە دوای ئەسپ
چاوەڕوانی هەواڵێکن
چ هەواڵێك
بۆنی باڵی باڵندە پیت و فەڕ دەڕژێنێتە سەر پشتی
ئەوەی بەرەوماڵی خۆی ڕۆیشت گەیشت
پشوودانی ماڵی خۆت چەند هێورت دەکاتەوە
لە سێبەری دار قەڵەمتۆزی گەڵاپڕدا
بیر لە خێزان و شەش منداڵەکەم دەکەمەوە
بیرکردنەوە لەوانەی خودا باڵی لێڕواندوون
باڵێك چاو و دڵی هەمووومانی ڕوونکردەوە
ئەی باڵبەخش فەرمان بەدڵم بدە خراپە دەرکات
لەناو شەرمی ڕووناکیدا بمرم
پێغەمبەران لە شەرمی ڕووناکیدا مردن
خوداش بە لەیەکتر ڕوانینی نەرمونیان خەڵاتی کردن
برادەران بێ بایەخن ئەو بەردانەی بۆ مل شکاندن دەیهاوێینە بەرپێی یەکتری

مانگ لە ئاسماندا تەنیایە و گۆرانیی هەمووشمانە
هەموو شتێکیش لە ڕوخساری پڕ ستایشیدا وێنەی شادمانی و بریقەی ڕووناکین
تەنانەت من و ئێوەش
ئیتر فەرمان بەدڵتان بدەن خراپە دەرکات

**ئاداری ٢٠١١ هەولێر**

# ژیانی دووبارەی ئادەم

دڵ بە داچڵەکێن دەجووڵێ و باڵندەی ڕەسەنزادەی هەولێریش هەموو جووڵەیەك دەكات

چاوەڕوانی کەوتووەتە نێوان هێلانە و باڵندەوە

مانگ ورد ورد لەگەڵت دەڕوا

دیمەنەکانی ئەولا و ئەملای ڕێگا

ئەنگوستیلەی پەیمانی بەهەشتت لە پەنجە دەسووڕێنن

درووود بۆ وچان و بەهرە و فەرهەنگی پاراو و بێپایانی ئادەم

دوای تەواوکردنی هەر شیعرێك

ڕووبەڕووی یەك دادەنیشین

ئاو دەزێتە چاوی و بە شکۆ و هەڵچوونەوە شتێك دەڵێت

چی لە دڵت بووەتە ترپەی ڕووداوێك و بە کپی هەڵتدەداتە ناو حیکمەتی ڕۆشنایی و تەمی بەیانییەوە

منیش لە سەر پشتی ئەسپە گوێڕایەڵەکەم لە سەیرکردنی ئومێدێکدا

هەتاوی خولیا لێیدام و هەستەکانم نەشێوان

کاتێك ڕاستەقینە دەبێژێ و بە ژانەوە هاوار دەکات و خۆی دەلاوێنێتەوە

فرمێسکی دەشت و پێدەشتی تەکیە و خانەقا دەخووسێنێت

فرمێسك پیشەی خوداوەندی یاد و ئاهـ و جریوەی تیشك و تاسەی خوداییە

لەگەڵ هەر داباریندنێکدا ترسی بوڕکان لە هەناوی زەوی کەمتر دەبێتەوە
هەمیشە تەواوبوونی شیعر دەمترسێنێ
خۆشەویستی هات و نەڕۆیی سڵاوی لە بڕوای دڵ کرد
چۆنت ویست ئاوها ڕێگات لە ژێر پێدا کشا و سێبەری دەستم لەسەر سەر ڕاگرتی
چۆنت ویست ئاوها ماڵئاواییم لێکردی
چۆنت ویست ئاوها تۆڕم هەڵدایە ناو ئاو
چۆنت ویست ئاوها تۆڕم لە ئاو دەرهێنا
ڕك و کینەی خۆت بخۆرەوە و لەبەهەشت دەرگایەکت هەیە لێبدەی
بڕوانە مانگ بە یاد و ئاهی خوداوەندانەوە دەسووتێت
مانگ وشەیەکە لە ماناکەی ناگەم
ورد ورد لەگەڵت دەڕوا
دیمەنەکانی ئەولا و ئەملای ڕێگا
ئەنگوستیلەی پەیمانی بەهەشتت لە پەنجە دەسووڕێنن
تریفە لەناو شاخی کەڵەکێوی و لەپکەشینەی ناوچەوانی خانوو دەتوێتەوە
بەدبەختی و خۆشبەختی هاوسەنگەری حەکایەتخوان دەردەکەون
دەنگ لە دوور و نزیکەوە دێت
ڕەنگ لە دوور و نزیکەوە دەناسرێت
هاتن و ناسین ئەوینێکی بێپایان سەردەخەن
لەم خانووە دێرینەی دەربەندی گۆمدا
خانەدان و خانمێك جگەرگۆشەی بەهرەداریان سەرپێ خست
لە هێلانەی باڵندەشدا قەپێلکە هێلکەیترووکاو کەوتوونەتە حەوشە
ساڵجەژنی نۆبەرەیانە
خانەدان سوارچاك و مامز بە هیوای بەختی باش
لە بۆسە و چاڵ دەپەڕێنێتەوە
پەڕینەوە لە بۆسە و چاڵ بۆ حەکایەتخوان لەئارادایە

کوێریش بەڕێگادا دەڕوات
خانم ناولەپی گەرم و چاوی ئاهەنگگێڕ تیژ دەکات
پەتاتە لە کێڵگە هەڵدەکەنێ و لەسەر پشتی سێڵ دەیبرژێنێت
یاری پیت و ناوێك بۆ حەکایەتخوان لە ئارادایە
نۆبەرەش داوا لە خوداوەندی یاد و ئاهـ دەکات
هەوری ئاسمان جێگۆڕکێ پێبکات
گەواڵەی خەواڵووش پێڵووی چاوی سووك هەڵنێ
شێرەکلۆیەك بە دەسکی دەرگای ماڵی خانەدان و خانم وەنووساوە
دوو مانگ بە ئاسمانەوەن
چاویان لە ڕوونی گوڵەنێرگز پاراو بووە و بەختیان کراوەتەوە
ئالوودەن بە
شکۆی خەرمانی گەنم
تەنکیی باڵی مێشهەنگوین
سووك هەڵگرتنی پێی کارئاسك
کانی بەردەم ڕەشماڵی کۆچەرییان
مانگ لەجیاتی ئەو بەهرەدارانەی لە خانووی دێرینی دەربەندی گۆم سەرپێ کەوتن
ئێشك لە شکۆی سروشت دەگرێ
نووشتەی چاوەزار بە ناوچەوانی خانوو جۆلانە دەکات
بخوور تا نەسووتێت بۆنی بڵاونابێتەوە
درەخت تا بەرز نەبێتەوە سێبەر ناگرێ
ئاو تا نەڕوات ئاوازی لێ پەیدا نابێت
پشکۆ تا نەبێتە خۆڵەمێش با نایبات
چارۆکەی بەلەمیش هەموو کاتێك با لێی نادا
نواڵە لەناو کێڵگەی برنجدا
تا ئەژنۆ خۆی هەڵکردووە و نینۆکەکانی دەبریسکێنەوە

بەخت خەلاّتی کردم و هەستم بە بەختەوەری کرد
کاتێك شێتانە بۆ لای ڕامکرد
خواستێکی خودایی بەرەو ئەو شوێنەی بردم
ختووکەی ڕەگ و گەلاّی برنج
چاوەڕوانی بە سوودی ڕەخساند و لە وادەی خۆی دوانەکەوت
بریسکەی نینۆکی نواڵە
لە تاسەی یاداشت مایەوە
کەو سەری خستە سەر قۆمەتێك برنج
دەمی بە قاقبەقاقی ئاسوودەیی گەرمکرد
چ هۆگربوون و نیازێکی پاکە بە هیواوە ڕاکەی
ڕوخساری مەحاڵ دەبێتە ئاوێنە بۆ بەرانبەر
لۆچی ڕوخساری زەوی پالاّوگەی ئاوی نەمرییە
ئەستێرەناسێکی گەڕۆك دەیگێڕێت
لۆچی ڕوخساری زەوی نەزرە
مرازی نامرادان پڕی دەکەنەوە
ڕوخساری خانووش نووشتەی لە خشتەبردن فڕێدەدا
ئادەم و حەوا بە دەستی پڕ گەنم و جۆ هاتنە سەر زەوی
تووڕەییەکی لەناکاویش لە دەموچاوی سروشت دەرکەوت
لەناو ئەو هەموو سروە ئارامەی مانگی ئاداردا
دێم و دەچم
ئاسمان دەبارێنێت
لەگەڵ هەر داباریینێکدا
ترسی بوڕکان لە هەناوی زەوی کەمتر دەبێتەوە
ڕوخساری مەحاڵ دەبێتە ئاوێنە بۆ بەرانبەر
لۆچی ڕوخساری زەوی پالاّوگەی ئاوی نەمرییە

ئەستێرەناسێکی گەڕۆك دەیگێڕێت
لۆچی ڕوخساری زەوی نەزرە
مرازی نامرادان پڕی دەکەنەوە
ڕوخساری خانووش نووشتەی لەخشتەبردن فڕێدەدا
بەهاری پێست نەرم
هاوینی دەروون گەرم
پایزی بە شکۆ و شەرم
زستانی نۆبەتداری تەرم
ئێستا کاتی بانگی شیعرە
بە کاتی لێدانی دڵی من و خوداوەندی یاد و ئاهـ
لێدانی دڵ هەموو شتێکی من دەزانێت و لەپێناومدا دەجەنگێت
نواڵە لە قۆزاخەی مندا بۆنی خەملاند
منیش لە قۆزاخەی شیعر
ئەرێ گیان لە کوێی جەستەدا دەژی
خەڵاتی خوداوەندی یاد و ئاهـ بوو
جگە لە نواڵە نەمتوانی بیر لە هیچ خانمێکی تر بکەمەوە
بەناو دارستاندا دێت
لە سێبەری درەختە گەورەکان پیاسە دەکات و لکە نزمەکان لادەدا
پێی وەك باڵندەی بچووك دەجووڵێتەوە
باڵندەی دێرینی هەولێر شەهید کرا
فڕینی لە یادمان ما
دایکی شەهیدێك تەرمی باڵندەی دێرینی هەولێری وەك دەسکە نێرگز و مێخەك
لە قەراغ ڕێگاکاندا بۆ فرۆشتن داناوە
هێلانەی بەسەر منارەوە
لە سەبەتەیەکی بەتاڵ دەچێت و تاجی مۆزەخانەی هەولێرە

لە چاوی پیس بە دوور بیت ئەی مۆزەخانە
بریسکەی چاوم لە بریسکەی قۆپچەی کراسی دیاری بەهەشت دەدا
وەرزی بەرگەیینی درەختی چلئاوازە
بۆنوبەرامەی لە نەوا و زەماوەندی باڵندان دەرسکێت و بۆ ئاشق دەدوێ
سروەیەکم خۆشخەبەرە سڵاوی لە بڕوای دڵ کردووە
بە بۆنی درەختی لاڕێ مەست دەبم و گۆرانی خودایی دەڵێم
لە گۆرانیمدا خوداوەندی یاد و ئاهـ ستایش دەکەم
ئاسوودەیی چرا بەدەستان دەبێتە بەری مزر و شیرینی درەختەکانی
بۆن بە درەختی لاڕێوە دەکەم
کۆچەرێکم هەوارم هەست بە لێدانی دڵی دەکرێت
سێبەری چرا بەدەستانی بەسەردا کەوتووە
گەیشتم بە شوێنپێی خۆم و گوێ لە بێدەنگیی مردن دەگرم
مردنیش گەیشتووەتە ئەوپەڕی و دواقسەی لەگەڵمدا دەکات
خودا ڕووەکی ئاوی بۆ ماسی ڕواند
گوڵی سەر دووگوردی نوێژ لە بن باڵی کۆتر ڕواوە و بۆنی کۆچدەدا
دیکتاتۆریش ددانی گورگی بە سەد نەخشی فریودەر نەخشاندووە
لەبەر خاتری ئەوەی درەختی مردنم بە سێبەر و بەر بکەم
دڵم لە سینگمدا کتێبی نوێژەکانی هەڵگرتووە
خیرا لێدەدا و پێستی تەنك بووەتەوە
خێرا جەنگ لەگەڵ دووڕوو بەرپا دەکات
خێرا قۆزاخەی پڕ دەبێت و لە شوێنی بڵند دایدەنێ
خێرا دەبێتە برای شیریی ئاوڕۆنکەی سەر ئاوی تەنك
مانگ وێنەی نیوە بازنەیەکی لە سەر ڕووی ئاو دروست کردووە
من ئاوازی ناو مانگم
نامرادان لە تریفەی سەرڕووی ئاو نزیکدەکەمەوە

تریفەی سەرڕووی ئاو دڵی پڕە لە خولیای ژیان و لە زەنەك دوور کەوتووەتەوە
جاڵجاڵۆکە داوی تەونی درێژ کردووەتەوە
بۆ ئەوەیەتی خاوەن ماڵی پێببەستێتەوە
خاوەن ماڵیش لە تووڕەییيان سوور هەڵگەڕاوە
خاڵخاڵۆکە بەسەر دەستی شووشەوات فرۆش نیشتووەتەوە
بۆ ئەوەیەتی گۆسکەی هەنگوین و دەنکە قاوەی ماڵە خاڵان
بهێنێتە بازاڕی کۆیلە فرۆشان
خاڵیش لە تووڕەییيان سوور هەڵگەڕاوە
جاڵجاڵۆکە و خاڵخاڵۆکە
لەسەر کارتی جەژنانە خۆیان بە ئێمە ناساندووە و ڕەنگ و ڕوویان داگیرساوە
نواڵە دێ و بەهانە لە قۆزاخەی دڵ دەگرێ
لە نێوان بەردی گرانبەها و گوللەی شەرمن
دەنووسێت لەم ژیانەدا یەکتربینینەوە هەیە
بۆ تاریکداهاتن زۆری نەماوە
مرۆڤ لە تاریکیدا مەیلی ئاگر دەکات
دوا مەشخەڵ
ڕێوڕەسمێکی ناقۆڵا لە شار
ڕێوڕەسمەوان لە داخان سەری لەناو شانەکانی نقووم کردووە
چاوەکانیشی لە چاوی باڵندەی گۆشتخۆر دەچن
جەنگ لە هاواری ئەسپ ناسراوە و باوەشی بۆ دواڕۆژ کردووەتەوە
دواڕۆژ ماڵی شایستەی نەمرانە
درەختی مردنی تێدا بە سێبەر و بەر بکەین
بەڵێ درەختی شکۆداری مردن
کتێبی نوێژەکان ئەفسانەی دوا خۆشەویستیمن
سروەی مانگی ئادار

دەوروپشتی باڵندەی دێرینی پێ ڕووندەبێتەوە
ناو بۆ ڕۆژەکانی دادەنێت
سەرگەردان و پڕ ئامانج
بە شەقامەکاندا گەڕا و لەناو سییەکانی درەختی باخی گشتی مایەوە
نیشتیمان چ بایەخێکی بۆ من هەیە کە برسییەتی دەمی منداڵەکانمی سڕ کردبێت
حەزم لە پیاسە لەگەڵ خۆم و کێوبڕینە
لە پیاسە لەگەڵ خۆم و کێوبڕیندا یادەوەری دێنە فریام
هێرشی کلۆ دەشکێنێت
ماسی هەڵدەدەمە ناو حەوزی شووشە
گۆرانیش لە یاد و ئاهی خوداوەند بەرهەمدێنم
بەفر جوانییەکە گران بۆ لکوپۆپ
خوێن و گۆشت دەخاتە منداڵدانی سروشتەوە
پاشان پەیمان لە بەهەشت وەردەگرێ
چی نیشانەیە بۆ ئازادی
ئەو نیشانانەی کە نین
وڵاتێك لە ویستی خەڵکەکەی خۆی ماندووە
هەندێك ویست بەر مەرگ دەکەون
ئەوانیدی بەردە پیرۆزەن
لەسەر کێلی ئەو سەرکردانەی لە شێرەبەفرینە دروستدەکرێن دادەندرێن
بۆ نیشانە و بەرد هاوێشتن
چیمان بۆ دەکرێ
چیمان بۆ ناکرێ
چیمان پێدەکرێ
چیمان پێناکرێ
پەنجەرە و دەرگا بە چییەکان مۆرکراون

ڕووناکیش لە بن حەفت لێفەی دێوان دەنرکێنێت
سۆزیشی بۆمان هەیە
لە باوەشی دایکی ئەو شەهیدەی
تەرمی باڵندەی دێرینی هەولێری وەك دەسکە نێرگز و مێخەك
لە قەراغ ڕێگاکاندا بۆ فرۆشتن داناوە
هیچ شتێك جێگای نابێتەوە سۆز نەبێت
پێش ئەوەی باڵندەی دێرین جەرگسووتاو بکرێت
تای سییەکانم بەرز ببووەوە
دڵ جێ بە خۆ ناگرێت و بەردەوام جێ دەگوازێتەوە
ئەی جێ هەمووومانت حەپەساندووە
باڵندەی دێرین
حەکایەت و
چیرۆکی فۆلکلۆری و
پەند و
قسەی نەستەقی کۆڵان و شەقامی شاری گوێ لێبووە
هەناسە لە سینگتان ڕاگرن
بە جەربەزەییەکی زۆرەوە دەیکاتە گۆرانی و لە بۆنە تایبەتییەکاندا دەیڵێت
ئەو سەرکردەیەی لە شێرەبەفرینە دروستدەکرێ
بە ڕاستی دەبێتە سەرۆك
لە بنی دەریا دەگەڕێن
گەوهەر بۆ تاجی دەدۆزنەوە
هەتاوی پڕ ڕەنگی ناخ
هەتاوی پڕ دەنگی ئاخ
هەتاوی پڕ ڕەنگی باخ
هەتاوی پڕ دەنگی داخ

له بۆشایی شاخی کەڵەکێویی بەهەشتی دۆڕێندراوەوە وەردەگرێتەوە
پاشان بە هەمان شاخ
فووی لە مووی وەریوی سەر دەموچاوی ئادەمی کرد
ئادەم لە دایکێك نەبووە و ناوکی نەبڕاوە
کەواتە نەگریاوە و پۆستەچی نامەی دوانەخستووە
بای ناوەخت چلچرای نەخستووەتە مەترسییەوە
خوانی بەیانی بۆ خێزان و منداڵەکانی ئامادە نەکردووە
نەهاتووە خولیای تەڕی ژیان بلاوێنێتەوە و فەرهەنگی سروشت دەوڵەمەند بکات
بەهار خورپە بۆ قووڵایی گیان هەڵدەکشێنێ
هاوین تۆز و گەردی گەردەلوول لە دەمارەکانماندا دەپاڵێوێ
پایز بە دەرگای زیودا دێت
زستان دەوڵەمەندکاری فەرهەنگی سروشتە
نیشتیمان چ بایەخێکی بۆ من هەیە کە برسییەتی دەمی منداڵەکانمی سڕ کردبێت
حەزم لە پیاسە لەگەڵ خۆم و کێوبڕینە
لە پیاسە لەگەڵ خۆم و کێوبڕیندا یادەوەری دێنە فریام
هێرشی کلۆ دەشکێنێت
ماسی هەڵدەدەمە ناو حەوزی شووشە
گۆرانیش لە یاد و ئاهی خوداوەند بەرهەم دەهێنم
قەلەڕەش باڵە تەپە دەکات
منیش لەو ئاسۆیە دەڕوانم کە لەناو دڵمدا درێژ دەبێتەوە
ئادەم دەمامك وەك دەبدەبەی دەم با بەولا و ئەملادا دەچێت
ئەو دارەی تەمبووری لێدروستکرا
ئەو دارەی تابووتی لێدروستکرا
ئەو دارەی پەیژەی لێدروستکرا
ئەو دارەی فـەلاقەی لێدروستکرا

من خۆم بە چاوی خۆم بینیم
دار سکاڵای کرد و زمان لە دەمیدا شکا
من بە گوێی خۆم بیستم
دار سکاڵای کرد و زمان لە دەمیدا شکا
درەختی مردن بە سێبەر و بەرکراو
هاوڕێیەکی بە نان و نمەکە
بەیانییان لە خۆیەوە بە ئاگا دێت
هەوای فریاکەوتن تای سییەکانی دابەزاندووە
درەخت لە مرۆڤ سەر و گەردەن بەرزترن
لەناو یەك کێڵگەدا هەڵدەچن
ڕەنگ و دڵی یەکتریش کفن ناکەن
دانایی ئاگر نیوەی لە باوەڕی کەلەپوورە و نیوەی لە بۆنی مێژوو
پاشماوەی وڵاتوێرانی دەخاتە دەستەکانمانەوە
هونەرمەندی شێوەکار بە فڵچەیەکی نەرم
تۆز و گەردی وڵاتوێرانی لە دەست و شانمان دەتەکێنێت
هونەرمەند جەنگاوەرێکە نیوەی لە باوەڕی کەلەپوور و نیوەی لە بۆنی مێژوو
ئەسپ لەناو بەفردا سڕ نابێت
باڵندەش لە ئاسماندا گەرم دەبێتەوە
پەڕەسێلکە لە بنمیچی تەلار و کەلاوەوە
غار دەداتە سەر درەختی چلئاواز
لە چەقۆی دەستی ئادەمی ورد دەبێتەوە
ئەو چەقۆیەی داری تەڕی بۆ گۆپاڵ پێخۆشکردووە
ئێسکی گۆزینگی مرۆڤیشی پێهەڵکۆڵیوە
بە پەرۆشەوە چەقۆی هەستەکانی تیژ دەکات و تالانی لەسەر دادەنێت
دواتر لەناو کڵاو و دەستەسڕدا پەنای دەدا بۆ فرۆشتن

کەڵەباب
چاو و
گوێ و
لووت و
دەمی
لە سەریدا جێگۆڕکێیان کردووە
قاچێکیشی لە زەوی کێشایەوە
بە سینگی خۆیەوەی نووساند
سینگی درەختی بنەماڵە و قەڵای مێردانە
ڕێوی و
جەردە و
پاشدز و
ناکەسبەچە
تەماشای دەکەن و ئاوی چاویان دەڕژێتە بەرپێیان
ئادەم دەمامك وەك دەبدەبەی دەم با بەولا و ئەملادا دەچێت
بەفر بێئەوەی داوای لێبووردن بکات
ساردایی خستە باڵی باڵندەوە
من ڕێگایان پێدەدەم بێن لە گەرمای دڵی مندا کۆچبکەن
لە یادەوەرییان بنیشنەوە
دەنگ لە دوور و نزیکەوە دێت
ڕەنگ لە دوور و نزیکەوە دەناسرێت
هاتن و ناسین ئەوینێکی بێپایان سەر دەخەن
لەبیرکراوی حەکایەتەکان
لە بەندیخانەیەکی لەبیرکراودا
لەتاوان دڵی لە چاوی هاتەدەر

پێشتریش فێنك و دڵخۆش لەناو خوناوی بەهاردا مێوانی ژیان بوو
بە خۆشییەکی تەواو لە نزیك هەموو شتەکانەوە دڵی کرابووەوە
نزیك قامیشەڵانێك گۆرانییەك چاوەڕوانە بگوترێت
نزیك ڕەشماڵێك فانۆسێك چاوەڕوانە چاوی ڕووناك بکرێت
نزیك داستانێك ئەسپێك چاوەڕوانە تەپڵ لێبدرێت
نزیك ئاهەنگیساڵجەژنێك ئەفسوونێك چاوەڕوانە ببێتە حەکایەت
تیپێك حەکایەتخوان پێکەوە بڕژێنە گۆزەکانمانەوە
مانگیش چاوی کەوتووە و لە نزیك
قامیشەڵان و
ڕەشماڵ و
داستان و
ئاهەنگی ساڵجەژنێك پشوو دەدا
بەرەو قووڵایی زێد دەڕوات
دڵی ماسییەکی حەپەساو دەداتەوە
ژانی ددانئێشە نیوەگیانی کردووە
لە ئاوی بەرسێبەر سەرمای بووە
بۆ ئاوی هەتاوگر مل دەنێت
ستایشی شکۆی وردکەنان دەکات
بەلەمێك بەسەر ئاوێکی هەڵچووەوە
تازە سەرنشینەکانی بۆ خۆخنکاندن خۆیان هەڵداوە
لە دڵتوندیی خۆیدا پرسیارێکی کردە چەتر بەسەر سەری هەمووماناەوە
قەڵا ئەو پێشمەرگە باڵندە کوژانە لەسەرت چی دەکەن
نیشتیمانییەك باڵندەی دێرینی هەولێری کوشت
بۆ ئەوەی کوژرانی ببێتە بۆنەیەکی نیشتیمانی
حاجی لەقلەق بوو بە ناونیشانی فەرهەنگی پاراو و بێپایانی شەهیدان

نامرادی ناو بەیت و داستان
بەناو دارستاندا دێت
لە سێبەری درەختە گەورەکان پیاسە دەکات و لکە نزمەکان لادەدا
قەڵەمکێشی هەناوی زەوی دەکێشێت
لە نێوان نامراد و هەناوی زەویدا
مەترسی سڕبوونی دەست هەیە
هەواڵی کۆچی بێ وادەش
لەم دەوروبەرە بێباک ئەستێرەیەك هەڵات
دڵی من لە ناوی لێدەدات و چاوم بە دەوروبەری خۆمدا گێڕا
سەروشوێنی بێباکیم ناسیوە و لە لێدانی دڵ بێئومێد نیم
ئەو بەفرەی لە شەوێکی بێ هەوادا دەبارێ دەمێنێتەوە
لەناو پێڵووی هونەرمەنددا دەبێتە مێژوو
چەندان ساڵ لەناو پێڵوودا دەست دەخاتە دەستی
باوەڕی کەلەپوور و بۆنی مێژوو
مانگ ورد ورد لەگەڵت دەڕوا
دیمەنەکانی ئەولا و ئەملای ڕێگا
ئەنگوستیلەی پەیمانی بەهەشتت لە پەنجە دەسووڕێنن
بەڵێ بەڕاستی مانگ برادەرێکی بە نان و نمەکە
شەڕی لەگەڵ
ڕێوی و
جەردە و
پاشدز و
ناکەسبەچە تەواو بووە

**تەمموزی ٢٠١١ هەولێر**

## به ئارەزووی زەوی ناو لە درەختەکان نرا

نیگای باڵندە لە ڕوخساری ڕاوچی نێژرا
لە دواییدا ئەم نیگایە چپەی بۆ هاوڕێکانی کرد
من باوەڕم بەو چپەیە هەیە کە نیگا دەیکاتە گۆرانی
گۆرانی ئێسکی لەشی ئەو مرۆڤە دەتوێنێتەوە کە چاوی دڵی ناسیوە
دەموچاوی زەویش وەك بڕووشی تەڕکراو دەکاتەوە
فێنکایی ئێوارە بەناز دەست و پەنجەی هەولێری لە خەنە دەنا
پەنجەرەی ماڵم لێوی پەری بەخشندەیە
لە پشت ئینجانەیەکی غەمگین و وریا دانیشتبووم
مێوانێکی خۆشبەخت و دەم بە مژدە و دەست بە میوەی کێوییەوە
سەری کێشایە ژوورەوە
منداڵ پێی لە چیای بێ کانی و بەردی داخبوو دەپارێزێ

لە ژێر ئاویش لە یاقووتی خلیسك و بە قەوزە داپۆشراو
سێبەری منداڵ شکایەوە ناو ئاوێکی مەلەوانناس
خوداوەند دەستەکانی وەك باڵی ئۆکۆردیۆن کردوونەتەوە
لە ئاسمان ژیانی پیت و فەڕ دەگرێت و لە خاکدا دەنێژرێ
خاك کسپەیەکی داخکەر نییە
هەموو شتێکی لێیە بە گلەیی و مردنیشەوە
زەوی زەیستانە و چوار منداڵی
لەسەر بێژینگ لە تەنیشت خۆی درێژکردووە
کێ ناوکی بڕین و ناوی لێنان
سروشت یان سرووش
نیازی سروشت و سرووش بەرانبەرن
خوداوەند دەستەکانی وەك تای تەرازوو بێباك ڕاگرتووە
دوو داوە برژانگی چاوی ڕاست و چەپ سەنگی ڕاگرتوون
چاوترێی تێرئاو ئاسوودەییم تێکمەدە
دەڵێی پێ لەسەر ئاسنی سووربووەوە دادەنێم
لە ناسینی خودا و لە ناسینی تۆدا
پەنام بۆ توانەوە برد
تۆ کێیت ئەی دڵ و گیان
لە کراسی سەما سەیر دەکرێت و چاو دادەخورپێت
لە هەوای ڕووندا مردم و نازم کێشرا
کتێبەکانم شانیان دایە بەر تابووتم
گالیسکەی گەڕەکەکان و بازاڕ بەدوامدا ڕۆیشتن
چاویلکەم لە چاڵایی برۆم ڕاگرتووە
لەناو کتێبخانەکەمدا کتێب شوێنگۆڕکێ پێدەکەم
دەمەوێ بۆ شوێنێك بڕۆم

شوێنەکە تۆی ئەی شیعر
ئەی شیری ناو گوانی سروشت و بەش و بەختی من
خودا ئایەتی یەکدڵیی شیعری بە سینگەوە هەڵواسیم
هەتاو خەریکی دزینی پارچە قوماشەکانی پرسەیە
سینگم کتێبخانەی ئاشکرابوونی هێماکانی دوو دنیایە
چاوی ناحەز وەك مار لە قاچم ئاڵاون
پیت بوو بە وشە
مارەکانی بڕی و لاشەیان لەدوای پێم جێمان
لە کەلووی زۆر جێگای داخە لەدایکبوون
میری کلیلسازی گەنجینە
ناونیشانێکی ڕەسەنی پێدان
عەزیای ناو حەکایەتان
شیعر نازی نەکێشاوم
هەواڵی لاڕەشەی ئەو داربەڕووەی دامێ
کۆڵەپشتەکەم لە سێبەری دانابوو بۆ پشوو
کێش و سەروا بینییان زۆر بێڕەنگم
جۆگەلەیان کێشایە کۆڵانی غەریبی
ڕەنگیان لەگەڵ ئاو بەراورد کردم
شیعر تاسەی جوانی و کۆچی کردووە
کیسەڵ لە پێشبڕکێدا چی دەوێت
هەزارپێیەکی فریوخواردووم بینی
دڵی خۆش بوو لە پێستی خۆیدا جێی نەدەبووەوە
چەنەلێدانێکی بەلاشی بوو لەگەڵ شیعردا
میوە چەند بێباك و شێتانە بە سەر و سینگی درەختەوە پێدەگات
خودایە خۆ بە خۆت ئاگاداری

ئاڵای شیعر چەندان جەنگاوەری بەجەرگی لەناودا نێژراوە
پاشان دووباڵ لە شانیان ڕوا
خوێنێکی غەمگین و وریا
لە دڵ و گیانی پاراوی شیعردا دەبێتەوە کانی و ئاو
دنیا بێ خوێنی غەمگین و وریا تەواو دەبێت و دەچێتەوە ناو کراسی مار
یاری نهێنی ڕەنگت نابزرکێ
لە یەك شێوەدا لێت ورد دەبمەوە
کاتێك باوك و دایك خواردنیان لە دەستی بەخشندەی خودا تەواو دەبێت
منداڵی خۆیانت بە میرات بۆ بەجێدەهێڵن
لە کەلووی دووپشك لەدایك بووم
هەوری خەملّیوی سەر پشتی ئەسپی ڕاو و پنجەگیا
ناونیشانی ڕازی درکاوی هەقیقەتی پێدام
نەمری لە دوو دنیا
هەوری سەرئاو بێ پەروا و سەرگەرمانە دەگرمێنێ
بێدەنگییەکی ترسناکی دروستکرد
باران وەك منداڵێکی هاروهاج
لە جامی ئۆتۆمبیلی دەداین
ئاوێنەیەکم لەبەر مانگ دانا
مانگی ناو ئاوێنە و ئاسمانم ڕاهێنا
چۆن تەماشای یەکتر بکەن و پێوانەی نادیاریم بۆ بێنن
مانگ بەو چەشنەی تەماشای یەکتری دەکەن
ڕوخساری نەکراوەتەوە و سەرزەمینڕۆی خۆشنەویستووە
ئەو هەموو شتانەی بۆ هێنامەوە سەر تەختەی شەترەنج
کە مەودای نادیاری لێمی شێواندبوو
تەماشاکان بوون بە گۆرانیبێژ

دەفی خودایی لێدەدەن
دەف لە دڵم گەڕا و دۆزییەوە
دەست بەدەفەکەتەوە بگرە تەڵەزگە سامی دەشکێت
دڵت بە بینینی هیچ دیمەنێك توند نابێ
تەنانەت بە دیمەنی شەڕی مار و ژووژکیش
دڵی لەناو بڵێسەی گشت دەسەڵاتەکان ماندوو
چارەنووسی بەرد دیوار نییە
بە تەنیاش لەودا نیشتەجێ نییە
لە ڕوخساری خۆرێکی زەمینی هەیە
خۆری زەمینی ببە بە هەموو شتێك
بە دەفەوە بەندم
لەم ژیانە پڕ ئاجڕ و باجڕەدا بێ نیازیکردووم
لە سێبەری بەنازی پەلکەزێڕینەیەکدا دەستم بەژیانەوە گرتووە
هەموو کەسێك یەکتری تێدا دەبینن و حوکمی هێلکە trووکان دەکەن
بە زمانی بەهرە و سرووشی ئەوان شانم گەرم دادێت
دەفلێدان نابێتە گوناهـ
پیتم دەبێتە وشە
مانگ ئای چەندت غەریبی دەکەم
بگەڕێیتەوە ناو دەفی دەستم
خۆر لە قووڵایی دەریادا خاو نابێتەوە
بەردی بن لم ماندوو ناژی و لە درێژبوونەوەی ڕۆژگار یاقووت نازی دەکێشن
وێنەی ڕوخساری ساوایەکی لە شیربڕاوە و بەردێکم کێشا
زمان لەناو بڵێسەی گشت دەسەڵاتەکان داگیرسا
ئەی نەمریی لە دوو دنیا
ئاگری ژیانمت لە دڵێکی ئەفسانەییدا کردووەتەوە

باڵندەی مەند و بێوەی لە درەختێکی گۆڕاو بۆ درەختێکی نەگۆڕاو
دوودڵی شوێنی هەیە
ئێمە لە دۆزەخێکدا دەژین
هەموومان یەکتری دەناسین و هەستی یەکتری ئاگادارین
چاوی ئاگر لە دۆزەخدا چی دەڵێت
تابووت تەنیا جێگای یەك کەسی تێدا دەبێتەوە
لە نێوان هەردوو درەختەکەدا بانگیکردم
ئەرێ چ ڕوویداوە
پتر لە جارێك تەماشای زەوی بکە
فریو بە هەموو شێوەیەك خۆی دەنوێنێت
دەمەوێ بۆ شوێنێك بڕۆم
شوێنەکە تۆی ئەی شیعر
ئەی شیری ناو گوانی سروشت و بەش و بەختی من
خودا ئایەتی یەکدڵیی شیعری بە سینگەوە هەڵواسیم
پەری بەخشندە لە دڵ و گیانی مندا تیشکی چنی و پشوویدا
دڵ و گیانم بە هێزبوون
تیشك خۆراك لەو مرۆڤە وەردەگرێت چاوی دڵی ناسیوە
ڕەگێك کەوتووەتە سەر بەردێك
خۆڵ نێوانیمان دەکات
لە شەڕی ڕەگدا
سەمای ئەشق دەبیندرێت
خولیای ڕەگ بۆ ئاشکراکردنی وێنەیە
ڕۆژ و ڕۆژگار خولیایە و پێویستە ئەشق و سەمای لەگەڵدا بکەین
شۆڕەبییەك چاوی بڕیوەتە چاوی مێوانەکانی کەنار
پرچ و ئەگریجەی لە ڕووی ئاو دەخشێنێ

لە ژێر سێبەری بەنازی درەختێك پشوویەك وەرگرە
باڵندەیەکی بەسەرەوەیە
بە دەنووك و پەڕ و باڵ ئاو بەسەر چرۆکانیدا دەڕژێ
لەسەر تاوێرێکی ئارامی گوێی ئاو دانیشتووم
پێم بۆ ناو ئاو شۆڕ کردووەتەوە
ئێستا نا ئێستا ماسی دەم لە پێم دەدەن
مێوانەکانی کەنار شێی سەر دەریایان هەڵمژیوە
دەست گۆدبوون و ترس و لێوەلەرەی دۆڕانیان نییە
شوێنپێی مێوانەکانی کەنار پڕن لە ئومێد
بابۆڵەیەك خورما بە ئاردم خوارد
ئاگری بە دووکەڵم لەناو تەپۆیاندا کردەوە
کێکی لەدایکبووی شیعرم بڕی و مۆمی سەریم پێکرد
ژەنەڕاڵە خانەنشینەکانی دوای جەنگ
بووکەشووشە لەناو بازاڕی گەورە و باخچە گشتییەکان دەفرۆشن
بووکەشووشە فرۆش بەجۆری لێدانی دڵی بووکەشووشە ڕاهاتووە
بە نەرمی دەنگی بەرز دەکاتەوە
ئەرێ باڵندە هێلکەی هەبێ یان بێچوو شاد دەفڕێت
باڵندە لە دۆزەخ ڕای نەکردووە و لە چاوزەردبوونی گیاندان نییە
خانەکانی درەختێکم تەماشا کرد
ماڵی پەیمان بوون
لکوپۆپیان پڕی ئەو باڵندانەن
ناوچەوانیان خولگە و هەسارەن
یاری نهێنی لە ناخی درەختی بەردار خۆی ئاشکرا کرد
بەهار بە پێکەنین و گەرموگوڕییەوە هات
هەست دەکات لە دڵمانەوە نزیکە و خولیای ئێمەی لەسەر دەرناچێت

گزینگ بەو شێوە ڕوونەی هەڵدێ
بە دوای چارەنووسی کێیەوەیە
ئامانجی هەیە یان نا
لە چ دڵێکیشەوە نزیکە و خولیای کێی لەسەرە
زەوی ڕووی گرژ کرد و دەموچاوی بەیەکدا دا
باڵندەی شایەدی هەقیقەتی سەرگەردانکراو
بەردی چلەمی هێلانەی دانا
ئاوازێکی بۆ خوێند و بە غەمگینی و وریاییەوە جێیهێشت
ماری پێ لەناو چاو بە خێراییەکی سەیر
چاوی لەمبەری ڕێگا بۆ ئەوبەری دەگوازێتەوە
ورچ لە بنی ئەشکەوت دانیشتووە و گۆرانی بۆ هەنگوینی کێوی دەڵێ
ڕێوی دووڕەگیش ئاو دەڕژێنێتە خواردنی کولاومان
بێچووە مامز کاتێك فێرە لەوەڕ دەبێ
لە گوانی دایکی دوور دەکەوێتەوە
ژیان لە نەمری و ڕەنگی قاوەیی و گیادا
ڕەنگی قاوەیی گوانی دایك و ڕەنگی سەوزەگیای سروشت
هەنگاوی بە ئامانج هەڵدەهێنم و یەکەم کەسم لەسەر ڕێگا
گوڵی خەملیوی ڕوومەت و چاو بە شەونم دیاریی بەدەستهاتوومە
لە گوڵی خەملیوی ڕوومەت و چاو بە شەونمدا هەموو شت هەیە
یاری نهێنی شکۆمەندی دڵوالایی و چاوتیژی تێگەیاندم
دەبێ هەموو سبەینەیەك سێبەرمان بچێتە ناو ڕێگا
لە کاردا گەرمترین هەتاو وەفادارمانە
دەشبێتە ئاواز و گۆرانیمان
ئاواز و گۆرانی دێتە سەر خوانمان
دەست بە سەری بەهرە و سرووش و نهێنی ڕووناکی دادەهێنێ

ئاوی چاو لە کتێبخانەی ئاشکرابوونی هێماکانی دوو دنیا
بەسەر دەفتەری شیعرمدا دەبارێت
زەوییەکی دانەچێندراو نەیتوانی بزە بهێنێتە سەر لێوان
هەڵمی هۆشمەند پێیراگەیاندم
بەرز ببمەوە تا ئاستی دەستە کراوەکانی خوداوەند
چاوەڕوانی بارانبم
باران بۆ ئەوە دەبارێ خۆی ونبکات
بۆ ئەوەی نییە خۆی بدۆزێتەوە
لە داباریندا لێك جیادەبێتەوە
لە خاکدا یەکدەگرێتەوە و دەبێتەوە کانی و ئاو
گرد لەسەر سینگ
لەیەك نزیکدەبنەوە و زەردەپەڕ دایاندەپۆشێ
مردن ژیان و خۆشەویستی دەناسێ
شوێنێکیشی نییە بیلاوێنێتەوە
دڵی نزا و پەشیمانییەکانمانی بەدەست نەهێناوە
شەقام بۆ پەیکەر چاڵێکی گەورە و قووڵ و شێداره
ئای بەدەستییەوە نائومێد و گرفتاره
بێزارییەکی کوشندە سڕی کردووە و ڕاناپەڕێ
مانگ دەتوانێ دەرگای زیندان بشکێنێ
کەسێکی تا بڵێی سەرنجڕاکێشە
داردەست و کرێگرتەی کەس نییە
بکەوینە ڕێ و لەو نزیکانە پشوویەك بدەین
دەگەین
ماڵی مانگ حەڵوای شەکر و بابۆڵەی خورما بە ئارد
پێشکێش بەو مرۆڤە دەکات چاوی دڵی ناسیوە

له ماڵی تۆدا ڕادەکشێم و دەڕوانمە جوانیت ئەی خودا
من گۆڕم بەدڵە
تیر لە ناولەپی دەشکێ و نان دەبرژێ
سەرزەمینی ناتەواوی دڵبڕ و دڵپڕ
پێویستی بە دڵخۆشیی ئێمە هەیە
یاداشتی لە ئەلفەوە تا یا بکەین بە تابلۆیەك
لە بەرگی دەفتەری منداڵەکانمانی بدەین
سروشت وازی لە پاڵەوانبازی هێناوە
لە خودا و خودی جوامێرێك وردبووەتەوە
ئێوارەی هەموو ڕۆژێك بە ناو فریزی لێوار شەقامەکان
نەرم نەرم دەڕوات و چاوی هاڵاو دێنێ و هۆگری گریانە
خۆزگە دەخوازێت سێبەر یادەوەری هەبووایە و دوا هەنگاوی بێتەوە یاد
پشت لە چاوەڕوانیی ڕووناکی دەچەمێتەوە
دەرکەوت گۆچان یارییەکی بەتاڵە
لە سێرکدا گایەك قۆچی لە سینگی یاریکەرێکدا
ئاسوودەیی گۆڕەپانی تێکدا
ئاسوودەیی چییە
ئەدی نائاسوودەیی چییە
پیری بۆ گا کۆتاییەکی خۆشە
بریقەی چەقۆی لە چاوی نەترووسکابێتەوە
مردن جارێکە و شیوەن حەفتەی حەفت ڕۆژ و شەوێك
ڕێوییەکی نەدیوبدی
ڕك و کینە بەسەر ددانی دەهات و دەچوو
مریشکێکی لەسەر لکی درەخت برد و خواردی
ڕیخۆڵەی مریشك لە قاچ و قولی ئاڵا

دەستەیەك منداڵی چەقاوەسوو
لەسەر گردی بن ماڵان یارییان دەكرد
داوی كۆلارەیان لە كلك و گوێی گرێدا
ڕێوی خۆی بێرە و بەوێدا دەدا و پەلەكوتێیەتی
پەڵەیەك خوێن لە عاردی جێما
نزیك پەڵە خوێنەكە جووچكەی مریشكەكە باڵیان پشوو پێدەدەن و چینە دەكەن
بەهار زوو هات و لە ئاوێنەیەكی تاریك و لێڵەوە
هێلكەی ماری پێشانداین
ئەو مەترسییانەی لە مار جێدەمێنن بەس هێلكە نین
درەخت سایەی تەوری لەسەرە
بە ترسی سبەینێش ناژی
لكوپۆپی درەختی دڵ
ڕەگی خۆی لەناوچەوانی یاری نهێنی بەستا
كاتێك فرمێسكی سووری خۆم لە ناوچەوانی
سووپەری سەنگەرێكی چۆڵكراو و سەكۆی پەیكەرێك كۆكردەوە
زانیم لەناو ڕەگ گەشە و ڕووەكناسم
پێڵووشم بەتۆزی نیشتووی شەقامەكانی شار گرانبووە
چاوی درەخت دەرگای سندووقی خەزێنەیە
ساباتی بەهرە و سرووش
خێزانێكی بەختیار خەریكی بەرچایی ئامادەكردنن
منداڵە پرچ خاو و چاو قاوەییەكەیان پڕ بە هەستەكانی
دەنووسێ و دەسڕێتەوە و سێوەكەی ئادەمی كردووەتە ڕووداو
دەستی بردووەتە ناو بەیانییەكی ڕوو لە خێر
شەڕیش لەگەڵ مێشی شەڕفرۆش دەكات
قاپ و

کەوچك و

چەقۆ و

چەنگاڵی نایلۆنم کڕی

قاپی سفر و زیوی باپیرانیش

لە تاق و

پەنجەرە و

ڕەفی ماڵ دەدرەوشێتەوە و تەماشای بەرز دەکاتەوە بۆ دیدەنی

لە گریانی خۆشییەکدا گیان دانا و مەزن لەسەریان ڕێدەکات

دەماری پڕدەبێ لە خوێن و سڵاوی گەرم

ژێیەکانی سازیش سەرڕێژن لە ئاوازی دێرین

درەختی خانەخوێی باڵندان

مێش و مێرووله هێشووی ناگەچڵێنن

مراوی لە ئاو دەرهاتووە

لەسەر بەردێکی گەرمی بەرخۆر پەڕ و باڵی هەڵخستوون

دەنووکیان تێدا دەگێڕێت

لە بن ئەو بەردەدا جوامێرێك نێژراوە

تەم بەسەر قەڵادا ڕەتبوو

چاوە کەم حوکمەکانی ڕوونکردەوە

دێو و درنجی چیرۆك و ئەفسانەی بێرە و بەوێدا بڵاوکردەوە

لێرە شەوە

شەوی بەرات

ئاوازی پیتم بۆ دەکاتە وشە

وشە ببە بە هەموو شتێك

ژوورە نیوە ڕووناکەکەم

ئەو ژوورە هەر بە نیوە ڕووناکی جوانە و خەرمانە دەدا

بڕیاری گەشتم نەدابوو
بەڵام کاتێك وێنەی بەلەمم لە تابلۆی ژوورەکەم بینی
بیرم لە باڵی مێشهەنگ و مێشەکەرانە کردەوە
بچمە سەر باڵی کامیان
بەش و بەختی خۆم ببەمە گەشت
ڕابردوو و داهاتوو لەناویەکدا مردوون
قاچی ئێستاشیان لەناودا سڕە
خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمانە و مێشك دەکوڵێنێت
سیسرکی هارکراو لەناو شووشەیەکی بەتاڵ چاوی مۆڕ کردووەتەوە
گای قۆچ وەشێنیش چزووی دووپشکی لە کلکی ماوەتەوە
وەخت و ناوەخت پەلامار دەدات
بابەنوئێلم بینی ڕدێن وەك دڕك و داڵ
دەموچاوی شاردبووەوە و ناوچەوانی ترشابوو
هەردوو گوێچکەی گوجیلەیەکی بڕی
لە سەر لەپی دانا
بە خوێنی گوێچکەشی کلکی سوور کرد
سەگی کلك سوور وەفای زۆرە
دڵیشی لای خاوەنەکەیەتی و هەمیشە بۆنی شوێنپێیەکانی دەکات
زۆرت خەون پێوە دەبینم ئەی سەگی کلك سوور
لە ڕوخسارت خۆرێکی زەمینی هەیە
خۆری زەمینی ببە بە هەموو شتێك
تەنیا خوداوەند زەمین ناپارێزێت
سەگی کلك سوور سوێند بە ناوچەوان و ناولەپی خاوەنەکەی دەخوات
شاعیرێك لالەی دەستی سەرانسەری سەرزەمینی ناتەواوە
بە دەموچاوە سروشتییەکەیەوە

دێتە ناومان

هەردوو دەستی پڕ سۆزن

لە دەستی پڕ سۆزدا هیچ گوناهـێك لەدایك نابێت و نان دەبرژێ

شاعیرێکی دەست و پێش

فریزی حەوشەی کۆشکە و کیفی زێڕی لە ددانی گرتووە

قەڵەمەکەی لەناو کراسی مار داناوە

بێهوودە خۆشحاڵە

یاری نهێنی ڕەنگت نابزرکێ

لە یەك شێوەدا لێت ورد دەبمەوە

کۆڵەپشتەکەم لە سێبەری داربەڕوویەك دانابوو بۆ پشوودان و بۆی ناگەڕێمەوە

ڕێگای ڕێزلێگیراو تەواوبوو

یادگاری پێڵووی خاو کردوومەتەوە و دەمارەکانی بە توندی لێدەدا

لە ناکاودا بوو بە بەیانی

هاوڕێیە باشەکەم کۆڵەپشت

دڵی گەلیان لە کفنێکی ڕەشدا بە خاك سپارد

دڵی **گ** لە کفنێکی ڕەشدا بە خـــــاك سپارد

دڵی **ە** لــە کفنێکی ڕەشـــــدا بە خاك ســپارد

دڵی **ل** لـــــــە کفنێکی ڕەشدا بە خاك سپارد

دڵی **ی** لە کـــــفنێکی ڕەشـــدا بە خاك سپارد

دڵی **ا** لە کفنێکی ڕەشدا بە خـــــاك ســـپارد

دڵی **ن** لـە کفنێکی ڕەشــــــدا بە خاك سپارد

فڕینێکی وەستاو زیاتر لە بیست ساڵ

تریفە جلوبەرگی مانگی فڕاند و لەسەر کەپری سەپانانی دانا

کۆترەباریکەش بەدرەختەوە دەنیشێتەوە

بۆنی خۆی لەسەر جێدەهێڵێ

قازی کێوی باڵندەی ناوماڵ و حەوشە و بان نییە

لە دەورەی چراش کۆنابێتەوە

خاك بۆنی خەنەی خۆی

تەنیا لە مرۆڤە پیرۆزەکان دەدا

بۆنی خەنە دەبێت بە هەموو شتێك

ماچی سەرپەنجەت

دڵی ئەو درەختە گەرم دەکاتەوە کە لە ڕۆژی لەدایکبوونی من ڕوێندرا

هەوای گەرماییت بە چی بزانم

ڕۆژبەڕۆژ هەواڵی پەری بەخشندە دوور دەکەوێتەوە

پرخە پرخی مانگی پیر لەژێر ئاودا وەك هەنبانەی نیوە فووکراو بەرز و نزم دەبێتەوە

لە ژێر ئاودا وەرە دەرەوە

شتێکی مەترسیدار لە ئارادا نییە

هەتاو خەریکی دزینی پارچە قوماشەکانی پرسەیە

داوای کرد لە دزییەکەیدا یاوەری بین

ئەم داوایە تایبەتە بەو مرۆڤەی چاوی دڵی ناسیوە

چرا ئەو کاتە جوانە کە دادەگیرسێت

یاری نهێنی ڕەنگە جوانکردنی چرا و ناسینی دڵ زۆری بوێت

**کانوونی دووەمی ٢٠١٢ هەولێر**

# حەز دەکەم ئەوەندە بژیم

## بانگەواز بۆ گۆڕهەڵکەن

دەستم لەسەر دوو باڵی فریشتە بوو

بە نان و ئاو و ئاگری خۆمەوە دابەزیمە سەر زەوی

بە

| | | | |
|---|---|---|---|
| زەنگ و | زایەڵە و | دەنگ و | جۆشی |
| یاد | و | | |
| دروود | و | | |
| پەیام | و | | |
| ستایش | ـەوە | | |

هەواڵی جێگۆڕکێی سەباح سابیر حەسەن

١٩٦٥/١١/١٨ - ٢٠٤٥/١١/١٨

لە بستە خاکێکی مرادخواز و ماندوودا

شادییەکانی دەبیستێتەوە

هەشتا ساڵ دەزوو بە دەرزی وەکردنێکە

بە سەر ڕاوەشاندنی پڕ خەمەوە

ببووره مووچڕکێك چاوی لێڵکردم و سۆزێکی تایبەت گرتمی
مەلێکی کۆچەری لەسەر لکی درەختێك نیشتەوە
خوێنی پێی بەسەر لکەکەوە جێما
چووم تەواوی درەختەکە و خوێنەکەم ماچکرد
وەرە خەونم با ڕووگەنمام
خوێنی پێی باڵندە بێ و لە ئاگر ڕابمێنم
لە ئاگر ڕامان ئاشق وەك میوە پێدەگەیەنێ
بستە خاکە ماندووەکەش یەکپارچە دەبێتە
مۆسیقا و گۆزەی پڕ
لە ئاکامدا هەر دەگەم بە باڵی باڵندەی بریندار و دڵی خۆم
ئێستا چاوەڕێی فەرمانم بفەرمووی
بۆ تاهەتایە سەرگەردانبە
ئا ئەوەتە من ئامادەم
گۆڕهەڵکەن ئەی تۆ لە کوێی
بە پێ ڕێگایەکی دوور و درێژم بڕیوە
ماڵئاوایی لەوانە دەکەم پێیانگەیشتووم
ئەرێ مێژوو لە کتێبی چەندەمی ئاسمانی
بەشێکم بۆ تەرخاندەکات
ئەو کاتەی مێژوو باسی خودایی دەهێنێتە سەرسەکۆ و ماڵەکانمان
من لەناو حیکمەت و هێزی قسەکانی ئەودا
قووڵ و بێدەنگ و گوێڕایەڵ
هەناسەی ئاسوودەیی هەڵدەمژم و بیر لە خۆمدەکەمەوە
کتێبی ئاسمان وادەیەکی لەگەڵمدا هەبوو
منیش وادەیەك و لە هەستی خۆمەوە ناسیومە
هەتاو بۆم دوا

نابێ هیچ ڕازێك لە تاریكیدا بمێنێتەوە

شوێنەواری هەموو ڕێگاكانیش دەربكەون

تەرمەكەم لەبەر هەیوانێك داندراوە

پوورەی شیعر دەوری گرتووم و ناوی شیعرم لەسەر لێوە

شیعر لە دڵەوە نوێژم لەسەر دەكات

خودای سەد و یەك ناو

حیكمەتی وشەم تێدا بخرۆشێنە و لە شاعیرە

| | |
|---|---|
| چاوهەڵاوگێڕ | و |
| دڵڕەش | و |
| بەدگۆ | و |
| دەروونكلۆر | ـەكان بمپارێزە |

من پێوەری هەستەكانی زەویم

بە پێ ڕێگایەكی دوور و درێژم بڕیوە

مێوانداری ئەوانە دەكەم پێیانگەیشتووم

ڕەگی میوەی مەی چەترمە و هەڵمداوە

بەتاو وەرن ئەستێرەی شەوقدار و برای گیانی هەستەكانم

ئاسمانی ڕوون قووڵ و بێدەنگ و گوێڕایەڵ ماوەتەوە

تایبەت دیدارمان دەبێت

دەبین بە خاوەنی چاوەكانی

سێبەری شووم لەسەر زەوی لادەچێت

وەك چاوی ئەو و دڵی خۆمان

بەڕێگادا یاری ڕۆیشتن و گەڕانەوە دەكەین

ماسوولكەكانی ڕێگا توند دەبنەوە

كەپری پشوودان لەمبەر و ئەوبەری دەبەسترێ

هەر كاتێك تەماشای ڕێگا بكەین

هەموو شتێکمان بە بیر دێتەوە و بەناو کاتێکی خۆشدا ڕێدەکەین
خودای سەد و یەك ناو ڕۆیشتن و گەڕانەوە
لەم ڕێگاوبانە بۆنخۆشەدا تابلێی بێ دڵەڕاوکێیە
فریشتەکانی فریاکەوتن ناهێڵن گورگ نزیکببنەوە
گۆرانی تێیدا دێتە سەر دەم و لەبیر ناچێتەوە
شاعیری گەڕاوەی شەڕی گورگیش
دوودڵی خامۆش دەبێ و گوێ بۆ گۆرانی هۆگری ڕادەدێرێ
یادەوەرییە بەخشندەکانی و بەهرە و سرووش و شیعر دێنە فریای
ئەی خودای سەد و یەك ناو ڕێبوارێکی ڕۆشنی

| | | |
|---|---|---|
| بەهرە | و | |
| سرووش | و | |
| شیعر | و | |
| ماندووم | ماندووم | ماندوو |

دەستم بگرە بابچمە ماڵی ڕۆشن
ماڵم لە سێبەری باڵی باڵندەیەك دانا
گوتی لەبەر خاتری تۆ بۆ ماوەیەك فڕین دوادەخەم
تا پشوو دەدەیت و تێرخەو دەبیت و خەونێك دەبینیت
خەونی

| |
|---|
| تەورات |
| ئینجیل |
| قورئان |

ئەرێ شادیی بێهوودە خەونەکانم چی لێبکەم

١

## نیازی مردن

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئـ | ا | ب | ت | پ | ج | ح | خ |
| چ | د | ر | ڕ | ز | ژ | س | |
| ش | ع | غ | ف | ڤ | ق | | |
| ك | گ | ل | ڵ | م | | | |
| ن | و | وو | ۆ | | | | |
| هـ | ە | ی | | | | | |
| ێ | | | | | | | |

پیت ئەی پیری شەوبێدار و خەونی هەزارساڵە

مردن ئەستێرەی ڕۆژی دەرخست و دەستی ڕاخست

بەسەریدا مەیدانخوازی و گیانبازی بکەم

فریشتە لە پشت سەرمەوە

چاوی چاودێری قووڵایی هەزار چاوە

چاوم لەسەر هەڵناگرێت

دەتوانین بڵێین لە بارێکی تایبەتدایە

ڕۆح پرس و ڕا بە هێزی ئومێد دەکات

دۆنایدۆنی

| |
|---|
| ئاو |
| ئاگر |
| با |
| خۆڵ |

یان

| |
|---|
| تەورات |
| ئینجیل |
| قورئان |

کامیان بم
سەرێ لارکەوە ماڵێك کە بڕیاری کوشتنی
مانگ و بازی لە سەرەتا و کۆتایی نوێژدا
هانا بۆ براو و بازی کێوانی تێدا نەدراوە
دەتوانین بڵێین لە بارێکی تایبەتدا
چەند ڕووخۆشانە دەفی ڕوومەتی خودا
پەنجەی باریك کردوومەتەوە
هەموو بێباکییەکی خستووەتە دڵم
لەمەوبەدوا ژیان بە سادەیی وەردەگرم
سادەیی گیانی خودایی ئاراستە دەکات
لە دڵ و گیان و چاومان ڕادەمێنین
دڵ و گیان و چاومان
پڕاوپڕ دەبن لە هێزی درێژکردنەوەی ژیان

## ٢

## چاوەڕوانیی تێکشکاو

پەنجەکانم لەناو لکوپۆپی مێژوودا جووڵاند
بە ڕوخسارێکی بە حەفت ڕێگای بێئاماندا تێپەڕیو
ڕووبەڕووی ئاڵای وڵاتەکەم وەستام و ئەو کەسەی هاتبووە خەونم نەهات

| |
|---|
| هێنــد بــە ئاســانی ئاســمان و زەوی لێکهەڵاتــن |
| هێنـد بـە ئاسـانی ئـادەم و حـەوا پشـتیان تێککـرد |
| هێنـد بـە ئاسـانی دایك و باوکـم چاویـان لێکوەرگێڕا |
| هێنـد بە ئاسـانی مـن و خێزانەکەم لێـك تووڕەبووین |

منداڵێك سییەکانی خاو بوونەوە
هەموو هێزی خۆی هێنایە ئەژنۆی
هەستایە سەر لاقە لاوازەکانی
بە قووڵایی هەزار چاو سەیری ئاڵای کرد
شەونم لە چاوی بووە هەڵم و گوتی ئەی بۆ سێوی پێوە نییە
چاوەڕوانییەکی تێکشکاو

| | | | |
|---|---|---|---|
| .... | .... | .... | .... |
| .... | .... | .... | .... |
| .... | .... | .... | .... |
| .... | .... | .... | .... |

سەرێك کەوتە ناو چاڵێکەوە
دەزگای ڕاگەیاندنیش ڕۆژنامەی پاڵەوانە مەقەباکان بڵاودەکاتەوە
مەشق دەکەم ببم بە بازی کێوان
بە چڕنووکم هەموو ڕۆژنامەکان بدڕێنم و جیرپەجیرپیان بکەم

پاشان ببم بە ژەنگی چاوی دەعبا
ئامێری چاپخانەکان بۆ تاهەتایە لە کار بخەم

| |
|---|
| دەست |
| دەست |
| دەست |
| دەست |

دەسەڵاتی بێزراو و پرسیاری
دوورکەونەوە لێم و گیرخواردن و وێڵکردن
دەست و دەسەڵاتێك گەنجینەی نەتەوەکەی
شکاند و نیشانەی شانازی لە دەست خزی
نیگای چاوێکی کوێری کێشا
دڵی بە شادی لێی نەدا
لەتاوان هەموو خوێنی هاتە دەموچاوی و پەنجەرەی شکاند
تووڕە و بە قین بۆ تاهەتایە ملی بەلای خۆ دۆڕاندا بەلاداکەوت
شووشەی وەڵامی گشت پرسیار و ناوی شکا
بۆنی گەنیو ئەوناوەی

| | |
|---|---|
| هەراسان | |
| هەراسان | |
| هەراسان | |
| هەراسان | کرد |

ئێمەش چەناگەمان خستە ناو دەستمانەوە
تەرم بە ڕێگادا ڕۆیی

٣

## بەرەو ساکاربوونەوە

خۆر سڕ بووە
ڕوومەتی ئاسۆی پێ گەرمنابێت
وەرە خەونم ناتوانم هیچت لەبارەوە بڵێم
ڕایەڵەکانی تاسە و ماڵئاوایی وندەبن و دەردەکەونەوە
تووخوای پیر و تەنیا وەرە خەونم
بۆ ئەوەی ساکارانە بڕوانمە زەوی
با زەوی لە دڵتوندییەکیدا هەناسەیەکی من هەڵمژێت
ئەگەر بێیتە خەونم چاوم نەختێك گەورەتر دەبێت
هەر دەبێ خانمی خامۆشی ببینم و شتێك ڕووبدات
ئەی کاتی بینین وەك برووسکە مەیە و تێمەپەڕە
دەمەوێ بە تەواوی تێتڕابمێنم و بەو ڕامانەوە بژیم
وەرە خەونم
مانگەشەوان لە نزیك کانی و ئاوێك
پێم بە کەناری پشوودان شۆڕدەکەمەوە و تێتڕادەمێنم
لێم ڕامێنە لە مردن زیاتر لە ژیان پێتدەژیم
وەك ئەوەی کەسێك بڕوانێتە خۆی
ئەمن هەروا لەخۆم ڕادەمێنم و خوار و ژوور ڕێگا دەبڕم
لەخۆڕامان لە ئاوێنەی هەڵواسراوی قەد دیوار پەڵەی داوە
نایەیتە خەونم
لك و باڵت لە سەرەتا و کۆتایی شیعرەکانمدا
دانا و لەگەڵ پەپوولە پایزەدا ڕۆیشتیت
تا ئاواز بۆ کێش و سەروای شیعرەکانم دانێیت

وەرە خەونم

لە دڵشکانی خەونێکدا بە ئاگادێم

بەرەو یەکەم ڕەنگی تابلۆیەك دەچم

بە شێوەی دۆزینەوەی مرواری

لەسەر پشتی کەرکەدەن ژیان کورتە

بە شێوەی ئاگردزینیش لە ناوچەوانی خوداوەند درێژە

داوای لێبووردن دەکەم

شتەکان لە ناکاودا ڕوویاندا

خوناوی سپێدەم بۆ کۆنەکرایەوە ناو شووشەی دیاری

خەمبار بووم بەڵام تووڕە نەبووم

خەمبار دەبم بەڵام تووڕە نابم

٤

## فەرموو وەرە ناو ژیانەوە

هەر دەبێت لەسەر ئەم زەوییە نازدارەدا

| | |
|---|---|
| دێوی گوانشۆڕ | و |
| فیلی چاوسوور | و |
| مۆتەکەی کڵاوجادوو | و |
| هەزارپێی ڕیشاڵ لاڕەشە | لەگەڵمان بژین |

کارئاسک ناچێتە سەر ئاوی تیژ

مێرووولەش لە ئاوی هێمن دەخواتەوە

فرمێسکەکانی خودا کە دەڕژێنە سەر زەوی باڵندە دەیانخواتەوە

فەرمووش لە سەد و بیست و چوار هەزار پێغەمبەر و من دەکەن

ئەی خودا ئەوەی داوای دەکەم پێمببەخشە

مردن سەر بخاتە کۆشی چیمەنی حەوشە و ناوچەوانی قوربانی

شەراب پێدەگەیەنێت

پشووی بەخشندەیی و سەروەریت درێژبێت پیاڵەی پڕ
دەستێك بە ناوچەوانم دابهێنە

با وەك ئاسۆی کراوە چاوم گەرم بێ و نزای ببیستریێت

لە توانامدایە ئاوی دەنووکی پەڕەسێلکە

بەو ئاگرە داکەم کە لە وڵات دەبارێ

چل شەو و چل ڕۆژ خۆم بە چیلکە و پووشی هێلانەی

شەهید حاجی لەقلەق بەستایەوە

مانم گرت لە خانەدانانی هەولێر

دە ساڵ جارێك ئەم کارە دەکەمەوە
ناچمە سەردانی شاری سروود مردوو
ناشچمە سەردانی ئەو شارەی جەلادی لە چوارڕیانەکاندا ماوەتەوە
نە پێیاندا تێدەپەڕم نە تێشیاندا دەمێنمەوە
دەچمە سەردانی چرای پیر و تەنیا بۆ پێوەری تینی مەی پێکراوە
دەبمە بلووری ڕووناکی پاریێز و ئاگری دانەمرکاوەی دەوری ناوچەوانی

٥

## پشووی باڵ

گوڵەستێرە ڕژا

باڵندەیەکی بەخت باش هەموو ڕووناکییەکانی هەڵگرتەوە و خواردی و درەوشایەوە

دەبوایە هەر ئەو کاتە بێت لە

| | |
|---|---|
| قاز | و |
| قورینگ | و |
| مراوی | بپرسم |

مەلەوانی گۆم یان ڕووبار

پشوو بە باڵتان دەدا و گوڵەستێرەی ڕژاوتان تێدا کۆدەکاتەوە

گوتیان دەتوانی بۆ خۆت بیربکەیتەوە

لە هەزار ساڵ چاوەڕوانی و هیچ بە هیچ نەکردندا

شتێك نەگۆڕا چاو داگیرسێنێت

قسەیەکی تازە پەردەی گوێی زەوی نەلەراندەوە

پەنجەرە بە ویستی خۆت نەیکەیتەوە کوێرە

ئاشق کە لە دەرگای مەیخانەی ئەزەلدا

فەرمووی گوێ لێبوو

داوای ژیانێك دەکات پێشتر گۆرانی خواستی بۆ گوتووە

دەیهێنێتەوە ناو ژیان و لەمەوبەدوا لە سێبەری خۆی ڕاناکات

٦

# بەدوا ڕۆیشتن

باران نمە نییە

ڕووناکییەکی خوداییە بەسەر دڵ و گیاندا دەبارێت

| | | | |
|---|---|---|---|
| دە ببارێ | دە ببارێ | دە ببارێ | دە ببارێ |

ئەو بەر و ماڵ و حەوشەیە

دیواری نەخشی چیای هەزار ڕێی بەسەرەوەیە

شوێنێکی دڵگرە بۆ گوێگرتن لە

| | |
|---|---|
| ئاوریشمی خاوی ناو قۆزاخە | و |
| تەماشاکردنی زەڕنەقووتەی ناو هێلانە | و |
| تاسەی باڵ لێکدان | و |
| کەمبوونەوەی تووڕەیی تفەنگ | |

کەروێشکێك قوونە قوون بە دوای بەچکەکەیدا دەڕوات

مانگی دەست و دڵگەرم کۆسپەی ڕێگای بۆ دەڕنێت

ڕێگای کەڵەکێوییە خوێنگەرمەکان و ڕێبواربوون لەناو چیا

٧

## ڕاهێنانی دەنگ

نواڵە گوێی لە پەشیمانیی قابیل گرت و لەرزی و گریا
بیری لەو ڕۆژە کردەوە کە بەدبەختی پەیدابوو
پاشان منی کوشت و لە یادی نەکردم
لە یاداشتیدا چلچرام
بە لکی درەختی بەخت و خەونی دووردوودرێژ و ناوبانگییەوە هەڵیواسیوم
لە ژووریشیدا پەنجەرەی گوللە نەبڕ
خودای سەد و یەك ناو نهێنیی غەریبی ماڵەوەکردن چییە
چ ڕازێك دەنگمان بەرز دەکاتەوە
بەسەرنجی پڕ سەرسامی دانیشتووم
لەبەر دەمی خۆم ورد دەبمەوە
زۆر نابا دڵی مرۆڤ دەبێتەوە دڵی زەوی
زەوی لە بەهاردا هەموو یادەوەرییەکی بە بیر دێتەوە
خەم نا
هەمووومان بەو ڕێگایەوە
دەنگمان بە گۆرانی خۆشدەبێت
لە ژێر سێبەری گۆرانیدا پشوودەدەین
پەنجەرە دەبینین ڕووی خۆی وەرناگێڕێ
گۆرانی دەبێتە دڵ
ئاواز ترپەی دێ و تاریکییەکان بۆ دوور دەگوازێتەوە

٨

## دڵی خرۆشاوی پیاڵە

پرچ بەسەر گوێ و لاڕوومەتی نواڵە

وەك باڵی قەتێ هاتووەتە خوارێ

شەرم لە نەرمی و گەرمیی گوێ و لاڕوومەت دەکات

پرچ بە دەنووکی پەڕەسێلکەی لەسەر ئاوی شیرین هاتوو

داوای خۆی خستە ناو دەستم

شەرمم بۆ کەس مەگێڕەوە
نەرم و گەرمیی گوێ و لاڕوومەت و شەرمم

لەبیرچوو لە دڵی خرۆشاوەی پیاڵەی پڕ بیگوازمەوە

بەر ئاگری بەسەرنەچووی ئاهەنگی پێش یەکەم دیدار

چی بوو لەبیرم چوو

دەچم چەتری سێبەری شینایی ئاسمان دەکەمەوە

هەردوو دەستم چاوی فڕیوی لەسەر سەوز دەبێت

خۆمم بە بیر هاتەوە

بەر پەنجەرە نواڵەی لێبوو

٩

## ڕێگای جادوویی

ئەو هات
من چووم
من شیعر بووم
ئەو ناوکی ڕووناکی
ئەو سێ بەشی ڕێگا هاتبوو
پەرداخێك شیری گوێزی هیندی بەدەستەوە بوو
من بەشێك
لە ڕێگادا فرمێسکی شکۆ کەوتەخوارێ
دەتوانین بڵێین دیدارێکی تایبەت بوو
ئای ڕێگا ڕوخساری ئاشنات
چەند سوور و سپی و خودابییە
من گەڕامەوە ماڵ
هەزار هێڵ لە ناولەپمدا بوون بەناوکی ڕووناکی
ئەو لەناو خەرمانەی ڕووناکیدا کارا بوو
کلیلی بۆ هەزار قفڵ برد
لە شیعردا گشت زەوی دەسووڕێتەوە
ڕوخساریشی بەتەواوەتی ئارام و ڕۆشنە
تەماشام کرد و چاوم لەناو ڕوخساریدا خەوی لێکەوت
تاجەگوڵینە ڕوخساری گشت کەسە
تای ترسێك ناوچەوانی گەرمکردووە
ئەگەر سووڕی ژیان دیوانێکی هەبووایە
وێنەی تاجەگوڵینەم دەخستە ناو لاپەڕەکانی و لە مۆزەخانەی شاعیران دامدەنا

## ١٠

## ئاهەنگی ساڵی مردنی دایناسوور

فاڵگرەوەیەکی بەناو مێژوودا هاتوو
لە دیدارێکی کورتیدا ڕێنماییکردم
لە ساڵی مردنی دایناسووری نەرمونیان
مۆم لەسەر کێلی بگریێنم و دەست بۆ فرمێسکی هەستی ببا
مار سەری بە شکۆی تاجیش گەرمببێت
بەدی و پێوەدان لەبن تاجەکەیەوە نامەبەرن
دەڕژێنە حەوزی دەستنوێژگرتنەوە
نامە تەنیا باڵندەی خۆشخەبەر نایهێنێت
ناسینی بەهار دژی بەدی و پێوەدانە
نامە بزەیەکی بەخشندەیە
باڵە بۆ فڕین و پێیە بۆ ڕۆیشتن
دەمانباتە خەونێکی هێمن و ئاکاری شەرمنی گوڵەوە
دەرکەونەوە ئاکاری شەرمنی گوڵ دەرکەونەوە
ئاواز لە گۆرانی نادزرێت
ئەسپ بە بۆنوبەرامەی سواران دەگەڕێنەوە
قسەیەکی نەستەقی لەبیرکراو دێتەوە بیرمان
بە دیواری ژوورێکی دڵشکاودا دەڕوانین
هەست دەکەیت هەموو شتێك دوایی هاتووە
لە کۆتاییشدا هەموو شتەکان دەبن بە دڵ
دڵ لە سینگی مانگدا بدرەوشێتەوە
سەگی گوێگران و چاو لێڵ

تا سەر ئێسکان شەکەت و پڕ ئیرەیی
لەسەر دوو لاقی دواوەی دەڕوا و ناخی دەکەوێت
مانگیش باش فێر دەبێت
بەدەوری درەوشانەوەدا بسووڕێتەوە
ئەو قوڕەی ئادەمی لێ دروستکرا
دەست دەداتە باڵی درەوشاوە
چیا و دەریا لە دەستیدا پێکەوە دەڕۆن
کۆتری پەڕلەپێ دەبنە مێوانی و تیشکی چەخماخە بەخێرهاتنی دەکات

## ١١

### خۆ درکاندن

له بەرزاییدا وەستاوم
تەنیام و کەسم لەگەڵدا نییە
کۆتری پەڕلەپێ بە گوێی چرپاندم لەهەوڵی فڕیندام
بە ڕووناکی خۆی دەوروبەری کردمە
سپێدەیەکی گەرمایی لەسەر ڕوومەت مایەوە
ماندوو بووم بە ئاشنابوونی یەکەمین نهێنی
لەو هۆیەش نەگەیشتم مرۆڤ بۆ
دوای ماندووبوون دەستە و نزا داوای دیداری
سپێدەی ڕووخۆش و گوناهـ لێنەکراو دەکات
وەڵامی چارەنووسمدایەوە
ماندوویێتی هات
کڕیاری مەرگی خۆمم
مەرگ خۆی درکاند و ئاماژەیدا
له نێوان شوێنپێ و هەنگاودا
شکۆی شوێنەوارت دەپارێزم
نەمزانی دەنا بڕیارم دەدا
له نێوان شوێنپێ و هەنگاوەکانمدا بژیم
ناوکی ڕووناکی بێتە لام و خەڵاتی وەربگرم

## ١٢

# مانەوەی وێنەیەک

بۆنی جۆگەی بن بڕکە تەماتە و باینجان و ئاروو
قوڕی خاکەناسی ئاودێر و نازی ڕەزبڕ
نازی دارە دارەی منداڵ و مۆسیقام بەراورد کرد
لە خاوێنکردنەوەی ساچمەی ڕاووشکاردا
گوللەیەکی کوێر بەراوردکاری کوشت
کارئاسك و کەروێشك خوێنیان لە زەوی شووشت
وێنەیەك مایەوە
بۆ هێندە بۆنت خۆشە وێنە
کاتێك وێنەکەمان بە سینگی دیواری مۆزەخانەوە هەڵواسی
دیوار توانای تێگەیشتنی بیری ئەو بەراوردەی نەبوو
ڕەنگی وشە دەچێتەوە سەر ڕەنگی هەست
ئەو ڕەنگەی لە باڵە پڕ هەستەکانی تیترواسك دەبێتە خەڵات
لە خودی خۆی مشتوماڵمان دەکات و زیادەکان فڕێدەدات
کارئاسك و کەروێشکیش دەچنە سەر ئاوی هێمن
درەختی بڵند بڵند لەو ناوەدا
بەری بای دەست ڕەش دەگرن و چەپۆکی دەشکێنن و دەبنە ئازار لە چاوی

## ١٣

# ڕەوایی سروشت

بەیانییان گۆپکەی درەختی دامێن کانی

سۆمای چاوی نامرادانە

سروشت لەناو ڕەنگی کراسی دیدەنیی کیژێك چاوی کردووەتەوە

سەوزە و میوە لە کەپرێکی ناوبازاڕ دەفرۆشێت

ئەنگوستیلەی ئەفسانە لە پەنجەم گیربووە

من هەمیشە ئارەزووی سروشت بە ڕەوا دەزانم

کەروێشك خەو چاوی بەربدا و لە لانەی بێتەدەرێ

چیا پڕ دەبێ لە گەرمایی

دەشتیش و ڕێگا و ڕێبوارانی خۆی دەپارێزێ

مانگ دەتوانێت شایەدیی فڕینی شەمشەمەکوێرەش بدات

ترسێك لە دڵمانیدا

بەڕێوە خۆمان پێڕاناگیرێ

سروشت دەمار لە پشتی وەرگەڕا

# ١٤

## ڕۆژ و شەوان لە دوای هەواڵ و ناوت خەندەبارم

کەشوهەوا سارد بووە و باوبۆران تووڕە و توند
ئاوی حەوزی مەلەکردنی حەوشە و ماڵ تەزوو پەیدا دەکات
گەمارۆی هەموو جێگاکانمان شکاند
تەنیا گەمارۆی جێگاپێی شەهیدەکانمان ما
جێگاپێی شەهید هێمنییەکی پڕ بە دڵ دەنوێنێ
چۆنی ببینمەوە
لە ڕوخساری ئەو کاتەی مانگ دەکات
کە لە گلێنە شەپۆل دەدا
ئەوە چییە لە گلێنەدا پەرە دەگرێ
ڕابردوو هاوڕێی جێماوی ئێمەیە
شەهید هاوڕێی جێماوی ئێمەیە
ئەستێرەی دەرکەوتووی سەر زەوی هاوڕێی جێماوی ئێمەیە
پارچە ئاوێنەکانی خودا کەوتوونەتە سەر زەوی هاوڕێی جێماوی ئێمەیە
لە یادەوەریی گیانبازیدا گەشە دەکەین تیشکمان لێدەبارێت
بارانیش سەرما دەشکێنێ و ڕك و کینەی باوبۆران خاو دەکاتەوە
هێمای جێگا پێکان کاڵ نین
لە ساتی بەهرە و سرووشدا

دەیانبینم و
دەیانناسم و
دەیاننووسم

ڕووناکییەکی خودایین چەتر بۆ دڵ و گیان هەڵدەدەن
دیوارێکی دووڕێز بەدەوری جێگا پێکان بەرز دەکەمەوە
بەردەوامیش بیری لێدەکەمەوە
ڕووەکی نەرمی بن دەریا و درەوشانەوەی لەگەڵمدایە
ناوە ناوە بای بۆنخۆشی قوڕی ئادەم هەڵدەکات
پەنجەی لەناو پرچمان دەبێتە
سێبەر و هەتاو و شەکر و شیر
سڵاوی هێزی نەگیراومان بۆ دەهێنێ
سڵاوی خۆڕسکی بەهرە و سرووش

## ١٥

# گەیشتن بە خۆت

بۆ لای ماڵی تۆ هاتم ڕێگایان لێگرتم
چۆرتە و چەتەکان نەیانتوانی چ بکەن
دڵم ڕێگای خۆی هەبوو
سوپاس بۆ ئەو دڵەی خۆم
هەزار ڕێگای هەیە بۆ گەیشتن بە ناوکی ڕووناکی
نایەڵێ دڵشکاوبم
بەو جۆرەی کە هەی دەتناسم
ناشکرێ ئاشنای کەسیتربم
ناشبمە برادەری کەسێك کە بمرێ
دنیا ناوچەوانی لێڵە
لەناو خەرمانەی پیرۆزایەتی بەخێرهاتنت دەکەین

# ١٦

## شیعر ئەی ناوی خۆم

باوکە شیعر
من کوڕە فڕێدراوەکەی ناو بیرم
برا بێ شکۆیەکانم چەشنی گورگی دەشتودەر
لووراندیان و سەری بیریان لەسەر داخستم
تفەنگیان پڕ گوللە
دەمیشیان دارماڵ لە دەمهەڵبەست
ئەستێرە
ئا ئا ئەستێرەی پێرووم لە بنی بیرەوە لێهەڵهات
بای بە لوورەی ناوچەوان گرژ و ترشاو

| | |
|---|---|
| تەوەزەل | و |
| زەبەلاح | و |
| دەم و لێو ژەنگاوی | و |
| مردۆخ | ـە |

لەوەتەی چاوی ڕەشکەوپێشکە دەکات و تارمایی دەهێنێتە پاش و پێش
لەسەر زەویی نەرمونیان هەڕەشە دەکات
تەماشای پێی دەکات جێگاپێی نییە
تەماشای دەستی دەکات ستوونی چەترێکی ڕانەگرتووە
تەماشای دەمی دەکات پەندێکی باش بەکارنەهێناوە
تەماشای ناوچەوانی دەکات
قومرییەك پووشی لەسەر دانەناوە

ئاخێکی دوورودرێژی هەڵکێشا و خۆی پێچایەوە و هەڵات
بەو نیازەی خۆی دابڕێژێتەوە
دیارە با شکۆمەند نییە
لەسەر لێواری شۆستە دانیشتووم
سەیری کەژاوەی تەرمێك دەکەم
تەرمێك
ئا ئا تەرمێك
بەناو ئاپۆرەی شار تێدەپەڕێ
بەڵام هەر بە گۆڕستان ناگات
پاشان قەلەڕەشێکی بە باداری ئیفلیجبوو
بەرەو دەم ئاوێکی وەستاوی گەنیو
بە گریانەوە باڵە شەکێیەتی
نەکا دوابکەوێت
پاش ئەوەی شاعیرە
پاشخاپەرۆك و ماکپیس و دووپشکە خوودار و دەمامك ڕەنگاوڕەنگ و لە ئیرەییدا هەڵبزڕکاو
گۆشتی شیعرەکانیان خواردم و بەسەر دەستەسڕی حەوتڕەنگی منداڵێکی باخچەی ساوایاندا ڕشانەوە
سەمەندەر
ئا ئا سەمەندەر
لە دەمارەکانی هەستمەوە بڵندبووەوە
ڕووناکی بۆ هەردوو چاوم هێنا و پەنجەرە و ژوورمی
لە خەو هەستاند و سندووقی سێبووری لەناو باخچەی دانام و سەری لادا
شیعر ئەی ناوی خۆم
پەروەردەت کردم چۆن ببمە کوڕە گەورەی بنەماڵەت
بۆ خوانی

| |
|---|
| ئاو |
| ئاگر |
| با |
| خۆڵ |

داوەت کراوم

گۆرانیم گوت و بەناخی خۆم گەیشتم

بە ناخی خۆم بگەم بە

| |
|---|
| تەورات |
| ئینجیل |
| قورئان |

دەگەم

# ١٧

## ئاوێنەی دەستی گورگ

له بیرکردنەوەیەکی پاکیزەیی و ئەفسانەییدا
باڵی مەلەی دەهاوێشت و دڵی دابووە خودا
سۆتەکی جغارەی دەکەوتە ناو فنجانی قاوەی
له میهرەبانییەك گۆرانییەکی زێڕینی چاخە کۆنەکان
دەستی لەسەر شانی دانا و بەردەمی خۆی بینی
بای سەرپەڵە پەڕەی کتێبی ڕووداوەکانی هەڵدایەوە
یەکەم سەر ناوی
ئەو زەوییەی ئێستا لەسەری دانیشتووی
دڵنیانیت خۆت له تای کام تەرازووی دابنێیت
بۆت دەدرکێنێت
چی ڕوویداوە و چەند دیکتاتۆر داگیری کردووە
کێش کوژراوە و کەی ناوی لێندراوە و کێ بوو
بوو بە سەربازی ون و کێش مەزارگای مرادان
مێژوو لەناو خوێنمان نەرم نەرم پێدەکەنێ و دەنگی خۆش نییە
قەل کە پیلان بۆ تەمەنی پەپوولە ڕێکدەخات

| | |
|---|---|
| کوندەبۆ | و |
| چەقەڵ | و |
| واشە | و |
| بزنمشك | و |
| دووکلکە | ی ڕاهێناون |

کۆرس و تیپی مۆسیقا و دەستەی هەڵپەڕکێی باڵا بەرزانیبن

لێرە گورگی خاوەندار لە کەمین دانیشتووە و ئاوێنەی پێیە
ئێمەش لێوەی تەماشای ژیان دەکەین
دڵی بەهارمان نەناسی
ئەو دەستە بەهێزانەت ماچدەکەم ئەی بەهار
بۆنی گیای دەرمان و زیندووبوونەوە دەچۆڕێنێتە هەناومەوە

# ١٨

## مانەوە لەناو ڕووناکیدا

گەرمای سووتێنەر
سەرمای ئێسکتەزێن
مانگم لەناو کڵاوی بەڕوو ڕاو کرد
وێنەی شاری خواستەکانیشم لە پێش خۆم بڵاوکردەوە
چاوی پاراوم لەسەر ڕوخساری پەری شاراوەی بەهەشت ڕاگرت
بایەکی تیژ هەڵیگرت و فڕاندییە ناو تەپوتۆز
تیشکی خۆرەتاوێکی نەرم
لە سییەکانم دەرهات
دانیشتن لەژێر درەختی نزیك کانی و ئاو
نەوای بەختیاری خوداییە
تیشکی سیمای کەسوکارمی لێدەردەکەوێت
لە کێوی دڵم دەدا
لەناو ڕووناکیی شۆڕشگێڕ دەمێنمەوە
حەزناکەم لە شوێنێکی دوورەدەست و ژیانێکی تردا بژیم
سەرم لەسەر کتێبی ڕووداوەکان هەڵگرت
تیشکی زەمینێکی خەواڵووم درەوشاندەوە
دەرگای ماڵ

| | |
|---|---|
| پێ | و |
| دەست | و |
| دڵ | و |
| چاو | ن |

لەگەڵم دێن و دەڕۆن
خۆمم دەدەنەوە دەست و خورپەم پێدەبەخشنەوە
بە هەستی گەڕانەوەی ماڵ سەیری شارم کرد
ماڵێك ناو دەرگا و پەنجەرە و ژووری دڵخۆش بە ڕەنگی ژیان
ژیان گەرمایی ئەو هەنگاوەیە
بەرەو لای تۆ هەڵیدەهێنم ئەی ناوکی ڕووناکی
یان کۆچی سووری یاران
دەرگا و پەنجەرە و ژوورم
بە هەزار نیگای سۆفییانە ڕووناك بووە و لە بوونی ئاوێنە دڵخۆشەکاندا
سەری مەلە دەردەهێنم و مانگ لە قووڵاییدا ڕاودەکەم
ئەی خودای سەد و یەك ناو
من بە زمانی

| |
|---|
| تەورات |
| ئینجیل |
| قورئان |

دەدوێم
ئەدی ئادەم بە چ زمانێك ناوی لە شتەکان نا و دوا
دەمم پڕ قسەیە و هاتووم تیشکی وادەی دیدار سەرپێم بخات
هەڵەبووم
تۆ خۆم بوویت
تیشك لەناو سروشت و سرووشدا ساکارە
درەختی ئادەم و حەوا
لەناو کتێبی حەزدەکەم ئەوەندە بژیم
چ دڵناسکانە لە کۆچی سووری یاران کەوتە گریان

## ١٩

# نیازی بەراورد

لە شەودا نواڵە هاتە لام
پرسیم بۆ ئێستا
سەری شکۆمەندی ڕاوەشاند و بە لەرەی لێو و نەختێك نازەوە
ئەی بۆ ئێستا نا
ئەگەر بە ڕۆژ بهاتبوایت
بەراوردم دەکردی بە شکۆی بەهرە و سرووشی خۆر
تەماشایەکی سەرپەنجەکانی کرد
پەنجە گەورەی بەسەری پەنجەکانی داهێنا
سۆزی زایەڵەیەك بەرەو خەمگینی و تاریکییەکانی دڵ کێشای
جێگاپێی لە ناوچەوانم ڕۆچوون
نووسیم ئەو ڕستەیە لێکبدەوە
یادگاریت دەپارێزم و بەردەوامم لە شکانی حەفت قفڵی ئاسنین
لۆکەی ناو قامیشی نەیی قاوەیی سووتا
سووتاو ئاوا دوا
ئاڵاکەم بەرز دەکەمەوە
بێباکانە لە هەزار شوێنەوە خۆم هەڵدەدەمە دەریاوە
دوا قسەم لەگەڵ توندوتیژیی شەپۆل دەکەم
هەوڵدەدەم هیچ ڕوونەدات
کۆتایی وا لە تەکمدایە و گۆزەی مەی لەسەر پەنجەرە دەسووتێت

## ٢٠

## درەختی بنەماڵە

تیشکی سەرسوڕمان لە زەوی دەترووسکێتەوە
دیوان و ماڵم سەرڕێژن
لە گەنجینەی خودا و پیاڵەی پڕ کە باڵندە نزرگەی لەسەر وەستا
دەستی ڕەشی داردەست ناتوانێت بیانشارێتەوە
بەیانییەك بە ئومێدی
مەحاڵ دەستەمۆکردن لە خەو هەڵدەستم
دەچمە ناو پەڕی گڤبووەوەی کەڵەباب لەکاتی بانگدان
بیر لە تۆ دەکەمەوە ئەی کەسوکار و درەختی بنەماڵەم شیعر
دەمەوێ لەناو ڕەگ و چڵ و باڵتدا بمرم
لەناو ڕەگ و چڵ و باڵی ئەو مردنەدا

| | |
|---|---|
| دەرگای کراوەی ساڵەکان | و |
| ڕووناکی گەردەنی شووشە | و |
| گەرمایی زەنگوڵە | و |
| ڕەشنووسی پەیام | هەن |

بەو چەشنە کوڕێکی بێدەنگ و هەست نەرم و لەگەڵ خۆدا ژیاو هەبوو

| |
|---|
| دەربەندی گۆم و |
| هەولێر و |
| ئەستێرەیەك کە هەمیشە لە سەرەوە تاماشای دەکات و |
| دەفتەری تێبینییەکانی |

خۆشویست و چاوەڕوانی نەکەوتە نێوانیان

خودا بۆ خۆی بردییەوە
بۆ ئەوەی لە ژێر پێستی دڵی خۆیدا بیژییێنێت
ئەی کەسوکار و درەختی بنەماڵەم کە تۆ دێیت
زیاد لە پێویست ئاگام لەخۆمە و باران لە ڕێژنەوە دەبێتە نمە
هەستیار و تایبەت دەبیت و لەسەر ڕووناکیدا دەنوی
سەرسامییەك نامێنێ تەزووم لە لەشدا بسووڕێنێت
مۆم ئاوی ڕووی خۆی دەڕێژێتە ژێر پێی خۆی
ئاوی ڕوو ئاشتییەکە لە شکۆ چندراوە و تادێ چندراوتر دەبێت
هیچ شەڕ و پەلاماردانی بەهار و دوودڵییەکی تێدا نییە

# ٢١

## قەراغی دەف

بەهەشت ئاوێکە سووتاندمی و دۆزەخیش ئاگرێکە تێنوویێتی شکاندم
خودا لە بۆشایی نێوان ئەستێرە و مانگدا دۆزیمیەوە
دەستی گرتم و هێنامیە خوارەوە
لە سێبەری درەختی پیرۆزدا نیشتەجێی کردم
باڵندە هۆگرم بوون و بەرزیان کردمەوە بۆ ئاسمان
دووبارە خودا پێشکێشی زەوی کردمەوە
من لە شەوی تاریك و گۆم لیخندا
بە چرای دزانەوە نەهاتوومەتە ناو ژیان
لە ڕۆژی نیوەڕۆدا تاسە ڕسکاندمی
ڕیخۆڵەی ناوکم بوو بە چەرمی ورد دووراوی قەراغ دەف
گردەنشینێکی دڵنەرم لەسەر ئاوازی کاتژمێرەکەی کۆك دەکات
بۆ ئەوەی بچێتە گەشت و بەر خۆری ڕۆچوو بەناو ئاوی ڕووندا
دەتوانن بە ڕوونی لە ڕێگاوبانان ببینن خوێنم دەجۆشێ
لە گەورەمەندیی باڵ لێکدانی کەڵەبابدا
سییەکانم پڕ دەبن لە هەوای تاسەی ڕسکان
نەوا و ئەنوای شمشاڵ لەرەی دڵ دەناسن
ئەوەی لە ڕۆژی نیوەڕۆدا تاسە بیرسکێنێت
جگە لەوەی جۆگەکان بخاتەوە سەریەك
بیر لە هیچ شتێکی تر ناکاتەوە
چاوی قەناعەت تروسکاییەکی گەرمە
ئاگری بێئامان نییە و پشت بەدڵی خۆت دەبەستی
تاریکی نامێنێتەوە
کاتێکی پڕاوپڕە بۆ ئەوەی
فوو لە ناولەپم بکەم و بگەڕێمەوە ناو تاسەی ڕسکان

## ٢٢

# ئاوڕشێنی دەموچاو

لە نێوان دڵ و زمان و تاجی ناوێکی نەمردا
ڕووەك بۆنوبەرامە وەردەگرێت
ڕووەکی خەولێکەوتووی مۆزەخانەش
جۆگەی گەرم و نەرمی خەیاڵ دەموچاوی ئاوڕشێن دەکات
هەڵۆش هێزی لەنگەرگرتنی لێوەردەگرێت
وا مردن هات چ دەگەشێتەوە
چ لە نێوان دڵ و زمان و تاجی ناوێکی نەمردا هاتوچۆ دەکات
ئەی چی وڕێنە دەکات و دەتاسێ
دڵ و زمان و تاجی ناوی نەمر بەداری ئاڵا هەڵواسراون
شەهید ماوە و یارمەتی لە ناوکی ڕووناکی وەردەگرێت
ڕەنگاوڕەنگی کردن
دێوی تێکبەر نامەکەی هەڵپچڕی و پڕ بە پێ پێدزەی کرد

| |
|---|
| کرم لە گیانم نادا |
| خانووم دڵۆپە ناکا |
| مانگم تریفە دەدا |
| هەڵۆ لە لەنگەرگرتن وەنەوز نادا |

تابلۆی ئەو ژیانەی هەموو ڕۆژێك لەتاجی نەمریدا لەدایك دەبێت
کێشی گرانە بە تەونی جاڵجاڵۆکە هەڵناواسرێت

## ٢٣

# سندووقی تەرم

له دەم ڕووبارێك دانیشتم
نیگەرانیی شیعرێکم لێکدەدایەوە
له پێش دڵم ئاوەکە دەهاتە پێشەوە و دەگەڕایەوە
تەواو وەك دڕندەیەك لە بۆسەدابێ
بیەوێت نێچیرێك ژێر چەپۆك بخات
بڕوام بە چاوی خۆمکرد و خوێنم جۆشا
دەنگی ئاوەکە دەنگی دڵەڕاوکێیەکی ترسناکی
لە شێوەی هەڕەشەی هەورە برووسکە دەهێنا
بە قووڵایی هەزار چاو لە ئومێدی شیعر دەژیام
خۆر بە تیشکێکی دایك و باوکانە
لە باوەشی گرتم و سەرپێی خستمەوە
بەدەست و هێزی هەقیقەتی چیمان داهێنان
دەستی بە دەموچاومدا هێنا
دەموچاوم تەواو هاتەوە سەرخۆ
سندووقی تەرم هەر یەك مردووی پێدەبردرێتە گۆڕستان

# ٢٤

## خۆشبوونەوەی ئاگری دڵ

شەوە لە

| | |
|---|---|
| دەرزی | و |
| خەنجەر | و |
| قورئان | ی |

پشت سەری مەلۆتکە ساتمەی کرد و لەپەوڕوو کەوت
پاشان لە ڕاڕەوێکی داخراودا هەراسان مایەوە
لە مەلۆتکەی پرسی ئێستا چ بکەم
بڕوانە ئاگر و لەگەڵیدا بسووتێ
ئاهەنگ بگێڕە و نوقمی شکۆی ئاهەنگبە
پاشان بڕۆ بە تەنیا بمرە و وەرەوە
لە دڵدا ئاگرمان هەیە
هەرکەسێك داوا بکات
گەرمایی لە دڵی خۆیدا دەدۆزێتەوە و دەتوانێت بیکاتە ئاگر
سوپاس بۆ دۆزینەوەی ئاگری دڵ
گەوهەری درۆزنان و دەستنوێژی بەتاڵ نییە
هەموو شتێك دەگەیەنێت و بەوپەڕی خۆی دەگات
لەسەر سینەی ئاوی خدر دەخۆمەوە

| | |
|---|---|
| دەرزی | و |
| خەنجەر | و |
| قورئان | ی |

لە ئێوەوە پەنا بۆ ئێوە دەبەم

شەوە برای قەقنەس نییە
قەقنەس ئاگری ناسی و ئازاری نەدا
شەوەش پێی لە برژانگ ڕۆچووە
تەماشای پردی شکاو دەکات
باڵندە خۆی بە هەر چوار لای قەفەس دادەدا
قەفەسیش دە هەزار تەلیسمی ئاگرینی تێدایە
کەسیش نەیپرسی ئەو تەلیسمانە چییان تێدایە
کێش لە دیداری ناوکی ڕووناکی دەمێنێتەوە
ئەی گیانی ئاگر و قەفەس
چاوم لێڵ بووە و ئێستا وادەی دوای جوانەمەرگیمە
لە پێشوازیتدا دەست بە زەمبیلەی پڕم و میوە دەبەخشمەوە
بە مەبەستی دڵ دەگەم و دەپرسم دڵی من کێیە
دڵ بەردەوام لە ئاسمان خول دەخوا و ڕێنمایی هەڵۆ دەکات
هەڵۆ دەبێتە دڵ
لە نێوانی دێڕەکانی

| | |
|---|---|
| تەورات | و |
| ئینجیل | و |
| قورئان | |

ناوەخنی خۆی دادەهێنێ

## ٢٥

# بۆنوبەرامەی کەڵژیان

مەرگ سەر لە سەرم هەڵگرە
چاوی پاراوم لەسەر مانگی چواردەیە
کۆمەڵێك ئەستێرەم لە دەوروپشتی داناوە
باسی ڕووناکی بۆ نواڵە دەکەن
کاتێك ڕووناکی دەکەوێتە سەر مێزی ناو باخچە
وەك دەستێك تازە لە شووشتنی کاسە بووبێتەوە
دەموچاو گەش و پڕخوێن و ئاسوودە پێشاندەدات
بەڵێنم بە ڕووناکیداوە گوێی لێبگرم و لێی حاڵیبم
دەزووی تاسەش لە بارستی دڵ هەڵبکەمەوە
ناشزانم بەڵێنی چی لە ڕووناکی وەربگرم
لە کاتێکدا لە دڵم دەڕوانێت و دڵمی پڕ بۆنوبەرامەی
کەڵژیان کردووە
مەرگ ماڵم لە نێوان هێڵی
لەگەڵ خۆهەڵنەکردن و هێمای زەوی خوێنی خۆی دەلێسێتەوە
لەسەر ڕێیە
لە ناوێکی تازە بۆ کەڵژیاو دەپرسم
کەڵژیان دەبێتە مانگی ژوورەکان

## ٢٦

# گەرمایی ناوچەوان

لەرزی دیدار لەسەری پەنجەی پێمەوە دەبێتە ڕووداو
بە تەواوی دەمار و خوێنمدا
مێرووله و هەڵبەز و دابەز دەکات
لە چاومدا دەبێتە ئاگری حەفت دەم و خاوکردنەوەی هەستی بۆنکردن
لە ڕووناکی دیداردا چاوم سووتا
لەمەوبەدوا هیچ مووچڕکێك بەچاومدا تێناپەڕێت
دیمەنی ناشیرینیش سەرودڵم ناگرێت
تەنیا دەست لە چورچولۆچیی ناوچەوانم دەخشێنم
کە بەدڵی دیدار بەڕێگادا بڕۆم
درەختەکانی ئەم دەست و ئەو دەست چاوڕوونمن
لەگەڵمدا دەڕۆن و ڕوانینەکانم ناشێوێنن
نەبینین باڵندە لە ئاسمان وڕ و کاس و تاساو دەکات
ئای چاوم چەند ئارەزووی فرمێسکی شکۆی هەیە
چ شینایی ئاسمانی لەناوبرد
لە ڕووناکیی دیداردا داڵ دای لە دەمار و خوێنم
کلۆش بۆ گەنمی ڕژاوی گیانم باری
هەزار ساڵ بەڕێوەبوون لە دڵی نواڵەدا بوو
ویستم بگەم و نەگەیشتم
لەمەوبەدوا لە سێبەری خۆم وچان و پشوو دەدەم
بۆ دیدار و خەونبینینیش دەچمە ناو ڕووناکییەکی شەرمن
پەیوەندی لەگەڵ بەهێز دەکەم

# ٢٧

## یاقووتی ئەنگوستیلە

پەیژەم ناوەتە دیواری چل و حەوتەوە
کاتژمێری سەر دیوارەکەی توورەم دەکات
لە خانوو و ماڵی سەر ئەم بەرزاییيە
گوڵێکی ناو باخچەیم لێکردەوە
کە هێشتان خوناوی شەوی لەسەر مابوو
ئەڵقەیەکم خستە ناوی
لەسەر لێوی پەنجەرەی ماڵیانم دانا
لە چاوێکی چاوەڕواندا چ باسە
هەموو ڕۆژێك لە پەنجەرەڕا
ژیان بۆ ڕامانی پاك و سرووشی خودایی ئامادە دەکەم
قومرییەك لەشێوەی دڵبەر چاوی پەنجەرە دەکاتەوە
چاوی پەنجەرە بەهۆی داخستنەوە سەیر دەزرینگێتەوە
بەو تەمەنەشەوە بڕوام بە ئەڵقەی ناو گوڵەکە ماوە
گوتم دەچمە بەر پەنجەرەیەکی هەناسە خۆش
شەکراوی لەبەر بگێڕدرێت
پەنجەرەیەکی لەم پەنجەرە ڕوونتر بێهوودەیە
یاقووتی ئەنگوستیلەم
وێنەی ڕووناکییەك پێوەی هەڵواسراوە
دەستم بە شکۆی ڕووناکییەکەوە گرتووە
ئەمە هەمووی ماوەیەکی زۆر نییە ڕوویداوە
خۆشترین کاتی تەمەنە

دووباره دەست بۆ گوڵی ئەڵقەلەناو ببەمەوە
چاوەکانم نووقاند نواڵەم بینی لە نزیکم دەژی
چاوی پەیامێك لەسەر پێستی زەوی نیشت
وزەی بەخشییە گژ و گیا و بۆنی گژ و گیای
مزر و شیرین بڵاو بووەتەوە
دەنگی گیانلەبەر و هەموو شتەکانم بە گۆرانی دێتە گوێ
گوڵێك بە یەخەی شەقامی بن قەڵا پرشنگدەدا

٢٨

# باڵندەی یەکەم و دووەم و سێیەم

بەرێگادا مامەوە

قومرییەکی دڵڕووت قاچەکانی لەسەر شانم گیرکرد و چاوڕوونمە

| | |
|---|---|
| باڵێکی بردمیە ماڵی | خودا |
| باڵەکەی تری ماڵی | نواڵە |

ماڵی خودا درەختێکی بەرزی تێدابوو

سێ باڵندەی بەسەرەوەبوو

| | |
|---|---|
| باڵندەی یەکەم | گەنجیم |
| باڵندەی دووەم | جوامێریم |
| باڵندەی سێیەم | پیریم |

ماڵی نواڵە حەوزی ئاوێکی پاکی تێدابوو

سێ باڵندە لە هێمنیی ئاوەکەیان دەخواردەوە

| | |
|---|---|
| باڵندەی یەکەم | گەنجیم |
| باڵندەی دووەم | جوامێریم |
| باڵندەی سێیەم | پیریم |

بۆ ئەوەی بەرێگاوە بمێنمەوە

دەست بە شکۆی باڵی باڵندەکانەوە دەگرم

ئاسمان بە چاوی چاك بینینەوە

سەیر دەکات و خواست بەجێدەهێنێت

باڵندەکان بەسەر لکی درەخت و دەمی حەوزەکەوە

ئارام دەنووکیان دەجووڵێنن

گەرمایی بینین چاویان

دەدرەوشێتەوە و دەبنە چاوڕوونیی ئەوانەی بەرێگادا ماونەتەوە

# ٢٩

## بەتاڵبوونەوەی داوا

کار ئاسکێك بەرەو پاوانی من دێ و بۆنی شکۆ لە شاخەکانی بەرز دەبێتەوە
کار ئاسکێك بەرەو پاوانی من دێ و بۆنی شکۆ لە شاخەکانی بەرز دەبێتەوە
کار ئاسکێك بەرەو پاوانی من دێ و بۆنی شکۆ لە شاخەکانی بەرز دەبێتەوە
کار ئاسکێك بەرەو پاوانی من دێ و بۆنی شکۆ لە شاخەکانی بەرز دەبێتەوە

تەمەنی بەفری سەر لووتکە بەپیتە و دەڕژێتە باخی ناو و ناوبانگەوە
تەمەنی بەفری سەر لووتکە بەپیتە و دەڕژێتە باخی ناو و ناوبانگەوە
تەمەنی بەفری سەر لووتکە بەپیتە و دەڕژێتە باخی ناو و ناوبانگەوە
تەمەنی بەفری سەر لووتکە بەپیتە و دەڕژێتە باخی ناو و ناوبانگەوە

پەپوولە بە تاسەوە ڕاوی بۆنی پاککردنی لیمۆ دەکات
پەپوولە بە تاسەوە ڕاوی بۆنی پاککردنی لیمۆ دەکات
پەپوولە بە تاسەوە ڕاوی بۆنی پاککردنی لیمۆ دەکات
پەپوولە بە تاسەوە ڕاوی بۆنی پاککردنی لیمۆ دەکات

ڕۆژ لەسەر ڕێگاکان دەردەکەوێت و دەبێتە خەیاڵێکی ئەفسانەیی
ڕۆژ لەسەر ڕێگاکان دەردەکەوێت و دەبێتە خەیاڵێکی ئەفسانەیی
ڕۆژ لەسەر ڕێگاکان دەردەکەوێت و دەبێتە خەیاڵێکی ئەفسانەیی
ڕۆژ لەسەر ڕێگاکان دەردەکەوێت و دەبێتە خەیاڵێکی ئەفسانەیی

ئەی ساڵ
ساڵی تازە
ئەمن هیچم لەتۆ ناوێت

کار ئاسك تاریك بوو وەك هێلانەی هێلکە شکاو
تەمەنی بەفر تاریك بوو وەك هێلانەی هێلکە شکاو
تاسەی پەپوولە تاریك بوو وەك هێلانەی هێلکە شکاو
ڕۆژی سەر ڕێگا تاریك بوو وەك هێلانەی هێلکە شکاو

وەرە خەونم ناتوانم هیچت لەبارەوە بڵێم

# ٣٠

## هەواڵپرسین

خودا لە بیرهاتنەوەکەیدا
لە دانیشتووانی قەڵای هەولێری پرسی
مانگ بەچاوی گەرمیەوە
ڕووی بەرەو شار سووڕاند و تەماشایەکی کردن
نەخێر لێرە نین
حەزیان لەو مردنەیە
جلوبەرگیان لەسەر ڕستە خۆر بیسووتێنێت
قەڵا ئاگری تێبەربوو
ساردیش بووەوە
هیوادارم لە هەواڵپرسین بەردەوامبێت
هەوڵمدا بتوانم مانگی ناو گۆزەی مەیی ئەشق بدزم
چەندم کرد نەمتوانی
خودای سەد و یەك ناو وابکە شکۆی ئەو دزییەم بەربکەوێت
پاکنەبووەوە لە گوناهی پیت ناتوانێت بنووسێت خودا
خودا دەتوانێت بنووسێت خوداوەند و دەستت لەسەرشان دادەنێت
هەموو ئەگەرێك لادەدا
نووسین مووچڕك بە ڕوخسار دەدا
پاراوی دڵ یارمەتیم بدە بتوانم بنووسم دڵی خۆم
لەگەڵ دڵی خۆم ڕاوێژ بکەم و کەروێشکێك
لە دەشتی ڕاکشاوی ماتەمین هەستێنم
بەناو دڵی کرچ و کاڵمدا ڕۆیشتم و زانیم دڵنیایی بە کوێدادێ
چووم هەندێك ئاو بڕژێنمە سەر باڵی هەڵۆیەکی لە ڕاوکەوتوو

## ٣١

# لە گەلێک شوێندا

ئێوارە دڵی خۆی گوشی
لە تەختایی شاخێك دانیشتم و پشوومدا
پێشتر ناوچەوانی مێژووی وڵات بوو
بادییەك شیری مەڕە زەردەم دانابوو
ئەوەی لەناو ئاوی نەڕۆیشتوودا تۆڕی بڵاوکردووەتەوە پێکەکەی ڕژا
هی منی ڕفاند
نواڵە بۆ دەست ناخەیتە سەر دڵت و هەڵناستییەوە سەرپێ
شیری مەڕە زەردەیان دزیم
ڕۆژێك دەمەوبەیان هەموو دنیا شیری مەڕە زەردەم دەدەنەوە
لە دەمەوبەیانی هەمان ڕۆژ نواڵە لە لەرینەوەی ڕووناکی دادەبەزێت
بە دڵخۆشییەوە سەر دەکێشێتە
ماڵی شاعیرێکی لە شەڕی شاعیرە

| | |
|---|---|
| چاوهەڵاوگێڕ | و |
| دڵڕەش | و |
| بەدگۆ | و |
| دەروونکلۆر | ـەکان نەشکاو |

لاشەیەك دەدۆزێتەوە
ئەم لاشەیە لە کێ جێماوە
کێ دەیشوات
کێش دەینێژێت
لە گەلێك شوێندا درەختی لك و باڵ بەردار لەرییەوە
سێبەری چووەتە ناو ئەو سێبەرەی کەوتووەتە
سەر زەوی و سۆزی ڕێبواران بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت

# ٣٢

## ونبوون و دەركەوتنەوە

مێرووله دەنك دەنك گەنم كۆدەكاتەوە
دەیكات بەقۆمەتێك
له پەنایدا شەڕە تفەنگ دەكات
ئەرێ مێرووله ئێشك له چی دەگرێت
یان نیشانەگرتن له نیشانەی بەتاڵ چۆنه
خوداوەندان كەمێك چاوەڕوانبن
ئومێدی خۆمان لەسەر نیشانەی بەتاڵ تۆماردەكەین
وانەی دێوجامەمان تەواوكرد

| |
|---|
| كەڕوو له لێو |
| پێڵاو له قوڕجێما |
| هێلكەڕەش |
| پەیكەرشكێن |

دێینه سەرشەقام
جێگاپێی دیكتاتۆر
زامی لاڕەشەیه به ناوچەوانی زەوییەوە
زەوی له هیچ ڕێكەوت و ڕووبەڕووبوونەوەیەكیدا
نەترساوە له مردن
ئەرێ زەوی به نەرمی لێوت بجووڵێنه و شتێك بڵێ
كوڕەكانی من
لەناو لەپم وندەبن و له ئاسمان دەردەكەونەوە
كەسیش له پشت تەونی جاڵجاڵۆكەوە سەیریان ناكات

ئەمڕۆ ئەکتەرە کۆسەکە هەرچی پێشکێش کرد

| |
|---|
| لێوی کەس شادی نەهاتێ |
| برۆی کەسیش جووت نەبوو |
| چورچولۆچی دەوروبەری چاو خاونەبووەوە |
| حەکایەتخوانی شار گەمارۆی نەشکا |

کوڕەکانی زەوی گوتیان چاوەڕوانبن دەگەڕێینەوە

بەردەوامدەبین لە دووبارەکردنەوەی ئەم هاتن و چوونە

یاری لەگەڵ چۆلەکەی ئاسمان دەکەین

دەست دەخەنە سەر دڵیان و هێلانە چاوەڕوانیانن

چۆلەکەیەك بەسەریاندا تێدەپەڕێت

لەو تەرمانە ورد دەبێتەوە

چرایان هێنا

پەپوولەش

کێ بکوژی پەپوولەیە

# ٣٣

## ناسینی هێز

هەندێك ترپەی پێ کەس بۆی ناکرێ گوێی لێبگرێت
هەندێکیان سووك
هەندێکیشیان گران
ڕوخساری پڕ هێمای تارمایی دێتە پێش
لە باخچەی ئاژەڵاندا کەرکەدەنێك
لەناو تەونی جاڵجاڵۆکەیەکدا ژیانی بۆ دابینکراوە
گۆڕی پیاوێکی تاجداریش
پەرژینی نییە
دەزانم نابێت لەمەوبەدوا بیر لە هێز بکەمەوە
سیمرخی ئەفسووناوی داوای ئامۆژگاریمان لێدەکات
لە شوێنەواری یادگاری هێلکەی پیرۆزی دەترووکێ یان نا
نواڵە لە خەیاڵدا بیندرا
کەس ناتوانێت دووبارە بیبینێتەوە
ئەفسانە لە هەنگاوی یاراندا ڕووبەری دەبێتە ڕووناکی پاراو
من دەزانم بەدەوری ئەستێرەیەکی چاوناسدا
وەستاوم و ئەویشم لە بیر نەکردووە
دەمەوێ کانیی دڵپڕ لە قوڵپەبم
مەبەستم تاسەداربین لە دەوروبەری باڵمان وێکبێینەوە و گیرۆدەی شوێنبین

# ٣٤

## کەژاوەی گورگی ئاشتیخواز

لە باخچەی ئاژەڵانی گڵکەنددا
گورگێکی ئاشتیخواز هەبوو
ئاگری سەرپشتی گای دەکوژاندەوە
هەوڵماندا جێگاپێی
بناسین و هێلکە قەتێی تێدا کۆبکەینەوە
کەژاوە ڕەت بوو
لە چاوەڕوانیدا قەتێیەکان دەچنەوە سینگی دەشتایی
لە کاتی ئەو چاوەڕوانییەدا لە دایك دەبین
ڕۆژ کە هەڵدێ چاوی لە ڕۆژی پێشترێی
ڕوونتر ڕازی گیانی گیانان پێشاندەدات
لە بیر و مێشکی خۆمدا
گوێمدایە گۆرانییەکی ساکار
ترپە و ئاوازەکەی لە نیشانە و ڕێوڕەسمی جەژنی لەدایکبوون وەرگیرابوو
یان لە مەودای دەرکەوتن و دوورکەوتنەوەکان

## ٣٥

## ئەفسانەی خۆت

هەور لە زەوییەوە بەرز دەبێتەوە بۆ ئاسمان
بۆیە بە تاو دادەبارێتەوە
خەم بۆ ئەو شتانە دەخوات لێی بەجێماون
تەنیا جارێك بەرز دەبێتەوە
زۆرتر لە جارێکیش خەم دەخوات
بەرزبووەوە دەوروبەری ئێواران لەسەر پردی نەمری
چاوی بەکانگای جوانی گەرمدەکات
کانگای جوانی ڕایەڵی هەزار توێی ئەو شەرابەیە
پێیدەڵێین

| | |
|---|---|
| جەژنی کۆچی باڵندە کۆچەرییەکان | و |
| نان بە دەمی برسییەوە کردن | و |
| زەین نەشڵەقان | و |
| ئاوازی پێی ئاشنا | |

پاشتر دەتاسێ و بۆ ماوەیەکی زۆر وڕ و داماو دەمێنێتەوە
پاشان زەردەخەنەیەك بۆ خوداوەند و فریشتە دەکات
بە نابەدڵییەوە دەڵێت وام لێرە
تەماشای منی زیندوو بکەن لەناو خۆتاندا
کۆسپ و تەگەرەی خەمخواردنیش لە جەنگەڵ زۆرترن
شێی جەنگەڵ هەناسە تەنگدەکات
چاویش کول
چاوکردنەوە و داخستنی بۆ چییە ئا ئەمەیە ژیان
با بەڵێنەکانی پێیدابووی هەڵیدەوەشێنێتەوە
داغانت دەکات و دەڕوات
کات لە بەرزبوونەوە یان خەمخواردن کامیان بەشی تۆیە

ئەی ویڵ بەهەموو باڵەکانت
هەرچۆنێك بێت دەبێ هەست بە هەموو شتێك بکەیت
شتێکیش بدۆزیتەوە
ئەفسانەی خۆت
جەستەت لەناو کولێرەی گەرم و ڕۆحت لە گوڵی لێبووردندا
ژیانی خۆیان دەژین
ڕابردوو ناگەڕێننەوە
هەڵپەی ئایندەشیان نییە
ئومێدیان بە خەونە

| | |
|---|---|
| مووررووی زەردوویی | و |
| دەنووکی پەپوولە سلێمانە | و |
| گوێی کەروێشك | و |
| دەرزی شەوەگری ئەفسوون | یان بێنێتە ڕێ |

شتێك داوادەکەن کۆیانبکاتەوە و بفڕێت
ئێمە لەسەر پردی نەمری لە پێشوازیتانین
کوا ئاسمانی خودادا و خۆشەویستان
من لە ڕەگی گەشانەوە ئاسمانم ناسیوە
ببینن چۆن بۆنخۆشانە دوور دەکەومەوە
ئارەقەی باڵ لە ماندووبووندا
بۆنی کولێرە و گوڵی لێبووردنە
ئایا بۆنیان دەناسین
ئەوە درەختی بۆنناسینە
لە بەرماڵی خودادا و خۆشەویستان
تا نزیك ئەستێرەی باڵدار بەرز بووەتەوە

## ٣٦

# بێپەروایی گوڵەستێرە

مار ددانی لە کلکییەوەیە
گورگ برادەرایەتی لە کلکیدایە
ڕێوی هێزی لە کلکی کۆکردووەتەوە و چاوی هەرەشەی ڕووناکە
سیخوڕ کەوانی لە کلکییەوە دەکێشێت
ئای گوڵەستێرەی بەخشندە دژت چەند زۆرن
کە ڕووناکیت دەڕژێتە سەر زەوی
دژەکان قەڵەمی دەست و پێیان دەشکێ و خاوخاو
دەچنە ناو تۆڕی چاوداخستنەوە
ئاسۆ گەرم دادێ و باڵندە تێیدا باڵیان بە هەموو شت دەزانن
باڵندە لە فڕینیدا ناوی خۆشەویستانی
لە دەم دەڕژێ و دەبێتە گوڵەستێرە
ئێمە هەموومان پێکەوە
بێپەروا بۆنی ئەو ڕووناکییە هەڵدەمژین کە بەخشندەیە
بەخشندە پەروایی دەبەخشێت و بێپەروا دەچینە ناو ڕێگا
دەنگی باڵندەی تاك و جووت
بەشێوەی مۆسیقایەکی ئاسمانی بەسەر ژاوەژاودا زاڵدەبێ
بە هێمنی دێتە ژوورەوە
درەخت لە ڕەگ پەیدادەبێ
پاشانیش ڕەگ وزەی خۆر لە درەخت وەردەگرێتەوە
جارێکی تر وشەی بە جۆشی ئاوازێکی دێرین بەدیدەکرێت

# ٣٧

## ئەستێرەی تاک و جووت

ڕووبار کە چاوی سووردەبێت و شەپۆلدەدا
گوێ لەماڵەکانی نزیکی ناگرێت
تکا و نزای پیری کێوانیشی بۆ گرینگ نییە
تەنیا چاوی بۆ خوێنی قوربانی دەکاتەوە
کە شەپۆلیشی خاو بووەوە
خوێنی قوربانی وەك پەڵەیەکی ئومێد بەکاردەهێنێت
تۆڕ و داوی لەسەر هەڵدەدا
گیانلەبەری هار لە چلەمین ڕۆژیدا
تینی بۆ بینین نامێنێ و پەلاماردان بۆنی گەنیویەتی
گیانلەبەرێکی هار لە ڕووبارێکی هار گیربووە
لە قووڵایی دڵیانەوە تاساون
ناتوانن تەماشای تێپەڕینی هەستی کات بکەن
هەستی کات وەك ماڵێك کە منداڵ تێیدا
دەبدەبە هەڵداتە ئاسمان پشوو دەدا
درەختەکانی بە سروەیەك دەلەرنەوە

| |
|---|
| ئومێد هەزار باڵی هەیە |
| ئومێد هەزار خاڵی هەیە |
| ئومێد هەزار تاجی هەیە |
| ئومێد هەزار باجی هەیە |

ئەو شەقامەی لە ئومێد قەدەغەکراوە
ڕوخساری نییە
وا دەزانم زەوی لە هار خاوێن کراوەتەوە

سییەکانی پڕ لە هەوای پاکە و بەردەوامە
هەموو شتەکان لە خوێنی خۆی دەپاڵێوێت
شەقامی بەئومێد بەهیچ شێوەیەك
چاوانی داناخات و دڵی تەنگ نابێ
ئەستێرەی تاك و جووت لەسەر شانی ڕێبوارانی دەژمێرێت
ئەستێرە زۆر خەون دەبینن و وەفایان زۆرە
لەگەڵ شانی پاك و گەرمی ڕێبواران هەڵدەکەن

## ٣٨

# سۆزی پاراوی خۆشگۆ

سروشتی ڕووبەری من بچووکترین پارچەم لە تۆ

حەزدەکەم ماچت بکەم و لە سۆراخی دڵشکانی مۆمە چاوگەرمەکان بپرسیت

ئینجا داوای لێبووردنت لێبکەم و بڕۆم

ئاشی پڕ نمەك کە دەگەڕێ چ دەڵێت

کە بێدەنگیش بوو حەکایەتی گەنمی بەردەمی

جۆش و خرۆش دەخاتە ڕێ

| | |
|---|---|
| تەخت مەست | و |
| بەخت گەرم | و |
| خولیا پوخت | و |
| خەو لەچاو نەشکاو | |

بەرەو یاری ئەزەلی دەچن

بەرەو دیار و دیدار و هاڵاوی بەردەنوێژ

لە سۆزی پاراوی ئاشنا و ڕۆشنای خاك

بۆ ماڵئاوایی و ماڵی پاك

تیژ و گیانشاد دەکەونە ڕێ

خۆشگۆ دەمی وشك نابێت لەوێ

بەزمانی قۆزاخەی ئاوریشم دەدوێین

جانتامان دەکەینەوە و دەمێنینەوە

فەرموو ماڵی بەهەشتەوانە

حیکمەتی مێوانداری چرای لە نزیکت دادەگیرسێنێت

سەرپەنجەکانت گەرمدەبن

ئاوازی هەموو گۆرانییەکت دێتەگوێ

## ٣٩

## دووبارەکردنەوەی ویست

ژیان لەگەڵ مردن دوژمن نییە
یاقووتی ئەنگوستیلەی
پەیام لەسەر نووسراوم لە ژیان دۆزییەوە
پاشان لە مردنیش دۆزیمەوە
زانیم چیم کرد و سوورِی دۆزینەوە
شکۆ دەنەخشێنێ و دەبەخشێ
ژیان دەنگی هەڵێنا پێستی یەکەمی زەوی لادە چی دەبینیت
مردنیش ویستی ژیانی دووبارە کردەوە
دڵنیا بووم هیچ چاوێك
چاوی دوایین لەدایکبووش زەوی داناپۆشێ
فەرمانێك لە ناخ بەرز بووەوە
چاوت ببڕە هەڵاو و گەرمی مەی ئەشق
هەموو بەرزی و نزمییەك لە نێوان ژیان و مردن کۆتایی دێ
هەناسەیەکم لە پێ و شوێنپێی بەجێماوی وەرگرت و سییەکانم سووتان
چاوم بڕییە تەماشای و لە تینی گەرمایی بێبەش نیم
لەگەڵ گشت شتێك دوام

| |
|---|
| باج |
| خاچ |
| تاج |
| پاچ |

ئاسمان و زەوی چ شیرین خەوتوون و چەند پڕ تاسە و دڵبەرن

سڵاو

ماڵئاوا

ڕسکاوی بیری خودایی وەخت بەفیڕۆ نادات

٤٠

# پێشبینیی زمان

چاکەیەکی زۆری شاعیرە

| | |
|---|---|
| چاوهەڵاوگێڕ | و |
| دڵڕەش | و |
| بەدگۆ | و |
| دەروونکلۆر | ـەکانم لەسەرە |

بەوەی زۆر گێچەڵیان پێکردووم

لە گێچەڵیانەوە دڵا و دڵ ئەوە فێربووم

بە ئەمەك و نمەکی خدری زیندە بیر بکەمەوە

دڵ ببینم پێی لێنەنێم

لەو پەڕی سادەییشدا بێباك بژیم

ئەوەی لە دڵمە نەیشارمەوە

ئاڵای سرووش و هەناسەی سییەکانی سروشتبم

بە بایەخەوە لە سێبەری ژێ دانیشم

تا ئاواز و مەقامەکان بناسم و بیانڵێم

ڕووناکی گۆرانی لە دڵمەوە دێتە ناو دەمم

ڕووناکی ناو دڵم دەپارێزم

ڕۆحم لە دووتوێی خوناو و هەتاودا

بچێتە سەر قوفڵی گۆزەی مەیی ئەشق و بڕسکێت

ئەرێ خوناو بۆ سەرەتا ناوکی دەبێتە هەڵم

هەتاویش بەرزی دەکاتەوە بۆ هەواری سرووش و هەناسەی سروشت

تا گوڵاوی دەستنووس پێشکێش بە گوڵی فریاکەوتن بکات
لە ئەفسوونی وشەی گلەیی و گەڕی گەردووندا هیچم نەدۆزییەوە
لە کتێبی حەزدەکەم ئەوەندە بژیم چاوم دۆزییەوە
چاوی ئاسمان و فەرمانڕەواکانی و بەهرە و سرووش
لە ناوچەوانی خۆمدا چاندم
چاو چرای سەری مرۆڤە
چاوی سەرەتای نووسین و لەسەرەتادا وشە هەبوو
ئەرێ گوڵی سوور لە چاوەڕوانی چیدا
جلی خۆی دەگۆڕێ و زەین و زەمینی ڕۆشنە
خۆی بە هەموومان دەناسێنێت

## ٤١

## نەوەی بەهەشت

بۆ دوایین جار ناولەپی خۆمم بۆنکرد و پشتی دەستم
لەسەر ناوچەوانم دانا
دڵم گوتی ئەم کارە بکە و ڕۆژی خەون و خولیایە
لە ڕووناکی سرووشدا بژی
لە ڕووناکی سرووشدا بمرە
لە ڕووناکی سرووشیشدا دەژێیتەوە
ئەمەك و نمەك لە ژیانەوەی تۆوە دەست پێدەکاتەوە
کۆسپ و تەگەرەکانم وردوخاشکرد
لەوێ بەجێمهێشتن و دەناڵێنن
ورچانە دەبۆڵێنن
چاوڕوونی ڕێگا ئاوڕ بۆ دواوە ناداتەوە
هەموو چاوڕوونێك
چارەنووسی ئاڵای هەیە و شارێك لەسەری دێتە دەرێ
ڕووناکی ڕۆژ دەڕژێتە پێشی
ئەنگوستیلەی ئاشقان دەردەکەوێت
دڕندەی زەبەلاح و ناقۆڵا هەڵدێ و بەکەژاوەوە دەگەیت
ئەسپەکەت پشوو دەدا و ئەنگوستیلەی ئاشقان
بە ناوچەوانییەوە دەکرێت
هەواڵی سواران بە تابلۆی گەورەی شارەوە هەڵدەواسرێ
دڵ بە کوڵ دەست بە ناوچەوانی ئەسپەکەت دادەهێنێت
دەنگێك پاداشتت دەداتەوە

بەناوی نزیك لە مانگ و خۆشبەختی بانگت دەکات
برادەری شیاوی سڵاو و نەوەی بەهەشت
ڕۆشنایی دەموچاوت
دەردەکەویت و کێڵگەی پەراسووت
پڕ شیرترین گوڵەگەنمی هەست دەگرێ
شێوەکاری شار هەستت لە ئاسمان دەنەخشێنێ
لەگەڵ دارڕژانی گوڵەستێرەدا دادەبەزیتە سەر زەوی
خەڵات بەدەستان مۆم لەسەر ناوچەوانت دادەگیرسێنن

٤٢

## ئاشنابوونەوە بە جریوە

لاولاو بە دیوارەوە هەڵدەچێت و سەریشی داگیردەکات
بەو داگیرکردنە ڕازییە
بیانوو ناهێنێتەوە
سەری بۆ ڕادەخات
مەرگی دوا دەکەوێ
ڕوخساری پڕ دەبێت لەو شوێنانەی مەرجانی لێڕژاوە و دەبێتە شار
ڕووناکی بۆنوبەرامە ناوچەوانی دەلاوێنێتەوە

| | |
|---|---|
| چاو | و |
| دەم | و |
| سینگ | و |
| دەست | ت بکەرەوە ئەی چرۆی نۆبەرە |

بۆ یەکەمین پیرۆزبایی لە دڵگەرمبوونی دەشتودەر
بەهار ڕووبەرێکی پانوپۆڕی پێویستە
لە یەکەمین خوناوکەوتن
باڵندەی جۆراوجۆر بەرچاو دەکەون
پرس بەناخی خۆیان دەکەن و دەگەڕێنەوە لای
سۆزی پاراویان دەردەبڕن
هەریەکەیان هۆگری درەختێکن
دەچنە لای پرچ و سەری پڕ دەکەن لە هێلانە و هێلکەی زەڕنەقووتەی نۆبەرە
هەموویان تەنیان
ئاسمان بە پانوپۆڕی دەپێون

تا ئاشنا ببنەوە بە ئاوازی جریوەی خۆیان
لەقلەق لەسەر یەك قاچ ڕاوەستاوە
بە چاوی تا لێهاتووی تەماشای ئەو شوێنەوارناسانە دەکات
بە دڵشکاوی لە قەڵا دێنە خوارێ
لە ناوچەوانی گەرمیان گوڵەبەڕۆژە ڕواوە
چاویان بڕیوەتە چاوی خۆر لێ پێگەیشتووی لەقلەق
سمۆرە دوور لە درەخت هیچ حەز و ئارەزوویێکی بۆ تاقی ناکرێتەوە
ڕایەڵی تیشکی چاوی دەچێتەوە ناوکی گوێز
بە خێرایی بەناو لکەکانی تێدەپەڕێت
دەتوانێت سوپاس و ستایشی بکات
ڕێکەوتێك ئەوەی مەبەست و خولیایە
هەر هەمووی ڕوودەدەن

٤٣

## ئادەم لە سێ ئاوێنەدا

نازانم لە کاتێکی ڕەوابوو یان ناڕەوا
پەیام لە دڵم خامۆش بوو
یەکەم لاپەڕەی ژیانم نووسیوە نازانم بۆ کێی بنێرم
بۆ ئەشکەوتی جادوویی یان کانی دڵ پڕ لە قوڵپە
لێشم گەڕاوە خەیاڵ بگەڕێ
لە تەمەنێکی گەرم بە سەرسوڕماوی مامەوە
ئادەم بە چ زمانێك قسەی کرد

| |
|---|
| تەورات |
| ئینجیل |
| قورئان |

فانۆسی ئەفسووناوییان لە هەوای سییەکانیان
پڕ کرد و پێشوازییان لە جەنگ کرد
گەنجینەی جەنگیان بردەوە
حیکمەتی ئاگریان خەڵات کردین
هەموو خەڵاتەکان لە یەکدەچن
هەناسەی ساردیان لێ بەجێما
بە قووڵی گوێ لەو ئاوازانە دەگرم کە ناپچڕێن
بەناو ئەو بۆشاییيانەشدا دەپەڕمەوە
کەوتوونەتە نێوان ژیان و مردن
نەژیان بردنەوەیە
نەمردن دۆڕان

٤٤

# بەرزبوونەوەی باج

بەرزبوونەوەی باجی تەمەن

| | | |
|---|---|---|
| پیرییە | پیرییە | پیریی |

وەك ئاوێنەی ڕوونی بەرهەتاو

یان کاتژمێریی خۆری

| | |
|---|---|
| ئارام | و |
| هێمن | و |
| لەسەرخۆ | و |
| بەخشندە | |

پێشانم بدە باجم چییە

ئەو دیارییانەی بە ئامانەت لە تەمەنم وەرگرتوون

بە پارێزراوی دەیدەمەوە دەستی

| |
|---|
| دارگوێزی داتەکاو |
| شەقامی نەرمونیان |
| چلچرای تاسە |
| پەڕوباڵی کامەرانی |

چەندتان لە تەمەنم دەوێ

دوا پاداشتتانە بیبەن و پێشکێشتان بێت

سوورێکی خوێنین لەسەر لێوم نیشان و دوا پاشایە

نواڵە لە ئێسکی حەوتەمی تەنیشتم یان شیری ڕژاوی درەخت

خوێن و دەماری خەمڵی و جۆشا

پڕبەپێ بەناو سپیندارەکان هەڵات و سێبەری بۆ پەیداکردن

بۆنی هەڵاڵان و ئارەقەی زیندووبوونەوەی

بەدوای خۆیدا بڵاوکردەوە

منی نەرگسی بە دوای خۆمدا غارمدا و دوورکەوتەوە
نزیکە دەبێتە خاڵێك و لە ئاسۆ پشتەوشکێن دەبێت
خاڵی ڕوومەتی سێو ڕەنگ لە ئاوێنەی ڕوونی بەرهەتاودا بەرپا دەکات
ڕەنگ لە ئاوێنەدا پەنگ دەخواتەوە بەڵام نابێت بە ڕابردوو
دەبێتە دوا پاداشت
دوا پاشا
مۆم لەبەربا لادەدات

## ٤٥

# دوای سەرکەوتن

بەرزایی وەك تەرمێکی پەردە بەسەرداهاتوو

لەبەردەمم درێژکراوە

سیزیف بەردەکەی سەرخست و جێیهێشت

مانگ تریفەی خۆی لەسەر ڕشت و خەرمانەی لە دەور چنی

هەزار و یەك گرێی سەرکەوتن بووەوە

لەوێدا بۆنی ئارەقەی زیندووبوونەوەی ئەوینداران

بەدوای ئاشنادا دەگەڕێن

بەردەکە تەرمی سیزیفە

کۆتایی نییە

سەرەتای دووەمە و خەونی کۆن دەهێنێتە دی

خەونی کۆن هەمیشە بێدارە

| | |
|---|---|
| سەکۆی ئاسوودەیی | و |
| بەبیرهاتنەوەی نیاز | و |
| کرانەوەی گوڵ لە گۆرانیدا | و |
| وێنەی کۆتایی | |

لە هەموو ژیان وەردەگرێت

لە دەستەمۆکردنی جۆشدا حەزی دەدرەوشێتەوە

نهێنییەکی زۆر سادەم هەیە

تەمەن چەند خوێنم بکوڵێنێت

ئەسپی ئارام زیاتر لە پێش دەرگام دەمێنێتەوە

هێڵەکانی ناوچەوانی دێنە ناوچەوانم

لە دوای هەواڵ و ناوت دڵم دەکەنە هێلانەی دەست تێداگەڕاو

## ٤٦

# هەڕەشەی نووح

بە هەموو ڕێگاکاندا تێدەپەڕم و باڵندە بە دانەوێڵەی خۆم دان دەدەم
نووح بەچاوی خەواڵووەوە چووە بەر ئاوێنە
بە جۆشی ئاکام و هەڕەشەوە گوتی
تەمەنی من
لە تەمەنی تۆ
گەورە و دنیادیدەترم و مێوانی یەك ڕۆژەی جوانیم
بۆ ئەوەی لەوە زیاتر دڵم نەشکێت
بەرژەوەند وا دەخوازێت لە یەکتر ونبین
کە دوایین هەناسەش دەدەین و دەست بە دەموچاومان دادەهێنین
بیر لە یەکتر بکەینەوە
دوو برادەر بووین لە یەکتربینین دەترساین
نووح زیاتر بمێنێت دەبێ بە چی و چیتر ڕوودەدات
ملوانکەیەك لە ملی بەردی بن دۆڵ دەدۆزێتەوە
دەنکەکانی پێناژمێردرێت
ئاوێنەش گیر دەخوات بە دەستی دەموچاوەوە
دڵی پێیاندەگوشرێت
تەنیا لە تەمەن زۆریدا شاخی کەڵەکێوی جواندەبێ
دەفی سەردڵ و زەنگی سەردەرگا
لەناو لکەکانی شاخی کەڵەکێوی
یەکتر دەناسن و ڕووخۆشی بۆ یەك دەنوێنن

| | |
|---|---|
| بەخششی ئەشق | و |
| خەڵاتی دیدار | و |
| مەئوای جاویدانی | و |
| خەرمانی خودایی | ن |

خۆشەویستیی نێوان کۆتر و شیری بەڕوو
تا ئەوپەڕی بوون پشکووتووە
کۆتر لەسەر گۆگردی داغ پێیەکانی جوان دانانیشن
ڕوخساری یەکەمی سروشت بزەیەك دەکات
بەو بزەیە دەگەڕێینەوە ماڵەوە
ڕێگا لە نێوانماندا درێژنابێتەوە
ئەرێ نووح لە چاوەڕوانی تۆفاندا ماوەتەوە و گوڵی لە گۆرانیدا دەپشکوێت

٤٧

## گەڕانەوەی دەنگی باپیران

باڵی فریشتە لە بەرزبوونەوەیدا چۆنە و چ دەبەخشێت
لە دابەزینیشی هەمان گۆڕانکاری لە ڕووناکیدا
سبەینە ڕەنگێك
نیوەڕۆ ڕەنگێکی لە هی سبەینە نەچوو
دەمەوئێوارەش تێکەڵەیەك لە هەردووکیان دەیەوێ خۆی بناسێنێ
پەلکەزێڕینە دەستی بەسەر ڕەنگەکاندا داگرتووە
شووشەم لە پەنجەرە گرتەوە
سەرنجی شەختە دەدەم و چاوی لەسەر ڕادەگرم
کاتێك درز دەبات و دەکەوێت
کەروێشکی ناو تەڵە
لە چەقۆ نزیکبووەتەوە
چاوێك بە زەویی دەوروبەری خۆیدا دەگێڕێت
من هەڵە بووم
ئەوە ڕێگا نەبوو پێیدا چووم
بگەڕێمەوە لانە
دەنگە عەنبارکراوەکانی باپیرانم لە ئاسمان دەگەڕێنەوە لام
هەست بەو شتانە دەکەم دەبنە هی من
لە کازیوەشدا حەز دەکەم باڵی فریشتە لە بەرزبوونەوەدا ماچبکەم

## ٤٨

# هێما و ڕاز

له لەدایکبوونم داپیرم ناوچەوانی بە ئاوی پیرۆز تەڕکردم
گوڵاوی بەرکانی
ڕەنگی ئاوی خدری ناسیوە
کە ڕەنگی ئێمە و سەدو بیست و چوار هەزار پێغەمبەرە
ئێمە ئەو کەسانەین لەناو کەشتیی نووح نوێژمانکرد
لە کەنار نوێژمان کۆتایی پێ نەهێنا و ڕۆژوومان نەشکاند
درووود بۆ ئەو کەنارەی دڕکی دەست نابڕێت
دڵی داوە بە ئێمە و نوێژی لێدێ
دوای هەورە تریشقە دابەزین
مێرگ گوڵەکانی هێنایەوە ناولەپی و بۆنی نەدایەوە ناولەپی
بێدەنگ مایەوە
بە هۆشێکی تاسەدارەوە
بیبەرێکمان خستە دەممانەوە
بۆ ئەوەی لە لێکدانەوەی هێڵەکانی ناولەپمان خەواڵوو نەبین
هەڵێنانی هێما و ڕازی ناولەپ
گۆڕەپانی جەنگە پاڵەوانی تێدا دەشکێت

٤٩

## چوارین و من

کولله

هێشتاکەش

ئومێد و هەتاو لەسەر ناوچەوان لادەدەیت

کولله

هێشتاکەش

لە شکستدا ڕەش هەڵدەگەڕێی و دووکەڵی شۆڕبووەوەی بنمیچی

زلله

هێشتاکەش

گەرمایی لە ڕوومەت دەمرێنی و خەڵاتت خاڵی خوێنی مەییوە

کولله

هێشتاکەش

ڕێگاکان بە لکی زۆرەوە تێتدا ئاوەدان دەبنەوە

منیش هێشتان بەدەوری جەستەی گەرم و زیندووی خانمی شیعردا دەخولێمەوە

خانمی شیعر هەستەکانمت وەك ئەسپی ڕاهێندراو

خستووەتە سەر پاشوو ئەمەکدارتم و ئەمەکدارم بە

لە مردندا لێوەکانم بکەرەوە حیکمەت و فەرموودەم دەبیستیت

شیعر بەخێرهاتنی باوکە ئادەمی کردووە

لانکی دایکە حەواشی ڕاژاندووە

ڕووناکبوونەوە بەدوای تیشکدا دێت

سێبەریش بەدوای بوونەوەر

تاکە ئەستێرەیەکم لەبەرچاو گرتووە و دڵمم پێیوە گرێداوە

ئەستێرەی

| | |
|---|---|
| بەهرە | و |
| سرووش | و |
| شیعر | |

٥٠

## دره‌ختی ده‌نگخۆش

ڕۆژ له‌ خه‌وی گرانی ما هه‌ڵنه‌هات
ڕووناكی دڵ و گیانت به‌ چراكه‌مه‌وه‌ هه‌ڵده‌واسم
شه‌وی بێبه‌یان
ئه‌ستێره‌ و مانگ بێسه‌روشوێن نین
بیره‌وه‌ریی زه‌وین و شه‌پۆلده‌ده‌ن

| | |
|---|---|
| ڕوون | و |
| ئارام | و |
| هێمن | و |
| پڕتاسه | |

وه‌ك ڕوومه‌تی ئاسۆ به‌ بۆنی ده‌نگی كه‌ڵه‌باب
ده‌می كار و به‌رخیش به‌گیا
بێپرس تا ئه‌وپه‌ڕی هۆگربوون به‌ دوایاندا ده‌ڕۆم
ئه‌ستێره‌ و مانگ هاتنه‌ خواره‌وه‌ و له‌گه‌ڵمدا پیاسه‌ ده‌كه‌ن
ئه‌وین به‌ شه‌قامه‌كاندا ڕژا
نواڵه‌ له‌ چیا نه‌رمونیانه‌كانی به‌هه‌شته‌وه‌
دێته‌ خوارێ و به‌وناوه‌دا تێده‌په‌ڕێت
ئه‌شق له‌بن حه‌وت په‌ڕه‌ی خۆری ڕۆچووی ناو ئاو
ده‌دوێ و قسه‌ی شه‌یدابوونی خۆیت پێده‌ڵێ
سێوی نه‌خواردووی پێیه‌
زه‌وی له‌ ڕۆژ نزیك ده‌بێته‌وه‌
تین و توانای خه‌مڵین له‌ خۆر وه‌رده‌گرێت
له‌ چوارده‌وری ئێمه‌ خۆر مرۆڤپه‌روه‌ره‌

بای کۆچەری

بای بەدکار و بەدگۆ لە سەروپرچی درەختی دەنگخۆش لادەدا

ئاگرێك چا و نانی لەسەرە

خەریکە خامۆش دەبێت

ڕوخساری چا و نان بەو ناوەدا دەسووڕێنەوە

خێزانێك ڕۆشنایی دەمژن و گەرم دەبنەوە

شتێك دەبینن دەفڕێت و سێبەریان لەسەر دەکات

شتێك هەموومان دەتوانین بیکەینە باڵی خۆمان

## ٥١

# پەریی یەکەم

بەهار بەخۆدادێ بەری نۆبەرە و بۆنوبەرامەی درەخت پێدەگەن
تەزووی سڕ
دەست و پێی زەوی بەردەدا
خوێنی مرۆڤیش خۆی لە قووڵایی پاراوبوون کۆکردووەتەوە
شەختە و زوقم
بەرانبەر هێزی پێگەیین چی دەکەن و چییان پێدەکرێت
لە پەنجەرەی پەراسووەوە
باڵندەی بچکۆلە دێنەوە شوێنی خۆیان دێنە گوێ
زایەڵەیەك کە دڵخۆشیی زەوی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ
ڕۆحی مردووەکان دەگەڕێنێتەوە ماڵەکانمان
لە وەختی خۆیدا گەیشتن
لە ئاهەنگێکی شکۆداردا
دڵ و گوێ تەونێك دەچنن
تەمەنی ئێمە لەناو تانوپۆی
بەشێوەیەکی هێمن ڕێگای بڕیوە
پەریی یەکەم بە ڕێگایەوە ماندوو بووم
دەستی گەرم و بێ ئێسکی هەتاو لە خەوی خاوی پرسیمەوە
تەڕایی دوا ماچم لە ڕوومەتی ئاسۆ دەسڕمەوە
خاڵیشم لە گەردەنی قەتێ و بن باڵی خاڵخاڵۆکە زیادکرد
تووڕەیی و هەڵچوونی دەموچاوم نیشتەوە

## ٥٢

# ڕووتەختی پارێزراو

سروشت لە خۆشی و ئەویندا
هاتە بەردەمم و فەرمووی
من مێینەی دڵباشی تۆم
ئەسپێك لە ئاوازی چاوپێکەوتندا
سۆزی دنیای بەدیاری بۆ هێناویت
بۆنی ڕووتەختی پارێزراو دەکات و هێز و توانای دەجمێ
دیوانم بە شاخی کەڵەکێوی ناوچەوانی بەرهەیوان هەڵدەواسێ
وێنەشم بە ناوچەوانی دیوان
ناوچەوانی دیوان جێگای ئامانە
بە ئاسوودەیی سوارێکی باز لەسەرشان
بە دوای سۆراخدا چوو
دەچمە کۆشکی ئەفسووناوی سواران
بەرچاوم بێ ڕەشکەوپێشکە و تەمە
هەموو شتێك وەك ناولەپی پێغەمبەر بە حیکمەتەوە دەبینم
هێند تەماشای کاروانی بەرەدوام کرد
ڕەنگی چاوم گۆڕا
ڕۆژی دڵەکان نەدۆڕا
درووود بۆ نەگۆڕانی دڵ
لەوێ لە باخی بێدەنگیدا
بە تەنیاییەکی بە تانوپۆی

| | |
|---|---|
| پڕ باوەشێنە | و |
| نیشانەی سەرەڕێ | و |
| سەمای نووسین | و |
| سندووقی پۆستە | |

ئاگاداری گوڵەکان دەبم و پێویستیم بە هیچ نابێت

دەشێت ڕێکەوتێك بەدڵی من بێت

بیری لەوە کردبێتەوە

| | |
|---|---|
| چاویلکە | و |
| دووربین | و |
| ڕووگەنما | و |
| دەرگا | ی |

لە پێناوی ئاسوودەیی سواری باز لەسەر شان بکرێتەوە

## ٥٣

# تاسەی زیندووبوونەوە

زمانم لە ئاست بەدگۆییدا گرێدراوە

هەر خەریکی وێردی شیعر و حیکمەتی زیندووبوونەوەیە

درەختێك لەناو وێردم ڕواوە

| | |
|---|---|
| مۆمیا و مۆزەخانە | |
| مۆم و بخوور | |
| ڕووەك و ئاژەڵ | |
| ئاواز و بووژانەوە | ی هەیە |

هەست خۆڵی دەوروبەری ڕەگی بژار دەکات

لە دیمەنیدا گەمارۆ دەشکێت

پەنجە دەکات بە چاوی شەختە و زوقمدا

ناتوانن هیچ شکستێکی بەسەردا زاڵبکەن

کڵپەیەکی بۆ ئەو ئاگرە پێیە

پاك و بەتین هەڵدێ و پیسی تێیدا دەمرێت و زیندوو نابێتەوە

ئاگر لە کووپە داگیرساو ئاشناییە

دەست لەسەر ئەو ماسوولکانە دادەنێت

کە تۆڕی چاویان چنیوە

تەماشای ئاگری ناوچەوانکراوە دەکەم و بە چلچرا و هێز

دەچمە ناو تۆڕی چاو و بە زەویدا ڕۆناچم

سڵاو لە ڕێبوارانی ڕێگای بێباك لە ڕووبەڕووبوونەوە وەردەگرمەوە

سڵاویش هەڵدەدەمە ناو لکوپۆپی درەختەکان

| | |
|---|---|
| بەهرە | و |
| سرووش | و |
| شیعر | دەناسم |

لەمەوبەدوا ڕاوی

| | |
|---|---|
| بەهرە | و |
| سرووش | و |
| شیعر | |

لە تاجی زیندووبوونەوە دەکەم

هەموو خەڵك هەواڵم دەزانن و خۆمم پیشاندەدەنەوە

ئەو چرایەی داگیرسا ئەوەتا

تاریکی پڕ بەپێ هەڵات و دەوروبەری ڕووناکی لێدەباریت

چییە وا دەکات ناو و ئاوێنە و چرای نیگا گەرم و پڕگیانبم

## ٥٤

## بەخششی ئادار

ئادار هەستی بە ناخی زەوی کردووە
ئەو خورپەیە لای هەمووانە پێیدەبەخشێت
هەموو شتێك دووبارە دەبێتەوە
لە دووبارەبوونەوەشیاندا کۆتاییدێت
تەنیا ژیان نا
بۆیە ناخی زەوی بەئاواتەوەیە
بڕوای سەری ئاراممی بگاتێ
سەرم خەڵاتی تاجەگوڵینەی بردووەتەوە
لە دەرگای ناخی زەویمدا
گۆڕ ژووری گەنجینەیە
من خۆری خومارتم
لاواندنەوەیەکت فریام دەکەوێت
باخچەی تاسەش هەر ئەوەت پێدەڵێت
خوداوەندەکان لە کاتی گریانی گەرمیاندا
چیرۆکی ئومێدی ئێمە دەکەنە پەیام و درووود و شەونوێژیان
پێمخۆشە لە ناخی زەوی و خوداوەندەکان بپرسم
ئایا چاوی پڵینگ و دووربینی سەر تفەنگ
کاتی ژوانیان تێدا دەستنیشان دەکرێت
دەستنوێژم گەرمە و زەوی دووگوردی نوێژە
ناوچەوانم
ئا ئا ناوچەوانم
لەسەر ناوچەوانی وەرە خەونم ناتوانم هیچت لەبارەوە بڵێم دادەنێم
زەویش چاوی خەواڵووە بە شەرم

٥٥

## دابەشکردنی چرا

زەوی گەنمڕەنگ

| |
|---|
| لە چەپەوە بۆ ڕاست |
| لە ڕاستەوە بۆ چەپ |
| لە سەرەوە بۆ خوارێ |
| لە خوارەوە بۆ سەرێ |

بەدەوری ئاسوودەییتدا دەسووڕێینەوە
لە ناو دڵ و گیانی ئاسوودەییدا
تەنیا ڕێگایەك
ئاو و نانی لەم دەست و ئەو دەستدا داندراوە
ئاسانە خۆتی لەگەڵ ئاشنا بکەیت
بە ناویدا وەرە و لە سەرەتایدا پشووێکبدە
نەختێك ڕامێنە
هێشووی دڵت لەبەر هەتاودا ڕابگرە
هەست بە برینداری دەکەی
تاسەی چاو دەدۆزیتەوە و ئاسوودە دەبیت
تاجەگوڵینەکان لەگەڵتدا ڕێدەکەن
بەخشندەبە
بەسەر ڕێبوارانی دڵشکاو دابەشیانکە
کەڵەکێوی لە چیاکان دێنە خوارێ
خۆشکەری ڕێگان
گەشتی یەکەمین ئەگەر من جوانیی تۆم لە بیر نەکردبووایە
تۆش دەستی تاسەی منت تێدا درێژبکرابووایەوە
بەوەها ژیانێك ڕازی دەبووم
لەسەر پەیژە ڕابوەستم و مانگ زیاتر بڵند بکەمەوە و بپرسم
ئەرێ ڕەگ بۆ خۆی دەشارێتەوە

## ٥٦

# مانەوەی مانگ لە یەکشەوەییدا

ناقۆڵاترین پیلانگێڕ و وەیشوومە لەچاو
فریودەرە چاویلکە ڕەنگاوڕەنگەکەی مێژووە
چێژی لە ژیانی دەرباریی بینی
تاڕادەی شاگەشکەیی ڕێزلێگیراو
دەست گەرم و سێبەر چەور
تادوا ڕادەی سەرکزی کاسەی سواڵ
بیر لێوەرگیراوە و خوێن لە دەمار بەتاڵکراو
تیرۆگ بەسەر قوڕ و لیتە دادەهێنێت
بە ڕوخسارێکی مۆن و بێهەست وەك پەتاتەی مردوو
نەخێر وانییە دەخاتە جێگای بەڵێ وایە
قەلەڕەشێك و قومرییەك نوستوون
مانگ لە یەکشەوەییدا تەماشای باڵ و دەنووکی هەردووکیان دەکات
لە هێلانەی کامەیاندا نەوە و نەوەزا و بنەچە
چاو و باڵیان کز دەبێت
یان ئاگری دەدرەوشانەوەیان دووبارە دەبێتەوە
خۆشی لە گرشەگرشی یەکشەوەییدا دەمێنێتەوە
دەست لە سینگی ڕووت و نەرمی ئاودەدات
تۆش هەر لە پیشەکەی خۆت بمێنەرەوە
شووشەی چاویلکەت دەبێتە دێوجامە
دیکتاتۆر دەتوانن هێڵکاری بکێشن و باش بەکاری بهێنن
پاش ئەو هەمو
بەڵێ وایە و نەخێر وانییە و چاولەبەرپێییە و ژیان لە کۆشکی ڕەشەبادا
قەل گۆڕت بۆ لێدەدەن و بیریش لە یەکەم ناشتن دەکەنەوە

٥٧

## ڕووناکیی گەنجبوونەوە

ماسییەکم لە گۆمێکی ژەهراویکراودا
لە توێی ئاوەوە بایەك بە ئەسپایی و نەرمونیانییەوە هات
سییەکانی نەرم و شل کردمەوە
هەناسەدانەوە ئاسان بوو
لە کەنارەوە خانمی خەونەکانم شیعر
بە بەهرە و سرووشییەوە چاوەڕوانم بوو
مەتەڵی ژیان و ژیانەوەم هەڵێنا
ڕووناکیی گەنجبوونەوە بۆ بینین درێژبووەتەوە
تەزووی ساردیی لە دڵی زەوی لادەدا
خۆشدوویی ئێمەش دەکات
بفەرموون بە هێمنی لەناومدا دڵتان گەرمبکەنەوە
ڕووناکییەکی ئاوا پێویستە
لە چاوەڕوانیی ئێمەدا بمێنێتەوە
ڕووناکییەك
وێنا بکە
لەوێ
لە کەناری گۆمێکی ژەهراویکراو
ماسییەك لە خۆهەڵدان و پۆشینی کراسی نەرمی کەشوهەوای سەما
دەیەوێت هەلی هەناسەدانەوە پەیدا بکاتەوە
ڕووبار دیو و دێوێکی مرۆڤلووشە
خوشکەزایەکەم لەناو دەم و ددان و زگیدا خوساوە
دەستتم بدەرێ

خۆ من خۆییم بێگانە نیم
مانگی سەرگۆڕت دەبێتە ناسیاو
بە نزیك چاوی ئێمەدا دێت و دەچێت
تریفەی بە ڕوخساری شەرمنی تۆوە دەستپێدەکات
هەموو لایەك دوودڵی و گومان نییە
تاسەی ژیان مەودای نێوان دڵ و دڵ دادەگیرسێنێت
دوو دڵۆپ ڕۆنی گوڵی یاسەمینیشمان دەداتێ بیخۆینەوە
حەکایەتبێژی داستانی سەرکۆنەکردن ئەستێرەی لێهەڵنایە

# ٥٨

## جارێک لە جاران

مەسیح بە خاچدا تێپەڕی

پاش چاوترووکانێك بەسەر گیایەکەوە نووشتایەوە

گیا هێزی بێباکییە و ئێمەی

| | |
|---|---|
| باریو لە هەوری جگەرسووتاو | و |
| هەتاوی سەر گەورە شاران | و |
| ئاگری سوێند | و |
| هەموو شت لە یاد | ی لەگەڵدایە |

بزەیەك جوانیی لە ناخ و دەوروبەرمان سەرخستەوە

ژیان لە ناشیرینی ڕزگاربوو

ئاگرێك دەکەمەوە مەودای بەرینبێت و بەرانبەری دادەنیشم

وەك ئەوەی ئاوازێکبم لە ئەوی ئەزەلی

یان جارێك لە جاران ئاوازی ڕۆح چاندنەوەیەك

ئەزەل ناوێکی هەیە

ناوێکی وەك

| |
|---|
| شەونم |
| گزینگ |
| ئەوین |
| خەون |

لەدەوری ئەو ناوانەدا دەگەڕێم

ڕوخساری ئاشنایان دەبینم و نابینم

دەبینم و نابینم شێوەی دەنووکی کەوێکم وەرگرتووە داو دەبەزێنم

٥٩

# یاڵی شانەکراوی ئەسپ

دەبابەیەك لە گەرووی كراوەی شارەوە هاتە دەرێ

ئەسپەكانی ڕەواندنەوە

كە ئێمە تازە یاڵمان شانە كردبوون بۆ ڕاو

مانگ لە شەو و ڕۆژێكدا

لە چاوی تەڕی ئەویندا كز دەبێت و دەدرەوشێتەوە

گوڵە شەوبۆش

كیژێكی كڵاودروو و دەستچن سەرنجیدابوو

لە كڵاوەكەی بەردەستی ئەو ڕاز و ئاهە ئاشكرابوو

لەم یەكەم سووتانە خامۆش و سارد و سڕەدا چیم بۆ نەماوە

بە خۆڵەمێشبوون لە ئەفسوونێكی زۆر قووڵدا نەبێت

لە ژوورێكی ئارام

لە ژێر خۆڵێكی نائارامدا

كە هیچ

| | |
|---|---|
| وێنە | و |
| تابلۆ | و |
| نەخشە | و |
| ساڵنامە | یەك بە دیوارییەوە نییە |

خەوێكی ئارامم پێویستە

خەوی خودایی

لە ژوورەكانی تەنیشتمەوە دەنگوباسی دراوسێكانم نەبیستم

ئەرێ زەوی بە چی تێر دەخوات

چیش دەکاتەوە گڕکان
گڕکان دەرپەڕاندنی ئاهی گەڕانە بە دوای دۆزینەوەی ژیانی ئارامدا
ژیان دڵۆپێکە لەو گەواڵەیەی باڵندەی ئاسمانی ترساندووە
مردنیش گەرماکەی ئێجگار بەتینوتاوە
ئەی ئەسپی سم ڕووناك و پژمین بارانی پەڵە
بە دەشتی گیانمدا تێپەڕە و بملاوێنەوە
هێزی کاروانێك لە دەفتەری تێبینییەکانم جێبهێڵم

٦٠

## خانمی ئەفسانەیەکی ڕوون

ژیان لە باخچەی
ئاهەنگگێڕانی خێزانیدا
ئارام و هێمنە
بەدڵێکی ئارام و هێمن نوستم و زوو تێرخەوبووم
هەستام و شەونوێژی شکۆی بەهرە و سرووشمکرد
ڕوومکردە ئەو بەشەی شار
کە دەنگی نەرمی دەف
لە ناو کتێبە پیرۆزەکاندا نوستووە
لە لاپەڕی شاریش
گۆڕێك داپۆشرا
گۆڕێکیش کرایەوە
من بە نێوانیان تێپەڕیم و پەنجەم لە ڕوومەتی دەفدا
لە تەنیشت ئەو جۆگەیە دانیشتم
ئاوەکەی لە ڕۆحی خەڵکە پاکەکەیەوە دەردەچوو
شەوەکە وردە وردە سپی هەڵگەڕا
نواڵە خانمی یاد و دروودی ئەفسانەیەکە
بە باش سەیری ژیان و مردن و زیندووبوونەوەی کردووە
لە شەوی دڵڕوونی هەولێریشدا
ئەستێرەی ڕۆژانی لێخۆشبوونی جەژن و شادمانییە
هەر یەکێك ڕووناکیی ئەو ئەستێرەیە لێیبدات
باشە دێتەڕێی

دڵۆپە فرمێسکی شاعیرێکی دڵشکاو و دڵ و دەمڕوون
بە هێمنی لە پرچی بەردەبنەوە
گەرمن
زستان بە شەختە و زوقمیەوە ناتوانێت داگیری بکات
فرمێسك لە سەرچاوەوە بریندارە و دەبیندرێت
دەف بە دەستەکان بە هەوای مەیەوە دەیخۆنەوە
دەبینن لە پێشیانەوە دەڕوا
تەوقە لەگەڵ ئەو خەڵکانە دەکات
کە ئاوی پاکی جۆگەیان لە ڕۆح دەرچوو

## ٦١

## ژیان لە دوو سەدە

شیعر هەی نان و ئاوم تۆ لە خۆڕسکی

بوویت بە برای خوێنی و شیریم و لە دەرگا و پەنجەرەوە هاتیت

دەستی بڕواهێنانت لە خوێن و شیرمدا ڕواند

ئێسکی دەستمت بۆ ناو دەستی خۆت گواستەوە

دەستی خدری زیندە ئێسکی تێدا نییە

شاعیرە پاشخاپەرۆك و ماکپیس و دووپشکە خوودار و دەمامك ڕەنگاوڕەنگ و لە ئیرەییدا هەڵبزڕکاو

چزووی شپرزەییان بەکارهێنا و ڕقی ئێسك تواندنەوەیان هەڵڕشت

ئاشق بە کوڵ و دڵ لە شەڕی ڕەوای خۆ لەگەڵ خۆدا

ڕەنگی مەشقی دیاریدەکات

دڵی بە پەڕ و باڵی من

گۆرانیبێژێکی لە دوو سەدە ڕسکاو و ژیاوە

دەفڕێت بەسەر ڕووباری ڕەوان و دەشتی لاوانەوە کە لەدڵمان وردبووەتەوە

دەنگخۆشی و ناوکی سێوە لە بیرەوەریی زەوی

ئەی ئەستێ و بەردم شیعر

من ئەلف و بێی بوون و نەبوونم

خوداوەند دێڕەکانم لە ناوچەوانی بەرد هەڵدەکۆڵێت

هەڵمی شێلانی قوڕی ئادەم دەست و پەنجەمی

گەرم کردووە و ڕۆحی بوون و نەبوون لە ناخمدا دەسووتێت

شاعیرە پاشخاپەرۆك و ماکپیس و دووپشکە خوودار و دەمامك ڕەنگاوڕەنگ و لە ئیرەییدا هەڵبزڕکاو

پێیان لە خۆڵەمێشی سووتانم سڕدەبێ و مێروولە دەکات

لە ئاوێنەیەکی ڕەشدا دەمێننەوە

دەبنە قەوزەی ناوچەوانی جانەوەرێکی نەگریس
پەیامێکم بەرپاکرد
وێردی جیابوونەوە و یەکگرتنەوە لەگەڵ
لە دڵی خۆم و پەرجووی ڕێنیشاندان
ئاهی مەستی تەنیاییمی لەسەر کۆبووەتەوە
خودا شیعری لە بری هەموو شتێك پێبەخشیم
سوپاس بۆ بەشە دڵباشەکەی خۆم
سەرم هەڵبڕی و ناوچەوانم کردەوە
لە شکۆیەوە جامم قەت قەت بەتاڵ نابێت
ئەی شکۆی دڵی ڕوونی سەد و بیست و چوار هەزار پێغەمبەر
خودی خۆم بینی نیوە ڕێگا
ئێوەم بینی شکۆی شیعربوون و گرناگەتان نەدەگرت
شاعیرە پاشخاپەرۆك و ماکپیس و دووپشکە خوودار و دەمامك ڕەنگاوڕەنگ و لە ئیرەییدا هەڵبزڕکاویش لنگ بە گوو
دوو پەنجە لەسەر دوو کونە کەپووم دادەنێم
بۆ ئەوەی بۆن لەخۆم لادەم

# ٦٢

## داگیرسانی جێگاپێی شیعر

شەش شەو و شەش ڕۆژی تەواوە
هاڵاوی نەنوستن
لێیداوم و چزووی گەیشتووەتە مۆخم
سەرم بێژینگی پڕ گەنمە
لەیلە خولیا گەرمەکەم شیعر دەیبێژێت
شکام بەرانبەر بۆنخۆشی باڵی باڵندە
باڵندەی نامەهێن نیگەرانیی دەوروبەری ڕەواندەوە
باڵی لە ڕوومەتی بێهاوتای خۆری بەهرە و سرووشدا

| | |
|---|---|
| نەرم | نەرم |
| ئاواز | ئاواز |
| ئاشنا | ئاشنا |
| خانەخوێ | خانەخوێ |

باڵی شۆڕ کردەوە سەر پەیکەری پیری تەنیا و بێدار
فانۆس بە باڵییەوە بوو
سۆراغی منی لە گیا و ئاوی نەمری کرد
بە ئاسانی هاتە ماڵەوە
خانەی کتێبخانەکەمی ڕێکخست
خوێدانی نمەك و تاجی ئەمەکی بۆ دانام و ڕۆیشت
گوێم لە کەوتنی دوو دڵۆپ فرمێسکی یەك لە دوای یەك بوو
گازێکم لە نەرمایی دڵی شیعر گرت
بە تین و ئارەزوویەکی زۆرەوە

بە دوای باڵندەی نامەهێن سەری پڕ مەیلم بادا
ئەسپێك ڕووبەڕووم بووەوە و خانەدانی نواند
لەناو دارستانێکی بە لك و بەر و هێزی بێگەرد جێت ناهێڵم
لە ڕۆژی حەوتەمدا لە باخچەی مێینەدا نوستم
ژیانم لەناو خۆری چێشتەنگاودا
بوو بە شیعر و پەیم بە نەخشی
سەر دەرگای مۆزەخانەکان برد
ڕوانیم لە قۆزاخەی بە دڵوداو چندراو سادەتر بووەوە
تەماشای پرچی میدۆزام کرد
بووم بە پەڕ و باڵ
کێڵگەی جریوە و شەکرم بە پەڕ و باڵی خۆم پاراست
لاولاوی خاوەن دەربار
ویستیان لە باڵا و چاوی ئاگر بئاڵێین
یەك یەك کەوتن
ماریش چێژ لە کراس فڕێدان و بەتاڵکردنی ژەهر و بەدی دەبینێت
من لە مەشخەڵی ئاگری

| | |
|---|---|
| ئاهـ | و |
| خولیا | و |
| پەرجوو | و |
| زایەڵە | |

دروست بووم و جامم پڕبوو
ڕابردووم کردەوە بە ژیان
جێگاپێی پێغەمبەرەکانم داگیرساند
هەستدەکەم دەزانم ئەو ڕووناکییە هی کێیە

بۆت هەیە لە هەر شوێنێك سەیری بکەیت

بە هی خۆتی بزانی

بیرت لای ئەوەبێ

لە هێمنی ژیانی منەوە هاتووە

## ٦٣

# گۆرانییەک لە سرووشەوە ڕسکا

بەهرە و سرووش و یەکەم تەزوو
بە هاوکاریی ئێوەوە لە سەرزەمین ماومەتەوە
من و شیعر
بەهرە و سرووش و یەکەم تەزووی

ئەفسوون و
ئەفسانە و
غەزەل و
ئەزەل ین

دەست و دڵی دەریا و ئاسمان
دەکەینە یەك و گۆزەی مەیی ئەشق لەبەر تینی گەرما
دەگوازینەوە بەر سێبەری ئەو درەختەی لە چڵەپۆپەی هاوار دەکات
کاتێك ڕەشنووسی شیعرێك
دەدڕێنم و بە دیاریەوە سۆزێك دەکەم
سۆزی بۆنی خۆشی مەیی ئەشق
دڵم دەلەرزێ و زمانم دەگەزم
ویستمە دوور لە دەروون خراپان
لە بەهرە و سرووش و یەکەم تەزووی شیعردا
سەر بنێم بە ڕوومەتی گەرمی ژیان و مردن و زیندووبوونەوە
دەست و دڵم پڕن لە

شانەی هەنگوین و
هەوری پڕ باران و
خەڵوەتی پێشهات و
خوداوەندیی

یاران چوومەتە ناو گفتوگۆی بێدەنگییەوە
دەریا و ئاسمان لە دڵنیابوونی ئەو گفتوگۆیەدا
خۆشەویستییان بە بیردێتەوە و بیردەهێننەوە
پێزانین و دەست لە سەر سینگ و دڵ
بۆ باڵندەی خۆشبێژی شیعر
دەزانێت بۆچی بەرز دەبێتەوە
بۆچیش دەنیشێتەوە
لێوی گەش و سووری گۆزەی مەیی ئەشق
شەرمنترین لك و باڵە
بۆ ئەوەی بچیتە ناو مێژوو
جێگا باڵت لە ناوچەوانی جێبمێنێت
هیچ شتێك لە لك و باڵ باشتر نییە
دەستی لەسەر دابنێ
هەست بە گەورەبوونی ئاسمان دەکەیت
ئاوازەکانی بۆ دڵ گەرمایین
ویستم باڵندەیەك ڕاوبکەم
باڵەکانی بۆ بەرزبوونەوە بڵند کردبووەوە
ئەی هاوخوێنەکەم بە ئاسمانەوەبوون
لەسەر باڵەکانت هەتاو هەیە
لە ژێریشی

| | |
|---|---|
| ئەفسوون | و |
| ئەفسانە | و |
| غەزەل | و |
| ئەزەل | |

ئەم لایەی بەهەشت هی منە

لای شیعر و بەهرە و سرووش و یەکەم تەزوو

لە بەهەشتدا قوولترین تاسەم پاراو دەبێت

بیری سەر ئەو زەمینە ناکەم

شاعیرە پاشخاپەرۆك و ماکپیس و دووپشکە خوودار و دەمامك ڕەنگاوڕەنگ و لە ئیرەییدا هەلبزڕکاو

نەیانهێشت

تاوێك لەسەری پشووێك بدەم و بچمە ناو گۆرانیی هۆگریمەوە

دەست لە خەمی چەند ساڵە هەلگرم

دڵشکاویشبم دڵم لە بری خوێن

| | |
|---|---|
| بەهرە | و |
| سرووش | و |
| شیعر | ی لێدەتکێ |

شیعر ئەو بەها ڕسکاوەیە لە باڵی بازی کێوانەوە

بەسەر گۆنا و لێوی

بەهرە و سرووش و یەکەم تەزوو بڵاوبووەتەوە

بە دیداری بەرەبەیان و نیوەڕۆ و ئێوارە و شەوگاریش گەیشتووە

تامەزرۆتین

لە قوڕی ئادەم و گۆشەی پەرستگا و جامی نهێنییەوە تامەزرۆتین

بازی کێوان زوو زانی

لە سەرەتادا وشە و بەهرە و سرووش و شیعر هەبوو

لە حەوشە و بانی وشەدا دڵڕوون نوست

دڵڕوونیش تێرخەو بوو

ڕژایە ناو باخی دێرینی ژیان و مردن و زیندووبوونەوە

شاعیرە پاشخاپەرۆك و ماکپیس و دووپشکە خوودار و دەمامك ڕەنگاوڕەنگ و لە ئیرەییدا هەلبزڕکاویش

لە منداڵدانی تەپوتۆز و گیرخواردن و جەنگی

خێڵ و خێڵ و خوێنداریدا لەدایکبوونە

منیش لە ڕۆنی ڕووەك و گەنجینەی

| | |
|---|---|
| ئەفسوون | و |
| ئەفسانە | و |
| غەزەل | و |
| ئەزەل | |

شەرم لە مێژووی لەسەرەتادا وشە و بەهرە و سرووش و یەکەم تەزوو دەکەم

ئای زەمینی دەست و دڵڕوون

نامەردی زۆر و ناقۆڵات لەسەر دەژین و ددانیان لە قوونیان هاتووە

زمانیشیان وەك کلکی چەقەڵی پێ سووتاو لە ددانیان دەرهاتووە

بەشە دڵباشەکەی خۆم شیعر

ماندووت کردووم و ماندووبوون تا لێواری مردنی بردووم

لێواری شکۆ و ئاوێنە ڕوونبوون

بەو هیوایەم من بکوژیت و تۆش

گۆزەی مەیی ئەشق لەبەر تینی گەرما بگوازیتەوە بەر سێبەری ئەو درەختەی لە چڵەپۆپەی هاوار دەکات

سکاڵایەك بۆ تۆ ئەی شیعر

ئای چیت بەسەر ژیانمدا هێنا

## ٦٤

# دابەشکردنی شتێک لە خۆت

| | |
|---|---|
| مەستی پەیوەندیی منە لەگەڵ | بوون |
| مەستی پەیوەندیی منە لەگەڵ | نەبوون |
| مەستی پەیوەندیی منە لەگەڵ | ژیان |
| مەستی پەیوەندیی منە لەگەڵ | مردن |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بوون | بوون | ژیان | مردن |
| نەبوون | نەبوون | مردن | بوون |
| ژیان | ژیان | بوون | نەبوون |
| مردن | مردن | نەبوون | ژیان |

چەند بەو پەیوەندییە نەرمونیانانە دڵخۆشم

هەموو چێشتەنگاوان دەستم لە ئاوی پیرۆزت

تەڕ دەکەم و لە ناوچەوانمی دەدەم

دەچم لەسەر پەیژەی دارین ڕووبەڕووت دڵ دەگێڕم

لە مەستیدا منداڵ دەبمەوە

دایکم لەناو تەشتێك ئاوی شیرتێن سەرم دەشوا

دەستدەکەم بە گریان

لە گریاندا گۆرانییان لەمن

گوێ لێبوو

| | |
|---|---|
| قەڵا | قەڵا |
| قولله | قولله |
| ناخ | ناخ |
| ئەدگار | ئەدگار |

ئاوازم بە گۆرانی بەخشی

گوڵاویش بە گوێگر

گۆرانی گوتن ناسینی ئاوازە

دڵ و گیان بۆ مەیدانی ئاسوودەیی بانگدەکات

خونچە بۆ شکۆی بۆن

| | |
|---|---|
| دەست | و |
| چاو | و |
| دەم | و |
| گوێ | ی دەکاتەوە |

خۆی نیشان دەدات دەژی و شتێك

لە خۆی دابەشدەکات

درەخت نیوەی لە زەوییە و نیوەی لە ئاسمان

خۆشی نازانێت پێویستی بە کامیان زیاترە

بەردەوامبوونی ژیان لەمەیە

بەردەوامی چەند دڵنەواییی شەونم و هەتاو دەکات

ژیان لە مەیدانی ئاسوودەیی شایی چەند گەرمە

قاز و قورینگەکان زوو فڕین

چیای نەبەردییان بۆ نیشتنەوە بۆ نادۆزرێتەوە

نهێنیی شەرحی دنیا لەمەیە

نهێنی چەند دڵنەواییی شەونم و هەتاو دەکات

شەرحی دنیا لە مەیدانی ئاسوودەیی شینی چەند گەرمە

ئەوە بەسە گوێ لە دەنگی دڵی خۆت بگری

بچیتە ڕاوی ئاو و ئاوێنەی حەوتبەندی ئاسمان

خەڵاتی خوداوەندانە بگەڕێیتەوە لای خودا

کەموکورتییەکانی ژیان تەواو بکەیت

ئادەم تەمەنی کورتبوو

نۆ سەد و سی و نۆ ساڵ

مانگ و هەتاو شەش شەو و شەش ڕۆژ شینیان بۆ جوانەمەرگ گێڕا

٦٥

## بەهەشتی پاراو کێ لەماڵە

ویستمە ڕوومەتم لەسەر شانەی هەنارێك دانێم

مردنێکی سپی بمرم و نابیناکان سۆمایان بۆ بگەڕێتەوە

مردنی سپی دوا قۆناغی گەیشتنی مێروولەی بارگرانە

خۆ من بەڕێوەم و چوارلام ئاوێنەیە

مانگ بە لێوی بەباریەوە

دادەبەزێتە ناو ئاوێنە و پۆپیتەی کەڵەباب و بەهەشتی نەمریی

بە چوار لادا سەما و پاسەوانی دەکات

هێماکانی هاتوچۆی چوارڕیانی شاریش تەپڵی وەفا لێدەدەن

کە زەنگی **16**ی **3** لێدەدا

هەموومان لە

| | |
|---|---|
| ماڵ | و |
| کۆڵان | و |
| شەقام | و |
| ناوەندی شار | دا دەوەستین |

چاوی ئاسمان لە چاوی کەسمان ناچێت

خەمێك لە چاوی یەکتردا دەگوازینەوە و بڵاودەبینەوە

کۆترێکی تاسەدار لەسەر میلی **11** و **35** خولەك ملی درێژکردووەتەوە

چاوی لە چاوی هەموومان دەچێت و لە هیچ شتێکیش پەشیمان نەبووەتەوە

ماسییەك لە قووڵاییدا ڕادەچەنێت و چاوی لەسەر وشکایی و ئاودا

ئەملا و ئەولا دەکات

قاز و قورینگی کێویش لە بەرزاییەکانەوە

بۆ یاری باڵ لە ئاودان دادەبەزن
ئەوپەڕی هەست و ختووکەی شکۆ بەسەر ڕووی ئاوەوەیە
مێروولەی ژێر زەویش سەردەکەوێتەوە و دەڵێت
بای دڵبەر مەترسیدارە

٦٦

## ئاوازی جیگۆڕکێ

گوڵ بیر لەوە ناکاتەوە کێ تەماشای دەکات
نەشمانزانی لە کوێوە بچینە ناو دڵبەخۆوەبووی گوڵ
ئاسمان سەرۆك خێزانی زەوییە
دەست بە سەر و پرچی دادەهێنێ
مانگ تەماشای ئاوی مەند دەکات
لە مەندیشدا تەماشای خۆی
لە خۆویستییاندا یەکتری وندەکەن
هەردووکیان زیانیان پێدەگات
گەنم دوور بکەوێتەوە و لە خاڵێکدا نقوومبێت
گوڵ جێگای دەگرێتەوە
گوڵ دوور بکەوێتەوە و لە بازنەی ئاوێکدا نقوومبێت
گەنم جێگای دەگرێتەوە
لە وەختی جێگۆڕکێی گەنم و گوڵدا
ئاوازێکی تایبەتیی سەمازان هەیە
گوڵ دەلاوێنێتەوە و گوڵاو دەڕسکێنێت
گەنم سەما و سڵاو و تەمەندرێژی دەبەخشێت بە گوڵ
گوڵیش هەمان بەخشین
لاڕەشە دەمی خستووەتە سەمایان
گوڵاویش بەسەر هەردووکیاندا دەپژێت
چاوی ئەویندارە و جێگۆڕکێ ناکات
ئەگەر ئەویندار بە بەردەم ئاگردا تێپەڕی

شادەماری چاوی پساند

چی ڕوودەدات

ناڵەی سەرچاوە بە جۆشە

یاران سەیر نییە

مانگ باسکی لەژێر سەرمان بکێشێتەوە

ناوچەوانی تێکنێت و بە دڵنەرمی لەگەڵمان نەژی

جێگۆڕکێ و جێگرتنەوە

زۆر کەسی تێدا ونبوو

نەدیترانەوەش

تەنیا چاویان قسەمان لەگەڵ دەکەن و خۆیانمان پێدەسپێرن

ئاوازی تایبەتی سەمازان

گەنم لە تەنیشت جۆلانەدا نوست

سەری پڕن لە کۆتر

گوڵیش لە بەرزایی لك

پاشان گیانی بە گیانی چوونە دیداری یاران

مانگ کوشتەی ئەوەیە

ئەو ئاوە ببینێ کە بەژێر پرددا ڕەتدەبێت

پاش ئەوەی دڵۆپە باران لە سەر و پرچم وشك دەبنەوە

لادەدەمە شاری کتێبان

هەموو بزربووەکان دەدۆزمەوە

دڵنیا دەبینەوە لە دڵنەرمیی مانگ

دێینەوە سێبەری گەنم و گوڵ

تەواوی شتەکانمان بەبیردێنێتەوە

لە ناویاندا سادە دەبینەوە

سادەیی سروشت ئەزموونی یەکەمە

# ٦٧

## خۆ بە دیواروەکردن

لەسەر دیواری منداڵیم
وێنەی دەست و دڵ و ئاگرێك
کە ناوکی دەربەندی گۆمیان لە دووکەڵدا پێچایەوە
هەڵیاندایە سەر پشتی کۆچی نیوەمردن
لەسەر دیواری هەرزەییم
وێنەی تیروکەوانێکی دارین
لەسەر دیواری گەنجیم
وێنەی تیشکێك حیکمەتی هەڵڕشتبووە سەر زەوی
لەسەر دیواری جوامێریم
وێنەی جێگاپێی ڕووناکی یاران
لەسەر دیواری پیریم
وێنەی بەرگی دیوانم
لەسەر دیواری کەنەفتیم
وێنەی بە کۆی منداڵەکانم
خەندەیەك گەشی کردوون
دوای کەنەفتیم و بەهەشتی شیرڕەنگ
وێنەی من بە دیواریماڵی منداڵەکانمەوە
ئەرێ خۆر لە حەوشە و بانی نەمری و خانەی خودادا
لە شەرحی دنیا هاتووەتەوە و پشووی پێویستە
کێکی جەژنی لەدایکبوون مۆمی ڕەنگاوڕەنگی لەناو دەسووتێت
دڵت لە خۆت دانەمێنێت

دەبیتە کەسێکی مەشقی خودایی کردوو
هەموو خەڵك دەتبینن بەرەو ئاسمان دەڕۆی
کتێبی پیرۆز وەردەگریت
بەرزاییەکانی ئاسمان
لە ڕێوڕەسمی وەرگرتنی کتێبدا یەکدەگرنەوە
دەستی یەکگرتنەوەی بەرزاییەکان ئێسکی تێدا نییە

# ٦٨

## نموونەی ناز

دەتویست ئەو نەرمەبایە
چی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرێت
لە لێواری پەنجەرەی تۆی
دابنێ و بیکاتە دیاری و فەرامۆشی دڵ
ئەی خانمی ماڵی ناو کەشتی و حەفت قەڵا
من بۆ تۆ باڵندەی هێوربوونەوەم پەروەردە کرد
نەرم نەرم بۆ لاواندنەوەت
بخوێنێ و خومارشکێنی تەنیایی بێت
شەرم لە ئەشق و نموونەی ناز نەکات
چونکە من ئومێدی ئاشقبوونم هەیە
لە

| | |
|---|---|
| بەهرە | و |
| سرووش | و |
| شیعر | دەپاڕێمەوە |

لە ئەشقدا بەخشندەبم
لە ئاگر زیاتر هیچیتر لە ئامێز نەگرم
ئاگرێك بە بەردەممدا دێت و دەچێت
چونکە من جارێکی تر ئومێدی ئاشقبوونەوەم هەیە
یەکەمین وشەی دوای ئاشقبوونەوە
بە کۆچی یار ڕانەگەیشتم

## ٦٩

# كە مەرگ مانای نامێنێ

گیا بە دەمودووی بای سەرپەڵە و سروەوە
سەما دەکات و ئاهەنگ دەگێڕێت
لەناو بێستان و ڕێگای بە گیادا
پەیڕەوی ڕەوشتی بای سەرپەڵە و سروە دەکەم
وەك ئەوان هەنگاو بە نەرمی دەنێم
بای سەرپەڵە و سروە بەقووڵی گیایان خۆشدەوێت و بۆ ناخی هەڵدەکەن
خۆشەویستی دێڕێکە لە شیعرێك کە بە بوون چوێندراوە
لە شوێنێك کە دڵە
مەرگ دەبێتە میوەیەك و دەستی بۆ دەبەین
ئەشق ڕەنگی دەبێتە ڕەنگی
سەد و بیست و چوار هەزار پێغەمبەر
هێما و ڕاز پڕ دەبن لە شیعر و جاویدانی و لەسەرەتادا وشە هەبوو
لەگەڵ خۆم دەیانهێنمەوە ماڵەوە
دڵبەرە دڵباشەکەی من
شیعر و
جاویدانی و
لە سەرەتادا وشە هەبوو
لەگەڵ خۆتان بمبەنەوە خانەی خودا
هەرچی لە ئەفسوونی هەمیشەی ڕوودەدا با ڕووبدات

## ٧٠

# داڕشتنی چاو

دیکتاتۆر چاوی لە مس و کەلاشووشە داڕێژراوە
چاوی شاعیری

| | |
|---|---|
| چاوهەڵاوگێڕ | و |
| دڵڕەش | و |
| بەدگۆ | و |
| دەروونکلۆر | یش |

لە بەردی لامردە و ڤایرۆس و مەقەس و چاڵی تۆقان
چاوی لەخۆت ڕوونبووەوەش حەز بە خۆشبەختیی بیندراو دەکات
دڵبەرە دڵباشەکەی دەدۆزێتەوە و شتێك وەك
ئەستێرەی کاکێشان دەردەکەوێت
هەنگاو بۆ ناو پەرستگات دەنێت و هەنگاوی پشووپێدەدا
لە چاوی دوژمنەکەت وردبببیتەوە
ئومێدێك دەبینی خۆتی
خۆری سبەینان لە قۆزاخەی ناوچەوانت دەخەملێ
پاشان لە دڵخۆشییەکدا دەپشکوێت
تەنیا هاتین و تەنیاش دەڕۆین
نێوانیان ناسینی داوەکانی سەر ڕێگا و بۆیاخی شووشەی پەنجەرە

## ٧١

## ماوە خواستن بۆ دوا نیگا

مەنزڵگای سەرەتا و کۆتاییم
ئەی یەکەم نیگا و سروشتی ژیان
ئایە ماوەی دوا نیگا ماوە
بە تەك گەڵایەکدا تێبپەڕم
شەونمێکی لەسەر مابێتەوە
بەسەریدا بنوشتێمەوە و ماچی بکەم
ئەو بە پشت و پەنا و من بە خوێن و گۆشتی خۆمی بزانم
ماوەم نەبوو تەواوی چیرۆکی
جێگۆڕکێی گۆزە شکاوەکان و نائومێدی باپیران بخوێنمەوە
لە ترسان لەرزیم و ئەو پرسیارەم کرد
هیچ نییە کاتێك بە کوڵ و دڵ دەگریم
فرمێسکی منیش لەسەر گەڵایەکدا دەمێنێتەوە
گریانەکەی خۆم دەخۆمەوە
دیسان دەلەرزم و پرسیارێکی تاساو
هەڵدەدەمە ناو کتێبی نیوەکراوەی جێگۆڕکێی گۆزە شکاوەکان و نائومێدی
دەگەڕێمەوە لای مەنزڵگای سەرەتا و کۆتاییم
ئەمیش هەمان قسەم بۆ دەکاتەوە
کتێبی نیوەکراوەی جێگۆڕکێی گۆزە شکاوەکان و نائومێدی
لە شانێکەوە خۆی دەگوازێتەوە شانێکی تر
کەس ماوەی نابێت بە تەواوی بیخوێنێتەوە
ئەم ئاشەش هەر دەگەڕێ و دەگەڕێ
ڕەشەباش داری ئەستوور پشتەوشکێن دەکات

## ٧٢

# چاوتەنگیی دڕک

لەبەر چاوتەنگیی دڕکە
گوڵی خۆبەخت ئاوا بە دڵبەرزی
خۆی لەبەر خۆری دەست و دڵکراوەیی بەهار هەڵخستووە
تیترواسک کاتێك هەواڵی مەترسییەك دەهێنێ
بە شێوەیەك لە ئاسمان لەنگەر دەگرێت
سێبەرەکەی بکەوێتە سەر گوڵی خۆبەخت
چاوکراوەیی گوڵی خۆبەخت
قەرزاری چاوتەنگیی دڕکە
وەختێك گوڵی خۆبەخت دەڵێ ئاخ دەتوانم لەگەڵیدا بڵێم
پێم سەیرە
ڕووەکێك لە زەوییەوە ڕەگی گەرم بووبێت و باڵا بەرز بکاتەوە
دڕك بدات
چاوکراوەیی شووشەی ئیرەیی دەشکێنێت
خانمی تەلاری خۆر و حەفت قەڵاش
هێلکەی پیس لە دیوار دەدا
بە نیازی چوونە دیداری دڕك
پشتێنی ڕێگام لە پشت بەست و کەوتمە دڵگێڕان
چاوی داخست و ڕووی شەرمەزاری داپۆشی
دڕك چیت هەیە بە گوڵی خۆبەختی بڵێ
ڕەنگە نەزانێت سێبەری ماتی تیترواسك
لەناو پەلکی گوڵی خۆبەختدا دەبێتە
پەلکەزێڕینە و دێت لە ژوورەکانماندا لەگەڵمان دادەنیشێت

گوڵی خۆبەخت بۆ ئەوەیە

هەموو کەسێك بخاتە بیرکردنەوەی

| |
|---|
| زایەڵەی دڵدانەوە |
| ماتی زەردەپەڕ |
| چرای ئەفسووناوی بادە |
| جەژنی ڕازانەوەی زەمین |

زەمین لەوپەڕی ئارامیی و دڵخۆشیدا دەفەرموویێت

باڵتان لێکدەن و وەرنەوە

باڵتان

ئا ئا باڵتان

دڵم ماڵی گەرمی مەلی باڵسووکی ئاگادارکەرەوەیە

ئەریێ کێ ڕۆژێك لەو ڕۆژانەی خەڵاتی خودا چاوی تێبرِیوە

تەماشای قووڵایی پەنجەکانی مەلی باڵسووکی ئاگادارکەرەوەی کردووە

کاتێك بەسەر ماڵی گەرمی خۆیدا دەنیشێتەوە

٧٣

## دواتاریکی

خودای سەد و یەك ناو
ئەو درەختانەی شەڕیان لەگەڵ بەر تەواوکردووە
نیگای هەمووانی لەسەرە
ئەو ئاوانەش کە مردوویان شووشتووە
لە وەڵامدانەوەی سڵاوی جوامێر و جوانەمەرگان
بەهرەیان وەرگرتووە و هەتاو و سرووشیان ڕژاوە
چەند لکە دارێکی لە ڕەگ و پژوپۆوە
باش ناسراو و لەگەڵ خەیاڵی خۆیان بەئاشتی ژیاو
لەسەر گۆڕێکی کراسی ئاسمان لەبەر کردووە داندراون
ڕێبوارێکی دڵپڕی گڵۆڵە لەدەست بەربووش
دوو نانی لەسەر کێلەکان هەڵخستووە
لەسەر چۆکان بەدیارییەوە دانیشتم
تەماشای سەرزەمینی بەختەوەریم کرد
هەردوو دەست و هەردوو چاوم

| |
|---|
| بەتاڵ |
| بەتاڵ |
| بەتاڵ |
| بەتاڵ |

دوای ناشتنی ئەستێرە لەناو تەم بە دەنگی تەواو تاساو و بە کوڵ و دڵ
داوامکرد لێمگەڕێن خانوو و بانی ئەم کراسی ئاسمان لەبەر کردووە
چەند بە جۆلانەی هەژاوە
لەناکاو دەنگی کەوتنێکی ترسناك

ئەم دەوروبەرەی ڕاچەناند و بەردی بن گۆمی دەرهێنا
ئەم دەست و ئەو دەستی ڕێگاوبانی ئەو دنیا
چەند بە دار و بار و میوەیە
ئەرێ لە بەهەشت گۆڕستان هەیە
یان وەرزەکان کامیان دەزگیرانی
کامەیانە و کامیان
فەرمانڕەوایە و توانای پێشبینی لە خۆیدا پاشەکەوت کردووە
کێلنووس بۆنوبەرامەی ڕێگاوبانی وەرزەکان
دەناسێت و پێی لەناو تەشتێك ئاوی شلەتێن دێنێ و دەبات
بەرانبەر مانگی هەڵاتوو یان دواتاریکی
دەمی پڕ هاواری کردووەتەوە
ڕستەی لە ساماڵ و خوانی بێدەنگ ڕاماوم بۆ کام ناو بەکاربهێنم
**8/12/2012** عەباس سابیر حەسەن
گەرمایی دەستی لەناو دەستم ساردبووەوە
هەتاو تێکەڵ بەئاو بوو
دروود بۆ تێکەڵبوونەوە و ڕۆح چاندنەوە
خوێن و گۆشتیش بە خۆڵ
لەو ڕووداوەوە زانیم خەم سەری تێکردووم
بۆم نییە لەمەوبەدوا بیر لە شەیە دارینەکەی دایکم بکەمەوە
پرچم تەرِبکات و بمنێرێتە بەرکار و بەرخ و ڕادوێم بە ملەوە بکات
یان بە دەنگی بەرز کۆترەکانی حەوشە
هەڵفڕێنم و بە ئەستێرەی باڵداریان بزانم
یانیش جووچکەکانی بۆ کۆبکەمەوە و لە کۆلارەیان بپارێزم
مریشکەکانیشی بۆ هەڵدەمە سەرلکی دارتووەکەی حەوشەمان
بابۆڵەیەك بە خورما و هێلکەی کولاو لەگەڵ خۆت ببە

سێبەرت لەسەر گۆڕی باوك و دایكمان ڕاگرە
گرانایی سەر سینگیان بكە هەویری كولیچەی جەژن
لەم گۆڕستانەدا هەموو شتێك هێلانەی باڵندەی نۆبەرەن
گوێیان بۆ ئەوپەڕی هانا سووك كردووە

| |
|---|
| بریسكانەوە بۆ ئەستێرە ڕژاوەكان دەگەڕێتەوە |
| قوڵپەقوڵپ بۆ كانیی گەنجبوونەوە دەگەڕێتەوە |
| ڕووناكی بۆ هەردوو دیوی چیا دەگەڕێتەوە |
| ئاوازی نەرم بۆ دەنگی خودایی دەگەڕێتەوە |

كراسی ئاسمان لەبەركردوو لە گۆڕێك
گۆڕێكی چاو هەزار نیگا لەناو جێماو دێتەدەرێ
لە ئەوسەری ژیانەوە بۆ ئەمسەری ژیان
بۆ دوو بازی هەڵفڕێندراو دەڕوانێت
فڕیون بۆ ئەوەی پشووبدەن
ئاسمانی بەپێروو لە چاوی كراسی ئاسمان لەبەركردوودا
لە خوانی بەتاڵ بچووكترە
لە خوانی پڕیش گەورەترە و لە ژێر پێڵوویدا شاری گڵۆپمان نیشاندەدا
داوای كەشتیی نووحی كرد
درەنگ گەیشت
مردن لەپێناو گەیشتندا هیچ كاتێك زوونییە
لە شوێنێكی چاوەڕوانكراودا
ئێستا باڵندەیەك دەنووك لە ئاو نزیك دەخاتەوە
ئاوی سەرەمەرگ بدا بە برایەكەی
ئەمە هەموو شتێكە
هەموو شتێك

ئا ئا هەموو شتێك

هەموو شتێك لە شوێنی چاوەڕوانکراودا دەردەکەوێت

دەرکەوتن و تاڵیی ژیان ئاشنای سرووش وەرگرتنی کردین

سرووش سەرەتای ژیانە و شەرابێکە بەڵێندەر و بەڵێن پێدراو

قوڕگم لەتاو بازی ناو تۆڕ و زاخاوی خەنجەر گیرا

دڵیشم لەناو دەرکەوتن و تاڵیی ژیاندا پێستی تەنك دەبووەوە

دڵبینابووم دڵبینا

ڕۆشنایی دیدار لە دڵبینادا گرشەگرشدەکات

ئێمە ئەو تەرمە کراسی ئاسمان لەبەرکردووە

دەخەینەوە سەر بەروانکەی منداڵی و زینی پاسکیلەکەی

تا کەروێشکە خرپنەکانی لە ئاوخواردنەوە دەگەڕێنەوە

چاوەڕوانی زۆری ناوێ

سەرچاوەی ئاو لە ماڵەکەمانەوە دوور نییە

| | | | |
|---|---|---|---|
| برام | برام | برام | برام |

ئەرێ هاوار بۆچی هەیە

بەهەشت دڵبەرێکە جوانییەکی سادە و گەرم و پڕجووڵەی ڕژاندووە

ئاشق بۆخۆی ڕادەکێشێت

مردن لەپێناو ئەشقدا هیچ کاتێك زوو نییە

ئەرێ ئارەزووی سێبەر کە زەوی دادەپۆشی کێڵگە بۆ وا بەپیتبووە

دنیاش بۆ وا زوو تاریکداهات

ئەو درەختانەی شەڕیان لەگەڵ بەر تەواوکردووە

نیگای هەمووانی لەسەرە

ئەو ئاوانەش کە مردوویان شووشتووە

هیچیان لە هەتاو و سرووش نەپرسیوە

چەند پێشنیازێکیان هەیە و بەهرەیان لە دڵ وەرگرتووە
منیش لەپی هەردوو دەستم بە دەموچاوم دادەهێنم
بۆنوبەرامەی بەهرە تێکەڵی هەوای سییەکانم دەبێت
خودای سەد و یەك ناو
ئەو درەختانەی شەڕیان لەگەڵ بەر تەواوکردووە
نیگای هەمووانی لەسەرە
ئەو ئاوانەش کە مردوویان شووشتووە
لە وەڵامدانەوەی سڵاوی جوامێر و جوانەمەرگان
بەهرەیان وەرگرتووە هەتاو و سرووشیان ڕژاوە

## ٧٤

# چاوی ڕاست و چەپ

به چاوی ڕاستم دەبینم
پەپوولەسلێمانەی هێمن و لاشەڕ
لە
باشووکە و
کوندەبۆ و
کەڕەوڵە و
داڵاش
پەڵەیەکی ڕووناکدا دەنووکی
لە خۆڵی چاومەستدا پشوو پێدەدا
بە چاوی چەپیش دەبینم
کۆمەڵێك منداڵ لە یاریکردن تەواوبوونە
بە ڕووگەرمییەوە بەرەو ماڵ دەگەڕێنەوە
بەسەر ئاگرێکدا دەنووشتێمەوە
خەریکە دەکوژێتەوە
چاوی ڕاست و چاوی چەپ چەشنی دوو پیاڵە مەی دەترووسکێنەوە
جوانیش لە چاوی تەماوی لە دایك نابێت
بەردم لە خۆڵەمێشی دیکتاتۆرێکدا
چۆلەکەیەك ترسا
پەنای بۆ شانی ئەو منداڵانە برد
لە دوای یاری بە ڕووگەرمییەوە بەرەو ماڵ دەگەڕێنەوە

٧٥

## شەڕی ناوەخۆ

ئەسپێك عارەبانەیەك ڕادەكێشێ
دوو تەنیشتی وەك تابلۆی شانازی
بەوێنەی ئەو پەلەوەر و ئاژەڵانە نەخشێندراوە

مامز
کەروێشك
کەو
کەڵەکێوی

لاشەی سەربڕاوی

مامز و
کەروێشك و
کەو و
کەڵەکێوی شی هەڵگرتووە

نەمویرا تێر سەیری شەڕی ناوەخۆی
نەخشی سەر عارەبانەکە بکەم
چووم بۆنی ئەو خاك و ئاوەم کرد

مامز و
کەروێشك و
کەو و
کەڵەکێوی پەلوپۆی خۆیانی لەناو وەردەدەن

ئەوە تابلۆی چ شانازییەکە
دەیەوێت قسەم لەگەڵدا بکات
منیش ناتوانم گوێی لێبگرم و هیچیشی لەبارەوە بڵێم
ئاسمان لە میانەی نەتوانینم
ڕووندەبێتەوە و ئەستێرە دەچنە ناوی

ئێمەش ڕەنگی ڕژاوی قوربانییەکانمان دەناسینەوە

ڕوخساری قوربانییەکانمان

لەژێر ئەستێرەی ڕووندا وەك دەمار لێدەدا

لە ڕێوباندا

| | |
|---|---|
| مامز | و |
| کەروێشك | و |
| کەو | و |
| کەڵەکێوی | بەپێشمان تێدەپەڕن |

دووریش بکەونەوە سێبەرەکانیان دەجووڵێت

دەزانن وەرزەکان

کامەیان فەرمانڕەوایە و کامیان

دەزگیرانی کامیانە و توانای پێشبینی لە خۆیدا پاشەکەوت کردووە

## ٧٦

# حیکمەتی ڕۆشنایی

سەرەتا کە هاتە لام

من بە نیازی خەونبینین چووبوومە سەر تەختی نوستن و گڵۆپی خەوم داگیرساندبوو

هەوا بەجۆرێك خۆشببوو سەرپۆشی نەدەویست

بۆنوبەرامەی کەشی ژوورەکەی گۆڕی

بەخەبەرهاتم و دڵم لەناو قۆزاخەی یاد دەرهێنا

دەستی پڕ کلیلم بۆ گوارەی برد

بۆشایی نێوان دەستم و گوارە

بووە ئاسۆیەکی ئەفسووناوی و لە تەنیشتم دانیشت

ئاسۆ لە تەنیشت هەموو چاوێك

دادەنیشێت و ئەفسوون دەکات

| | |
|---|---|
| وردە | وردە |
| هێدی | هێدی |
| بەناز | بەناز |
| درەوشاوە | درەوشاوە |

بۆشایی بووە جوانی و ئاراستەی ڕووگەنما

جوانی هەموو کات هی من بووە

بەحیکمەتی ڕۆشنایی بەگەرمایی دڵمەوەم نووساندووە

بۆ دواجاریش ئاورێك لەم تۆپەڵە ڕیخۆڵەیەی

ناو زگی مریشك دەدەمەوە

هاوسەرەکەم بۆ پشیلەی فڕێدا

ئەی جوانی دەستی تکا و نزام گەیشتووەتە بەرسینگی ئاسمان

تا هەناوم تێدایە چ دووعایەکت بۆبکەم

چ دووعایەکت لێبکەم

چیم لەم جیهانە داوایە و چیم کردووە و چیم پێدەکرێ و چیم بۆدەکرێ

زوو هاتییە ناوچەوانم و چاوم بە جوانی خودا کەوت

ژیانێکی شادمانم لەگەڵتدا

بردووەتە سەر و لە گەرمایی دڵەوە تکامەوە سەرزەوی

٧٧

## باوک و دایکم

١٩٦٣/٦/١٣ حەرەس قەومی
قۆنداغەی تفەنگیان
لە سینگی سابیر حەسەن سلێمان شکاند
خوێن لە فاتەڕەشەی بەربوو
تلایەوە و بەسەر سەردا گینگڵیدا
تەمەن و ژیانی بووە پرتەقاڵێکی خۆرکە لێدراو
١٩٧١/١١/١٤ خوێنی خاوبووەوە و گەشەی نینۆکەکانی وەستا
خەڵکی جوانی گۆڕستان
دەستی میهرەبانییان درێژکرد و لێیان وەرگرتین
گوتیان لەوپەڕی شانازیدا دەرگای باخچەی مردنی کوتاوە
چاوی بینینی بێدارن و باخچەی مردنیش نایاب و بەسۆزە
خونچە ئیسماعیل عومەر لە ١٩٥٦/١٢/٦دا
بە جلی ڕەشەوە چووە پەردەی بووکێنی و ئاهەنگی خامۆشییەوە

| |
|---|
| جلی ڕەش |
| جلی ڕەش |
| جلی ڕەش |
| جلی ڕەش |
| جلی ڕەش |
| جلی ڕەش |
| جلی ڕەش |
| جلی ڕەش |

۲۰۰۵/۱۲/۱۹ پەری بە ئاوی چاویان

شووشتیان و جلی پرسەیان لەبەر فڕێدا

هەموو سەرپەڵەیەك بە تەنیشتمان تێدەپەڕێت

تك تك ئارەقەی گۆی مەیدان لە ناوچەوانییەوە دەتکێ

دەکەوێتە بەر

| | |
|---|---|
| دەرگا | و |
| ماڵ | و |
| باخچە | و |
| کێڵگە | مان |

باوك و دایك ئەو یادەوەرییانەن بەسەر لێوی بە بارمانەوە

خۆر لە زەردەی ئاوابوونی

لە هەموو کاتێکی میهرەبان و نەرمونیانترە

ئێمە بە

| |
|---|
| ئاگر |
| خۆڵ |
| ئاو |
| با |

یان

| |
|---|
| تەورات |
| ئینجیل |
| قورئان |

دەبەستێتەوە

ئا بەمجۆرە ڕەنگی شێوە مردن نیشتە حەوشە و بان

سێبەری دارتووەکەمانی پێچایەوە

ڕەنگێك چاوی سپی کردن

لە دڵ و چاوی منەوە بەهەشتە ئەم ماڵ و خانەوادەیە

لە بەخشندەییی‌یاندا گوڵەگەنمی شیعر بڵند بووەوە
بە باڵی شەمێییەوە لەسەر گەنجینە ناوەستم
بای نازنەکێشاوی شازادەکانی هەزار و یەکشەوە لێمدەدا
هەموو سەرەجەژن و سەری ساڵان
کراسی باوك و دایکم لە سەرچاوم دادەنێم
بۆنی کراسەکان بەدوای ئۆقرەی مندا دێن و پشوو دەدەن
پشوو تەنیا بۆ ئێوەیە بۆنی کراسەکان
کاتێك بە بەخشندەیی سەیری پەروەردەکراوەکانتان دەکەن
ئای لە بەخشندەیی چاوم
چەند پارچەیەك ڕووناکی مرۆڤی
هەڵدایە ناو تاریکییەوە
پیاو و ژنێك و شەش منداڵ
لە ناو تابلۆی بە ئاگر ڕتووشکراو و یادەکاندان یان لە ڕوخساری کتێبێکدا
تەماشای کلۆ شەکری سەر سینی و جۆشی سەماوەر دەکەن
دەیانەوێت لەسەر کێش و ئاوازی
زمانی ڕوون و ڕەوانی ناو و شوێن بێنە دوان
پەنجەرەکان لە ناکاودا بەڕووی پشتدا کرانەوە

## ٧٨

## پڕبوونەوەی کاسە

دوای چل شەو و چل ڕۆژ باران بارین
کەشتیی نووح لەپێش ماڵی ئێمەدا گیرسایەوە
سەرنشینەکان

| | |
|---|---|
| سەرگەردان | و |
| وەڕس | و |
| مات | و |
| لارەمل | کەوتن |

فەرموون ئاگری دلۆڤانیم بۆ کردوونەتەوە
لە دەوری ئاگر گەرمبوونەوە
هەموو ئەو شتانەم پێشکێشکردن
 کە خوداوەندەکان پێشکێشیدەکەن
دوای ئەوەی دەماریان توندبووەوە
دەستیان بۆ چاویان برد
زانیم شتێکی ئەوتۆیان لە یادەوەری لە بیر نەماوە
لە ماڵی مندا فێری دەمودوو بوونەوە
توانییان دووبارە بیربکەنەوە و ژمارەی
کاتژمێرە هەڵواسراوەکان بخوێننەوە
ژیان ئازاد و پڕ لە ئارەزوو بە پێشماندا
هاتە پیاسە و خۆشڕوویی نواند
تەماشای قووڵیی دەمار و خوێن و گۆشتیمان کرد
بە خێرایی تیرێك

پەڕوباڵ بۆ فریشتە تاقانەکان گەڕایەوە
کاسەی زێڕین پڕ بووەوە و بەرەو سەرەتا بووینەوە
خانمی خامۆشی پرچی لە داوەکانی دووگوردی نوێژ نیانترە
هێلانەی هوماش و لەناو کتێبی حەزدەکەم ئەوەندە بژیم
پڕ هێلکەی نزیکەترووکانە

٧٩

## زەوی دەستی لەسەر شانم دانا و ڕێوڕەسمی پەیامو‌ەرگرتنی پێگوتم

جریوەی درەختەکانی ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگاوبان

فەرموویان لێکردم

| |
|---|
| ئەی سروودی سروودەکان |
| ئەی هیوای هیواکان |
| ئەی پیری پیرەکان |
| ئەی سەرحاڵی سەرحاڵەکان |

تێپەڕە

شکۆی جۆلانەی پڕ منداڵ لە ئاسماندا ببینە

دایکە سروشت دەستی لەسەر شانم دانا

دەزووی گەورەمەندی لە پەنجە ئاڵاندم و هەڵیدام

بێ دڵ لەدڵدان

بە ئاسماندا ڕۆیشتم و گەیشتم بەشکۆی پەیام

هەموومان لە سێبەریدا دەست لە دڵمان دەدەین

بارانێك بە ژێ و دەزووەوە نمە دەکات

سڵاوی بنە گوڵێکی پێیە و لە تەنیشتمان دادەنیشێت

نیگای دەکاتەوە و بەسەر گیانماندا دەمێنێتەوە

بێ ئەوەی بدوێم هەواڵی خرۆشانێکم دەداتێ

باڵندەی بێدەنگی هێلکەکانی ترووکان و کەوانی بڕی

خۆ درەوشانەوەیەکی لەمە مەزنترمان نییە

لە ئومێدی ئەو باڵندەیەدا بژین

هێلکەکانی لە گەرمایی تیشکی خودادا ترووکان

## ٨٠

# بانگەواز بۆ گۆڕهەڵکەن

دەستم لەسەر دوو باڵی فریشتە بوو

بە نان و ئاو و ئاگری خۆمەوە دابەزیمە سەر زەوی

بە

| | | | |
|---|---|---|---|
| زەنگ و | زایەڵە و | دەنگ و | جۆشی |
| یاد | و | | |
| درووود | و | | |
| پەیام | و | | |
| ستایش | ـەوە | | |

هەواڵی جێگۆڕکێی سەباح سابیر حەسەن

١٩٦٥/١١/١٨ - ٢٠٤٥/١١/١٨

لە بستە خاکێکی مرادخواز و ماندووودا

شادییەکانی دەبیستێتەوە

هەشتا ساڵ دەزووو بە دەرزی وەکردنێکە

بە سەر ڕاوەشاندنی پڕ خەمەوە

ببوورە مووچڕکێك چاوی لێڵکردم و سۆزێکی تایبەت گرتمی

مەلێکی کۆچەری لەسەر لکی درەختێك نیشتەوە

خوێنی پێی بەسەر لکەکەوە جێما

چووم تەواوی درەختەکە و خوێنەکەم ماچکرد

وەرە خەونم با ڕووگەنمام

خوێنی پێی باڵندە بێ و لە ئاگر ڕابمێنم

لە ئاگرڕامان ئاشق وەك میوە پێدەگەیەنێ

بستە خاکەماندووەکەش یەکپارچە دەبێتە
مۆسیقا و گۆزەی پڕ
لە ئاکامدا هەر دەگەم بە باڵی باڵندەی بریندار و دڵی خۆم
ئێستا چاوەڕێی فەرمانم بفەرمووی
بۆ تاهەتایە سەرگەردانبە
ئا ئەوەتە من ئامادەم
گۆڕهەڵکەن ئەی تۆ لە کوێی
بەپێ ڕێگایەکی دوور و درێژم بڕیوە
ماڵئاوایی لەوانە دەکەم پێیانگەیشتووم
ئەرێ مێژوو لە کتێبی چەندەمی ئاسمانی
بەشێکم بۆ تەرخاندەکات
ئەو کاتەی مێژوو باسی خودایی دەهێنێتە سەر سەکۆ و ماڵەکانمان
من لەناو حیکمەت و هێزی قسەکانی ئەودا
قووڵ و بێدەنگ و گوێڕایەڵ
هەناسەی ئاسوودەیی هەڵدەمژم و بیر لە خۆمدەکەمەوە
کتێبی ئاسمان وادەیەکی لەگەڵمدا هەبوو
منیش وادەیەك و لە هەستی خۆمەوە ناسیومە
هەتاو بۆم دوا
نابێ هیچ ڕازێك لە تاریکیدا بمێنێتەوە
شوێنەواری هەموو ڕێگاکانیش دەربکەون
تەرمەکەم لەبەر هەیوانێك داندراوە
پوورەی شیعر دەوری گرتووم و ناوی شیعرم لەسەر لێوە
شیعر لە دڵەوە نوێژم لەسەر دەکات
خودای سەد و یەك ناو
حیکمەتی وشەم تێدا بخرۆشێنە و لە شاعیرە

چاوهەڵاوگێڕ و
دڵڕەش و
بەدگۆ و
دەروونکلۆر ــەکان بمپارێزە

من پێوەری هەستەکانی زەویم
بەپێ ڕێگایەکی دوور و درێژم بڕیوە
مێوانداری ئەوانە دەکەم پێیانگەیشتووم
ڕەگی میوەی مەی چەترمە و هەڵمداوە
بەتاو وەرن ئەستێرەی شەوقدار و برای گیانی هەستەکانم
ئاسمانی ڕوون قووڵ و بێدەنگ و گوێڕایەڵ ماوەتەوە
تایبەت دیدارماندەبێت
دەبین بە خاوەنی چاوەکانی
سێبەری شووم لەسەر زەوی لادەچێت
وەك چاوی ئەو و دڵی خۆمان
بەڕێگادا یاری ڕۆیشتن و گەڕانەوە دەکەین
ماسوولکەکانی ڕێگا توند دەبنەوە
کەپری پشوودان لەمبەر و ئەوبەری دەبەسترێ
هەر کاتێك تەماشای ڕێگا بکەین
هەموو شتێکمان بە بیردێتەوە و بەناو کاتێکی خۆشدا ڕێدەکەین
خودای سەد و یەك ناو ڕۆیشتن و گەڕانەوە
لەم ڕێگاوبانە بۆنخۆشەدا تابلێی بێ دڵەڕاوکێیە
فریشتەکانی فریاکەوتن ناهێڵن گورگ نزیك ببنەوە
گۆرانی تێیدا دێتە سەر دەم و لەبیر ناچێتەوە
شاعیری گەڕاوەی شەڕی گورگیش
دوودڵی خامۆش دەبێ و گوێ بۆ گۆرانی هۆگری ڕادەدێرێ

یادەوەرییە بەخشندەکانی و بەهرە و سرووش و شیعر دێنە فریای
ئەی خودای سەد و یەك ناو ڕێبوارێکی ڕۆشنی

| | | |
|---|---|---|
| بەهرە | و | |
| سرووش | و | |
| شیعر | م | |
| ماندووم | ماندووم | ماندوو |

دەستم بگرە بابچمە ماڵی ڕۆشن
ماڵم لە سێبەری باڵی باڵندەیەك دانا
گوتی لەبەر خاتری تۆ بۆ ماوەیەك فڕین دوادەخەم
تا پشوو دەدەیت و تێرخەو دەبیت و خەونێك دەبینیت
خەونی

| |
|---|
| تەورات |
| ئینجیل |
| قورئان |

ئەرێ شادیی بێهوودە خەونەکانم چی لێبکەم

**٢٠١٢ - ٢٠١٣ هەولێر**

# دواکەوتن لە کەشتیی نووح

## پێشوازی ڕژانی خاڵ لەسەر پیتەکان

### ١

ترسی دڵ ناشاردرێتەوە و دەستم لە خۆم بەرزکردەوە
چەقۆ لە جۆگەلەی سوور
لە هەڵم و هاڵاوی گەرمیدا بریسکەی کوژایەوە
برین بەگەرمیی خۆی دەخرۆشێ و سەد چاوی لێدەڕوێ
هەموو شتێك بەدڵخۆشیی تەڕبووی بەرباران
بەرەو ئاکام سەر و زمانی هەڵپەسێردراویان دەکرێتەوە
ئاکامی دۆزینەوەی یەکەم لەخاچدراوی ناو ڕێگاکان
پرسیار لەبارەی ژیان لە ڕێگای چوونە بەهەشت و دۆزەخەوە
پیاڵە بەدوای یەکدا بەتاڵ دەبن

ئاوازیش بەدوای ئاوازدا دێت

هەموومان لە ئاگرودووی بە ئاستەم و ئەسپایی گەشبووەوەی شەوانی زستان دەپرسین

لە کۆچی دواکۆچدا

ڕێگای بەهەشت و دۆزەخ ئاڵۆز دەبن و حەفت ڕێگا دەڕژێنە ناوی

ڕەوانبێژی بەهرەمەند واچاکە تاوی غارت بوەستێنیت و بگەڕێیتەوە

قۆزاخەی گیان وەبەرهاتن و گیاندان و دروود و کۆکردنەوەی بەردەپیرۆزە

ئەوەی بیستووتە دەیبیستییەوە و زایەڵە و زەنگوڵەی بەهێزترە

هەریەکەمان دەچینە سەر کانییەکی بە شنەشن دەست و پەنجەمان لە ئاو پشوو پێدەدەین

ئاو هەموو ڕەنگێکە و هەموو شەوێك ڕوخساری خۆیمان نیشاندەدا

هەر نەشمانزانی کامە ڕەنگە ژیانی لەناو جێبهێڵین

دەمەوێ کڕنووش ببەم و ئەژنۆم ناگاتە زەوی

شارە دێرینەکانی سەر ڕێت

لەبن باڵی چۆلەکەیەکی خەواڵوودا پێچراونەتەوە

گەشتیان لەناو هێلکە شەیتانۆکەدا

ملی بێزاری دەسووڕێنێت و بەفریان ئاوی کەوتووەتە بنی

گیان لە دەست هێلکە شەیتانۆکەدا ڕزگاری نابێت

ڕەگی دڵی یارانی ناوچەوان ئاڵوواڵا و تیشکی خۆشحاڵ و خرۆشاو

ئەم زەوی و پەنجەرە و بان و خانووە پیرۆزکە

وا بکە خەونی تۆم بێتەدی و مانگی فرۆشراو بکڕمەوە

بیریش لەو شتانە بکەرەوە

لەبارەیانەوە نەدواوی

ئەستێرەیەك وا دەڕژێ و بە دەست و دیارییەوە پێشوازیدەکەم

قورئانی دووەم بۆ من دادەبەزێ و فوو لە هەموو کونی شمشاڵم جەزبە گرتوویەتی

گیانی بەرەو پیرەوە غاردان بەهێزە و سووك دێ و دەچێت

هەموو شتێك دەزانێ و هەموو شتێکیش دەناسێت

خوێنی ئاخۆ چ خۆشی و لاوانەوەیەکە
لە دەمار و گۆشتی ڕەوانبێژێکی بەهرەمەنددا
بووەتە ڕووداوی ساڵ و سەدە و ئەزەل
دەموچاوی زەوی کردووە بە ڕووتەختی پارێزراو
تا ئاسمان بە شکۆی ئەو پیرۆوو و حەوتەوانە و کاکێشانەی بۆ ئێمە هەڵاتوون
ئەمەکی بیرەوەری و نمەکی دارەدارەی منداڵی سەر سینگی لەسەر بخوێنێتەوە
ڕەوانبێژی بەهرەمەند چووەتە بۆنی دڵپڕیی
بریقەی ئەڵماس و کاتژمێرەکانی تاریکی سەیر و سەمەرەی ژیانەوە
ئەو شەوەی ئەستێرەی سەربانی ئێمە دایەکزی
من خۆم ڕاگرت تا بۆنی دڵپڕیت لە سییەکانی شمشاڵدا تەواو پێگەیی و ڕسکا
بێهوودە نەبوو خرۆشانم
مانگ بە دوای خۆی بانگیکردم و شانیم ماچکرد
لە هێلانە و هەوارم مایەوە

## ٢

ئەم ڕێیە مردووە و بەتاڵییەکی سارد سەر و زمانی گرتووم
کفنی ڕەوانبێژە بەهرەمەندەکە تەڕ بووە
دەیهێنمە بەر سۆبە و هەڵیدەخەم پرچی خووساوی خۆم و کەسکی نەزر و نیازیش وشك دەکەمەوە
وڵاتم چووەتە کەژاوەی جەژن و جەنگی ئایینەوە
زێرابی پەنگخواردووی ناخی دەروونزۆڵ تەقی
ئەم دەست و ئەو دەستی پیسکرد
ئەم دەست و ئەو دەست
داری پڕ کۆتری لێیە و دڵتەنگن
داری پڕ کۆتر دڵی لەناو دەڕوێ و خورپەی لەسەر دەگیرسێتەوە

جاڵجاڵۆکە بە گەردەنی دەروونزۆڵەوە تەونی چاووڕاوی چنیوە
چاودێری بەرزی و نزمیی کۆتایی ڕۆژەکان دەکەم
ڕێ دەهێنمەوە ماڵی مەحاڵی هەزار ڕەنگ
بیرم لە کۆشك و تاجی ناو فنجانی قاوەگرەوە و زەردایی دەنووکی پەڕەسێلکە ڕووندەکەمەوە
لێوی ئاسمانیم بە گزینگی یەزدانی دەکرێتەوە
ڕازی دێوڕەوشت دەشکێت
وڵاتی کەژاوەی جەژن و جەنگی ئایین
گەلێك باریکە هێڵ لە ڕوخساری خۆی دەبینێت
ڕێبواران هێزی خۆیانی تێدا بەدەست دەهێننەوە

## ٣

ئەسپێکی تۆڕ لە دەشتێکی بێبەڵادا
داوای هاوڕێیەتی کەروێشکە خاتوون و تاژیی خۆشڕست دەکات
حەزیشی لەو ژنە کەزی گەرمە کردووە
سەرپشت و گوڵینگەکانی نەخشاندووە
لە دەنگی فڕۆکەش دەترسێت
لە بێدەنگیی کۆڕی ماتەمینیشدا ئەستێرە نیشتووەکانی سەردەستی
لە هەناسە و چاوی نزیکدەکاتەوە
چ بۆنێکی لێدێت قۆزاخەی گیان وەبەرهاتن و گیاندان و درووود و کۆکردنەوەی بەردەپیرۆزە

## ٤

لە ناوەڕاستی تەمەنم
تیشکی ناوەڕاستی ئاسمانیشم لێدەدات و پشتێنەمە
هەرچی لە دەروونڕۆشنی هەمە لە چاوی سارد و سڕ و گەرموگوڕی ژیان فێری بوویمە
گوێی لێدەگرم و گوێڕایەڵیم
تیشك دووربەدوور ناناسرێت ئەی جانەوەری کێوی و باڵندەی ڕەشی جەنگەڵ
دوور لە ماڵ ڕێگا نابڕم
ئەو ماڵ و ڕێگایەی هەمیشە لە مرۆڤدا پڕ ڕەنگن
گوێم هەیە و چاو
بولبول و گوڵ هاوساڵ و هاوسەروا و هاوماڵن
ڕۆژیش بە ناچاری هەڵنایە
کەسیش لەناو خۆر بەند نییە و دەنگی گۆرانییەکی بێباکیش نزیکدەبێتەوە

٥

لە مردندا خودا خۆیت پێشاندەدات و هەردووکتان تاسەی غەریبیکردنی یەکتریتان دەشکێ
ڕەوانبێژی بەهرەمەند بەرلەوەی مردن بتکاتە ئەفسانە
لە ستایشیدا وتوویژ لەگەڵ خەیاڵ و خوێن بکە و ڕوخساری ڕستەیەك
لە دەستنووسی سروشت سووربکە
شەو پەنجەرە باڵی باڵندەی دڵتەنکن
پێروو و حەوتەوانە و کاکێشان بەناویدا تێدەپەڕن و دێنە سەرگوڵی دەممان
چ بۆنێکی لێدێت قۆزاخەی گیان وەبەرهاتن و گیاندان و دروود و کۆکردنەوەی بەردەپیرۆزە
ڕەنگ و ڕووناکی خۆم بەدەستی خۆم بەرزدەکەمەوە
بەرزاییەکان بە گزینگی یەزدانی شکۆفە دەکەن
بۆ درەوشانەوە بە هێمنی بەسەر قاڵدرمەدا سەردەکەوم

بە هێمنیش بۆ ئاهەنگتان پێیدا دێمە خوارێ
ڕەنگی درەنگ وەختی بەختەوەریم ناسی
ڕەنگی بەختەوەری لە خوێنی نەرمونیانی گەنم ڕەنگەوە
دادەبەزێتە دڵی نۆبەرەی خێزانێکی دوو پەنجە شەختە لەسەر ناوچەوان بەستوو
لە ناو و ناوبانگی شەرابێکی خواردووەتەوە
چرا بەناو ڕیشاڵی هاتوچووی کردووە
ئاڵۆزی ئەفسانە و دەستنووسی سروشت دەکرێنەوە
لە چاوترووکانێکدا زیندوو هەموو لە دایکدەبنەوە و دەمرن
ئاوازی نەرمیش لەناو قیژە و هەراوهۆریا گۆرانیبێژ جێدەهێڵێت و تەزبیحەکە دەپسێ

## ٦

ڕێگا چاوەڕوانە دەنگی گۆرانی ڕێبواران دڵی بکوڵێنێت
بیریش لەو ڕێگایانە دەکەمەوە پێیاندا نەڕۆیشتووم و گۆرانیم تێدا نەگوتوون
ئەگەر پێیاندا بڕۆم و گۆرانی تێدا بڵێم
دەبێ بەتەنیا بیانبڕم و هەوڵی پێوانەیان بدەم
ڕێگا لەژێر پێمدا تەواو نابێت و قسەی دڵم لەناویدا ڕژاندووە
من لەناو ڕێگایەکدا تازە باران تەپوتۆزی مراندووە
لە جەنگی ڕووناکیدام و لەبەر ڕوونیی ئاو و ئاوێنە و چرای دڵگەرمدا پرچم شانە دەکەم
ڕێگا لە ئارامییەکی ڕۆشن ترسێکی بەدڵداهات
یاریم بە ئاگری نیوە و ناتەواو کرد و پاشماوەی خۆڵەمێش دروست نەبوو
ڕێگا دووبارە بمخوێنەوە و ڕوونیی ئاو و ئاوێنەم بدەرەوە دەست
برینەکانم ڕوونیی ئاو و ئاوێنەن
بە ئاسانی خاڵ و پیتیان لێکدەدرێن و قەتماغەی خۆیان دەناسن
ڕێگاکان بەدوای یەکدا تێناپەڕن

دەڕژێنە ناو یەکترەوە و چاووڕاویش لەیەکتر ناکەن
دەستی ملی یار و دەستی ملی گۆزەن
ئەو کاتانە دەڕوانمە شێوەکارێك ڕووتەختی پارێزراوی بەخشیوە
ئەستێرەی کەمدوو و مانگی خۆشڕوو
دەستی خوماریان بۆ ڕەنگ لەسەر گرتنەوەی خۆشکردووە
بە ماڵی مەحاڵی هەزار ڕەنگت
ڕادەهێننەوە و دەتگەڕێننەوە لای درەختە پێست تەنکەکان
وێنەی ئەو ئەسپە باڵدارەی لە ئاسمانی نەوی چێشتەنگاودا کێشام
سەمای جۆراوجۆری چێشتەنگاو
کرانەوەی پێڵووی نۆبەرەی خێزانێکی بەختەوەرە
هێڵی وێنەکێشان درێژدەبێتەوە
تا بنی چیا لەناو ڕووباری هەناسە خۆشدا
ئەسپی هەناسە خۆشی ناو تابلۆیەکەم
تکا دەکەم خۆ لە ڕێگای دەست لەسەر دڵ داندراو لامەدە و برۆ ئەوپەڕی چاوەڕوانی
خودا هێشتان دڵی بە ڕووناکیی ناوچەوانی مرۆڤ خۆشە
ڕۆژ و حەفتە و مانگ و ساڵ خەرمانەنی سێبوورین
ئاوی ئاگر دەبەخشنەوە و ئاگریشیان لێدەبێتەوە
ئەو ڕێگایە نەمردووە تاجی بزمارڕێژ لادەدا و بە گەنجینەی نەترووکاوم دەگەیەنێ

## ٧

خودایە بە دڵخۆشییەکی کتوپڕ دەشڵەژێم و قوڵفی هەموو گۆزەی مەیەکانت ماچدەکەم
بەهرەم بکە سرووش و تەنیا و شکۆمەند خۆم لە ماڵی تۆ ببینمەوە
تا دیاری لە ئاسوودەیی زەوی وەرگرم
شادمانی دەدەم بە هۆگرانم و بەرەو ڕۆشنایی دەڕۆم
ڕۆشنایی بە تەواوی هێز و بەهرەی خۆیەوە
لەگەڵم دەبێت و ڕێگای نییە بۆ ماڵی خۆڵەمێش
لە سەرەتای ژیان دەمناسێت و دەمکات بە هێزی یەکەم خۆر کە ناوچەوانی ئادەمی گەرمداهێنا

## ٨

مۆمی ئاگربەدەم کەفی سابوون چەند دەمێنێتەوە و هیوا لە چی پەیدا دەبێت
بۆی هەیە چامەی باڵندەکان من نووسیبم
قەلەڕەشیش کە دڵی منی ناسیوە
ڕێ نایەنێتەوە دان و ئاوی من
باران بە ناز و خۆڕسکی و بەخشندەییەوە دەکەوێتە سەر
بەردەنوێژ و دەموچاوی سروشت تێدا حەسایەوەم
چاوم لەسەر مۆمی ئاگربەدەم لادا و تەڕیی بارانیش لە دەموچاوم وشك ناکەمەوە
نمەکان هەر ئەوە نین دەردەکەون
ئەستێرەی بەختن خوێندراونەتەوە
ئەرێ چیمداوە لەو پەنهانییە
مانگ تەرمێکی ڕاکشاوی ناو ئاوی هەناسە خۆشە
ناشتنی دژوارە و تەماشاکردنیشی دڵبەرە
بۆق خۆی لە ژێر قەوزەدا لوولداوە و بەرغەبابەی لەسەر بەردی کەناردا داناوە

٩

چاوی شەهوانیی ئەستێرەی شوان
بە چرپە و هاوارەوە گوتی لەگەڵ تۆمە
بڕۆ کەژاوەی جەژن و جەنگی ئایینەوە
پێش تۆ دڵپڕی تر
سەر و زمانیان کەوتووە و هۆگربوون بە مەحاڵی هەزار ڕەنگ
مەحاڵ دوا یار و مەشخەڵ و نوێژی ساتی ساکاری بووژانەوەمە
هەزار ساڵ لە ڕێگا لەگەڵیدا دەمێنمەوە
بە نان و ئاوی قوڵفی گۆزە دەژین
پیتی چامەی باڵندەکانیش دەست و پەنجە و خەتەکانی ناولەپی وەرگری قورئانی دووەمن
لە کرمی بن زمانی
جانەوەری کێوی و
دێوڕەوشت و
پەیام شڵەژاو و
گۆشتدزی پشیلە
ئاگادارتان دەکاتەوە و پەنجەمۆرتان لە ڕۆژانێك کە هی ئێوەبوو دەهێڵێتەوە

## ١٠

ئەو ئێوارەیەی ڕێوڕەسمی شکۆدارکردنی
جانەوەری کێوی و دێوڕەوشت و پەیام شڵەژاو و گۆشتدزی پشیلە
تەڕایی پێستی چاوی ئەسپی دوڵدوڵیان هەڵلووشی
گفتوگۆی ڕێبوار و شەقام
خۆڕسك و ڕووتە هەڵەی ناو کەلووەکان نییە
بەبێ ئاڵای سپی
ڕێگا لەژێر پێیەکاندا تەواوبوو
کەس پێویستی بە ڕۆیشتن نەما
سوورهەڵگەڕام لە داخان و کزە لە جەرگمەوە چەند گەڕەکی بێدەنگ دەبڕێ
بەو کزە و شەرم و شکانەوە و ڕوو تاساوییەشەوە ژیانم لەبیر نەچووەوە
دەوەستم و پێ لە پێخوست و پەیژەی دەم چاڵی ڕەش نانێم
تا تیشکی ناوەڕاستی تەمەنم دەگاتە ناوەڕاستی ئاسمان
گەرمایی دەداتە پێستی چاو و هەوای ژیان خۆش دەبێتەوە
ژیانیش دەبێتە ئارامییەکی بەهەشتییانە
ئاوازی دڵ و ڕەگی دڵی یاران
لە کەنار ئەم زەوی و پەنجەرە و بان و خانووە پیرۆزکراوە پشوویێك دەدەم
مانگم لە نازی یەکشەوە و چواردە پێشاندە و ئەم سووتاوە مەسووتێنەوە
ستوونی پرد لەناو ئاودا هەمیشە سووتاوە

**حوزەیرانی ٢٠١٤ هەولێر**

# دۆخەکان

## ١

چەند شووشەیەکی ڕیزکراوی سەرڕەفە

کە لە مۆزەخانەدا کوژران

لە دەنگی خۆیان بەئاگاهاتن و گوتیان دیوار هەوری بەتاڵبوو نییە

تاووسێکی بەرچاوڕوون لەسەر چەتری چرای بەندیخانەدا

هێلانەی لەسەر شێوەی شوێنپێی یار چێکردووە

لە پێخەفی چاوی بەندییەکان دەنوێ و گریان دەکاتە خەون و دواخەونی بەندییەکان دەبینێ

پێی بەندییەکان کاروانسەرا دەناسن و دەیانەوێ ئاگر ببینن

دەماری دڵیشیان هێزی ئەو لەشکرەیە ئازارەکانمان بەرزدەکەنەوە و بەرزاییەکان دەکەنەوە

نیازی دەموچاویان ئاشکرا و درەوشاوە و درێژە بەژیاندان

چەناگەشیان لەناو شیشی زیندان دەرهێناوە و کردوویانەتە تابلۆی ڕێگاوبان

ئەم تاووس و هێلانەیە بۆیان بووەتە

جەربەزە و جەزرەبە

جگەرگۆشە و لاڕەشە

یاقووت و تابووت

پەنا و پەتا

چووم دەست بۆ گەنجینەی هێلکەکان ببەم

دڕکم لە پێی ڕاچوو

دڕکی زامی نازی ئەشق و خەملینی بێپەروایی

ئەشق دژایەتیی ئاشقدەکات و ئەم دەخاتە جێگای ئەو

بە حەپەساویش بە چواردەوری مەرگ ڕادەوەستێت و لە بەرزی و نزمی چاوەڕوانیدا دەمێنێتەوە

دڵ لە قەپێلکی هێلکەشدا دەڕسکێ و دەبێتە جەنگەی بەهار

من ئەم جەنگەی بەهارە هەتا ناو دڵی دەناسم

لە ژیانمدا نەمدیتووە بەهار ئەوەندە جوان بخەملێ

نەشمدیتووە باران ئەوەندە نەرمونیان بباریێ و جادووی دەستم بەسەردا بگرێت

شێوەکارێکی ئاسۆ پڕ تانوپۆ و دەموچاو ڕوون بە ڕۆن و خوێی نان

تابلۆی هێلکەکانی لە چرکەی ترووکاندا کێشا

بەندییەکان دوای ئەوەی لەو چاڵە ڕەشە هاتنەدەرێ

پێکی ئومێدیان خواردەوە و ژیان ڕوون بووەوە بە

نەوا و ئەنوای ئەزەل و غەزەل

تابلۆکەیان کڕی

بە نیازی کتێبی ڕێنوێنی لە نزیك دڵیان هەڵیانواسی

پڕ نابێتەوە لە هەست و یادەوەرییەکانیان

ئاوازی تاووس لە سەرەتای هێلکە تترووکان

دەستی کە بۆنی چیلکە و پووشی هێلانەی تێکەڵاون

بەسەریان دادەهێنێت

تا ئەبەد ژیان لەناو ئاوازدا بەسەردەبەن

گەشە لە خورپەی خۆشبەختیی ئاوازدا دەنویّ و پشوودەدات

دەکرێت گویّ لە دەنگێك لە ئەزەل و دەنگێك لە غەزەل ڕابگرن

بەئاوازێکیش ڕازی بن

ئاواز باس لە شوێنێکی پارێزراو دەکات

تێیدا تەماشای هەناوی ئاو دەکەین

ئاویش لەبەر خاتری ئێمەیە نامرێت

بەگەرمی دڵی دەمانژیێنێت

لە جۆشی ئێمەش پڕ ڕەنگە

سێبەری تاووس لە خۆی دەچێ و ڕەنگاوڕەنگە

سێبەری تاووس لە خۆی ناچێ و ڕەنگاوڕەنگ نییە

لە گەرمایی شەرابدا ڕازم لە زمانی چرا بیست

تاووس لە بۆشاییدا دەگەڕێ ڕەنگی ئەشق دادەڕێژێ

چی لە تاریکیدا هەیە

تاووس لە بۆشاییدا دەگەڕێ ڕەنگی دڵ دادەڕێژێ

چی لە تاریکیدا هەیە

لەسەر جەستەی ئەشق و دڵیش ڕەنگی بێداری دەڕوێ

دڵخۆش بە شکۆتم لە ئەشق و دڵ هەڵگرتووە و ئەشق و دڵیش دەبنە ڕابردوو

ڕابردوو مۆمێکی پێیە بە ئاگری بەهەشت دایدەگیرسێنێت

ئەشق و دڵ داگیرسێن با تاریکی دەستمان بەسەردا نەگرێ و بەلەمی ڕاوە ماسی نقووم نەبێت

## ٢

ئەی ئاواز لە ڕووی فرمێسکە سارد و گەرمەکانم دامەمێنە
چاوی جیهان کە لەمندا دەبێتە دڵ
سەرەتای هەفتە بە ئەستێرەی بچوێنە
کۆتایی هەفتەش بە مانگ
لە بەراورددا چاوەڕوانم ئەو شتانەی بەدرزی دڵەوە دێن و دەڕۆن
حەڵوای خودا و
بۆنی خۆشی شوێنپێی یار و
شوورەی مرواریی حەفتڕەنگ و
دڵەخورپەی مەستانم لێنزیکبن
ئەستێرە و مانگ و نان و ئومێد و تاسەی دوا نزا و تەزوو بەخشین و چاوی کێڵگەی تەڕ
خاوەن هەموو ڕوخسارێکن
دەفتەری مەشق لەباوەش دەکەنەوە و خوێنگەرمی دەدەنێ
دەفتەری مەشقیش گەرماییەکی ئەفسانەیی تێدایە
شەو و ڕۆژ لە مۆمی نیوە سووتاوی ڕێبوارانی یەکشەوەدا یەکتریان ناسی و کاتیان دابەش کرد
وەك دوو خوشك و برای لە خوێنی پشت هاوهەست و مەشقی زۆر لە ژیاندا ماو
بێوچان لە ڕووباری قووڵ دەدەن و فرمێسکە سارد و گەرمەکانم دەپارێزن
منی زۆر بەسەرخۆدا زاڵ
وەك پێغەمبەرێك سەرگەرمی سرووش وەرگرتنبێت
چوومەتەوە ناو دڵی خۆم و پێستم وەك چەتر بەسەر ڕووبەرێکی تەواو خرۆشاودا هەڵدا
هەستدەکەم هیچ شتێك دوایی نەهاتووە
دەموچاوی ساکاری عەرد و ئاسمان
تا خودا دەڵێ بەس سپین
پەڕەی ئەمەك و نمەکیان لە خۆ پێچاوە و لە نۆتەی ئاوازدا پشوو دەدەن

هەوڵدەدەم سەرنجی دەموچاوی ساکاریان بدەم و بیانناسم
پاشان ئارام و هێمن لە هەتاودا مەلە بکەم و لەگەڵیاندا بژیم

## ٣

دێوەزمەی چرا کوژایەوە
خۆی لە ماڵی ئێسك و پرووسکدا شاردووەتەوە و زمانی هەردوو ڕووی ئاوێنە دەزانێت
دەشیەوێت بە زیندوویی بمانخوات
تاووسەوان پەڕی تاووسەکانی شووشت و ڕۆیشت تا ئەو شوێنە ڕۆیشت
هێلکە تێیدا وەك نزیکبوونەوەی گەرمی لە دڵ دەبریسکێتەوە و دەبێــتە سرووشی فەرموودە
دەچێتە سەر قەڵای هێلکەکانی و تەماشای ژیاندەکات
پاش دەستبازی و چاوبازی لەگەڵ ژیان
وەك ئەوەی خوناو بێت لەناو چاوی ڕوونبووەوەی پەیامێك
دەچێتە بەر خۆری گیانبازی
دەڕوات تا ئەو شوێنە دەڕوات
خودا گوێ لە ترپەی دڵی دەگرێت و هەنگوینی سەرباڵی مەلی خۆشخەبەر دەڕژێتە شووشەی ماڵان
ترپەی دڵ چەند بارسووکە
بە خوناوی ڕوونبووەوەی چاوی مرواریی لاوێندرایەوە
دەڕۆم تا ئەو شوێنە دەڕۆم
دڵ بەر نائومێدی ناکەوێت
مەستیی تاووس دەکەمە بەهرە و پەیام و گۆزەی خەمڵینی شەرابی تووی ڕەش
ئاوازێکی نەرم سەری گەرمم ئاوڕشێندەکات
تاووس هەر لە ئاسماندا دەڕوات
لە سروشتی نەشێواویشدا دەنیشێتەوە
من بەدەنگی خەیاڵ دەیدوێنم و باڵی سووکدەبێت

بۆ هەستان و باوەشێنکردنی هێلکە و هێلانەی

تاووس باری ئێمەی لەسەر باڵی هەڵگرتووە

داوە مووی نارۆشنی نێوان ژیان و مردن ڕادەکێشێت

سووڕی دەوران خۆشتر و نهێنی هەستیش ئاشکرادەکات

٤

ژیانی من چەند لە سادەیی شەو و ڕۆژ دەچێت

وا بەپەلە و نەرمەغار بەرەو نەمان دەڕوات و درەنگیش لە خەو هەڵدەستێت

هێشتان خۆری هۆگربوون و خەونێکم

نەگەیشتووەتە نیوەڕۆ گەرمم بکاتەوە

ئەستێرەی شەوم دەڕژێتە

نسرمێکەوە و سەرمام دەکاتەوە

دیسان بەسەرچاوی داخراوی ژیاندا پەرتدەبمەوە

داد

دادی دڵ و ڕازێکی مات لە سەکۆیەکی ڕووناکدا هەڵبەز و دابەزی پەنجەم لەسەر شمشاڵدا ببینن

وەك ئەفسانەیەك دەخەوم و لە مرواریی حەفترەنگ دەگەڕێم

کەمێکیش گەردەنی لاری گوڵی مەرگ بۆندەکەم

دەرکەون ڕووناکی سەکۆ و دیداری خودا دەرکەون

لەبەرچاوم شاراوە نین دەرگا و پەنجەرەی ماڵ بەر و پشتی دەستمن

من لە ئێوەوە لەژیان گەیشتم و دوانیگاشم لەسەر ئێوەیە

هەر تەنیا هاوارێك دەبیسترێت و بەس

هاوارێکی بەئارام

هەر تەنیا دەرکەوتنێك دەبیندرێت و بەس

دەرکەوتنێکی بەئاکام

حیکمەتی گوێڕایەڵی دادی دڵ بۆ هاوار و دەرکەوتن

پێش تۆفانی نووح

لەژێر ئاسمانێکدا کە هەموو ڕەنگەکانە

بەڵام شین زاڵە

دادی دڵم بەخەبەر هاتووە و سەری نارەزامەندی ڕادەوەشێنێت

نەخش و نیگاری ترسێکی درێژخایەنی ڕشتووە

دەشبینێت بەردی دیوارەکان دەکەون

ئای درەختی ئاسوودەیی سێبەرت لە پیاڵەم نەکرد

پیاڵەی دڵبینی چەند لە سادەیی شەو و ڕۆژ دەچێت

ئەوەندەش دڵ هەڵگوشراو و بێپەنای

ئەی مایەی ڕەنج و بەهرە و ستایش و برینی پیرم

٥

فرمێسکی تامەزرۆییم لەبەر چرای ڕێگای کۆچی یاران زۆر ڕشت

فرمێسکی تامەزرۆیی

لارەلار نەییێت و سەد دڵم نەکەیت

ئاگات لە دەستم بێت

مەیی مانم بەدەستەوەیە

پەیمان ڕاگرم و چاوی داگیرساوی سەر تەنافم

ڕوونە بەدیاری و خەڵاتی بەخشندە

چاوی داگیرساوی سەر تەناف بەخشندەیی زۆر و وێنەی پاکیزەیی پێیە و دەمانگەڕێنێتەوە

یەکەم ئەرزی درەوشایەوە بۆ کێڵگە و

یەکەم گۆمی گەرمبوو بۆ مەلەوانی و

یەکەم شەڕی پەپوولە و کلۆ و
یەکەم شیری هەوێنبوو
دێت
گوڵێك دێت
گوڵبەدەستەکەوندەبێت
دەچێت چرای ڕێگای کۆچی یاران گەشدەکاتەوە
ماندوو دەبێت و لەناو یەکەم درەوشانەوەدا پشوودەدات
دەیەوێ بزانێت دووریی نێوان هەڵچوون و ڕۆچوون چییە و چەندە
یان کامیان وشەیەکی دووچاو ڕاکشاوە
بزەی ڕەزامەندی بەلێوەوەیە
دەچێتە دەستی گوڵبەدەستە ونبووەکەوە

## ٦

درەخت گەڵا و لکی خۆی سنووردار ناکات
دایکە حەوا ئاوێنە و زایەڵەی هەموو ناوەکانە
جوانیی خۆی لە ڕوخساری جواناندا ئاشکرا کردووە و پێکی ئومێدی بۆ تێکردوون
باوکە ئادەمیش لە خۆڵی مەستی یەکەمین ڕوان
ئاوازی بۆ گۆرانی ژیان دانا و دەنگی زرینگایەوە
ئەوەی گۆرانی نەبیسێت ئاگری مەست نابێت و ناولەپی خۆی ناناسێت
زەوی کراسێکی نیگا شەرمنی وەك دایە حەوای پۆشیوە
لە یەك بزر نابین
ڕەز جوانیی میوەی خۆی دا بەهەمووان
توانی زەمین بکاتە بەهەشت
ئەرێ

پەیامنێری بەهەشت و

کاتژمێری دەستی مردوو و

گڵۆپی کۆڵان و

بەردی بیرەوەری چی دەڵێن

بەیارمەتیی هێزی خودایی نیگا گەرمەکان بکێشنە هەناوتانەوە

ئارام و هێمن بە شوێن نیگا گەرمەکانەوە دێم

بەهرە و پەیامم بۆیە هاتنم لەرینەوەی هەیە و وزە دەبەخشێتە ڕێگاکان

هاتوو وەك باڵێکی شکاو یەخسیری نیگایەکی کەمێك ڕووناك

ئارام و هێمنیش لەبەر گەرمایی نیگا دیاری و خەڵات وەردەگرێت

دەشزانم نیگا ئاشق دەکاتە تیشك و پێڵووی هەڵدەداتەوە

لە ماڵی ساکاری تەمەن لەگەڵ کۆچی ئەستێران لە خەو هەستاوم

دێم دەست بە ڕوومەوە مەنێ

ئاگر لەژێر پێدا بکوژێتەوە

دیاری و خەڵاتی نیگایە و پێستی وشکی زەوی تەڕدەکاتەوە

شکۆی نیگا و سێوی تەڕ لە تەماشاتان پاراوبوویمە

بەباشی کاتی دیاری و خەڵات دەناسم

# ٧

له پیاڵه و مەیی سینەتدا باڵی مەلە بهاوێم

پەلەکوتەی نقوومبوون بمگرێت

هێشوو سرووشی خۆگرتنەوەیە

هێشوو ناودەنێم خانە زیندووەکانی لەش و بۆنوبەرامەی شوێنپێی یار

بەردی بەجێماوی بەڵاگێڕی و چاوەزار هەڵدەگرمەوە و لە قۆڵمی دەبەستم

تا ئەوپەڕی خوان و گەشت داوەتیدەبم

ئەمە نە ڕووگەیە نە ڕووگەنما نە دووربین نە بەڵێنی قوفڵ نە لکێکی شکاو لە درەختێکی بێئاگا نە ئەسپبازی نە مەیدانخوازی

ژیانە هەڵدەقوڵێت و دادەبەزێتە سەرناوچەوانی ڕووناکی

لە سەرمایەکی کپدا چۆلەکەی سڕبوو گەرمدەکاتەوە

جریوە و جووکەش هێڵکاریی سیمامان دەکێشن

چۆلەکە چاوی لەبەر پێی خۆی ناگیرسێتەوە و گفتوگۆی پیاسە ناگێڕێتەوە

قوربانی و نزا و درووود و چلچرا و مژدە بەسەر باڵییەوەن

من قەت نەمزانی چۆلەکە لە چی ڕادەمێنێت

جریوە و جووکەشی لە چیدا دەبێـتە نەوا و ئەنوای ئەزەل و غەزەل

دەچمە داوەتی خوان و گەشت و بینینی

ئێوارانی بەرەو گوندبوونەوەی مازووچنان

## ٨

تەواوی شەو مەلە و دڵگەمەی کرد و بە دەموچاوێکی تەواو کراوەوە
لە ڕۆخ چەمێکدا هاتەدەرێ
ئەستێرە و مانگ تا بەرەبەیانی هەزار ڕەنگ
بە دەرکەوتنی یەکەم ڕوخسار و ڕووخۆشیی پەری دەخرۆشان و زمانێکی تریان دەبوو
منیش لەپێستی تەنك و ئاو لەسەر نیشتووی مەیخانەی دڵ
کە دەرگای بە ڕەنگی ئاو ڕەنگکراوە
سەیری خرۆشانی
پەیامنێری بەهەشت و
کاتژمێری دەستی مردوو و
گڵۆپی کۆڵان و
بەردی بیرەوەری دەکەم
وەك کوێرێك لە چڵەپۆپەی خرۆشاندا بزردەبم و هاواری چاوساغێکمە
چاو دادەخەم و دڵ دەکەمەوە
ئەفسوونێك دەبێتە ئەسپی یاڵ و بژ ئەستێرەی ڕژاو و وتوویژی ساکاری دیدار
لە کێڵگەی گەرم و مەستی ئاوتێگەڕاوت ئاڵای سپی هەڵدەدەم
داخی داخان لەم جەنگەدا تفەنگم لە شان دەخزێت و دەشکێم
ئاڵای سپیم لێوەرگرە و لەلام بمێنەرەوە
ئەسپ بە بۆنوبەرامەی سواران دەگەڕێنەوە
پیری لالە بەدەست لە تەنیشتم گۆرانی خەڵوەتی دڵ دەڵێت
بەڕاز و نیاز و سکاڵاوەش لەگەڵ دەفدا تێکئاڵاوە
دەستی نزا و هەستگەرمی بەرز کردووەتەوە
خودای زیندوو و مردووان دەستی مێشك و دڵم لە یاخەدا بکەرەوە و ڕزگارمکە
منیش لە تەختی بەرزاییدا بووم

دڵڕوونیم تێدا ڕژا و زانیم چی بکەم
گۆرانی ئەمشەو لە ئاو و مەلەدا بمێنەرەوەم بەسەر گژوگیادا پژاند
تاووس بە کۆ کۆرسم بوون
ئاخ لە خرۆشی دەنگیان و دەمودووی درەختەکانی دەوروبەر
بەتەنیا لە ڕۆخ چەمدا ماومەوە و لە بەردەمیدا لەسەر قاچێك وەستاوم
دەست بە کەزیی نەرم و شلی ئەستێرە و مانگ دادەهێنم
پەرییش بە پێستی تەڕیەوە چەند سانا تێپەڕی
مێوانی شەوی ڕاز و شەوی شەوانی نەکردم
دەستی لەسەر شانم دانا و ڕۆیی پەین بخاتە ژێر درەختی ژوان
نەرم نەرم تەپەی پێیم گوێ لێبوو
گوێم وەك خوانی ڕایەخستراو بەتاڵ و زمانم لاڵ
چاوی ئەمەك و نمەکیش ئامۆژگاریکردم یەکەم بینین بەیاد بهێنمەوە
نیگا ئاشنایی تاهەتایەش لە دڵدا دەپارێزرێت
خونچەی نۆبەرەی کوێستانان
پێش چوونە ژوان بەگەرمایی دڵ دەکرێنەوە
دڵ لەگەڵ ئەو درەختانە بدوێ
ئێواران پڕدەبن لە جریوە و جووکە و برینی هەڵخستراو
خودای زیندوو و مردووان مێشك و دڵ هەراسان و ماندوویانکردووم
بمخەرە ئەوەل دڵۆپە بارانی پەڵەی ساڵ و برینی زەویم پێداپۆشە
زەوی کراسێکی نیگا شەرمنی وەك دایە حەوای پۆشیوە
لە یەك بزر نابین
لە بەرەبەیانێك کە ئەستێرە و مانگ بە هەزار ڕەنگ خرۆشاون
تیشکێکی خەملیوم پێشاندە
ببێتە دیدارێکی سادە و گۆناکان دابگیرسێنێت
هەموو گۆنا داگیرساوەکان دەڵێن

ژیانێکی ئاسوودە هەیە
دڵمانی تێدا ناکوژرێت
خەریکە دڵمان لە باڵی باڵندەدا دەبێتە فانۆس
تیشکی پڕی ماڵی هەموو گۆنا داگیرساوەکان دەکاتە تاجی دیدار
ئەرێ بۆ ئاسمان کە پڕ ئەستێرە و مانگ دەبێت لە زەوی نزیکدەبێتەوە

## ٩

بێدەنگیی زمان و خورپەی گەرمی ئەشق بانگی ئێوە دەکەم
تەزینێکم گەرم بکەنەوە و بەشداری جەنگم بکەن
لەبەر سەرما دەستەکانم لێکدەخشێنم
خۆر بکوژە و تەواوی ئەستێرەکان بانگی شوێنی خەڵوەت دەکات و دەیانکوژێت
بە ڕێکەوت کاتێکی ڕووخۆش کە من تێیدا دەکوژرێم دەگەمە بەردەرگای سرەوتن
لەپڕ دەنگم دەنووسێت و دەبێتە لاپەڕەی بەتاڵی ئەلبوومێك
پاش چەند چرکەیەك بەفر دەماری زەوی دەگوشێت
تاووس بۆنی کۆچی گیانێکیان کردووە
دێنە بەر دارەتەرم و چرا و قورئان بەسەر خوێندراو و بۆنی کەسوکار
پاشای گیانم پاشای بەخشندە
پێویستە تۆ گوێت لە دەنگی حەفت نەوای من بێت
لە ناز و خۆنواندنی بەفردا
بە بۆن دەکەوم و لە خەودا قسەدەکەم
خەو تا چێشتەنگاو درێژ دەبێتەوە و بەلا بەڕێوەیە
ڕووناکی بەفر هێندە بەهێزە چاو بە شەوارە دەخات
تۆ لەودیوی دەرگاوە وەك ئاوێنە و مۆمت لێدێت
چاوەڕێی ڕوودانی و تەنیا دەنگی منیش نابیستیت

بەفر خوێنی منی دەوێ
دەتوانن لە میوەدا بیناسنەوە
چاوەڕوانی گەیشتنە
کات میوەی پێگەیاندووە
منیش ڕەنگی خوێنی خۆمم بیر دەکەوێتەوە و ڕەنگی دڵیشم دەبینم
سێبەری ڕەنگی دڵ سووکە
لە ناوچەوانی ڕوون ڕوونی خوداوەندەدا شانم دایە شانی برینێك کە چەناگەی بڵند کردووە
لە کوڵمی داگیرساوی فریشتەشدا ڕاکردنی دڵی خۆمم پێشاندەن و بمنێژن
ناشتن سرەوتی خۆشەویستی و گۆرانییە لە ستایش و تاسەی ئەزەل و غەزەل
تاووسی بۆنکردووی کۆچ دەپرسن کوا
مانگیش کەزی لەسەر زەوییە و کیژە خەواڵووەکانی داپۆشیوە
لیمۆی بۆنخۆش ڕێگام بدە ڕوو بەناز و خۆنواندنی بەفر و فیزی خۆکردنەوەی تاووس
خەڵوەتی دڵڕوونی بگرم و سەری خۆم بە کۆشی کتێبی شکۆی خوداوەندەکان بکەم
مەرگ ناوی هەموومان دەزانێت
شەرمی شکاوە و بەناوی خۆمانەوە بانگماندەکات
نەشمزانی چۆن وا بە ئاسانی ناوی کەسی لێ تێکناچێت
گورگیش لێوی بە زمانێکی ڕەق وەك سوورگی دەرگای زیندان دەلێسێتەوە

## ١٠

تەنیا یەك دڵۆپە خوێن لە دەمارم ماوە

لاپەڕەکانی ژیانمت نووسی و بە هەموو چەشنێك لەناو ئازاری درێژخایەنت دەخولێمەوە

ناوت زایەڵەی پێی ئەلبووم بەدەستە و سییەکانی پڕن لە هەوای هەواڵی بێتانە

بەهرە و پەیام و ماتیی دڵم وەربگرە

ئەدی نەمگوت ئەگەر مەرگ هات لە دیوانەکەم بمنێژن

شیعری زۆرم بۆ ئازیزان و کۆستی ناکامی خۆم نووسیوە

ئێ خودایە بەڵکو لەگەڵم بێنە زاخدانی چاو

دیاریی یاران دابگیرسێنن و دەست و پەنجەی شووشەیی سڵاو بەرزبکەنەوە

بەژێر درەختی بەرداردا تێبپەڕین

نەزانین کات دەمەوعەسرە یان تەنکایی بەرەبەیان

پێبکەنین و فرمێسك بەچاوماندا بێتەخوارێ

سرووشی ئارام و بێدەنگ مەگەر نەمگوت

بە دڵ دەخوازم کوڕێکی سووکەڵە بوومایە

بە پایسکیل بچووبوومایە نانەواخانە و نانی بەکونجی و ماستی بە سەرتووم

بۆ بەرچایی دایك و باوکم بهێنابووایە

پاشان لەگەڵ خوشك و براکانم

بە ماڵدا ڕاوڕاوێن بکەین و وەك گیان وەبەرهاتن ببریسکێینەوە

درەخت و ڕووبار و مانگ و ئەستێرە و گیا و باران و گەشبوونەوەی پەلکەزێڕینە

منداڵی سروشتن و خوشك و برای منیشن و لە گۆرانییەکانم دەیانڵێم

کاتێك ئێسکبەندی جیهان بەیەکەوە گرێدرا و گیانی دارشت

پێش خۆر بزە و ماتی من تارای بەسەر ڕوخساری داهێنا

ئەو کات تەنیا ژیان هەبوو

نەشمدەزانی ژیان چ ئازارێك دەکێشێت

ئەسپی ڕاو بیری لەوە دەکردەوە

مێژووی خوێن لە دەماری کەروێشك یان تاژی کۆنترە

ئەی دڵ کێ درەختی بەرداری لێرەدا بەخاوەن کردووە

من لامپام هەڵکردووە و سوپاسی بەختی ڕووناکی و تف لە پەنجەرەی ڕەشدەکەم

لامپاش هیچ نهێنییەکی نییە و یارییەکانی خۆی پێشاندەدات

لە پشت خۆ لێککێشانەوەی مامز و پەڕکردنەوەی قورینگ بەسەر لکی شلکەوە

تەماشای دەکەم و هەناسەی بەخشین و وەرگرتن و وچان و گەشانەوەم

لەملاوە بۆ ئەولا دەبا

لە زەردەی ئێواران لە هەموو لایەکدا هۆگربوون و فێنکی بای سێبووری سەرمیوەی گەییو دەردەکەون

کرمی ئاوریشم لە هەناسەوە قۆزاخە پڕ دەکات و زەمین گەرمدەکاتەوە

زەمینیش بۆنی هەمووومانی کرد و ڕووەکی بۆ ڕواندین شانی گەرمی ڕاوەشێنین

لە شوێنێك لادەدەم و وچانێك دەدەم

چی بەرێوەیە ڕوو بدات

ئەدی ئەم ڕاهاتنە سروشتییە چییە هەموو شتەکان سەد بارە دەبنەوە و پێشیانڕازین

**ئابی ٢٠١٤ هەولێر**

# بەرزبوونەوەی گەسکێک تا ئەوپەڕی مان

بە ئەسپایی دەژیم و گوێ لە دەنگی ژیانگرتن

لە نێوان ڕەگی نادیاری ڕووەك كە گرێی هەزار و یەك لك دەكاتەوە

مەستبوون لە گۆزە ڕۆیشتن نییە گەڕانەوەیە

پڕە لە گڕوگاڵی كەزیی گەرم و هەتاوی ڕژاوی سرووش

لەناو ئەم دڵۆپ دڵۆپ گیان ڕژان و ڕوونبوونەوەی یاد و جۆش و بەهرە و بیرەوەرییانەدا

بەدوای چیدا دەگەڕێی و گوێ لە چی دەگری و لە چیشدا دەمێنیتەوە و مۆم لە كوێ پێدەكەیت

ئەمەك و نمەكی منداڵی فرمێسكێكی تكاو و نەتكاوە

كێوی سەهۆڵیش دەپووكێنێتەوە و دەیكات بە گۆڕەپانی ئاهەنگی خودایی

دایكت پارەی وردەی خستە دەستت و بۆ كڕینی گەسكێك

ناردیتیە دووكانی دەمودووخۆشی گەڕەك و چێژی بنێشتێك تاساندتی

شیرینیی بنێشتەكەت خستە دەمی منەوە

بەردەپیرۆزەشت هەڵدایە ناو چیرۆكی پیرۆزەوە و ئاڵۆزی سروشت ساكاربووەوە

تاجەگوڵینەی هەڵدراو و

گڕوگاڵی یاڵی ئەسپ و
زایەڵەی سەد خورپەی دێرین و
ئەوپەڕی مان
ئەم شیرینییەم لە دەمی بهێڵنەوە و پێڵووشم بەنەرمایی پەنجە خاو بکەنەوە
ئاسمان سینیی دەستی دڵبراوە
ڕوانینی ڕازگری دەوێ تا ناوێکی لێبنێ و هەوڵی ناسینی پەنجەمۆری بدا
بەمەشەوەش زۆر تەماشای غلۆربوونەوەی
بەردەکەی سیزیف و پەڕەکردنی لۆکەم کردووە
ئاگر و ئاگردانی گڕخۆش کە گیان لێی پێکهاتووە و
بۆنی بێگەردی بووژانەوە و
ناوچەوان لەسەر خاکدانانی نوێژە پەڵە و
خوێنڕشتن و قوربانی بۆ هێمنبوونەوەی ڕووباری چاوسوور
هێشتان کووپە و گۆزە و ئینجانەم پڕ مەیی و هەنگوین و نزاوەرگرتنە
لێوڕێژم لە خۆشبێژیی هەواڵپرسین و دەفی خومار
لە بۆشایی نێوان
دەنکەگەنمی بەردەمی چۆلەکە و
درێژبوونەوەی حەکایەت و
سەرکەوتنەوەی بەردی بن گۆم و
ئەو باڵندەیەی لە خەونێکدا باڵی کردووەتەوە و بەتەمایە بەسەر سەرمدا بنیشێتەوە
سکاڵای جەنگی جوداییبکات
لەبارەی گەرمیی کەزیتەوە قسە دەکەم
بۆنی کتێبی زادەی دیدار هەڵدەمژم و ختووکەی ئاگری مەستم دەدات
چاو لە تەمەنی بە دەوری دنیا سووڕاومان ڕوونبکەمەوە و بە ئاستەم دەست لەسەر ناوچەوانم دانێم
گوڵەگەنم فەریکە دەکات و پڕ شیر دەبێـت
چاو لە یەك ترووکاندا بەشی هەزار ساڵ لە خۆشییەکی تاقانە و بە شکۆدا دەژی

پەنجەمۆری چارەنووس لە ناوچەوان لادەدا و تاسەیەکی گەرم سەرەتای خۆی دەستپێدەکات

من چل و نۆ ١٩٦٥/١١/١٨ هەولێر

پێستی دەموچاوی هەولێر کرایەوە و باریشی سووکبوو

خۆشاوی زەوی بە کۆڵانەکانیدا ڕژا و هەمیشەش خۆری دەڵێت دەمەوێ بە ئەستێرەیی بتبینم

تۆ چل و چوار ١٩٧٠/١/١ سلێمانی

پێستی دەموچاوی سلێمانی کرایەوە و باریشی سووکبوو

خۆشاوی زەوی بە کۆڵانەکانیدا ڕژا و هەمیشەش خۆری دەڵێت دەمەوێ بە ئەستێرەیی بتبینم

لە ژیان بەسەر پەیژەکاندا ڕابمێنە

لە نەشونمای ڕەگ و ڕیشە ڕابمێنە

لە ڕۆشنایی ناسراو و نەناسراو ڕابمێنە

لە شەو و ڕۆژی ڕاکردوو بەدوای یەکدا ڕابمێنە

من پەنجا و نۆ خومارێکی ئەزەلی

تۆ پەنجا و چوار شەوقی ڕژاوی شاخی ئاسك

شەرابی قۆزاخەی گیانڕۆشنی و

سەرەتای دەرکەوتنی ئەستێرەی تێرخەوبوو و

ئێستای خۆشحاڵییە کورتەکان و

خەڵوەتی گەرمی یاد و یارە ونبووەکان

ئاڵۆزیی ساڵ لە کلۆری تەمەندا

گۆرانیی ڕوونبوونەوەی یاد و یارە ونبووەکان دەڵێت

ئەوەی گۆرانی نەبیسێت باران مەیی و هەنگوینی خۆش ناکات

گۆرانی سەد ئاوازی شاراوەی هەیە

بە ڕێگای گوتنی شارەزایە

هەتاویش بە ڕێگای هاتن و چوونی

ئای دڵەخورپەی نەخوازراو

که له دەرگا دەدەم خۆ نازانم چیم پێویستە

تەمەنێکی بە چڵ و پۆپ و بزەیەکی نائومێد و نیگایەکی مات

با ئەو درەختەی دەست و پەنجەی

کردووەتە کەپری چاوی و تەمی لێرەویوەتەوە ئاوبدەین

ڕۆژ ڕەش دانەگەڕاوە و خەبەردانی دڵ لە گەنجینەی پەیامهاتن دەخوازین

سەبری یەزدانی چاوی هەزار ڕەنگی ئاسۆمانە

لەوێ سێبووری دێتە ژوان و دەبێتە ئاهەنگی خودایی

خودا و ڕۆژی دیوانی خودا

من نەزانم و نهێنیزان نیم

تۆ جەژنی دڵی خۆمم پێبڵێ

چۆن بەناو لێکدانی نیازەکان ڕەتببم و بێمە سەر ڕێ بۆ جەنگی جودایی

**ئەیلوولی ٢٠١٤ هەولێر**

# مەسیحی دووەم ئاگری بۆ شاعیران لە خوداوەند دزی

لەناو ڕووناکییەکی گەرم سەیری چیامکرد
چیا سینگی چل پەرییە و زەماوەند ڕادەگرین
تەرمی نوێژ بۆ نەکراوی مەسیحی دووەم
بە ئاوێنە و مۆمی داگیرساوەوە لە شارێی شاری ئەفسووناوی دادەنێین
تیشك لە ناوی پشوو دەدا و خۆی تێدا بەهێزدەکات
دەست لەسەر شانی گۆڕهەڵکەن لادەدا و وزە دەداتە باڵی باڵندە و درەخت و گژوگیا
وزەی باڵی باڵندە
تفەنگ و ئەسپی سواران دەلاوێنێتەوە
باڵندەیێکی ڕەوانبێژ دەنووکی لە تەڕایی درەخت و گژوگیا نا
باڵی بەسەریاندا شۆڕکردەوە و تێنەپەڕی
هەر بەسەریاندا سووڕایەوە و بڕوای بە هەموو شتێکی کردن
لە هاواریان گوێچکە ماسییەکی هەڵدایەوە ناو ڕووبار
دەنگێك بەو ناوەدا تێپەڕی بیستم
کەس لەناو نوێندا نەماوە
کێڵگە و باخ چاوەڕوانن جۆگەلەکان بکرێنەوە
تەرمەکانمان چاویان لە کێڵگە و باخ دارێژراون
شاعیرانی شەرم لە فرمێسك کردوو
لە چاوەڕوانیی بەروبوومیدا دوا بەشی کتێبی نەرمونیانی شار و شانازییانە
لەمەوبەدوا دەچنە ناو خاوبوونەی ڕك و ژیان بێزار و بێدار ناکەن
حەزدەکەن لە کاتی نووسین و نوستندا پەنجەرەکان کراوەبن
وەرن ئاوێنەی سەر ڕووی بەردی سڕ و خوداوەندی گۆزەی باڵندە بە دەمەوە
لە چاوی ماتی گوڵەبەڕۆژە ورد ببنەوە
تا خوێن لە گورچیلەی منداڵە ڕوومەت داچۆڕاوەکانمان
نەبووەتە دڵۆپەی شووم و بەدەم ترسەوە نەنوون
لەیلووك و ڕەورەوەی ڕەنگ تێکچوویان بنەخشێنینەوە و ڕەنگ

له ئەستێرەی سەرخۆشی بەرەبەیان بخوازین
ماچیش لە دەمیان بخۆینەوە
ببینین کە لە چیا دێنە خوارەوە
گەرد بە پێیانەوە نییە و بە گۆرانییەکانیان بریندارماندەکەن
خەونم پێیانەوە بینیوە ڕووناکی لە سیمایدەدان
ئەگەر هەنگاوێك بە سووکی بەناو ڕووناکی سیمایان هەڵێنین
هیوایەك بۆ شاری خاڵی و خەواڵوو دێتەدی
دەرگای ماڵ بەماتی دڵ و چاو پێداخشانەوەیان دەکرێنەوە
کڵاوڕۆژنە پێش خۆیان هەناسەیان دەباتە ژوورەوە
لەسەر کەلوپەل و سینی و پیاڵە و فەخفووری دەنیشێ
چیا کە سینگی چل پەریت
ماڵ دەزانێت باسی جۆلانە و جەژنی خۆی بکات
پارچە گۆشتێکی گەرم و بە شەکر و شیر داپۆشراوە
لە تۆدا دەبێتە دڵ و ژیانی ئەو دەژی
بە ناوی تۆوە لە ئاو و ئاسۆ دەپەڕێتەوە و ئاماژەی زەمین سوور هەڵدەگەڕێمان دەداتێ
دەمەوێ وێنەی درەختێکی نەرمونیان بۆ باڵندە بکێشم
دوو دەستی کراوە بەسەریەوە بێت
درەخت خۆی بە باڵندە مەستدەکات و دەمار و خوێنی فڕین دەڕژێتە دەموچاوی
منیش باڵندەی دەمی گۆزە دەهێنمە سەرشانم و دێمە ناو چیا
چرایەك تانوپۆمە و چاوی پاکدەکەمەوە
لەمەوبەدوا باڵندە بەرپێمان ئاوڕشێن دەکات و تەپوتۆز دەکوژێ
بەردێك لەو بەردانە هەڵدەگرێتەوە بۆ کوشتنی هەڵماندا
دەیکەینە ڕوخساری پەیکەرمان
باڵندە لە خوانی خودای خوارد و چەکی هەڵگرت

**ئەیلوولی ٢٠١٤ هەولێر**

# لەناو چەند هەواڵێک هەواڵێک

باڵندە لە تەمی بۆردوومانیشدا ئاسمانی بچووك نابێتەوە
بە تاسەوەش بۆنی گەرمایی هێلکەکانی دەکات و دەچێتەوە سەر هێلانەی
هەمیشە کە شەو کوێری دەڕژێنێتە ناو خۆی
وێنەی کەروێشکێکی نوستووی سەر دەستەسڕ دەکێشم و
پەڕەمووچ بەدوای کردنەوەی قردێلەی ڕەش دەنێرم و
تیخی دوودەم دەهێنمە خەونی ئەژدیهای نوستووی سەرکانی و
چرای سووریش لە کۆیلەفرۆشان دەکڕمەوە
پێش ڕۆژبوونەوەش ڕەشکەوپێشکە بەرچاوم بەردەدا و هەستم خۆشدەبێت
شیعر و یەکەمین هەتاو دەخەمە بەرپێی سواران
ئیدی کارم لەناو جێدا نەماوە
بفەرموون نان و پەنیری ماڵان بوونەتە شیعر و یەکەمین هەتاو
لە ژیانی تایبەتیمان دەپرسن
تیشکێك مێزی نووسینمی کردووەتە دوو بەش
بەشی سێبەری زۆر
بەشی ڕووناکی کەم
ئەستێرە بەسەر مێزەکەمدا دارژاون
مەلی باڵ گەرمیان و کوێستان بە دەنگ و ئاوازیان
کۆیانکردەوە و لەناو پرچی خاوی فریشتەیەك بۆیان پاراستم
دواى ماوەیەکی زۆر تێگەیشتم
هەرچی هەمە و نیمە لەسەر مێزەکەم جێیدەهێڵم
ئەمڕۆ تۆزێك لە ڕۆژان ماندووترم

بەچاوی لێبووردنەوە سەیری مردن دەکەم
نازانم بیر لە چی دەکەمەوە بەڵام
دەستی ماڵئاوایی کە خەم و خولیا و خولانەوە
ماندوویان کردووە و لە ئازاریان ڕایکردووە
بۆ هەردوو بەشی مێزەکەم بەرز دەکەمەوە و بەدڵ داوای بووردندەکەم
خوێنی زەوی پڕ دەبێت لە چرا
چاوی کەروێشکی خرپنیش لە ڕووناکی نەرم
هەموو شتێکی دەوروبەریش لەناو دەمی مقاشی ئاگرداندا نوستوون
پشکۆ بە تاسەی گەیشتن بەمردن دەژی
کە کفنەکەم هەڵدەدەنەوە
زۆر و کەمیی سەرمێزەکە
هاتوونەتە سەر هەردوو ڕوومەتم و دەیسپێرمە
قۆزاخەی نەشکاوی پەمۆ و
بۆنی تەڕەپیازی سەر خوانی ماڵە کۆچەری و
هەنجیری پڕ شیلەبوو بە ئەفسوونی خوڕە خوڕی ئاو و
دانەوێڵەی سێبووری بەردەمی باڵندە
کێ دەتوانێ لە کاتژمێرێکی لە شمشێر داڕێژراو ڕابمێنێت و بوێریی ئەوە بکات
ماڵی مردن بدۆزێتەوە و لەناو بەشی زۆر یان کەم بمێنێتەوە
لەبەر پەنجەرەی بەشی خۆی دانیشێت و بە مەلەوانی لە ئاوی هەست بپەڕێتەوە
ڕۆژێك هەردێ لەم هەموو بێدەنگییەی ماڵی مردن تێبگەم
ڕێوڕەسم و کەژاوەی بپارێزم و هیچ شتێکیشی لەبیرنەکەم
ناقۆڵا و زەبەلاح سێبەرت لە شووشەی پەنجەرەی ماڵەکەم دەبینم
دێیت دەتەوێ بەدڵمەوە وەبدەیت
ڕۆژ لە زەوی تەڕیدا
شەونم هەڵات و هاتە سینە و ماڵی من

له بەهەشت لە ماڵی خۆم
لە منداڵدانی کتێب و برینێکی پڕخوێندا
بە هەموو تەمەن و منداڵ و نەوە و نەوەزام لە دایکدەبمەوە
دوای سەرسامییەکی کورت بەرانبەر
پارچە هەڵوەریوەکانی دڵ و شەرمی مووچڕکێك
تەماشای هەموو شوێنێکدەکەم
هەموو شوێنێك دەبێتە
ماڵ و ئاگردان و وجاغ و داستانم
ئەمە شکۆی ڕێوڕەسمی مەدالیایەکە
بە دڵ زاخدراوە
ماڵ و ئاگردان و وجاغ و داستان
دەیبەخشنە ئەو سوارانەی
چلچرا لەسەر لوولەی تفەنگیان دەبریسکێتەوە و ماڵی ئاوێنە دڵخۆشەکانە
تا دێ ڕوونتر دەبێتەوە
ناوچەوانیشیان بە مۆری
سرووشی پەردە لە گوێ ڕوان و
هێزی پرسیاری ئەستێرە بۆ کام لا ڕۆیی و
شەهێنی هەڵدراو بەسەر شار و
دەستنووسی سرەوتن مۆرکراوە
دڵی خۆم توند گرتووە و دڵتم پێویستە ئەی ئەو ئاواز و دەنگە بێباکەی
لە ئاوێکدا خۆت دەشۆیت و گوڵاوی ئاڵا هەڵدان دەپژێنی
تا حیکمەت و حەکایەتی تەنیاییت ئاشکرا بکەم
لەگەڵ تەماشاکردنیدا دڵم بەهێز دەبێت
ناقۆڵا و زەبەلاحیش قەڵەمی دەست و پێی دەشکێت
دڵتەنگی هەزار بەهانەی هەیە

دڵخۆشیش یەك
هەواڵێکی بەپەلە
خەندەی شکاو و ڕژاوی سەرسامەکانی شەقام
لە ڕووناکی سووری دڵ هەڵدەگیرێتەوە و لێکدەدرێتەوە
سواران دڵیان لێناکەوێتە خوارەوە
دڵی شکاوی ئێمەشیان لەسەر دەستیان ڕاگرتووە
دەیبەنەوە بەر ئاوێنەی ژوورە ماتەکانمان
دەی بیرکەوە ئەم قسەیەم بە کێ بڵێم
ببوورە ئاوێنەی نوستوو لە خەومکردی
لە هەوڵ و هەنگاوی ژیاندا بارانی مردن تەڕیکردووم
پاش کەمێکی تر باران لێدەکاتەوە
کیژ و کوڕەکانمان نان و پەنیر دەهێننە سەرخوان
لەگەڵ یەکدا دەدوێن و شەوانە ئەستێرە دێنە لایان
لەڕووی خۆیانی هەڵدەسوون
کەس دوا نەکەوێ و وەرنە ئاهەنگمان
لەسەر گیا دادەنیشین و دەچینە خولی فێربوونی نۆتەی مۆسیقا
چیرۆکی ژیانی خۆمان بە گۆرانی دەڵێین
گۆرانییەك بە جریوە و جووکەی سەردان و جەژنی تێکەڵبوونی ڕووناکی چراکان
لە بەرزبوونەوە و گیانپڕبوون بە سرووش و بۆنی ئەزەلی خودا
ڕوخساری خودا هەمووماني تێدا دەژی
هەمووومان ئەو خاکەمان خۆشدەوێت
گۆڕی ئازیزانی لێیە و ڕووناکی و ژیان لە قوربانییەکانمان وەردەگرێت

**تشرینی دووەمی ٢٠١٤ هەولێر**

# دوا شوێن

## ١

خۆر کە ئاوا دەبێت دوا تیشکی لەناو لەپی شاعیرە نامرادەکە هەڵدەگرێت
کە دەشسوورێتەوە یەکەم تیشکی لەناو لەپی دادەنێتەوە
پەریی حەوت ئاسمان لەناو لەپی دێنە دەرێ
دەکەونە گەڕان و کۆچ و سۆراخی دوا شوێن
حەوت کۆتریش نەوی دەبنەوە و حەوت جار دەسوورێنەوە
چاوم لە سەر و پرچی شوێندا هێلانەیکرد
هوما کاتێك بەپشتدا وەردەگەڕێت
برینی زەوی تەماشا کردووە و دەست لە برینی ئاسماندەدات
وەك ئاگرێکی نەرم و ئاوازی گۆرانیی خاوی مەیخۆران
بە تەنیشتی تێدەپەڕم و دەیخەمەوە سەر دەست و پێ
ئەم بەخشندەیییە لە بەختیاریی مۆمێك زیاترە
لەسەر مێزی سەری ساڵ و بەخشندەیی
یەکەمین خواردنەوە و

یەکەمین پیرۆزبایی و
یەکەمین ئاواتخواستن و
یەکەمین مەیخۆشبوون
دڵ هەرشتێك ببینێت
ئەوی لێدەدرەوشێتەوە و دەڕژێ
ئاسمان خۆی لە تەلی نازداوە بۆ درەوشانەوە
دڵۆپ دڵۆپ دڵمی لێدەڕژێ
فرمێسك بەسەر دڵم ماوەتەوە و نەهاتووەتە خوارەوە
چاوتان داخەن و بڕۆنە ناو زەردەخەنەی بادە و ئاوی خدرەوە
دڵم دەکەوێتە لەپی دەستتانەوە
شەو خۆی لە تەلی نازداوە لەناو لەپی دەستتان
ژیان دەلاوێنێتەوە و سەرنجی منداڵێکدەدا
سەرگەرمی یارییە بە گەرمایی ناوچەوانی کارمامزێکی سەمازانەوە
پیتەکانی ژیان لەناو لەپی دەستتان
عەوداڵی گەرمایی سەمان
دارماڵم لە شەوق و تاسەی سەما
زەردەخەنەی بادە و ئاوی خدر
دەتخەنەوە سەرتەختی ئەوەل تەمەنەوە
خودایە ئەوە چییە ڕوودەدات

## ٢

شاعیرە نامرادەکە مقەس لە چاوی مۆمدەدات و ماڵی خۆی گەرمدەکاتەوە
کە بەرەو گیرۆدەیی دڵ دێم
هەنگاو ڕێگا خەبەر دەکاتەوە و نیوەگیاندەبم
زاڵم بووم لەگەڵ ژان و برکێکی بێئاماندا بەرەو لات هاتم
دەبوایە لەگەڵ هەستە دەستەمۆکانی بادا دەستەوملبم
یان لەگەڵ ئاگری بەتین و کاتی ناسکی هێلکەترووکاندا پێشبڕکێبکەم
سێبەر خاڵ و پیتی مرۆڤی چاو و دڵڕوونە
بە دوایدا دێت و لەبەر خۆی چرا دەدۆزێتەوە
ئەوەی چرا لە ژیان بدۆزێتەوە
لە مردنیش دەیدۆزێتەوە
زەردەخەنە لە ڕوخساری چاو و دڵڕوون تیشکدەهاوێت
لە ڕێگای ژیان و مردن سەرگەردان نەماومەتەوە
پێم خستووەتە سەر ڕێگای بێداریی تەواو
لە ژیان ناسووتێم
لە مردنیش
لە هەردوو جیهاندا شادمانم
مەودای بینینی چاوی خۆم و تیشکی دوا چراشم ناسیوە
هەردووکیان هەر ئەشقن
ئەشقی بە حەفت شار و حەفت ئاسماندا گەڕاو
خۆ یەکتر نابینن و بەرانبەر یەکیش هەڵترووشکاون و ئامادەی ئامبازن
بۆ هەر شوێنێك چاوم ڕابهێنم
ئارام دەچم و باڵندەی خۆشباڵ هەڵدەدەمە ناو بای نەرمونیانی سەرپەڵە
باڵندە زەردەخەنەی زەوییە
سەرپەڵەش کچێنی زەوی دەڕوێنێ
لە ئارامیی گوێ لە خۆگرتن و گەرمایی دڵ بەر و سێبەرم

به تانه و تۆمەت و سەرزەنشت و ستایش
ناکەومە ڕنینی میوەی پێنەگەیشتووی هەڵە و لیتەی مێژووەوە
شادمانم بە هیواکانم و پشوودانی مانگ لە ئاوی بن کووپەدا

## ٣

ئەوە پێی من لە ڕێگاکان دەچێتە دەرەوە
زەوی لەبەر لاوازی هەموو پەراسووی دەژمێردرێن
ئاڵای شەکاوە نە بەرە نە سێبەرە
کراس گومانی مارە
ساڵی جارێك هەموو گومانەکانی فڕێدەدات
گومان فڕێدان
نانێکی گەرم و بۆنخۆشە
تەنووری ناخ
گوێی لە ئاواز و ئازاری دار ڕاگرتووە و برژاندوویەتی
ڕاهاتووم سەرنجم لەو شەقامانەدا وردبکەمەوە
ڕوخسارە بێگومانەکان پێیدا تێدەپەڕن
لەسەر نووکی پەنجەکانت دێیت
لە پشتەوە چاوم دەگریت و مژدەیەکی لەپڕیت
تێناپەڕیت و لەگەڵمدا دەمێنیتەوە و دەبینە سڵاوی خودا
ئەو بەختیارییە بە گومان ڕادەگەیەنین
ژیانمان بردەوە
ژیان وشەیەکی شەڕانی بوو
ئێمە هێمنمان کردەوە و تێر سەرنجماندا
لە میوەی مەیی و بای پێش پەڵە نیشتەجێبوو
وا خەریکە ئەزەل لە شوێنێکی چاوەڕواننەکراودا دەردەکەوێت

## ٤

شەرابێکم خواردووەتەوە دەستکردی دەستی خودامە
نازانم لە ترسی خودا و خۆشەویستی کێوە بچم
هەر لە بەند و داوم و بەرێگادا ماومەتەوە

## ٥

سوپاس بۆ ئەو متمانەیەی بێدەنگی بە منی داوە ڕێگاکانم تێدا بژی
تا مەستی ئەشق و توانەوە و جام پڕبوون
هەست بە خەیاڵم دەکات و پێمدەڵێت
تۆ لە چارەنووست دەگەڕێیت و جوامێری پەریی حەوت ئاسمانی وچانێکبدە
بێڕەنگ و دەنگدەبم
تا لە بیرم بچێتەوە لە چ ڕۆژێکدام
بێدەنگی بەهەشتی سێبووری و کتێبخانەیەکە هەر بەتامی سروود دەمێنێتەوە
من بەرێوەم بەبیرکردنەوەیدا ڕەتببم و بچمە ناوی
باڵندە لە شوێن پێیەکانم هێلکە دادەنێن
بەگەرمیی گەڕانەوەم هێلکەکانیان دەترووکێن
ئاخ مەودای چوون و گەڕانەوەم چەند کورتبوو
چاوانی پڕ نەکردم لە ڕەوینەوەی تەمی چاوەڕوانی و خەملینی چاو و برۆی پەرییانەوە
یەکەمین هاتن و دوا ڕۆیشتن
دیواری ماڵم بە هەناسەی جوانەمەرگان و ئەسپەشێی سندمشکێن گەرمبوو
سلاوی خودا بووە مێوانم
لەبەر هەتاوێکی نیمچە گەرمیش وەنەوز دەدەم
فریشتە لە ژوور سەرم باڵەفڕێیانە و خۆشحاڵم بە هاوڕێیانم و خواخوای بینینیانم

## ٦

شاعیره نامرادەکە بێئەوەی هیچ پرسیار و وەڵامێك
لە دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەینێ بزانیت
ژیانی خۆت بە نەوا و گەشەی دەنگ بڵێ
بەڵێن ناسینەوە کە دەرگای فریودراو دادەخا و
ڕازی هەڵدراوی دیاریی یاران و
بۆنی شەوبۆی حەوشەی خەڵوەتخانە و
گرشەگرشی بەردەباز کە لە دوێنێ و سبەینێ جیانابێتەوە
بەسەر یەکەم تیشك و دوا تیشك دابەشماندەکەن
لەوپەڕی ئاسوودەییشدا ئاگری مێوانداری خۆشدەکەن
شاعیره نامرادەکە بە ڕێگایەکی دوور دەگەڕێیتەوە بۆ ژیان
ژیان تەواوی ڕێگاکان بە تۆ دەدات و دەیکەیتە هیوا و دەگەیتە ئەوپەڕی
دوا ڕستەت لە سوپەری لەشکری پاشا بنووسە و مەچۆ بۆ هیچ شوێنێك
پیاڵەی شکۆ و شانازی ئەشق بەرزکەرەوە و مەزانە دەمری
لەشکری کلۆ بەردەپیرۆزە و شاخی کەڵەکێوی ناوچەوانی خانووەکانمانیان
بەتاڵان برد و هێرشیان پەرتبوو
نانی تاڵیشیان خوارد
ئاگر لە شاخە گەورەکانەوە چاوی دەترووکێت
خۆی لە ڕەنگی مەی هەڵدەکێشێت
پیتی نەمری دەکەوێتە دەفتەری بیرەوەری و ڕیشاڵی درەختی شێتێك
زەوی بە ئاواتەوەیە نەمر ئاگری لەسەر بکاتەوە
ئاگر بکەرەوە با زەوی دەوڵەمەندبێت و چارەنووسی بووژانەوەی بنووسێتەوە
چارەنووس نووسینەوە
جریوە و جووکەی باڵندەی خرۆشاوی بەر هەتاوە
لە مەیدانی جەنگدا تووشی چارەنووسی خۆی هاتووە

## ٧

گوێ لە ورتە و دروود دەگرم
ئەرێ پرسیار لە کوێ بکەم
ئایە بەمە دەزانیت
بەهەشت و دۆزەخ ڕکەبەرایەتی زۆری یەکدی دەکەن
شەپۆلیش کە خۆی بە تاشەبەرد دادەدات هەڵەی گێلانەی نییە
گوێی لە گۆرانی دڵتوندیی سروشت بووە
لەگەڵ گۆرانیدا پیاسەیەك دەكات و خێرا بەلاماندا تێدەپەڕێت
دوای جێپێ خۆشبوون و هەناسە وەرگرتنێك
کڵۆ بەفرێك لە ئاسمان دەپشکووێت
دڵی سووتاوی سروشت فێنکدەکاتەوە
سروشت بەو هەموو بارەیەوە
دڵی لەگەڵ خۆیدا دەگێڕێت
تا دڵگەرمی بگەیەنێت
چوومە ماڵی خودا بە بەهەشت و دۆزەخەوە
بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە ناخی خۆم
پەلەم نەکرد بە ئارامی لە دوای کارواندا ڕۆیشتم
گەڕامەوە ئەشق و ژیان و مردن و ناخی خۆم وەك ناولەپم ناسی
ناسین بۆ ئەوەیە لەناو ئەلبوومدا وێنەت هەبێت
شاعیرە نامرادەکەش دەبێتە چیا و تاهەتایە دەژی
سێبەر و هەتاوی دەبێت
ئێمە لەناو سێبەر و هەتاوی خۆی دەژێنێ و دڵخۆشدەبێت

## ٨

به درێژایی ژیانم ئاوی بن کووپەیەکم خواردەوە
مەیلی زۆرم دایە ڕوونیی ئاوەکە
بەرگەم نەگرت و هەردوو چاوم لەدەستدا
ڕووناکی داوای لێبووردنی نەکرد
ئای چاو لە ڕووناکیدا لە ئاوی ڕژاوی سەرجامی پڕ دەچێت
چەندیش بیر لەو دەزووە دەکەمەوە خوێنی ناوکمیان پێڕاگرت
مردوو ئاوی ڕوونی بن کووپە دەخواتەوە و چاوەڕوانی ناشتندەکات
مۆنالیزاش بزەیەکی بەند کردووە و ئازادی ناکات
دەکات و ناکات هەردوو چاوە لە دەستدراوەکەمە
نیشانەیەك لە کووپە و مۆنالیزا دەرکەوت
کەوتووەتە گەڕان و کۆچ و سۆراخی چاوم
چاو لە دڵدا سکاڵا و ڕووناکی دەچێنێت
ژیان لەگەڵ چێندراوەکاندا بەسەر دەبەم و ڕاسپاردەیان لە بیر ناکەم
لە بیرنەکردن ڕەنگی دڵە
شاعیرە نامرادەکە دوو باڵی خەمگینی هەبوو
ئاسمان باشی نەبینی
خامۆشانە بەرەو زەوی بووەوە
ویستی باوەش بە نیگا کەوتووەکانی بکات
نیگاکانی تاسەی شادین نەمریی دەدەن بە سەرەتای ئەشق و خۆشحاڵیی تەواو
ئەستێرەکانی بەهەشت دەبن بە کیژ و کوڕی
دەست لەسەر ناوچەوانی دادەنێن
لە شادیی نەمری حاڵی دەبێ و ئارامی ڕووتەختی پارێزراو ناشێوێنێت
هەتاویش بەسەر نووسینی کێلەکەی دەمێنێتەوە

## ٩

هەموومان بەرێگاکاندا دەڕۆین
بگەین یان نەگەین چ ڕوودەدات و شیر لەسەر چ جامێك دەڕژێت
جامی پڕ هەر ئەوەیە کە هەیە
حەوت پەردە لە چاوی پیس دەیپارێزن
شاعیرە نامرادەکە بە دیار گەرمایی دڵی دەمێنێتەوە
فاڵگرەوەکە بە هەردوو دەستی ڕانەگەیشت
تەنیا دەستێکی خوێندەوە
تاسە و خولیای چوونەوە سەر ڕێگا ڕایچڵەکاند
سێوی ئەفسانە بوو بە دوو کەرت
ئای خانەکانی گەدە چەند زوو دەگۆڕێن
پەنجەمۆریان هەریەك دوو ڕۆژ دەمێننەوە
شاعیرێکی نامراد لە قۆزاخە هاتە دەرێ
ئاوریشمی سەر لکی درەختەکانی حەوشەی کۆکردەوە
هەڵیدایە ناو هەتاوێکی هەڵنەهاتوو
پەرییە لە خەوماوەکان لەگەڵ ئەو پەپوولانەی
هێشتان تووشی مۆمی جەللاد نەهاتوون
دێن لە کەپری ناو بێستانەکانمان دەمێننەوە
بیر لە شێوە سەرەتاییەکان دەکەنەوە
سروشتیش هێشتان منداڵە و لەشی لەگەشەکردندایە

# ١٠

شەوقی ئەوپەڕی شكۆ لەو ڕێگایەدا نیشتووە
دەمگەیەنێتە فریشتەی خۆم لەسەر زەوی و چێژی پێگەیشتنی سێوی حەوا
ڕەنجێكیش لە ڕوخسارم نهێنییە و پێچ بە ڕۆحمدەدات
تەواو دڵنیام شاعیرە نامرادەكە دوای سڵاوی خودا لە ڕێگاكان دەگەڕێتەوە
دەچێتە ناو نیگا ئالوودەكانی
چێژی بووژانەوە و
ڕۆشنایی نزا و
گەرمایی بێباكی و
مشتومڕی گفتوگۆیەكی گوماناوییەوە
لەسەر كێلی ئەو شاعیرانەی بە دڵ دەیانناسێت
ئاگرێك دەكاتەوە و پێشكەكانی دەوروبەر دەكوژێت
ڕاسپاردەیەكی لە دەمی باپیریەوە وەرگرتووە
ئەوینی تاریك یان ژیانی زۆردار فەرمانی ڕاگەیاندووە
تا چنینی مافوورم تەواو نەبێت
بۆت نییە بمریت
ئای ئاگری هەناو چەند خوێنی پڕ شكۆ
لە ددانی دیكتاتۆر بووەتە ڕووبەری تابلۆیەك كە ڕەنگ تێیدا دڵتەنگە
وای ئاگری هەناو چەند خوێنی پڕ شكۆش
لە دڵی شاعیرە نامرادەكە پلدەدات و ناشزانێت ئادەم لە بەهەشت یان دۆزەخ شەڕی ژیان بەتاڵدەكات
هەر وا بمێنەرەوە و ڕازت مەدركێنە
ئێمە ئاوا دڵ و چاومان خۆشبیندەبێت و خۆشماندەوێیت
لە پێشوازیی خۆشەویستی خۆمان
بە بوتڵێك مەیەوە كە لە بەهەشت خۆشكراوە وەستاوین

تا ئەفسانە سەرسوڕهێنەرەکەی دەماندۆزێتەوە
هەر یەك کەس ئاگری دۆزییەوە و هەمیشەش لە کاتی پێویستیدا دەردەکەوێت

**کانوونی یەکەمی ٢٠١٤ هەولێر**

## له نوێژی ئەم بەیانییەمدا کەوتمە ناو شکۆی ئاگر و ئاوی سرووش و بەرزبوونەوە

دەمی گۆزەی پڕم شۆڕکردەوە ناو زەریا

زەریا مەی پێخۆش نەکرا

گۆزە و زەریا ئێمە پێکەوە لەبەر نازی نەرم و بۆنداری ئاشناییدا زۆر ڕۆیشتووین

من پیاوێکی بێ ڕێگام و پرچم هاتووەتەوە سەر ناوچەوانم

دەڵێی لە ئاگرەوە هاتووم

خۆ بدەنە بەر گەرمایی دەمودووم

کتێبی حاڵم زۆر داوە بە هاوەڵانم بیخوێننەوە

لە یەکەم خەڵوەتدام و سەرگەرمی ئەوەم شادبم بەوەی خۆشمدەوێ

خودای ناو تەورات

خودای ناو ئینجیل

خودای ناو قورئان

تەورات و ئینجیل و قورئان

داستانی خودایەکم بۆ دەگێڕنەوە لاولاو بە پەرژینی بەرز بکەمەوە

سێبەری پڕپڕە لە دڵی ترساو

گەشەی ڕۆح لە دوا خەڵوەتدام و ئەم خۆشویستراوەم بۆ ورد ناکرێتەوە

بولبولێك لە پاڵ گوڵێکدا دڕکی لەژێر پێیەکانی لاداوە

تاسەی خۆی بۆ هەڵدەداتە ئاسمان و پێیدەڵێت

تاسە سادەیە وەك دەستخستنە سەردڵی پەیامبەرێك

پەیامی وەرگرتبێ و لە چاوەڕوانی ڕاگەیاندندا مابێتەوە

یان بارینی ڕشێنەیەك لە هەورێکی تەنك و ڕووخۆشی یاڵی ئەسپ لە سەما و بردنەوەی پێشبڕکێدا

ئەرێ خودا لە شێوەی چیدا ئادەمی دروستکرد

چیشی بەخۆی چواند و وەك بۆنی خۆشیی خۆی هەڵیدایە ئاسمان

خۆر لە پشت سەرم ئاوابوو

بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەریش ڕۆژبەڕۆژ کورتتر دەبێتەوە

کەسێکی تەواو تووڕە و دەم تاڵ و تفتبووش

لەبەر دەرگای بەهەشت یان دۆزەخ دوودڵ نەوەستاوە

وەك تیشکێك بکەوێتە ناو چرایەکەوە

یان وەك بەردێك بەرببێتەوە ناو گۆمێکەوە

گوارەی گوێی درەختیش نەخشبەند و بێپایان دەلەرێتەوە

مرۆڤ بێدەنگ لە ئەستێرەی درەوشاوە ڕادەمێنێت و دەیەوێ شتێك بکا

بەڵام نازانێ چی بکات

ژیانی تاهەتایەشی نەدۆزییەوە

قۆزاخەیەکی خنکێنەریش پەپوولەیەکی پاراو بە سەما بەسەریدا نیشتووەتەوە

خودایە مەماندەرە دەستی کەس و بەزاری خۆت بانگمانبکە

دێمە دیداری ئاشنا و لە دڵم ورد دەبێتەوە

ڕێگا و ڕۆیشتن هەموو ئومێدیان تێدا کۆدەبێتەوە و لە سادەیی تاسەدا خۆدەدرکێنن

ئادەم چووەتە ناو کاتەوە بە گەرمایی پێگەیاندنی میوەدا دێت و دەچێت

**تەمووزی ٢٠١٥ هەولێر**

# تۆ بڵێی چوارڕیانەکان بژمێردرێن و بزانین ژمارەیان چەندە

مـن دژی تـۆ لـە چـوار لاوە چاویـان لەسـەر سـێرە بچـووك كردووەتـەوە مەبەسـتمە مـرۆڤ هەمیشـە مەسـتی و مەبەسـتێكی هەیـە ئـەو چوارڕیانـە ببـڕم و لە چـاوی مۆنی گوللـەدا لـە خـۆم بڕوانـم غەریـب نەبـم بـە خـۆم خۆشـحاڵیی شـەهیدنەبوویەك پێی لـە شـەقامی قەدەغەكـراو دانـا چـاوی ڕكهەڵگـری سـەر سـێرە تـا لێـواری تەقیـن پـڕ هەڕەشـە بـوو بچووكبـووەوە بچـووك تـا ژووری گلێنـەی پـەردەی دادرایـەوە كاتێـك پێڵـووی ڕقـی خاوبـووەوە مـن دەسـتم بـە دڵمـەوە گرتبـوو ڕەتببـووم ژیـان زۆر درێژ بـوو لەنـاو چوارڕیانـدا چـاوی ئـەو كاتـە چەنـد ڕوونبـوو خۆشـحاڵیی مـن هۆیـەك بـوو بـۆ ئـەوەی ڕوونبێـت چـاوی ئاوێنـەی مەرەكـەب پرشـنگ لـە چـاوی بـازی كێوان وەردەگرێـت و چلچـرای یاد دادەگیرسـێت

ئێستا چی دەكات

ڕابردوو چی كرد

ئەرێ دەبێ داهاتوو چی بكات

لـە سـەرەتای شـەوەوەش ئاوێنـە كوێـر دەبێـت بە دوو دەسـت لك و چڵەكانـی ناو تەمم لادا ڕۆحـم بـە موورتـك و بەلاڵووكـی پەرژینـی باخێـك هەڵواسـی خـۆر بەسـەریەوە پشـوویدەدا میوەكانـی گەییبـوون گوللـە لێیدەكشـێتەوە و هەڵدەبزڕكێـت مانـگ ئـاوا نابێـت لەنـاو ئـاودا دەخنكێـت كـە هەڵـدێ دەیـەوێ لەنـاو ئـاودا بمرێـت یـان بـەلادا بچێـت و سـروودی شـەوی ڕوون بـە ئـاوازی بـاو بچڕێـت ئەگـەر ئەسـتێرە سـڵاوی لێوەربگرنـەوە ئـەوە بـێ پـەروا لـە بێهوودەییـدا دەمرێـت ئەگـەر سـڵاوی لێوەرنەگرنـەوە نـاوی ئـەو بەردانـە لەبـەر دەكات كـە بـۆ كێـل دەتراشـێن ماچیدەكـەم و بەترسـەوە سـەیری دەوروبـەر ناكـەم و شـەش جـاری تـر ماچیدەكەم ڕوخسـارێك هەمیشـە دەمەوێ بیهێنمـەوە یـاد وەك ڕۆژی ڕوونـاك سـاكار و هێمنـە سـەیركە دەبینم مانـگ دەگۆڕێ مانـگ گۆڕانێكـی نهێنییـە لـە دەروونـی مـرۆڤ و ئـاژەڵ و باڵنـدە و پەلـەوەر و زینـدەوەر پاشـان سروشـت دەبێـت بزانیـت جەنگـی نهێنـی بكەیـن جەنگـی نهێنیـی مـرۆڤ و ئـاژەڵ و باڵنـدە و پەلـەوەر و زینـدەوەر و سروشـت ئاسـمان شـۆراوە بێنـەوای شـەوبا هێنـاو كرنـووش دەبـا ناوچەوانـی بـە ڕوونـی نـاو یاقـووت دەكات گـۆزە بەسـەر زەویـدا قڵـپ دەكاتـەوە و زەوی دەشـۆرێت ئاسـمان لـە زەویـی شـۆراو شـەرمدەكات كەڵەكێـوی گـۆزە بـە شـاخیانەوە هەڵدەگرن لـە ئاگـری دۆزەخ پڕیدەكـەن و بۆماندەهێننە خەڵوەتـی گـەرم خەڵوەتـگا سـەری بـە ئاگـری یەكەمیـن سـووتان داپۆشـراوە

چوارڕیان و شوێنی تر

گۆڕەپانی یاری و شوێنی تر

ناوەندی شار و شوێنی تر

ئێرە و شوێنانی تر و دۆزەخ و بەرزەك و بەهەشت و خەڵوەتگا بەین و نابەینێ هەوا دەگۆڕن و لەناكاو دەمرن کەڵەکێوی وەرە دەمەوێ دوای خەونبینینێك بتبینم ئەو پێیگوتم لە بیرم چوو حەوت خەولێکەوتووەکە یان حەوت تەزیوەکەی ناو ئەشکەوت هێشتان ئاهەنگی هەنگاویان نەگێڕاوە و گەرمیان نەبووەتەوە ڕەنگی تیشکی خۆر و هاوئاوازی مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندە و پەلەوەر و زیندەوەر و سروشتیان نەناسیوە من بە سێ پشت لە حەوت خەولێکەوتووەکە یان حەوت تەزیوەکەی ناو ئەشکەوت گەورەترم و ئاگری یەکەمین سووتان لێیداوم

ئەشکەوت هەمووی لەناو کۆتایی خەڵوەت و دەرگا داخستنی خۆیاندان لاپەڕەکانی کتێبی ئاسمان کپن لەمێژە دەرگا خۆشاوی سڵاو نانۆشێت خەونی پاراو لەمێژە لاپەڕەی حەوت ڕەنگی پڕبووەتەوە لەمێژە نامە ناخوێندرێتەوە لەمێژە گەنجینە بووەتە خۆڵەمێشێکی سارد لەمێژە نقێمی ئەنگوستیلە ئەفسوونی تێدا مردووە لەمێژە ماچی وەفا و ئاشتبوونەوە ساردبووەتەوە لەمێژە کاروانێك لەناو فنجانی قاوەگرەوەدا تووشی ڕێگربووە لەمێژە خەوتووەکان خەون بۆ یەکتر ناگێڕنەوە و بەخەونی خۆشی یەکتر دڵخۆشنین بە قووڵی چووینەتە ناو خەون و هەرچی خەونمان هەیە دەیخەینە سەر پشتی ئەسپ و بەرەڵڵای ناو گیای تەڕیدەکەین تا دەگاتە دوا سنووری خوانی خودا سوارچاکی سروشت دەیگرێتەوە و دەیهێنێتەوە دەرگای ماڵمان خۆشاوی سڵاوی دەنۆشێت و خۆشحاڵی دەنوێنێت کەربێك شەکربوو لە خوناوی هەواڵێکی خۆشدا توایەوە گیای تەڕ چرکەکانی مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندە و پەلەوەر و زیندەوەر و سروشت دەژمێرێت بولبول لە تەنیشت گوڵی پشکووتوو پەلوپۆ و پەڕوباڵی لە ئاوی پاك هەڵێناوە و چێژ لە پێ لەسەر عەرددانان وەردەگرێت نیگای ئاشنا و نیوە ئاشنای دەزووی مۆم خوێنی بەجۆش هێنام خوێنم جۆشا دەتوانم یەکپشوو بکەومەڕێ تا گوڵی نەرمونیانی فریاکەوێ چرپەیەك لەبەر گوێی پەپوولەی نیشتووەوەی بەردەمی ماری کلکسەردا بکات بچێتەوە لای چرای یەکەمین ڕووناکی و خۆرێکی گەرمی بەسەرەوە بێت خۆر یەکە و نابێتە دوو ئاگری یەکەمین ڕووناکی نەرمە باڵ ناسووتێنێت باڵ بۆ خۆی ڕازێکە خولێکی بە دەوری ئاگری یەکەمین ڕووناکیدا ماوە بچێتە دیدەنی کەسێك دڵی خەبەری داوە ئەستێرەیەکی نوێژکەر دەبێتە قەڵەمڕەنگی تابلۆی خۆرێکی نەوی دەکێشێ دەگاتە کاغەزی بەردەستی و ناگاتێ لە یەك کاتیشدا هەڵدێ و ئاواشدەبێت

**نیسانی ٢٠١٦ هەولێر**

# شەوی گۆڕینی ساڵ

درەخت و هەزار و یەك هێشووی ڕاز

ئاگر و هەزار و یەك پڕیشکی سەرکردوو

ماسیگرە و هەزار و یەك ڕووباری خرۆشاو

قۆزاخە و هەزار و یەك کرمی ئاوریشمینی لە تاریکیدا ڕاکردوو

نیشانەی شانازی و دیارییەکی بەسۆز دەبەم دەچمە ناو ڕەگی گەرم لەناو چڵ و پۆپ نزیك هێلانەی حاجی لەقلەقەکەی برادەرم هەناسە دەدەم دەمەوێ قەڵا و قوللەی ئەفسانە لەبەر چاوم بەلادا نەیێت دەشمەوێ دان بدەمەوە حاجی لەقلەقەکەم تفەنگ بە یارمەتیت لە کوێ ڕۆیکەم شوێنی ڕۆکردنی دان ماڵێکە دەستی یاری بەهەشت ڕایخستووە و چاوم بەسەریەوەیە لەو ماڵەدا خوداوەندانمان پێشوازییان لە ساتی چاوڕوانیکرد خۆری ساتی هاتن پەنجەرەی ئەو ماڵەی گەورەترکرد شەونم لەسەر گیای خەواڵوو دەمێنێتەوە تا دەبێتە دوا تەڕایی سەر لێوی ئەوانەی لەناو دڵی خۆیان ڕۆیشتن هەتاویان لێئاوابوو پێیان لە فەرهەنگ گیربوو لەمدیو و ئەمدیوی چیا ماومەتەوە نووحیش بەرزایی ڕزگاربوونی بۆ دانەناوم گەیشتووەتە ئێسکم داوابکەم خودایە ڕۆژێك پێش ڕۆژی دیارکراوی مردنم بمرم تا ڕۆژێك لە ژیانم بهێڵمەوە و ئاو و نانی ئەو ڕۆژەم بدەمە ئەسپێکی دڵ داخکراو بچێتە چەپۆکبازی و هەست پشکووتن ئاگر بەر نابێتە ڕۆژەکانی ڕاوی ئەستێرەیەکی ڕەفتار باش نۆبەرەی دایکە حەوابوو نۆبەرەی دایکە زەویش بوو بە دیڕێك پێیگوتم با برایەتیت لەگەڵ گۆڕم بە نهێنی بمێنێتەوە تا دێیت من نهێنییەکە ئاشکرا ناکەم ڕەنگە خۆت نهێنییەکان لەبیر بکەیت من بەبیرت دەهێنمەوە لەبیرکردن و بەبیرهێنانەوە بەتەك یەکدا دەمێننەوە هەتاو بەر ئارەقەی ناوچەوانیان دەکەوێت هەموو ساڵیادێك شەوی گۆڕینی ساڵ پەلکێك لە پەلکەزێڕینە بهێنە لە پشتێنی گۆڕەکەمی بسووڕێنەوە هەتا هەر حەفت ڕەنگ دەهێنیت بۆ من دەبێتە بەسەرهات و گێڕانەوە شوێن پاژنەی پێت دەبێتە جێگای ڕۆکردنی دان بۆ حاجی لەقلەقە نامرادەکەی برادەرم حاجی لەقلەق لە ناوقەدی قەڵا و قوللەی ئەفسانەدا هێلکەکانی شکاند من گۆڕی ئەوم نووح زێوانە و لافاوی لێ لادەدا گوڵێکم بە دەستەوەیە سۆز لە گۆنای کۆدەبێتەوە نامەوێ لەسەر گۆڕەکەی دانێم دەمەوێ بیدەمە دەستی گۆڕەکەی سەیوانێکی بەسەرەوەیە منیش لەناو کڵاوی گڵۆپێکی شەقام یاری غلۆرکردنەوەم بە سێوی ئادەم و زەنگوڵەی کەنیسە کرد سەختبوون و ترسی هەردووکیان لێکیاندا خوێن تەنیا لە بریندا شۆڕ دەبێتەوە تەنیاش لە بریندا شێوەی بریندار ناگۆڕێت خوێنی حاجی لەقلەقەکەی برادەرم لە ناولەپی ئێمەدا وشکبووەتەوە لە حەوت ئاسماندا ئەستێرەم هەبوون دەنگێکم بۆ هات هەر

وشـەیەکی ئاشـقی وشـەکەی دی بـوو    هەرچـی دیاریـی خـودا هەیە لە ڕۆحـی زەوی و ئاسـماندا   هەوێنـی مـاڵ و باخەوانـی بەهەشـت بەخشـیان بـە لێـوی بەسـتراوی پەرژین و بـاخ دەرگای مـاڵ یـەك نییـە دووە    ماڵـت لەباوەشـی خامۆشـییە و لـە بـەردە جـوان ڕیزکراوەکانـی دەوروبەریـم پرسـی    بـە دوای نیشـانە و حیکمەتـدا هاتـووم    شـار لـە ناوچەوانییـەوە دیـارە وا ماڵێکـی هێـدی هێـدی تاریـك دەبێـت    ڕۆحێـك ڕووی خـۆش و پـڕە    گـەورەی خـۆی بینیـوە و لـە دەرگایـەوە دەردەچێـت و پشـوودەدات    دوای چاوگێڕانێـك ئاوێکـی لێـڵ هەڕەشـەی کـرد و بەرزبـووەوە    لـە دەرگای مـاڵان چـووە ژووریٚ    تـەپ و تەمبـەڵ بـە قاڵدرمـەدا چوونـە سـەربان    مراوییـە پێپانەکانیـش پـیٚ لـە ئـاودەدەن و پـرژە هەڵـدەدەن    پاشـان دەچـن لەسـەر گـەڵای پانـی هەنجیـر باڵیـان دەوەشـێنن ژیـان تانوپۆیەکـی سـەیرە دەمانباتـەوە سـەر ڕێـگای مـردن    بـەڵام نامانهێنێتـەوە سـەر ڕێـگای ژیـان    ژیـان و مـردن بـە دەنگـی دڵنیـا بۆمـان پێدەکەنن و خۆشەویسـتی    و خۆشەویسـتمان پێشـاندەدەن    گەرمایـی ناوچەوانـم لەسـەر دووگورد جێمـا لـە نوێـژدا خۆشەویسـتی و خۆشەویسـتم نەبینـی    بـە تـەواوی ئارەزوومـەوە لەنـاو ئاوێکـی ڕوون بـە دوای سـێبەری مانـگ یـان تریفـە کەوتـم بیگـرم یـان بچمـە نـاو سـێبەری ماندووبـووم سـییەکانم داوایـان دەکـرد لـە قەفەسـی سـینگم بێنـە دەریٚ مانـگ بەزەیـی بەمنـدا هاتـەوە یـان کاتـی خۆی بـوو لـە چـواردەدا نەرگزیەتی بەرزبـووەوە وەسـتا    چوومـە نـاو سـێبەری و خۆشەویسـتی و خۆشەویسـتم ناسـی تریفـەش گوتـی بمگـرە و پەنجەکانـت لـە کەمـەری گۆشـتنم نقـووم بکـە    ڕێـگای ژیـان دەگاتـە فریـای ناڵـەی بـەردە سـەرەتاییەکان و بیرکردنـەوەی پێـش پرسـیارەکان    ڕێـگا ئـەی هاوڕێـی بێدەنگیـم بیـرت لـە دار و دەوەن و دڵخۆشـی دڵبەخـوداداوەکان کردووەتـەوە

هێلکە ترووکان

فڕێدانی دێوجامەی بەرچاوی باڵندە

گلەیی ئاوێنەی ماڵی چۆڵ

دەسـتدان لـە هـەوری نـزم بـە نیـازی پشـتی کەروێشـکێکی گۆشـتن حەیـف دڵـی ڕێبوارەکانـت بـۆ نەخوێندرایـەوە کـیٚ سـەیری کـیٚ دەکات    دەسـت لەنـاو دەسـت یـان دەسـت لەدەسـتیان بەردەیـت    لەبـەر ئـەوەی بەخشـندە بـووی وای لەبیـرت چـوو تریسـکەی چـاوی پشـیلە لـە دەمـی تاریکـی دیکتاتـۆر هێـزی گەشـەی وەرگرتووە بـەردەوام لـە ئـاژاوەدا گـەورە و گەرمدەبێـت    حاجـی لەقلەقیـش سـەری لـە دەمـی هێلانـەی دەردەهێنـیٚ و هەسـت ڕادەگرێـت

**ئایاری ٢٠١٦ هەولێر**

# شەڕەکەم تەواو دەکەم و دێم

دێم هاتنم ئاسانە بەڵام لە گەیشتنم دەترسێم سەر لە ئێوارە چاوانت ئارامی گرتبوو دەستی سۆزیشت لەناو ڕووناکی دیدەنی جاویدان پڕبوو لە ئاوریشمی ڕایەخراوی خورپەی گەرم تەواو خوماری باران بارین بووی هەور بە دڵتی زانی و دەستی لەسەر ناوچەوانت دانا ئاگری بەختی خۆت پەردەی قەڵا و کۆشکی کۆنی هەڵدایەوە دەموچاوت لە یەکەم نمەدا شووشت و ئەشق گەرمبوو هەواڵێك لە ئەشقدا خرۆشاوە ئەوانەی سەیری کاتژمێری دیوار دەکەن هەموویان کیژ و کوڕی کاتژمێرن بە شوێن کاتەوەن وەك کاتیش یەك لە دوای یەك بە دوای دیتنەوەی ئاگردان پرسیاری نەکوژانەوەی و خودا و نەمری دەکەن باڵندە هاتن بزەیان بە لێوەوەبوو لە پەنجەرەی ماڵی بیرەنگیی بێڕەنگم هێلکەی هەزار ئومێدیان دانا لە چاوەڕوانی چوونە ژوورەوەمدا دەترووکێن ئەو باڵانەی هێلکەیان لە بندا گەرمدەبێت خۆر لە تەنیشتیان دانیشتووە و دەیاننێت بە سینگییەوە خۆر لە ئاسماندا تەنیایە تەنیایی بێزاری ناکات و نیگای لەبەر پێیان زیاتر دەڕوا هەر کاتێکیش هەستیکرد یەکێك تەنیایە و تەنیایی بێزاری کردووە دێت لە تەنیشتی دادەنیشێت هێندە تێکەڵی دەبێت دەڵێی لەناو هێلکەی ترووکاودا ماڵیان هەیە دەبێت ناونیشانی ماڵیشیان لەو باڵندانە وەربگرین کە بە ئاسمانەوەن و قسەیان لە دەمدا نامرێت ئەو پرسیارە لە خۆمدەکەم قسە لە دەمدا نامرێت لە گوێدا خۆی دوا دەخا تۆ بڵێی خۆری تەنیا قسە بەناو تاریکیدا بسووڕێنێتەوە تاریکی سەری لەبەر خۆیە و ڕێگاش تاسەی بەیاندەدات ئاگری بە جۆشی ئەشقی خۆم هەڵکردووە هێزی ڕژانی ئەستێرە و شەرابی حەوت ساڵە هەواڵێك لە دوا قومدا خرۆشاوە هاتووم شەڕەکەم تەواو بکەم هەرچی هەمە لەبەر پێتی ڕۆکەم قەرزی خۆتی لێ هەڵگرە بەرەو ماڵی بیرەنگیی بێڕەنگ دەگەڕێمەوە بۆ ڕوخسارت عەوداڵبووم ئاگری بەختی خۆم یاربوو دۆزیمەوە دەمدەیتێ بۆ خۆمی ببەم ئاگری برووسکە نەمرەکانی پێخۆشبکەم برووسکە نەمرەکان لە دەستی فریشتەدا کەوتوونەتە خوارەوە فریشتە لە ڕووناکیی چرای خۆیدا دەژی چرای ئەم چوار ڕەنگە نابێتە پەلکەزێڕینە با دایگرین و بەروانکەی منداڵان هەڵبدەین سێبەری نان و ئاو و دەستگرتنی گەرمە با قسە لە گوێدا خۆی دوا نەخات ڕووناکی لەبەردەم پەنجەرەوە دەوەستێندرێ و نایەتە ژوورەوە وەك نەخۆشێکی نزیك لە مردن خرەخرێ سینگیدێ و باوێشکدەدا دێم هاتنم ئاسانە بەڵام لە گەیشتنم دەترسێم

**حوزەیرانی ۲۰۱٦ هەولێر**

# وەرە بەدوامدا لەم زەریایە جۆگەلەیەک هەڵبگرین

**1964/6/20** لاولاوی سپی بەدەوری سەبەتەی مەلۆتکە لەسەر داندراودا سەری هەڵهێنا

ڕسکانی گیان لە هەرەمی پاشای حەفت وڵاتان

بە جۆگەلە و جۆلانە و زار و نزارتر

ژان لە پشتی بابە ئادەم شکا و گەرد بەگەردی خۆڵی ماچکرد

وەك ڕووباریش بەم دەشتە پان و بەرینەدا سووڕایەوە

دایە حەوا کتوپڕ لە ناوەڕاستی ڕووباردا وەستا و ئاگرێکی ئەفسانەیی کردەوە

پەڕەسێلکەش ئاوی شەوی بن کووپەی ماڵی منی

بردەوە گۆزە و جامی خوداوەندان و ڕۆشنبوونەوەی ئەشق

بۆسە لەسەر زەمین شکا و ئاو لە ئاگر دوورکەوتەوە

شیلەش لە درەختی دووبەهار ڕژا زەوی لێی بەهرەمەندبوو

ناوکبڕینی نواڵە بوو بە پەڕەمووچی هەزار و یەك ڕۆشنایی و کتێبی تەواونەکراوی لێوبەبارەکان

بە ئومێدەوە خوێندمەوە

نوێژکەرانیش دەستە و ڕست دەیانخوێند

گەیشتنە تات و حەوزی دەستنوێژگرتن و بەڕێکەوتنەوە

ئەو شوێنەی لێی هەڵەنین و ئاو لە ئاگری دوورکەوتووەتەوە

دایە حەوا لە نزیك دارسێو لە جیهان خۆشبوو

واخۆی دەنوێنێ کە هیچی نەبینیوە و نەبیستووە

فرمێسك و بزە ئاسوودە بوون و دڵباشییان نیشاندا

زەوی مردووش ژیایەوە

نەیی دڵتاساویش وەك مردووی حەفت ڕۆژە دەم وشك

دەستی بە هالآوی یەکەم ئەشقم خستە ناو دەستی بابە ئادەم و چوومە ڕێگای چیا و بیابان درەنگ گەیشتم چیا و بیابان نووسیمیان و سرپیشمیانەوە خاڵێکم لە ڕوخساری خڕ و ڕوومەتی سووری سێودا مایەوە سووتانی دووبارەکردنەوە ئەو

شـوێنە بەزایەڵـە کەوتووەیـە لێـوەی بەرێدەکەومـەوە   لەگەڵیـدا مۆمـم گریانـد   مـۆم خزمەتـی مەرگـی خۆیـدەکات   مەرگـی مـۆم پیـرۆزە و هاوارێکـی نـەدرکاوە   لە هەموو برینێکـدا خوێنـم و دڵۆپـە ڕژاوەکان بـە هـاوار دەسـپێرم   هـاوار شـەرابی حـەوت گۆزەی لێهەڵدەقوڵـێ   بـەران لـە شـەوی قوربانیـدا قـۆچ لـە مەشـخەڵدەدا و چـاوی لای چەقـۆ دەنووقێنـێ   شـێوەیەك لـە نێـوان ڕۆبـۆت و ئادەمیـدا بۆنوبەرامەیەکـی تـەڕ بڵاودەکاتـەوە سـێبەری شەمشـەمەکوێرە و هەڵـۆش بەسـەر شـاردا دێن و دەچـن   دەیانەوێ بیانناسـم هـەوای پـاك لـە باخچەیەکـی زسـتانە ونبـوو   نەمتوانـی پەیوەنـدی بـە ڕوخسـار و شـوێنەکانەوە بکـەم   نەشـمتوانی پەیوەندیـم لەگـەڵ ڕوخسـار و شـوێنەکان بپچڕێنـم بەشـێك لـە ڕوخسـار و شـوێن بێدەنگـە   چـاوی سـێبووریم بەمـلا و ئـەولادا گێـڕا ڕوخسـار و شـوێنەکان ڕوویـان لێوەرنەگێـڕام ئەسـپیش بۆنـی تـاژی کرد و چووە مەشـقی ڕاو   لـە مەشـق و کەڕەنـای جەنـگ ڕەوییـەوە و دەسـتی بـە هـاڵاوی یەکـەم ڕاوی لـە دەسـتی مەیتـەرەوان ڕاپسـکاند   مامزێـك لـە بەردەمـی تـاژی ڕایدەکـرد و دوو باڵنـدەی خۆشـبێژیش بـە شـاخیەوە بـوون   ڕۆژێکـی کـورت چـاو پـڕ ناکاتـەوە و ناشـتوانێت دڵ هێـور بکاتـەوە پاشـماوەی کۆتاییهاتنـی چیرۆکەکـەش دەسـووتێت   باڵندەیـەك لەسـەر ئـاوی بـن کووپـەی ماڵـی منـدا هەڵفـڕی و پەڕەکانی لـە دەموچاومـدا   مانـگ دەرکەوت و زەینـی ئەسـتێرەکانی خوێنـدەوە   درەختـی ئـادەم و حـەوا و بابەنوئێـل پەرچەمـی سـەرچاویان لادەدەن و لـە ناخـدا دادەگیرسـێن   ئـادەم و حـەواش لـەوە گەیشـتن پێـش ئـەوان خەڵکانێکـی زۆر مـردوون   بـەڵام بەخیلـن   گۆرانییـان بـۆ ئـەوان نییـە و ناویشـیان بـە کـەس ناڵێـن

**حوزەیرانی ٢٠١٦ هەولێر**

## لە ئاستانەی فریودا دێمە خوارێ

تاسە دایگیرساندووم و شوێنپێی یار دەمبا تا تەماشای شوێنی پەیامهاتن بکەم
پێی یەکەمم لەسەر ژیان
زوو زوو ڕەنگی دەگۆڕێ و ئەشقیش دەستپێدەکاتەوە
بەڵام نازانێ لە چی و بە چی دەستپێدەکاتەوە
سەرەتای هەبوو
کۆتایی دەبێ یان نا نازانم
سەر دەهەژێنم و چاوەڕواندەبم
پێی دووەمم لەسەر مردن
هەزار و یەك پەیژەی نامۆ و بێناونیشانت لە پێشدادەنێ
بەر لەوەی سەربکەوی ئاماژەیە بۆ هەرەس و کۆتایی
پێی سێیەمم لەسەر ناوچەوانی پڕ هەستی چاوەڕوانی
هێند لەسەر بەرماڵی ئەستێرە بەسەرداڕژاودا
بە دەوری مۆمی حەوت جار داگیرساو و خۆری ماتی بەیانییان سووڕامەوە
سەرم سووڕا و سەرم بە ناولەپی جوانێکی بێڕوخسارداکرد
هەقیقەت وەك چەقۆی بەجێماوی دوای کوشتنێك
هەردوو دیوی فریومان دەدا و زەنگێکی بەهێز لە شوێنی پەیامهاتن لێیدا
سەری گۆزەی داگیرسانیش هەڵدراوەتەوە

**حوزەیرانی ٢٠١٦ هەولێر**

# لە بەرزەخ بەرەو ماڵی خۆم دەبمەوە

بەو ئاگرە دەسووتێم
کە لە بینینی دەترسێم
هێشتان هیچ ئاگردانێکیش بەتاڵ نەبووە
شکۆ و شانازیی من ئاگرێکی ڕوومەتکراوەیە لەناو باخێکی میوەدا
لە ڕازی ڕاماوم و شانەکانی دڵیم خانە خانە گواستووەتەوە لەشم
بەرەو ماڵی خۆمم دەباتەوە و مووچڕکی گەرمم پێدادێ
لە سووتاندا دەمامك و پەردە نییە و هیچ شتێکیش ناشاردرێتەوە
سووتان قووڵایی هەزار چاو و نوێژی یەکەمە
ڕێگای هاتن و ڕۆیشتن دەزانێت
پێڵاوی لە لۆکەی یەکەم بەری کێڵگەیە
هات و ترپە و تەپەم گوێ لێنەبوو
کە ڕۆیشت بە چاومدا هاتەخوارێ
چووە ڕیشاڵی ڕووناکییەکی خاکییەوە و زەوی ترووکا
دڵیش یەکەمین دەفی لێدانی خۆی لێدا و باڵی ڕسکا
ئەستێرە لە فڕینێکی ڕوون بەسەر باڵدا ڕژا

**تەممووزی ٢٠١٦ هەولێر**

# جارێکیان بەڕێگای ناوچەواندا ڕۆیشتم

لـەو چۆڵاییـیـەی تەنیـا ڕەگـی درەخـت لەنـاو خـۆڵ ی بەهێـزدا ئارامـی گرتـووە   بەبـێ ڕاسـپاردە و وەسـیـەت دەمـرم   سـەرم لەنـاو شـکۆی تەشـتێك ئـاو کـە بـە منداڵـی تێیـدا دەشـۆرام دەحەسـێنمەوە   ئاگـر داوات لێدەکـەم ڕاسـپاردە و وەسـیەتم بنووسـی بەخشـراوێك بـووم بـە ئاگـری دڵ و ناوچەوانـم بـۆ بـا کردبـووەوە هێنـد گەورەبـووم چـاوی چاودێرەکانـم داپۆشـت   بـا لەسـەر بـرۆی لالـە مەسـت و پیاڵـە لەدەسـت دڵـی گەرمدەبێـت و هـەر لەخـۆوە دەبێتـە بـای پاڵـە و لـە کێڵگەکانمـان دەمێنێتـەوە   ڕەگـی نـاو خۆڵـی بەهێـز ڕۆشـنایی گەشـە بەنـاو خۆیـدا دەگێـڕێ   دڵ ڕێـدەکات و دەچێتـە نـاو جیلـوەی ڕوخسـاری خـۆڵ و ئـاو و ئاگـر و بـا   جیلـوەی چـوار ڕوخسـار زۆر نییـە   کەمیـش نییـە   مانـەوەش لەناویـان شـتێکی گـران نییـە   چۆنـم بیرکـردەوە گەشـتەکەم وابـوو   لـە چیـای پارێـزراودا دڵ پێـش ڕووکار هاتـە لام   ئامـان بـەلای جیلـوەی ڕوخسـاردا بـڕۆ دەگـەی بـە نەرمایـی دڵ و دەپشـکوێی   وا لـە ئەسـتێرەکان دەکەیـت بەسـەر ڕوخسـارەکاندا بڵاوببنـەوە   کێـو جەسـتەی یـاری بێڕەنگـە ناتوانـم گـوێ لـە ئـاواز و دەنگـی نـاو کێـو نەگـرم کـە لـە ئاشـناترین بریـن دەدوێ و پرسـیاری یەکەمیـن جێـگا دەکات

**ئابی ٢٠١٦ هەولێر**

# تێکەڵبوونی ئاو و ئاگر

تەنیا منداڵانی ڕاز و ناڵە شەرحکراو دەزانن باڵندەی مەلەوان لەناو قەفەس یان لەناو ئاو و ئاسمان دەنگی زوڵاڵ و خۆشگۆترە و دەڵێت تۆ پێشکەوە و ئومێد دەبینێت قەفەسەوانیش باوەشێنەی دەور دووراو لەدەست هەڵدەسوورێنێت و بای سەرباڵی باڵندە بۆ خۆ فێنککردنەوە دەدزێت یەکەمین هێلانە یەکەمین بەرزبوونەوە بۆ فڕین ڕەگی دەفژەنی و دەستخستنە سەردڵی شەوی بەرات و کپیی زەوییە مانگ هێلانەی باڵندەیە هەموو شەوێ هێلکەی دەترووکێ و ئەستێرە بەرزدەبنەوە لە ماوەی بەرزبوونەوەیان ئاو و ئاگر تێکەڵدەبن شای زەمین لاسایی یەکەمین بەرزبوونەوەی باڵندەی کردەوە و کەوت گیانێکی هاری تێدا ڕسکا و بووە قەفەسەوان ڕووناکی لەناوەوەی لە دەوروبەری تێپەڕ ناکات و چرایەکیشی لەبەردەمی قەفەس پێداناگیرسێ بەناو گۆڕستاندا بڕۆ تریفەی مانگت لێدەدا

مانگ دەتوانێت بە برا بچووکی خۆیم بزانێ و دامگیرسێنێت دەروێشێکی دەست بە دەف گەرمم و ترس لە باڵی باڵندەدا ڕاودەنێم تا هەمیشە هەر لە ئاسماندا بمێنێتەوە ئەرێ تۆ لەکوێ چاوەڕێمدەکەی ئەی خودا لەتۆ جوانتر قەت نەبووە

**ئەیلوولی ٢٠١٦ هەولێر**

# ڕێگا هێشوویەک تریێ بوو
# هەمووومان شەرابیمان خواردەوە

هێشــتان ســینگی زەوی گەرمــە و ناوچــەوان و ڕوخســاری پــڕن لــە ئاگــر لــە درەنگانــی شــەودا ئاگــر ئەفســوونێکی تاقانــە و ئەشــقی بەخشــین دەداتــە ئەلبوومــی ڕێبــەری شــار مۆتەکــەش لەنــاو قەفقەفــی مــار قاچەکانــی گەرمکــردووە و دەریــدەکات خوداوەنــد بــە پرچــە ســپی و درێژەکەیــەوە بەناویــدا تێدەپــەڕێ و دێتــە شــەقامی شــاری خرۆشــان ڕێبــواران وەك جلــی ســەرتەناف لەناویــدا دەجوولێنــەوە وای دابنێیــن لەگــەڵ ئــەودا هەمــوو زەوی وا خەریکــە بێتــە ســەر دەســتی ســروەیەك پێوەیە پــەردەکان لادەدا شــوێنپێیەکانی لــە شــەقامە گشــتییەکەدا سڕایەوە شــوێنێك لــە دڵــدا هەیــە کــە هەرگیــز پڕنابێتــەوە پێیەکانــی لەناویــدا جێهێشــت و ڕۆیــی ئــەو بــووە ڕووناکــی و مــردن مایــەوە ڕێــگا بــێ مەترســییەکانم بــە ســەرنج و نیگایــەوە لەگەڵــدا ببــڕێ باڵــی لــە خەونێکــدا کردووەتــەوە لەســەرم دەگەڕێــت بەســەریدا بنیشــێتەوە دەشــێ نیشــتنەوە ئاســوودەمبکات باڵندەیەکــی ڕووگــەرم پەڕێکــی لــێ هەڵوەریوە لــەو ناوەدا دەســووڕێتەوە زەینــی مانــدووە دەیبەمــەوە ســەر زەینــی خــۆی دەچێتــە ســەر ئاوێکــی بــە شــەختە بەندکــراو بیــر لــە گەرمایــی چــاوی ئەوانــە دەکاتــەوە کۆچیــان کــردووە لــە دڵێدایــە بچێتــە ســەردانی گۆڕســتان ئاســوودەی بــکات درەختێــك نــاوی لەنــاو دارســتان نییــە و لــە پیتەکانــی نــاوی خۆیــدا ڕواوە یــان لــە پیتەکانــی نــاوی خۆیــدا لەدایکبــووە و خــۆی خۆشــدەوێ و ڕەگــی لــە هەناســەی جەنــگ و کــۆچ لادەدا و خــۆی گەرمدەکاتــەوە چەشــنی باڵنــدە و هــەور حــەزی لــە کۆچــە و لەســەر ئاگــر پێکدەگــەن لــە شــەوی هەڵواســینی چــرا بــە پرچــی ســپی و درێــژی خوداوەنــدەوە دەرکەوتنــی ئەســتێرەیەك گــوڵاوی لــە گوڵــی تــەڕی زســتان بــۆ دەگوشــێت ڕووەك لــە گــوڵاودا دووجــار لەدایکدەبێــت و تەڵــەی مــەرگ دەتەقێنێتــەوە پەرژینێــك بــە دەوری گوڵــی گــوڵاو لێچــۆڕاودا دەکێشــێت یــان تۆڕێــك لــە کەشــی دووجــار لەدایکبــوو دەچنێــت ڕابــردوو و ئێســتا هەریەکەیــان بزەیەکــی تــاڵ و تاریکیــان بــۆ بەرێکردنــی ئــەوی دیکــرد و کەوانەیان بەکراوەیــی جێهێشــت هەردووکیشــیان دەمــی درۆبێژیــان ناکەوێتــەوە ســەر یــەك ئــەو ئەمــی بــە تەرمێکــی نەنێــژراو زانــی و ئەمیــش ئــەوی بــە دەروێشــێکی دەســتبەتاڵ پــڕ بەپــێ لــەم ئــاوازە تووڕەیــە ڕادەکــەم هــەژاری دەســتی بــەرداوم دەتوانــم بچمــە ئــەو شــەقامانەی کــۆگای گــەورە و کتێبخانــەی دەوڵەمەنــد و دووکانــی بۆنفرۆشــی لێیــە پێم ناوەتــە ڕێگایەکــی بێگەڕانــەوە لــە دۆزینــەوەی ڕێــگای گەڕانــەوەش دەگەڕێــم نێــوان گەڕانــەوە و نەگەڕانــەوە ڕێگایەکــی وێــران و پێچــراوە نییــە و هێڵــی نادیــار و تەنکــی ژیاندەکێشــێت ئەوانــەی بەنــاو هێڵــی نادیــار و تەنکــدا ڕەتبــوون خۆشــاوی میــوە

دەخۆنــەوە و پاشــماوەیەکی کــەم بێــرەدا دێنــەوە ژیــان گۆشــەیەکی بچــووك نییــە و لــە بێدەنگیــدا نامێنێتــەوە   کرێکارانــی شــارەوانی چەتــری چــرای شــەقامەکان دەســڕنەوە گــۆزەی هەنگویــن دێتــە ســەرڕێی کارپاکییــان ئەوەنــدە ناخــۆن بێزاربــن و هێڵنــج بدەنەوە خۆشــخۆش بــەو شــەقامانەدا تێدەپــەڕن داریــان بەســەر بــەردەوە نەمــاوە   لــە دواییــن ســاتەکانی مانەوەیــان لــە شــەقامەکاندا بــە دەستکێشــی باخەوانییــەوە دار لەســەر بــەرد دادەنێنــەوە   بۆنــی خۆشــی شــوێنپێ بڵاودەبێتــەوە   کەڵەبــاب وێنــەی هەمــوو بەیانیانی لــە زەینیــدا کێشــاوە و ملیشــی لەســەر زەوییەکــی نــەرم ڕاگرتــووە چەقــۆش لەســەر ملــی مــردووە نائومێدیــی بــۆ ڕیشــاڵی دڵ درێژنابێتــەوە   شەکرشــکێن بەســەرهاتی بــۆ شــار دروســتکردەوە و ســواران چوونــەوە نــاو چــرا داگیرســاوەکان و ترووســکەی چــاوی کەمتیــار و مۆرانــە و قرنــە و کەرکەدەنیــان تێــدا دەتوێتــەوە و لــە تاریکیــی خۆیانــدا جێیــان دەهێڵێــت   گوڵاوەکــەی لــە گوڵەکــەدا چــۆڕا چــی بەســەرهات   ئەســتێرەکە لــە خۆیــدا و چــووە نــاو باخچەیەکــی بەئــاگا   کارپاکیــی گوشــین و پاڵاوتنــی بــۆ گێڕانــەوە   گوڵــەکان چۆنیەتــی ئاوخواردنــەوەی خۆیانیــان نەدرکانــد   بەبۆنــەی ئــەم نەدرکاندنــەوە ســینگی زەوی هێشــتان گەرمــە و باڵنــدە حەزدەکــەن بۆ بەرزبوونــەوە بچنە نــاوی و ســەریان بــە ســینگی گەرمکەنــەوە   ئــەی باڵنــدەی بەرزبوونــەوە باڵــت لــە خەونێکــدا کردووەتــەوە لەســەرم دەگەڕێــت بەســەریدا بنیشــیتەوە و جەژنی نیشــتنەوەت ڕێکخســتووە دەشــێ نیشــتنەوە ئاســوودەتبکات و دەســت لــە قووڵایــی دڵــت بدەیتــەوە مــن دڵــم بــۆ نــازی هــەوا لەســەر باڵــەکان دەگەڕێنمــەوە   هەموومــان دەچینــە ڕێــگای نێــوان گەڕانــەوە و نەگەڕانــەوە هــەوای نــازداری ســەر باڵــەکان لێمانــدەدات و شــەرابی بەختەوەریــی دەخۆینــەوە لــە پیتەکانــی نــاوی خۆشــماندا لەدایکدەبینــەوە   ڕێــگا بــە بۆنــی خۆشــی شــوێنپێی ڕێبوارەکانی سەرخۆشــە و ڕێبــواران لە بێئاگاییەکــی درێژخایەن بێداردەکاتــەوە   دووبــارە خۆمانمــان خۆشــدەوێتەوە خۆخۆشویســتنمان دەبێتــە چیــرۆك و گوێــی لێدەگریــن   پــاش ڕەگ کۆکردنــەوە و ئاگــردان گەرمکردنــەوە بــە باڵــی تــەڕی باڵنــدە و هــەور لــە ئاســمان دەمێنینــەوە   ژیــان هەیــە و دڵ هیــی خــودا   ڕێ دەهێنمــەوە ســەر هێشــوویەك تــرێ کــە هێشــتان تەماشــای ڕەگەکانــی خــۆی و بــزە بــۆ گەرمــی ســینگی زەوی دەکات و نەخراوەتــە کووپــەوە   بەســەد چــاو دەگــری و بەدووســەد دەمیــش پێدەکەنــێ   لاپەڕەیەکــی ســپی بــە دەســتەوەیە بۆ ئەفســوونی تاقانە و ئەشــقی بەخشــین

**کانوونی یەکەمی ٢٠١٦ هەولێر**

# ناوی پێشتری زەویم نەدەزانی
# ئەمڕۆ ناو و شتی زۆرتریم زانی

بەکێوکەوتــوو لەســەر ئەســپی چەتەیــی نەکــەوت    خــۆی چەکــی شــانی دانــا و لــە چیاکانــەوە بــۆ نــاو مەلەوانــگای شــار هاتەخــوارێ    یــادەوەری بیرکەوتــەوە و بوێریــی ئــەوەی کــرد قســە لەگــەڵ خۆیــدا بــکات و خەونــی بــە خــۆوە بینیــوی لێکبداتــەوە لەبــەر هیــچ نــا تەنیــا لەبەرئــەوەی ویســتی ئەســپ و ئۆتۆمبێــل و کەپــر و کۆشــك و ڕێــگای تــووش و شــەقامی ئــارام و پەنجــەرە و ئاســۆ    ئــەوەی دوێنــێ لێــی نەدەزانیــن ئەمــڕۆ لێیــان بزانــێ ئــاوازی زۆریشــی لەبــارەی بەلەمــی کاغەزیــن و کەشــتیی نــووح و ڕووبــاری تەنــك و لافــاو کــردە بەیــت و داســتان و خوێــی نــان    تۆپەڵێــك بەفــری چیــای هێنــا و لەســەر بــەردی شــەقامەکان تواندییــەوە    ویســتی شــەقام بــە ڕوخســاری شــۆڕاوی بەیانیانــی ببینــێ و توانــای خــۆی ببەخشــێ    چیــاکان کەســیان تێــدا نەمێنێت دەمــرن بــاش لــە دەشــتایی ناچێتــە دەرەوە    زەوی وەك منداڵــی تێــر شــیر و خــەو لــە باوەشــی چەکوشــێکی ئاگرینــدا نوســتووە و مێشــی چەتــوون لــە برینەکانــی دەردەکات و بــە ڕێکخســتنە ســاکارەکەیەوە دەمێنێتــەوە    پێــش ئــەوەی مــردوو بمرێــت و شــوێنێك هەبێــت بــۆ ناشــتن زەوی نــاوی پەلکەزێڕینــە بــوو    بــۆ کردنــەوەی دەرگا کلیــل لــە قفڵــدا دەســووڕێ    چیــاکان ڕووناك بوونــەوە و ســوارەکان لــە دەمــی ئاســۆ هاتنەخــوارەوە ئاســمان داگیرســا و دەچینــە ناویــەوە    ئێمــە هەیــن وەك ئەســتێرە و بوێریشــین وەك بەیەکگەیشــتنی ڕەنگەکانــی پەلکەزێڕینــە    ناوکــی پشــکۆ ڕەنگــی لە ڕەنگــی پەلکەزێڕینە ماتتــرە    ئاوێکــی پێیــە پێشــتر نەمانخواردووەتــەوە    لەگــەڵ خۆمــان دەیبەینــە نــاو دیمەنــە نوێیەکانــی سروشــت و بــە تەنیشــت بەرەکانــی شــەڕ ڕەتدەبیــن    ئــەوەی دوێنێ لێمــان نەدەزانــی ئەمــڕۆ لێــی بزانیــن

**کانوونی دووەمی ٢٠١٧ هەولێر**

# ئەو سێوە ساردەم لە ئادەم وەرگرت

دوای خوێندنـەوەی دەسـت و خەتـم و بیرکردنـەوە لـەوەی لـە گۆڕسـتانی گوندێکـی دەشـتایی بەخاکـم بسـپێرن خـۆم ڕاهێنـاوە بچمـە پیاسـە و گفتوگـۆی چـاو لەگـەڵ کەژاوەکانـی شـەقام گەرمکـەم و هیـواکان وەك سـێو بـە تەنافـی ڕێگاکانەوە کـراون مەیان لێـدەڕژێ گەواڵەیـەك زەوی خـۆی نەدواندبوو بەسـەر بێشـەرمیی خۆیـدا ڕژا دەماری گرتـم وەختبـوو دەمارەکانـم لەنـاو جەسـتەم بێنـە دەرەوە و دەروونـم بـە تووڕەیـی بمێنێتـەوە نیشـتیمان دایەگـەورە سـنوورەکانت فریـودەرن دڵـی گەرمـی بەیـان و چـاوی ڕۆشـن دەبەخشـنە چەتـە بـازوو بـادراوەکان جەسـتەش لەنـاو درەختەکانـە تەمبەڵـی پاشـەکەوتدەکات دەتوانـن وەرزێـك بـۆ خۆیان هەڵبژێرن و سـەری گەنجینەی تێـدا هەڵدەنـەوە ئـەم جەسـتە پڕخوێـن و بریـن و دەمـار هەڵکێشـراوە چەنـد بەرگـەی ئـەم جۆگـە لێهەڵگرتنـە دەگرێـت دەسـت و خەتـی نیشـتیمانیان هێنـاوە پێـش خـۆی و لـە هەمـوو شـتێك گەیشـت بـە تووڕەییـەوە ئێمـەی لـە باوەشـی خـۆی فڕێـدا و سـەرمان بـەو بـەردە کـەوت کـە گـڕکان لـە قووڵاییەکانـی زەوی هەڵیدابـووە دەرێ هـەوا تاریکدابـێ چـاو هەمـوو شـتێك دەبینـێ خـۆر ناتوانێـت هەڵبـێ بارێکـی گرانـی لەسـەر شـانە لاولاوی لـە ڕەگـەوە قرتێنـدراو زوو بـەلادادێ لەنـاو بێستانیشـدا تەڵـە بـۆ کەروێشـك لەتـرازە و داربەڕوویەکـی گـەورەش لـە پشـت لانـەی هەیـە بـە بـای باڵـی ئـەو باڵندانـە دەلەرێتـەوە بەسـەری دەنیشـنەوە باڵـدە نەخشـەی زەوییـان کێشـا و دایانمەزرانـد منیـان لەبـەردەم ئاگـر و جەنگـدا بـێ پەنـا جێهێشـت و چوونـەوە ئاسـمان گوتیـان هاتیـن و دەڕۆیـن دیسـان دێتـەوە وەك ئـەوەی موگناتیسـێك لـە پشـتی کاغەزێکـدا بجووڵێنیـت ئـاوا منیـان لـە زەویـدا جووڵانـد لە دەسـتی چەپـم ئادەم و حـەوا لـە پێـش دەرگای ئـەم کووخـە ڕاوەسـتاون کـە بـۆی فڕێـدراون تەماشـای ئـەو هەورانـە دەکـەن بـە ڕوونـی تێدەپـەڕن و دەڵێـن لکەکانـی دارسـێو سـاردە وەك دەسـت و قاچـی مـردوو

**شوباتی ٢٠١٧ هەولێر**

# لە ئێستای ئەم دەستنوێژگرتنەدا کەروێشک وشەیەکی گوت

لە دەمی جۆگەیەکدا دەستنوێژم دەشووشت

هەتاویش لەپشت هەور خۆی دواخستبوو

لە ئێوارەی نزیکدەکردمەوە و هێڵێکی ترسناك دەکەوێتە ناوچەوانی سروشت

کەروێشکێکی تۆقیو لە بناردا هاتەخوارێ

هیچ لە خوداوەندەکان گوێی لە هاواری نەببوو

ناوچەوانی گەرمی بە دەستی تەڕم وەنا و برین لە قووڵاییە

چاوی هەڵێنا و بە چاو داوایکرد

لە پێشەنگای کەلەپووردا تەماشای کەوڵ بکە و هیچم لێمەپرسە

سوارێك پڕیشکی شووم لە ناڵی ئەسپەکەی هەڵدەستا و هەڕەشە بوو

چاویشی لە شانەی کلاشینکۆف داڕێژرابوو

خۆی هەڵیبژاردبوو

لێرە لە شوێنی دەستنوێژشووشتن و دەشتودەری ئازاددا

دوای ڕژانی ترسێك

دوای دڵنیابوون لەبیرکردنەوەی سەر بەردەباز

دوای ڕەوینەوەی تاریکی بۆسەیەك

دوای تەنکبوونەوەی چاڵە قووڵ و پڕ ئاوەکان

دوای ئەوانەش زەوی مەتەڵێکی منداڵانەی داینێ

وا خەریکە کەروێشکێکی پێ لەسەر چەقۆ و قانەگیا

خۆڵی لانەیەك هەڵدەداتەوە و گەرموگوڕیی ماڵە باوان ڕادەگەیەنێت

یەکەم جار کەروێشکێکی خرپن بۆ خەوێکی کورت زەوی هەڵکۆڵی و گەرمایی زەوی دۆزییەوە

هەستی بە ڕۆشنایی ڕوومەتی سروشتکرد و گژوگیاش تف ناکاتەوە
ئەو هاوارەم لەبیرکرد کە دەبوایە بیکەم و خوداوەندەکان لێکدانەوەی بۆبکەن
کە هەرگیز تا ئێستا خوداوەندیشم نەدیون و دەستی یەکتریمان ماچ نەکردووە
چیمان لە کەروێشککرد
بڕوانە چیمانکرد
زەویی نیوە خەواڵوو هەموو جەستەی کەوتووەتە سەر ئاو و ئاگر
وڵات جەستەی برینداری عیسایە
مۆنالیزاش پڕ بەدەم پێکەنیوە و ددانە کەوتووەکانی تەواو دیارن

**شوباتی ٢٠١٧ هەولێر**

# میژوو دەتوانێت ڕووی بکاتەوە و
# چاو ببڕێتە بەردەمی خۆی

١٩٦٥/١١/١٨ ژیانـم بەئاگاهێنایـەوە و هەمـوو شـتێکم لەبارەی ڕووەکەوە زانـی ١٩٨٩/٨/١٦ ئاسـوودەیی مـاڵ لـە کـەژاوە دابـەزی و ژیـان سـادەتر بووەوە هاتە سـەر ئەو سـەکۆیەی دایکـم سـەری خزیـوی ئێمەی لێدەخسـتەوە سـەر بالیـف و ئێوارانی هاوینیش سـەبەتەی لەسـەر دەهۆنییـەوە و گەسـکەکانی تێـدا تونـد دەکـردەوە چەناگـەی لەسـەر سـەری دانـا و هـەردوو دەسـتی بەرزکـردەوە و پاشـان لەنـاو جامێـك ئـاوی ڕوونـی نـا ئـەی ئاسـوودەیی هـەردوو دیـوی چیـا بووکەکـەم ناوکـی ڕوونـاك بێـت و هـەور بجووڵێت

هـەور جـووڵا ١٩٩٠/١٠/١٠ یەکەمیـن نەخشـی خـودام وەك بڵاوبوونـەوەی بۆنێـك لـە گوڵێك نوقڵـی بەیانیـی جەژنـی خسـتە دەسـتی باوکێـك ئاسـوودەیی هـەردوو دیـوی چیـا لـە ناخیـدا پشـوو دەدا ١٩٩٢/٦/٥ دووەمیـن نەخشـی خـودام وەك بڵاوبوونـەوەی بۆنێـك لـە گوڵێـك نوقڵـی بەیانیـی جەژنـی خسـتە دەسـتی باوکێـك ئاسـوودەیی هـەردوو دیـوی چیا لـە ناخیدا پشـوو دەدا ١٩٩٦/٤/١٧ سـێیەمین نەخشـی خـودام وەك بڵاوبوونـەوەی بۆنێك لە گوڵێـك نوقڵـی بەیانیـی جەژنـی خسـتە دەسـتی باوکێـك ئاسـوودەیی هـەردوو دیـوی چیا لـە ناخیـدا پشـوو دەدا ٢٠٠١/١/١٥ چوارەمیـن نەخشـی خـودام وەك بڵاوبوونـەوەی بۆنێك لە گوڵێـك نوقڵـی بەیانیـی جەژنـی خسـتە دەسـتی باوکێـك ئاسـوودەیی هـەردوو دیـوی چیا لـە ناخیـدا پشـوو دەدا ٢٠٠٤/٧/٦ پێنجەمیـن نەخشـی خـودام وەك بڵاوبوونـەوەی بۆنێـك لـە گوڵێـك نوقڵـی بەیانیـی جەژنـی خسـتە دەسـتی باوکێـك ئاسـوودەیی هـەردوو دیـوی چیـا لـە ناخیـدا پشـوو دەدا ٢٠٠٧/١٢/٢٠ شەشـەمین نەخشـی خـودام وەك بڵاوبوونـەوەی بۆنێـك لـە گوڵێـك نوقڵـی بەیانیـی جەژنـی خسـتە دەسـتی باوکێـك ئاسـوودەیی هـەردوو دیـوی چیـا لـە ناخیـدا پشـوو دەدا تـا ئـەو بەرزاییيـەی بەتەمایمـە بـەو مێژووانـەی وەك بڵاوبوونـەوەی بۆنێـك لـە گوڵێـك نوقڵیـان خسـتووەتە دەسـتی باوکێـك ئاسـوودەیی هـەردوو دیـوی چیـا لـە ناخیـدا پشـوو دەدا فڕیـوم و ترپەکانـی دڵیـان ڕێکخسـتووم لـە خۆشحاڵیشـدا چـاوم درەوشـاونەتەوە ناوکـی ڕوونـاك و ڕوخسـاری پشـوودراو دەرگا بـە سـۆفی حەفـت زەوی و ئاسـمان بگـرن تووڕەیـی ڕووناکـی هێمنبکەنـەوە و ئـەم شـیعرەم بـە ئارامـی دەڕوانێتـە هـەردوو دیـوی چیـا چـاو لەسـەر ڕۆژنامەیـەك بکاتـەوە

و هەست بە گەرماییەکی نەرمی بکەم   ئەو نوقڵ بەخشانەی لە شیعرەکەشمدا خەونم جریواندوون تابووتەکەم لەسەر شاندانێن   یان لەسەر پشتی ئەسپی حەساوەی دوای ڕاو   خۆر لە لووتکەی خۆیدا خۆی پێشاندەدا و سڵاوی هەیە خۆم باشم و هەموو شتێکیش شێوەی وەرگرتووە و شایەنی ئەوەن جەنگیان لێ لابدرێ   زیندوومانەوە ئاوێنەی سرپیمەوە و پیاڵەی پڕکردم   دەموچاوم بە تەواوی ڕووناکە ئەوانەی داوە موون لە پەتی سێدارە و هاودەستی تاوانن لەناو ئاوی ڕەشدا سەوڵیان لە دەست خزی و چاوی شەرمەزارییان بردە ناو تفری لە مار جێماو ماڵەکەم لە ناوەڕاستی هەولێرە درەختی حەفت زەوی و ئاسمان لەبەر پەنجەرەکەم لە گەشە بەردەوامن و بۆنیان هێناوەتە ژووری   هەر باڵندەیەك جارێك هەرجارێك بینیمیبێت دێتە ناو لکوپۆپەکانیان بۆنی شیعرەکەم کە بە ئارامی ڕوانیویەتە هەردوو دیوی چیا هەڵدەمژێ و دەچێتە ڕووناکی دیدارێك   دەنگی بە بۆن بەرزدەبێتەوە ئەم ژیان بە ئاگاهێنەرە پێش چل ساڵی ئەشقی ناسی و هەموو بیرکردنەوەکانی هێنایە سەر زمان و لە ناخی خۆیدا ڕایناگرێت ناخ بە چاو و فرمێسکە خێرا بە شەقامی شۆڕاوی بەیانیان ڕەتدەبێ گوێ لە دەنگە پارێزراوەکانی کاسەی سەری ئاسماندەگرێت بۆ ئەوەی باپیرانی هەمیشە لە نزیکیەوەبن

**ئاداری ٢٠١٧ هەولێر**

# ناوەرۆک

## کتێبی شەشەم: سەد و یەکشەوە، چاپی یەکەم: ٢٠٠٨


میوان .................... ٥
ماسیگرە .................... ٦
سوێسکە .................... ٧
ڕەنگ .................... ٨
مەشق .................... ٩
قەفەس .................... ١٠
بەردە نوێژ .................... ١١
ئاگردان .................... ١٢
بزرنەبوون .................... ١٣
زیندان .................... ١٤
سوپاس .................... ١٦
سێتار .................... ١٧
خەوتن .................... ١٨
شڵەژان .................... ١٩
دڵ .................... ٢٠
ناوچەوان .................... ٢١
تەزوو .................... ٢٢
تکا .................... ٢٣
خاڵ .................... ٢٤
ڕوان .................... ٢٥
وێنە .................... ٢٦
شیعر .................... ٢٧
ڕژان .................... ٢٨
یاداشت .................... ٢٩
چاو .................... ٣١
گۆزە .................... ٣٢
گریان .................... ٣٣

ژماردن ........ ٣٤
نەخش ........ ٣٥
ناسین ........ ٣٧
مەلەوانی ........ ٣٨
گەردوون ........ ٣٩
مەیموون ........ ٤٠
کێڵگەی بەهرە ........ ٤١
چاوساغی ........ ٤٢
قفڵ ........ ٤٣
چارەنووس ........ ٤٤
بڕنووتی ........ ٤٥
ئاڵا ........ ٤٦
بەرانبەر ........ ٤٧
خۆکوشتن ........ ٤٨
جانتا ........ ٥٠
چاندن ........ ٥١
مۆزەخانە ........ ٥٢
خۆشحاڵی ........ ٥٣
قەلەڕەش ........ ٥٤
نەگەیشتن ........ ٥٥
شوێن ........ ٥٦
قەقنەس ........ ٥٧
بەرزبوونەوە ........ ٥٨
کۆتر ........ ٥٩
داوا ........ ٦٠
پەڕەمووچ ........ ٦١
واقوڕمان ........ ٦٢
پەراسوو ........ ٦٣

سادەبوونەوە ........ ٦٤
ئاشنایی ........ ٦٥
ئاوریشم ........ ٦٦
دەست ........ ٦٧
مەشخەڵ ........ ٦٨
کۆشك ........ ٦٩
پەلە ........ ٧٠
بەخشین ........ ٧١
پەڕاندنەوە ........ ٧٢
مێروولە ........ ٧٣
زەلیل ........ ٧٤
دەف ........ ٧٥
سۆما ........ ٧٦
قەتماغە نەگرتن ........ ٧٧
رۆڵ ........ ٧٨
پاککردنەوە ........ ٧٩
حەسانەوە ........ ٨٠
قولاب ........ ٨١
خنکان ........ ٨٢
تۆڕ ........ ٨٣
گۆرانی ........ ٨٤
مۆتەکە ........ ٨٥
پۆپیتە ........ ٨٦
شەرم ........ ٨٧
گوڵی فریو ........ ٨٨
دڵتەنگی ........ ٩٠
شوێنپێ ........ ٩١
شەهید ........ ٩٢
شاخ ........ ٩٣

نەمری ........ ٩٤
گفتوگۆ ........ ٩٥
حەسرەتدار ........ ٩٦
ویست ........ ٩٧
نووسین ........ ٩٨
حەکایەت ........ ٩٩
مانەوە ........ ١٠٠
زانین ........ ١٠١
خوان ........ ١٠٢
ئەستێرە ........ ١٠٣
ئاشق ........ ١٠٤
نەترسان ........ ١٠٥
سوێند ........ ١٠٦
کاتژمێر ........ ١٠٧
سڵاو ........ ١٠٨
چلچرا ........ ١٠٩
پوولفرۆش ........ ١١٠

**کتێبی حەفتەم: ساڵی سفر، چاپی یەکەم: ٢٠١٠**

ساڵی سفر ........ ١١١

**کتێبی هەشتەم: سروودی زەوی، چاپی یەکەم: ٢٠١٢**

لە کتێبخانەی تایبەتی بابا تاهیردا ........ ٢١١
هەڵاتن لە گۆرانی ........ ٢١٩
دیداری خوداوەندە ناکامەکان ........ ٢٣٣
کەوانەیەك بۆ ناوی لەبیرکراوەکان ........ ٢٤٥
ژیانی دووبارەی ئادەم ........ ٢٥٩
بە ئارەزووی زەوی ناو لە درەختەکان نرا ........ ٢٧٣

**کتێبی نۆیەم: حەزدەکەم ئەوەندە بژیم، چاپی یەکەم: ٢٠١٥**

بانگەواز بۆ گۆڕهەڵکەن ........ ٢٨٩

نیازی مردن ........................................ ٢٩٣
چاوەڕوانیی تێکشکاو ........................................ ٢٩٥
بەرەو ساکاربوونەوە ........................................ ٢٩٧
فەرموو وەرە ناو ژیانەوە ........................................ ٢٩٩
پشووی باڵ ........................................ ٣٠١
بەدوا ڕۆیشتن ........................................ ٣٠٢
ڕاهێنانی دەنگ ........................................ ٣٠٣
دڵی خرۆشاوی پیاڵە ........................................ ٣٠٤
ڕێگای جادوویی ........................................ ٣٠٥
ئاهەنگی ساڵی مردنی دایناسوور ........................................ ٣٠٦
خۆ درکاندن ........................................ ٣٠٨
مانەوەی وێنەیەك ........................................ ٣٠٩
ڕەوایی سروشت ........................................ ٣١٠
ڕۆژ و شەوان لە دوای هەواڵ و ناوت خەندەبارم ........................................ ٣١١
گەیشتن بە خۆت ........................................ ٣١٣
شیعر ئەی ناوی خۆم ........................................ ٣١٤
ئاوێنەی دەستی گوزگ ........................................ ٣١٧
مانەوە لەناو ڕووناکیدا ........................................ ٣١٩
نیازی بەراورد ........................................ ٣٢١
درەختی بنەماڵە ........................................ ٣٢٢
قەراغی دەف ........................................ ٣٢٤
ئاوڕشێنی دەموچاو ........................................ ٣٢٥
سندووقی تەرم ........................................ ٣٢٦
خۆشبوونەوەی ئاگری دڵ ........................................ ٣٢٧
بۆنوبەرامەی کەڵژیان ........................................ ٣٢٩
گەرمایی ناوچەوان ........................................ ٣٣٠
یاقووتی ئەنگوستیلە ........................................ ٣٣١
باڵندەی یەکەم و دووەم و سێیەم ........................................ ٣٣٣
بەتاڵبوونەوەی داوا ........................................ ٣٣٤

هەواڵپرسین ........ ٣٣٥
لە گەلێك شوێندا ........ ٣٣٦
ونبوون و دەرکەوتنەوە ........ ٣٣٧
ناسینی هێز ........ ٣٣٩
کەژاوەی گورگی ئاشتیخواز ........ ٣٤٠
ئەفسانەی خۆت ........ ٣٤١
بێپەروایی گوڵەستێرە ........ ٣٤٣
ئەستێرەی تاك و جووت ........ ٣٤٤
سۆزی پاراوی خۆشگۆ ........ ٣٤٦
دووبارەکردنەوەی ویست ........ ٣٤٧
پێشبینیی زمان ........ ٣٤٩
نەوەی بەهەشت ........ ٣٥١
ئاشنابوونەوە بە جریوە ........ ٣٥٣
ئادەم لە سێ ئاوێنەدا ........ ٣٥٥
بەرزبوونەوەی باج ........ ٣٥٦
دوای سەرکەوتن ........ ٣٥٨
هەڕەشەی نووح ........ ٣٥٩
گەڕانەوەی دەنگی باپیران ........ ٣٦١
هێما و ڕاز ........ ٣٦٢
چوارین و من ........ ٣٦٣
درەختی دەنگخۆش ........ ٣٦٥
پەریی یەکەم ........ ٣٦٧
ڕووتەختی پارێزراو ........ ٣٦٨
تاسەی زیندووبوونەوە ........ ٣٧٠
بەخششی ئادار ........ ٣٧٢
دابەشکردنی چرا ........ ٣٧٣
مانەوەی مانگ لە یەکشەوەییدا ........ ٣٧٤
ڕووناکیی گەنجبوونەوە ........ ٣٧٥
جارێك لە جاران ........ ٣٧٧

یاڵی شانەکراوی ئەسپ ............ ٣٧٨
خانمی ئەفسانەیەکی ڕوون ............ ٣٨٠
ژیان لە دوو سەدە ............ ٣٨٢
داگیرسانی جێگاپێی شیعر ............ ٣٨٤
گۆرانییەك لە سرووشەوە ڕسکا ............ ٣٨٧
دابەشکردنی شتێك لە خۆت ............ ٣٩١
بەهەشتی پاراو کێ لە ماڵە ............ ٣٩٣
ئاوازی جێگۆڕکێ ............ ٣٩٥
خۆ بە دیواروەکردن ............ ٣٩٧
نموونەی ناز ............ ٣٩٩
کە مەرگ مانای نامێنێ ............ ٤٠٠
دارِشتنی چاو ............ ٤٠١
ماوە خواستن بۆ دوا نیگا ............ ٤٠٢
چاوتەنگیی دڕك ............ ٤٠٣
دواتاریکی ............ ٤٠٥
چاوی ڕاست و چەپ ............ ٤١٠
شەڕی ناوەخۆ ............ ٤١١
حیکمەتی ڕۆشنایی ............ ٤١٣
باوك و دایکم ............ ٤١٥
پڕبوونەوەی کاسە ............ ٤١٨
زەوی دەستی لەسەر شانم دانا و ڕێوڕەسمی پەیامەوەرگرتنی پێگوتم ............ ٤٢٠
بانگەواز بۆ گۆڕهەڵکەن ............ ٤٢١

**کتێبی دەیەم: دواکەوتن لە کەشتیی نووح، چاپی یەکەم: ٢٠١٧**

پێشوازی ڕژانی خاڵ لەسەر پیتەکان ............ ٤٢٥
دۆخەکان ............ ٤٣٥
بەرزبوونەوەی گەسکێك تا ئەوپەڕی مان ............ ٤٥١
مەسیحی دووەم ئاگری بۆ شاعیران لە خوداوەند دزی ............ ٤٥٥
لەناو چەند هەواڵێك هەواڵێك ............ ٤٥٧

دوا شوێن ........................................................................ ٤٦١
لە نوێژی ئەم بەیانییەمدا کەوتمە ناو شکۆی ئاگر و ئاوی سرووش و بەرزبوونەوە ............ ٤٧٢
تۆ بڵێی چوارڕیانەکان بژمێردرێن و بزانین ژمارەیان چەندە .............................. ٤٧٥
شەوی گۆڕینی ساڵ ................................................................ ٤٧٧
شەڕەکەم تەواو دەکەم و دێم ........................................................ ٤٧٩
وەرە بەدوامدا لەم زەریایە جۆگەلەیەك هەڵبگرین ........................................ ٤٨٠
لە ئاستانەی فریودا دێمە خوارێ ...................................................... ٤٨٢
لە بەرزەخ بەرەو ماڵی خۆم دەبمەوە .................................................. ٤٨٣
جارێکیان بەرێگای ناوچەواندا ڕۆیشتم ................................................ ٤٨٤
تێکەڵبوونی ئاو و ئاگر ............................................................. ٤٨٥
ڕێگا هێشوویەك ترێ بوو هەموومان شەرابیمان خواردەوە .................................. ٤٨٦
ناوی پێشتری زەویم نەدەزانی ئەمڕۆ ناو و شتی زۆرتریم زانی ............................ ٤٨٨
ئەو سێوە ساردەم لە ئادەم وەرگرت .................................................. ٤٨٩
لە ئێستای ئەم دەستنوێژگرتنەدا کەرویشك وشەیەکی گوت ................................ ٤٩٠
مێژوو دەتوانێت ڕووی بکاتەوە و چاو ببڕێتە بەردەمی خۆی ................................ ٤٩٢